# کـارمـا

نووسینی

وەرگێڕانی لە

**وەزارەتی ڕۆشنبیری**

**بەڕێوبەرێتی خانەی وەرگێڕان**

www.roshnbiri.org
khanaywargeran@yahoo.com

- ناوی کتێب: کارما
- نووسەر: ن. لازیرین
- وەرگێڕ: جەلال دەباغ
- زنجیرە: ١٤٢
- تایپ: زەردەشت جەلال عەزیز
- نەخشەسازی: کمال عبدالهادی
- دیزاینی بەرگ: زانا کەمال
- چاپخانەی: کارۆ
- تیراژ: ١٠٠٠
- ژمارەی سپاردن: (٨٧) وەزارەتی ڕۆشنبیریی پێدراوە

## لە وەرگێڕەوە

خوێنەری زمانی کوردیی خۆشەویست..

کتێبخانەی کوردی یەکجار پێویستیی بە وەرگێڕان هەیە، بە تایبەتی لە بوارەکانی زانیاری‌و پزیشکی‌و فەلسەفەو ژیانی رۆحی‌و لە گشت بوارەکانی تری زانیاریدا.... کاتێك ئەم دانراوە بەنرخەی (ن. لازاریڤ)م خوێندەوە کە بە زمانی رووسی نوسیویەتی‌و (سعید العمر) کردوویە بە عەرەبی یەکەوڕاست بڕیارم دا بیکەمە کوردی. لە راستیدا چاپە عەرەبییەکەی کە لە بڵاوکراوەکانی خانەی (علاء الدين)ە لە دیمەشق ساڵی ٢٠٠٠ بە هەزار دانە چاپ‌و بڵاو کراوەتەوە، بەڵام گەلێك ناتەواوی لە عەرەبییەکەیدا هەست پێکراوەو کاك (شۆڕش حەمە صادق) وەرگێڕانەکەی لەگەڵ رووسیەکەدا بەراورد کردووەو پاش هەڵەچنی لەبارەی وەرگێڕانەوە بەم چەشنەی کە لێرەدا دەبینرێ کردوومە بە کوردی بە بێ هەڵەو کەموکوورتی. خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ کەسانی رۆشنبیرو تێگەیشتوو کارێکی یەکجار پێویستە. لێرەدا نامەوێ هیچ کام لە بیرو بۆچوونی نوسەری زانا (ن.لازاریڤ) دووبارە بکەمەوە. تەنیا ئەوە دووپات دەکەمەوە کە لە گەلێك بیروڕای گرنگی پزیشکی‌و فەلسەفی‌و ژیانی رۆحیی مرۆڤ تۆژیوەتەوە بۆ چاری دەیان نەخۆشیی لەش‌و دەروون بە ڕێگای خۆشەویستیی‌و دوورکەوتنەوە لە بێ رەوشتی‌و لە پاشملە باسکردنی خەڵك‌و بەخیلی‌و حەسودی‌و دیاردەی لەو چەشنە، ڕێگای زانستانەی دەستنیشانکردوو. بیرو رۆح کە بەرهەمی مادەیەکی بەرزو باڵا رێکخراون کە ئەویش مێشکی مرۆڤە، ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ژیانی مرۆڤدا، لە نەخۆشی یان لەش ساغی‌و یان چاکبوونەوەی مرۆڤی نەخۆشدا،



ئەمەش بە دەیان تاقیکردنەوەی ژیاری‌و بەرچاو لەم کتێبەدا باسکراون‌و دوای پێداچوونەوەو لێکۆڵینەوەی ئەم دانراوە ئەوجا بە چاکی دەزانیت کە خۆشەویستی‌و رەوشتبەرزی‌و ئاینپەروەری......هتد چەند ڕۆڵێکی گرنگ‌و شایستەیان لە ژیانی مرۆڤدا هەیەو، فەرموون دوای خویندنەوەی ئەم کتێبە بە وردی خۆتان بڕیاری سەربەخۆی لەسەر بدەن..

وەرگێڕ
جەلال دەباغ
١ /١١/ ٢٠٠٥

# کارما (١)

## لەنووسەرەکەوە

خوێنەری خۆشەویست! پێش ئەوەی دەست بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە بکەیت، دڵنیابە کە باری هەڵچوونو دەروونیت ساغو ئاساییەو، من ڕاوێژی ئەوانە دەکەم کە گیروگرفتیان هەیە یان تووشی ناخۆشی بوون، یان هەست بە پەستیو بێزاری دەکەنو هەر هەڵچوونێکی سەلبییان بەرانبەر بەم یان بەو کەسە هەیە ئەم کتێبە نەخوێننەوە. ئەو کتێبەی پێشکەشتانی دەکەم بە سادەیی دەڵێم کتێبێکی نوێ نییە کە بابەتێکی واتان بخاتە پێش چاو کە لەم ڕۆژانەی ئێستاماندا زۆر هەستیاربێ، بەڵکو ئەو باوەڕە سەرەکییانەی یاسایەکانی دنیای ڕەوانتان (ڕۆحتان) دەخاتە پێش چاو کە جیهانی مادی هەڵدەسوڕێنێ، شیکردنەوەی تواناکانی چوونە ناو جیهانی وزەی بیۆلۆژی پیشاندەدات. ئامانجی سەرەکیمان لەم کتێبە بەرینکردنی تێگەیشتنە گشتییەکانی دنیای دەوروپشتمانەو، دەرخستنو لێکۆڵینەوەی میکانیزمەکانی ئەم هەڵسوڕاندنەیەو، پیشاندانی ڕێو شوێنەکانی چوونە ناو وزەی بیۆلۆژییەوە، چونکە پەرەسەندنی مرۆڤایەتی دەبێ لە ناسینی گەردوونو تێگەیشتنی یاسایەکانیەوە دەست پێ بکات، دان بەوەدا بنرێت کە ئێمە بەشێکین لە سیستەمی گەردوونی. مرۆڤایەتی لەم چەرخەماندا زۆر لە سەرچاوە ڕەوانیەکانی (ڕۆحیەکانی) سەرەتا دوورکەوتۆتەوە ئێستاش نمونەی کەشتییەکە لە ناوەندی دەریادا کەشتیوانەکەی لێ ون بووبێتو دەستە کارمەندەکەشی کەوتبنە ناکۆکی، وێڕای هەموو ئەمانەش مەکینەکەی تووشی هەندێ پەککەوتن بووبێ کە هەڕەشەن بۆ لە





کارکەوتنی، هەندێکیش لە دەستەی تاقمی کەشتییەوانەکە لەو کارەساتەدەگەن، کە یەخەی پێگرتوون، هەندێك هەوڵو تەقەلاش بۆ چاکردنەوەی کەشتییەکە وەدیارکەوتن، بەڵام (١) کارما – KARMA – کارو بەرهەمی کارە کە ڕۆحەکان لەبەر جەستەبوونیاندا لە دنیای دیاردەکاندا کەڵەکەیان کردوون. لێقەومانی ڕاستەقینە – کە هەمووان نایزانن – لە پەککەوتنی مەکینەکەدا نییە بەڵکو لەوەدایە کەشتییەکە بەرەو ڕێگەیەکی مەرجانیی بەردەڵان دەڕواتو لەبەر ئەوەشە چاکردنەوەی مەکینەکە بەبێ گۆڕینی ڕەوتەکە کەشتییەکە ڕزگار ناکاتو تەنانەت یەکێکێش لە سوار بووەکانی ڕزگار ناکات، بەڵکو لەوانەیە ببێتە هۆی خێرا ڕوودانی کارەساتەکە.

مرۆڤایەتی لەسەر لێواری کارەساتێکی زۆر مەزنتر لە کارەساتی نوکلیاری ڕاوەستاوە، کە ئەویش داڕمانی ڕۆحەو، گرنگترین زیانێکش کەلەم بوارەدا لێمان دەکەوێت ئەوەیە کە سەرنجی نادەینو هەستی پێ ناکەین، مردن لەسەرەتاوە لەسەر ئاستی کێڵگەکان ڕوودەدات، پاشان دەگوێزرێتەوەو تووشی لەش دەبێت. ئەم پرۆسەیەش لەم ڕۆژگارەدا زۆر لە خاڵی شلۆقییەوە (حەراجەتەوە) نزیکە، چونکە ئەوەی ئەمرۆ بە ڕۆحی ئێمەدادەنرێ ئەوا سبەینێ یان دووسبەی دەبێتە جەستەی کەسانی تر، واتە هی ڕۆڵەو نەوەکانمان. دواجار ئەوەندەی ڕۆحی ئێمە ئەمرۆ دابڕمێت ئەوەندە سبەینێ تەندروستی جەستەی فیزیاییو ڕۆحانی نەوەکانمان خراپو پەککەوتە دەبن. من بە هۆی لێتۆژینەوەکانمەوە کەلە بارەی پێکهاتەی کێڵگە بیۆلۆژییەکانی مرۆڤەوە کردوومن کۆمەڵێك زانیاری گرنگو مەترسیدارم دەستکەوتووە. تەماشامکرد ئاستی خەمو خەفەتی ڕۆحی کەڵەکە بوو لای قەشەکانو خاوەن ئەرکو نەریتە ئاینییەکانو خاوەن دیدە ڕۆشنەکان لە دنیادا زۆر کشاوەتەوە بۆ نزمترین ئاستی، هەروا بیرکردنەوەی ستراتیژیی بەرەودواچوون بۆتە مەترسیەکی ڕاستەقینەو، گشت توانا مەزنەکانی وزەی

بیۆلۆژی تەرخان نەکراون بۆ تێگەیشتن لە دنیای دەوروپشتو پێشبینیو پێشەکی زانینی ئەو شتەی روودەدات، هۆشیاربوونەوە لەو کارەساتو گیروگرفتانەی نزیك بە روودانن هێندەی ئەوەندەی ئاراستەکراون بۆ چاری مەسەلەکانی تاکتیکیو سەرەتاییو خووەکانی شیری لە ئێستادا، مرۆڤایەتیش لەم رۆژانەماندا گەیشتۆتە ئەو کەنارەی کە دواتری یان بوژانەوەی رۆحی دەبێت یاخود مردنی مسۆگەر. بەم جۆرە رزگاربوون لەم تووشبوونە سەختەدا لەوەدایە تۆژینەوەی خۆیی هەبێت لە بارەی رۆحەوە لە هەر مرۆڤێکداو، لە دان پێدانانی ئەوەی کە هەر کەسێك بەرپرسە لە چارەنووسی کەسانی ترو لە ژیانی گەردون.
خوێنەری خۆشەویستم سەرنج بدە لەو مرۆڤەی بیەوێ هونەری شوفێری فێر بێتو بۆ ئەوەش لە پشت سوکانێکەوە دایبنیشێننو ئینجا هەردوو چاوی ببەستنەوەو دەستی بخەنە سەر سووکانو قاچی سەر بەنزینو ئەوجا ئۆتۆمبیلەکە بخەنە کارو پاش ئەوە جێی بهێڵنو بڵێن لەو زانیارییانە زیاتر پێویستی بە هیچ نییە. نزیك بەمەیە ئاستی زانیارییانەی ئێستای مرۆڤایەتی لە بواری وزەی بیۆلۆژیدا، دەشتوانرێ ئەو زانیارییانە لە کاتێکی کورتداو بە کەمترین خەرجی لە زۆر قوتابخانەی هەستیاریو دواوەی هەستیاریی میتافیزیکی دەست بخرێن، ئەم قوتابخانەش وێرای هەمە جۆرییان لە یەکتر جیاواز نین مەگەر بەچەشنی ئۆتۆمبیلەکەو توانای مەکینەکەی لە نمونەکەی باسکراوماندا. ئەمە لە کاتێکدا سەرەتا دەبێ لە خاڵی سفرەوە واتە لە خوێندنی رێو شوێنەکانو سیستەمەکانی رۆیشتنو لە بەشەکانو رێژیمەکانی ئۆتۆمبێلەوە دەست پێ بکرێ.بەڵکو چوونە دنیای بیۆلۆژیاوە بەبێ تێگەیشتنی دنیای دەوروپشتو بەبێ ئامادەکردنی ئامرازەکانو تواناکان زۆر لەوە مەترسیدارترە کە ئاژوتنی ئۆتۆمبیل بە چاو بەستەیی بێت.لەبەر ئەوە ئەم کتێبە تەرخانە بۆ باسکردنو پێش چاو خستنی رێو شوێنەکانی رەوشت لە جیهانی رۆحدا.





جارێکی تریش لەوەتان وریا دەکەمەوە کە ناچارم بۆ دەرخستنی گشت نهێنییەکانی بابەتەکە سەبارەت بە میکانیزمی چونە ناو پێکهاتەکانی کێڵگەییەوە هەندێ زانیاری پێشکەش بکەم، بەڵام راوێژی کەس ناکەم لەوانەی ئەم کتێبە دەخوێندنەوە بە خۆیان کارێکی وا بکەن، چونکە ئەمە مەترسیدارە نەك تەنیا بۆ ئەوەی دەخوازێ بە تەنیا ئەوە بکات بەڵکو هەروا مەترسیدارە بۆ هەموو خزمو دۆستەکانی، چونکە ئەوانەی توانای ئەمەیان هەیە توێژێکی کەمنو خاوەن توانای سنوردار وئاستێکی باشی خۆ ئامادەکردنن. دواجار دەشێ زۆر لە خوێنەران لەم کتێبەدا زۆر زانیاری باشو چاوەڕوان نەکراو ببیننەوە، کەلە تابلۆو وێنەی جیهانی فەنتازیادا چڕ دەبنەوە. بەڵام من توێژەرەوەم، جا ئەگەر راستیەکانو ئەو ئەنجامانەی دەیانخەمە پێش چاو سەیرو سەمەرەبنو لە تواناادا نەبن، ئەوە راستیی ئێستامانەو، چەند جارێکیش ئەنجامەکانی کارەکانم جەختیان لەسەر کردونەوە.

# بەشی یەکەم

## هەستکردن بەسیستەمی دیسپلینی خویی کێڵگەیی‌و مێژووی پەرەسەندنی

((کاتێك کەسێك بۆ ماوەی دە ساڵ لە خوا پاڕایەوەو دوعاو نزای کرد کە چاك‌و باش ببێتەوە بە ئاواتەکەی گەیشت‌و ساڵان تێپەڕبوون‌و لە پیری‌و پەککەوتەیی نزیك بۆوەو پێیان ڕاگەیاند کە پێویستە روو بکاتە خواو لەسەر پاڕانەوەو دوعاکردن بەردەوام بێ تا ئەو گیانەی پێی داوە لێی بسەنێتەوەو لە گوناهی خۆش بێت)) ئەنجامی کارەکانی منیش لە بواری وزەی بیۆلۆژیدا بەرهەمی کارو کۆششێکە لەو بوارەدا کە بیست ساڵی خایاندووە، وابەستەی بیرکردنەوەی فەلسەفەیی بووەو چەندان وەڵام‌و نامەی بنچینەیی فەلسەفەیی‌و تێئوریی تایبەتی کاری پراکتیك جەختیان لەسەر کردۆتەوەو سەلماندویانە. بەڵام ئاخۆ بابەتەکانی ئەم کتێبە لە بارەی چییەوەن؟ ئێستاکە چەندان گیروگرفتی راستەقینە رووبەرووی مرۆڤایەتی بوونەتەوەو، چارەنووسی ئایندەمان لەسەر دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو گیروگرفتانە راوەستاوە. زۆر بە سادەیی دەزانم ئەگەر بخوێنیتەوە کە ئەو گیروگرفتە بنەڕەتییانەی هەڕەشە لە دنیا دەکەن بریتین لە پیسبوونی ژینگەو، یان مەترسییەکانی شەڕی نوکلیارو یاخود دەیان هۆکاری دەرەکیی تر.لە راستیدا هۆکاری راستەقینەی شوومو بەدبەختی لەناو خودی مرۆڤدایە. جابۆ ئەوەی دنیای دەوروپشتمان بگۆڕدرێ دەبێ یەکەم‌و پێش هەموو شتێك ئێمە لە ناخەوە خۆمان بگۆڕدرێین. گۆڕینی ناوخۆش زۆر لە گۆڕینی دنیای دەوروپشتمان گرانترە، ئێمە ئێستاکە ئەو ئامرازو هۆکارو سیستەمانەمان نییە کە دەبنە زامنی ئاڵو گۆڕی ریشەیی لە بیر کردنەوەو رۆحانییەتماندا ولە سەرنجی جیهانگەریمانداو، ئەو ڕێگەیانەش کە





فەیلەسوف‌و مامۆستاکان لەم ڕۆژانەماندا خستویانەتە پێش چاومان لە باشترین حاڵدا بە هەوڵدانێك دادەنرێن بۆ سەر لە نوێ تێگەیشتنەوەی بەرهەمی زانیاری‌و زانستە کەلەکەبووەکان، لە کاتێکدا مەسەلەکە وادەخوازێ هێزە بنچینەییەکان چڕ بکرێنەوەو ئاڕاستە بکرێن بۆ تێگەیشتنی دنیاو گەڕان بە شوێن ڕێگای خۆ پەرەپێداندا، جابۆ ئەوەی کاربکەینە سەر جیهان‌و بیگۆڕین دەبێ لە گشت لایەنەکانی تێبگەین، ئێمەش زۆر جار بۆچوونی شێواو لەبارەی جیهانەوە بەکاردەهێنین‌و کوێرانە هەوڵی گۆڕین زاڵبوون بەسەریدا دەدەین‌و، بەمەش دنیاو خۆشمان وێران دەکەین.دەبێ لە پلەی پەیوەندی‌و گەیشتنمان بەم دنیایەوە تێبگەین‌و، ئەو یاسایانە بزانین کە بەو پێیە دنیایان لەسەر دامەزراوەو دێتە گۆڕین لەبەر ئەوە تۆژینەوەکانم پیشاندان‌و تێگەیشتنی چۆنیەتی مرۆڤە هۆشمەندی‌و هەست پێکردن، ویژدان‌و گەردوونە. ئێستە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە دەستبەرداری ئەو تێبینی‌یە مادییە سەرەتاییە ببین کە دەڵێت مرۆڤ بە جەستەی فیزیایی خۆی دەست پێدەکات‌و کۆتایی دێت.مرۆڤ ڕژێمێکی زانیارییانەی وزەداری زۆر ئاڵۆزە، ئەم ڕژێمەش سەبارەت جەستەی فیزیاییە بە رادەیەکی کەمیش دەرك پێکردنە، لە کاتێکدا پەیوەندییەکەی لەگەڵ چینە زانیارییە وزەدارەکان کەلای ئێمە بە وێنەی گەردوون نەناسراون دەگاتە ڕێژەی ٩٥-٠/٠٩٨. لە ڕێگەی پەیرەوکردنی دکتۆری‌و مەسەلەکانی تەندروستی‌و وریاکردنەوە لەو مەترسیانەی رووبەرووی تەندروستی مرۆڤ دەبنەوە بۆ یەکەمجار دەستم بە تۆژینەوە کرد لە هۆیەکانی پەیدا بوونی ئەم گیروگرفتانە، بەداخەوە لەم ڕۆژەدا ڕژێمێکی زانیاریی یەکگرتوو نییە بتوانێ تواناکانی وزەی بیۆلۆژی زامن بکات بێ ئەوەی هیچ زیانێك بە مرۆڤ بگەیەنێت. تواناکانی وزەی بیۆلۆژی یەکجار مەزنن، بۆیە دەبێ لە چونە ناو ئەم بوارەدا زۆر وریابین‌و، دەبێ ئەم چونە ژوورەوەیە بەرەبەرە پێك بێت‌و، لە پەرەپێدانی رەوشتی

مرۆڤەوە دەست پێبکات، چونکە ڕێبازی رەوشتانەو تێگەیشتن لە جیهان بەبەرزترین ڕێژێمی پاراستن دادەنرێ، بەڵام لەم بوارەدا شارەزاییو تاقیکردنەوەمان کەمە. ئەم پرۆسە ویژدانییە بەرزە دەبێ خاوەنی بنکەیەکی خۆ ئامادەکردنی فراوان بێو، بەکەم تەماشاکردنی ئەمەش دەشێ بەڕێگەی پەرەسەندنی رۆحیو گۆڕینی مرۆڤو خێرو چاکەوەبێتو ئەمەش لە ئەنجامدا دەبێتە لە دایکبوون یان مردن. دەمەوێ هۆیەکانی حاڵەتی فیزیکی پڕ لە ئازارو گرانی خەڵك بخەمە روو تواناو ڕێگەی گۆڕینی ئەم حاڵەتانە بکەم، ئەمەش بە ڕێگەی راستکردنەوەی پێکهاتەی کێڵگەیی ناسكو، دیاریکردنو دەستنیشانکردنی چۆنیەتی پەیوەندییە مەزنەکە لەگەڵ وزەی بیۆلۆژی کە دەبێتە پەرەسەندنی تواناکانی مرۆڤ. تێگەیشتنی دنیای دەروپشتو لێکۆڵینەوەی خودی باڵا پێویستە بە پێی بنچینەکانی ئاڵوگۆڕی رۆح بێت، چونکە ئێستا رۆحەکان مەرجی پێویستن بۆ پێکهێنانی پێویستی لە پێناو ژیاندا. لەم کتێبەدا کۆمەڵە زانیارییەکی پێویست دەخەینە روو بۆ پێکهێنانی چەند مەسەلەیەکی ئاڵۆز، کەلەم رۆژەی ئێستاماندا لە پێش هەموو مرۆڤێکدا وەستاون، ئەوەتە لەم سێ ساڵەی دواییدا گشت پرۆسەکانی وزە لەسەر زەوی توندو تیژ بوونو، ئەوەی ئێستا لە KARMA لە کاتی ئێستادا دەیان جار خێراتر لە پێشوو کاردەکات. تێگەیشتنی تازەم لە جیهان بەرهەمی هەموو ژیانمە، هەر لە منداڵیمەوە توانای مەزنم لە خۆمدا دەدی، بەڵام من هێزی خۆم بەرەو پەرەپێدانی ئەم توانایانە ئاراستە نەکرد، بەو رادەیەی بۆ تێگەیشتنی راستیی جیهان ئاراستەم کردن، چونکە هەستم بەوە کرد کە تێگەیشتن لە گرد بوونەوەو پەرەپێدانی تواناکان گرنگترە زۆر جاران شتم لەسەر هێزی چاوو نزاکردن بە خراپە بیستووە کە لەناو کەسانی خێزاندا بە میراتی دەگوێزرێتەوەو دەتوانرێ لە کارە ئەدەبیەکاندا چەندان نمونەی لەم چەشنە ببینیەوە. ئەو حاڵەتەی ژنە نووسەر (ی.ب.





بلاڤیتسکایا) لە کتێبەکەیدا بە ناوی ((لە ئەشکەوتەکانو هیندی خێرخواز)) کە لە حەفتاکانی ئەم چەرخەدا چاپو بلاوکرایەوە باری سەرنجێکی بەهێزی لادروست کردم. بلاڤیتسکایا لە گوندێکی هیندیستان لەگەڵ نەوەکانی پاشای مەزن قسەی کردووە کە ناو براو گوتویە بەوپەڕی دەستبلاوی لە گەشتێکیدا ڕێزی لە حەکیمەکان ناوە، بەڵام لە یادی چووە یەکێك لە ئامادە بووان بەشدار بکات، ئەمەش بۆ ئەو کەسە بۆتە سوکایەتی پێکردنێکی گەورە بۆیە نزای لە پاشا کردووە، پاشا بە ترسێکی زۆرەوە خۆی داوە بەسەر پێی ئەو کەسەداو بە پاڕانەوە داوای لێبوردنی لێکردووە. لێرەدا ئەوەی بە گرنگترین شت داناوە ئەوەیە دانایەکە لە وەڵامدا گوتویە تازە درەنگەو نزاکەی گیرابووەو کاریگەریی دەستی پێکردووەو زۆر گرانە راوەستێندرێ، پاشا تەختو بەختی لە دەست دەچێ، بەڵام کابرای دانا بەڵێنی پێداوە، کە هەوڵی پاراستنی ژیانی نەوەکانی بدات. لە راستیشدا وا بووە، پاشا تەختی پاشایی لە دەست چووە، بەڵام نەوەکانی بە گشت لایەکی هیندیستاندا بلاو بوونەتەوە. ڕێگام بۆ گەیشتنە وزەی بیۆلۆژی بەوێدا دەڕوات کە نمونەو ڕێو شوێنی جادوگەریو فێڵبازیو ڕێگا چارەی میللی شارەزا بم، لەبەر ئەوە بەسەرتاخواری وڵاتدا گەڕام بۆ تۆژینەوەو زانینی ئەو بابەتانە. هەموو جارێکیش بە لێکۆڵینەوەی زانیارییە تازەکان هەولم دەدا یەکەمین هۆکار بدۆزمەوە ولەوە تێبگەم سەرچاوەو دروستکاری بەدبەختیی خێزانی چییەو، لەبەر چی لە دایکبوانی ناتەواوو نەخۆشی بە میرات ماوە روودەدەن......... لای من ئەوەش روون بوو کە ناکرێ جینەکان سەرچاوەی ئەم زانیارییانە بن، چونکە جینەکان خۆیان دەپارێزنو تەنیا بەڕێگای کێڵگە دەگوێزرینەوە بۆ نەوەکانو حەفیدەکان، کاتێکیش ئەم تێئۆرییە لای من بووە راستیەك ئیتر هیچ نەمایەوە جگە لەوەی لە کێڵگەی مرۆڤدا بە دوای ئەو پێکهاتانەدا بگەڕێین کە ئەم کارە جێبەجێ دەکەنو زانیارییەکان دەپارێزنو لە

نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تری دەگوێزنەوە. ئەم پێکهاتانەشم ناونا ((دەستەبەشە سەقامگیرەکانی زانیاری)) هەرلە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە هەوڵدەدەم لە کێڵگەی مرۆڤدا بیاندۆزمەوە. ئەمەشم لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠دا بەم شێوەیە بۆ هاتە دی، ڕۆژێکیان لە نوسینگەکەم لە پەیمانگەی یەکەمی پزیشکی یەکێك لە پسپۆڕەکانی هەستو دواوەی هەستی میتافیزیکی داوای لێکردم کە یارمەتی بدەم بۆ لێکدانەوەو چارکردنی یەکێك لە گرفتە ئاڵۆزەکان، ئەوەبوو نەخۆشەکە دووچاری تێکچونێك هاتبوو لە کێڵگەکانی وزەیدا، پاش چارەسەرکردنی کێڵگەکانی بۆ کاتێکی درێژ گەڕانەوە بۆ حاڵەتێکی سروشتی پاشان تەقینەوەو تێکچونێکی تریان تێدا رووی‌دا، بەڵام ئەوەی پاشان رووی دا دەتوانرێ ناوی بنرێ ڕووناکبوونەوە. شلو شۆڵی کێڵگەی نەخۆشەکە وەکو لۆکەیە، ئەوەی من هەمیشە وامدانابوو کە بۆشە بە چەشنێکی لەناکاوبوو ە نەرم ونۆلێکی لاستیکیو، هەستم کرد بەپێی دەستێوەردانم دێتە گونجاندنو، بە دەستەکانم هەستم بە پێکهاتەی بەهێز کرد لە شوێنی پچڕانی کێڵگەکەوەتێپەڕ بوو. لە کاتی تاقە چرکەیەکدا بە تەواوی هەموو هەستەکانم گۆڕدران: هەموو ئەوانەی پێشان بە پچڕاندنم دانابوون دەرکەوت کە پێکهاتەی سەقامگیرنو دەبنە مایەی شێواندنێك لە کێڵگەدا.بە هۆی ئەم شێواندنەشەوە لە دەستچوونێکی وزە روودەدات. ئەوەش تێگەیشتم کەمن لە کێڵگەکەدا ئەوەم دیتەوە کە پێی دەڵێن نەخۆشی، واتە ئەوەی باری فیزیکی لای مرۆڤ دیاری دەکات. ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئاڵوگۆڕێکی چلۆنایەتی لە زانیارییەکانمدا، چونکە ئەو توانایەم دەستکەوت کە نەخۆشییەکان بناسمەوە پێش ئەوەی لە ئاستی فیزیکیدا تەشەنە بستێنن، دواجار دەکارم چاری پێویست پێشکەش بکەمو هەروا بۆ پاراستن لە نەخۆشی چی پێویست بێ بیکەم. بڕیارمدا دەستەیەکی کارگەر لە شارەزایان دابمەزرێنمو ئەو ڕێگەیەیان پێ بخوێنم کە دامناوەو پاشان ئامۆژگارییان بکەم





کە چاری خۆپاراستن بە زۆر کەس بدەن، ئەم پرۆسەیەش پێویستیی بە هیچ داوو دەرمانێك نییە، بەڵکو تەنیا هێندە بەسە کە بە چاکی ڕێو شوێنی ((ئیمانداره بەختیارەکان)) شارەزابن. بەم ڕێگایە بۆ ماوەیەکی ساڵێکی تەواو نەخۆشەکانم چارەسەر کردو، باوەڕم وابوو کە تەنیا ئەم پێکهاتانە بارودۆخی لەش دیاری دەکەن. بەڵام بەرەبەرە راستییەکانم لا کۆبونەوە کە ئەو باوەڕە بدەنە دواوە. لە کاتی پرۆسەی چارکردندا سەرنجم دا کە سروشتی نەخۆشەکانو تەنانەت چارەنوسیشیان دێتە گۆڕین. بە لێکۆڵینەوەی ئەم ئەنجامانە سەرنجمان دا سروشتو چارەنووسو نەخۆشی پێکەوە هاوپەیوەندن، بەڵام ئەو هاوپەیوەندییە یەکجار نمونەییە، دەشتوانرێ ئەو شێواندنانەی لە پێکهاتەی کێڵگەیدا سەرنجمداون بە ڕێگای جۆربەجۆر دابڕێژرێن: ئەمانەش دەشێ نەخۆشی جۆراوجۆربن، لە ڕێ لادانی دەروونیو، شێواندنی نائاسایی لە سروشتدا بنو مستەکۆڵەو لێقەومانی ژیان بن، کاتێکیش لەم راستیانەم بە قووڵی تۆژییەوە گەیشتمە دەرئەنجامێك کە تەندروستی، سروشتو تەنانەت چارەنووسیش بە پێکهاتە دیاری دەکرێ VAPMREEN گشت زانیارییەکانی تایبەتیش بە مرۆڤو حاڵەتی لاشەی لە کێڵگە بیۆلۆژییەکەیدا بە شفرە کراوەو، بەمجۆرەش پەیوەندییەکی دیالۆگی هەیە لە نێوان پێکهاتە فیزیاوییەکانو کێڵگەییەکاندا کە کارلێك دەکەن، هەروا چارەنووسو سروشتی مرۆڤ لە پێکهاتە کێڵگەییەکاندا بە شفرەکراوە، ئەگەر بتوانین کاریان لێبکەین دەتوانین بەرەبەرە زۆر شت باش بکەین. چەند زۆرتریش لەم بوارەدا تۆژینەوەم کردبێ هێندە راستیی زۆرتر سەرسوڕهێنەرم بۆ دەرکەوتووە، هەوڵیش دەدەم بە باسکردنی چەند نمونەیەك لەسەر چارەسەرکردنی نەخۆشیی جۆربەجۆر بواری توانایەکانی ئەم ڕێگا چارەیە ئاشکرابکەمو، بوارە ئاڵۆزەکانی ژیانی خەڵك راست بکەمەوە، هەروا بە ڕێگەی هەندێ نمونە چەند رووداوو بابەتێکی سروشتیی

بەستەلۆك بە چەند نمونەیەکی تر توانایەکانی ئەم ڕێگەو شوێنە بخەمە روو. لە سەرەتاوە بە ڕێگای ئاسایی لە بواری هەست ولە دوای هەستی میتافیزیکییەوەو بە کارتێکردنی وزە دەستبەکاربووم. لە خەستەخانە ئافرەتێکم ناسی کە بەهۆی ئۆدیمای سیەکانەوە هێنرابووە خەستەخانە PALMANUM OEDEMA، حاڵیشی زۆر گران بوو، دکتۆرەکانیش لە چاکبوونەوەی هیوابڕاو بوون. لەسەر داوای کیژی نەخۆشەکە بە ڕێگای وەگەڕخستنی سیستەمی هەست لە دوورەوە دەستم بە چارەسەرکردنی کرد. پاش تێپەڕبوونی کاتێك بەسەر دەستپێکردنی چارەسەرکردنیدا نەخۆشەکە داوای کرد ئۆکسژینی بدرێتێ. دکتۆرەکان نەیانتوانی تێبگەن چی روودەداو نەخۆشەکە بەبەرچاوی هەموانەوە چاکتر دەبوو رەنگی سوور هەڵگەڕاو لەسەر چرپایەکەی دانیشتو داوای خواردنی کرد، لە کاتێکدا چەند ڕۆژێك بوو هیچی نەدەخوارد. رووداوی دووەمیش لەگەڵ برایەکەمدا روویدا – کە دکتۆری نەشتەرگەرە، لە نەشتەرگەرییەکەدا وا پێویست بوو کە دەستی پیرەژنێك ببڕێتەوە کە دووچاری لاوازیەکی تەواو ببوو. هەردوو دەستی برایەکەم ئاوسا، وێڕای ئاوسانی لووە لەمفاوییەکەی وتوشی ژاراوی بوونی خوێنیش بوو، لە وەزعێکی زۆر گراندا بوو، ئانتی بەیوتیکیش یارمەتی نەدا بۆ رزگاربوونی لە ژاراویبوونی خوێنەکەی. کەوتمە هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی برایەکەم، پاش چەند خولەکێك لە کارپێکردنی میکانیزمی کارلێکردن بە هەست شتێکی وا لێی دیاری دا کە بە دەرزی ئاژنی لووی لەمفاوی دەچوو پاشان بەرەبەرە ئاوساوییەکەی نیشتەوە. دوای کاتژمێرێك پلەی گەرمای بۆ ئاستی ئاسایی هاتە خوارەوەو، کەوتە چاکبوونەوە. بەم شێوازە دەستم بە چارەسەرکردنیخەڵك کرد. لە ماوەی دە ساڵیشدا لەسەر توێژینەوەو خوێندنی سەرچاوەکانی میکانیزمی ڕۆژهەڵاتی بەردەوام وبووم، ڕێو شوێنی کارتێکردنی وزەیی لە مرۆڤ لەلام پەرەی سەند. ڕۆژێکیان هەوڵی چارکردنم دەدا، زیاتر ئەوە





سەرنجی راکێشام کە لە سەر مێژووی ژیانی (راسپوتین) خوێندمەوە، ئەو ژنەی بیرەوەرییەکانی لەسەر نوسیوە دەڵێ بە حاڵێکی میزاجی زۆر خراپ چۆتە لای راسپوتین، چونکە ژنە خوشکەدەرەکەی لە شاری کیێڤ لە گیاندەرچووندا بوو، کاتێك راسپوتین بەمەی زانی بەڵێنی پێدا یارمەتی بداتو بڕیاری دا ئەو خوشکەدەرەی رزگار بکات بۆیە لە ناوەندی ژوورەکەدا راوەستا، بەبەرچاوی ئامادەبوانەوە رەنگی زەرد دەبوو، تاوەکو مۆمێك سپی هەڵگەڕا، بەمجۆرە تا دوو خولەك وامایەوە، پاشان دیسان رەنگی سوور هەڵگەڕایەوەو گوتی: ((هەموو شتێك ئاسایی بۆتەوەو خوشکەدەرەکەت دەژی)) پاش چەند رۆژێك ئەم ژنە بروسکەیەکی لە شاری کیێڤەوە پێگەیشت دەڵێ خوشکەدەرەکەی بە خێرایی بەرەو چاکبونەوە دەڕواتو دکتۆرەکانیش لەو پەڕی سەرسورماندان. کاتێك منداڵێکی گچکەی ناسیاوێکم نەخۆشکەوت، سەرەتا تووشی نەخۆشی سووریێژەبوو، پاشان باری تەندروستی زۆر ئالۆز بوو، تووشی هەڵسووتانی کاژی مێشك (سەحایا)و، هەڵسوتانی هەردوو سییەکانی بوو، ئەوجا راسپوتینم هاتەوە بیرو بڕیارمدا توانای خۆم تاقیبکەمەوە،زۆرم حەز دەکرد یارمەتی بدەمو ئەرکی خۆم ببەمە سەرو، بڕیارم دا ئەو هەلە بقۆزمەوە ئەگەر چی هیواشم زۆر لاواز بێت لە ڕۆژی دوو شەمەدا کاتژمێری دووی نیوەڕۆ ئاگاداری توندوتیژی خۆم چڕ کردەوەو لە دڵەوە ئاواتە خواز بوم منداڵەکە بە زوویی چاکبێتەوە. لەو کاتەدا هەستم بە ئاڵوگۆڕی شتێکی فیزیایی کرد. هەندێ کارتێکردنیم دەرخست. پڕ باوەڕ بووم بە توانای یارمەتیدانی. کاتێك ڕۆژی چوار شەمە باوکەکەیم دی ئاگاداری کردم کە تەندروستی مناڵەکەی باش بوە:

- کەی باش بونەکە دەستی پێکرد؟ – لە باوکەکەم پرسی.

- دوو ڕۆژە، بە ڕۆژ لە کاتژمێری دووی نیوەڕۆدا – باوکەکە وەڵامی دایەوە.

ساڵی ١٩٨٨ دایکی مناڵێکی کچ هاتە لام کەوا کچەکەی لە ناکاودا توانای

بینینی زۆر کەمبۆتەوە، ئەو منداڵە بۆ چارکردن برایە پەیمانگای یەکەمی پزیشکی، بەڵام وێرای کۆششی زۆر دکتۆرەکان نەیانتوانی بگەنە هۆی نەخۆشیەکە، توانای بینینی چاوی منداڵەکە روو لە خراپتر بوو، هیچ هۆکارێکی ڤایرۆسی نەخۆشیەکەیان بۆ نەدۆزرایەوە چارکردنیشی بەبەکارهێنانی ئانتی بایۆتیك هیچ ئەنجامێکی نەبوو، توانای بینینی چاوی چەپی بووە ٦٠ ٠/٠ بەڵام توانای بینینی چاوی راستی گەیشتە ٥٠ ٠ /٠ وبەرەو خراپتریش دەچوو. بۆیە بەرێگای کارتێکردن لە دوورەوە دەستم بەکارکردن لەگەڵ منداڵەکە کرد، پاش دانیشتنی یەکەم هەستم بە هەندێ باشبون کردوو دووەمو سێیەمجار لەگەڵیدا دانیشتم، پاش دوو هەفتە منداڵەکە چاکبۆوەو بەتەواوی‌و لەسەدا سەد بینینی بۆ گەڕایەوە وێڕای ئەوەش نەمتوانی هۆکاری نەخۆشییەکە دەربخەم. ڕۆژان تێپەڕبوون‌و بینینی منداڵەکە ئاسایی بوو، بەڵام دوای چەند مانگێك تووشی نەخۆشییەك بوو لە هەردوو گورچیلەیداو، بەهۆی ئازارێکی زۆری جگەرییەوە بۆ خەستەخانە گواسترایەوە وجارێکی تر ئانتی بایۆتیك هیچ ئەنجامێکی نەبوو، لە خەستەخانە هیچ باشترنەبوو. دوای چەند هەفتەیەك ئەوکچە منداڵە بە چەند شیکردنەوەیەکی خراپەوە لە خەستەخانە دەرچوو، ئازاری توند لە گورچیلەکانیدا بەردەوام بوو. منیش چوار دانیشتنم لەگەڵدا کردو باشتر بوو تا بە تەواوی چاکبۆوە، جارێکی تریش لەو پەڕی بەختیاریدا بووم: پزیشکیی دەستەوستانەو، داوودەرمان هیچ کەڵکی نییە، ئانتی بایۆتیك بێ ئەنجام بوو، لە کاتێکدا من توانیم یارمەتی بدەم. لەو ڕۆژگارەدا نەمدەزانی پێکڕالکان‌و کارلێککردنی ئەندامەکانی لەش چۆن روو دەدا، نەشمدەزانی چۆن نەخۆشی لە ئەندامێکەوە دەگاتە ئەندامێکی تر، هەروا نەمدەزانی کە سروشت‌و چارەنووس‌و رۆحانیەت‌و گەلێك هۆکاری تر لە مرۆڤدا هەموو دەکەونە ئەم جوغزەوە. بەم چەشنە ئەو کچە منداڵە باش‌و چاکبۆوەو دوو ساڵ بەسەر ئەوەدا تێپەڕبوو،





ئاستی شارەزایی منیش باشتر بوو، ئیتر تێگەیشتم کەلەشی مرۆڤ تاقەیەك سیستەمە، ناکرێ لەوێدا تەندروستی‌و چارەنووس‌و سروشت‌و باری دەرونیی لێك جودا بکرێنەوە، لەگەڵ دایکی منداڵەکەدا یەکترمان دی‌و هەواڵەکە زۆر لام گران بوو کە بۆی باسکردم چارەنووسی کچەکەی زۆر خراپە ئەگەر چی تەندروستیی ئیستای باشە، کاتێك نرخی هۆکاری چارەنووسم تاقیکردەوە دەرکەوت کە نێگەتیڤە، ئەمەش دەبێتە هۆی گەلێك گیروگرفتی گەورە. ئەو کاتە تێگەیشتم کە تەنیا بیرکردنەوە لە تەندروستی‌و بە تەنیا تێڕوانینی حاڵەتی لەش مانای باشبونی یەکێك لە ئاڵۆزیەکانی سیستەمەکەیە کە "مرۆڤە"و زیان بە گرێبەندەکانی دیکە دەگەیەنێت.من چاری نەخۆشیەکەم کرد بەڵام هۆکاری نەخۆشیەکەم بنەبڕنەکرد، هەر ئەم هۆکارەش بوو گواسترایەوە بۆ هۆکاری چارەنووس ئیتر تێگەیشتم کە پێویستە وەك سیستەمێکی یەکگرتوو چارەسەری لەش بکرێت. هەر ئەمەش بوو وای کرد کە بتوانم ئەو گرێبەست‌و ئاڵۆزییانەو ئەو هۆکارە راستەقینانەی کار لە گشت دەکەن ببینم. هەروەك تاقیکردنەوەکان دەریانخست هۆکاری هەموو لێقەومانەکانی نەخۆشەکەم دووچاری هاتبوو دەستکورتی‌و هەژاریی باوکی بوو. لەو کاتەدا کە دایکی سکی بەم پڕ بوو کە ئەمەش بوو بوە هۆی شێواندنی پێکهاتەی کێڵگەیی تایبەت بە پاراستنی تەندروستی‌و چارەنووسی ئەم منداڵە. بۆ ماوەی چەند ساڵێك خەریکی چارەسەرکردنی نەخۆش بووم بە ڕێگەی ئیشارەتپێدان‌و جووڵەپێکردن لە دوورەوە بە هۆی هەردوو دەستەوە بۆ یەکەمین جارو پێنج ساڵ لەمەوبەر کەموکورتی ئەم ڕێگە چارەیەمزانی، ئەوەبوو خەریکی چارکردنی منداڵانی خێزانێك بوم‌و هەر لەو کاتەدا تەماشام کرد باری تەندروستی داپیرەیان زۆر خراپە،ئامادەیی خۆم پیشاندا بۆ یارمەتیدانی، بەڵام ئەو قایل نەبوو، گوتی بەهۆی دووبارە بوونەوەی دڵەکزێوە هەفتەی پێنج شەش جار داوای ئۆتۆمبیلی

فریاکەوتن دەکاتو وێڕای راهاتنی لەسەر ئەو وەزعەی‌و باوەڕیشی بە توانای چاکبوونەوە نییە.بە ڕێگەی تەماشاکردنی کێڵگە بیۆلۆژییەکەی تەماشام کرد دڵی ساغە چەند دانیشتنێکم لەگەڵ کرد، لە هەر جارێکدا پیرەژنەکە بەرەو باشتر دەچوو. لە ناوچەی دڵدا تێکچونێکی دیار لە پێکهاتەی کێڵگەیدا بەدی کرا. چەند جارێك لەو ناوچەیەدا دەستم گێڕا شێواندنەکە نەما، کێڵگەکەی راستەوەبوو، بەلام پەککەوتەییەکەی دڵ جارێکیتر بۆی گەڕایەوە. وامدانا میکانیزمێکی نادیاری هەیە کەلە کێڵگەی ئەم پیرەژنەدا کاردەکات، پێویست بوو لەم میکانیزمە تێبگەم، بە لێکۆڵینەوەی حاڵی نەخۆشەکە وام هەستکرد کە ئەو حاڵەی بەستراوە بە رووداوێکەوە لە ژیانیدا، بۆیە لێمپرسی:

- تۆ دوو ساڵێك لەمەوبەر چیت بەسەرهاتووە؟

- برایەکەم کۆچی دوایی کرد.

- ئەو کاتە هەستت بەچی کرد؟

- برایەکەم تەندروستی باش بوو، لەش ساغ بوو کەچی مرد، لە کاتێکدا من نەخۆشم‌و هێشتا هەر دەژیم.

ئیتر تێگەیشتم کە هۆکاری نەخۆشییەکەی مانەوەی ئەو ماندووبوونە STRESS بەهێزەیە لە قووڵایی ویژدانیدا، هەر ئەوەش بوو دڵەکزەی ناو سنگی دەوروژاند، بۆ رزگاربوونی لەم نەخۆشییە دەبێ باری سەرنجی بۆ ژیان‌و پەیوەندی بە ژیان‌و مردنەوە بگۆڕێت.بۆم باسکرد کە مردن شتێك نییە جگە لە گواستنەوەی لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر، نابێ وەك تراژیدی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ‌و ناشێ لە دوای رابووردوو ئاخ بکرێ‌و خەفەت بخورێ، چونکە بە ئاخکردن لەسەر رابوردوو مرۆڤ هەوڵدەدا ئەو رابوردووە بگۆڕێت‌و لە جێگەی خۆی بجولێنێ. لە کاتێکدا توانای ئەو جولاندنە نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی خەرجکردنێکی زۆرو نارێکوپێکی وزە. جا بۆ راگرتنی ئەم بەکاربردنەی وزە کە





لەوانەیە ئەنجامی مەترسیداری بە دواوە بێ پێویستە لەش ئەو نەخۆشییە فیزیکیە راگرێت. لەگەڵ ئەو ئافرەتە چەند دانیشتنێکم لە شێوازی مەشقی وزە پەیداکردنی خۆبەخۆدا ساز کرد AUTO GENSIS ئەوکات دیاردەی پەککەوتەی دڵ راوەستاو نەگەڕایەوە. خۆ ئازاردان‌و ماندوو بوونی بەهێز بەهۆی هەڵچونی تیژی دەروونیەوە لە قووڵایی ویژداندا کەڵەکە دەبێ‌و نەخۆشیی سەخت دەوروژێنێ، ئەمەش بە هۆی پەیدابونی شێواندن لە پێکهاتەی کێڵگەییدا. لە کاتی راستکردنەوەی وزەیشدا دوور نییە شێواندنی ئەم پێکهاتانە رووبدات، بەلام ئەمە بە شێوەی هەمیشەیی روونادات، لەمانەش گشتیان گرنگتر زانینی هۆی نەخۆشییەکەیە. جا ئەگەر هۆیەکەی نەزانین هیچ دوورنییە نەخۆشییەکە جارێکی ترو لە شوێنێکی دیکەی لەشدا روو بداتەوە. حاڵەتەکەی پێشوو ئەوەی سەلماند کە بەبێ ڕێگەیەکی ورد بۆ ناسینی نەخۆشیەکەو بەبێ تێگەیشتنی هۆکارەکانی چارەسەر کردنی کوێرانە هیچ ئەنجامێکی نابێ. پاشان پەرەسەندنی ئایندەی ڕێگای چارەسەر لە پەیمانگەی یەکەمی پزیشکی (مۆسکۆ) رووی‌دا ئەوکاتە لەوێ کارم دەکردو هەر لەوکاتەشدا هەولم دەدا مەسەلەکانی پاراستنی چارەسەر لەکارتێکردنی کێڵگە نێگەتیڤەکان چاربکەم. مانگ لە دوای مانگ لە کاردا بووم، بەلام وێڕای ئەوەش ئەنجامەکان کەمبون‌و رۆژێکیان چاری ژنێکم دەکرد کە تووشی بە چاوەوە بوون ببوو، پێکهاتەی ئەو تووشبونەم لە کێڵگەدا دیتەوەو تێگەیشتم کە نەهێشتنی ئەم پێکهاتەیە دەبێتە هۆی نەهێشتنی تووشبونەکە، ئەو دەم گومانم نەبوو کە ئەوە لە پێکهاتەکانە KARMA باوەڕم وابوو کە ئەمە لە ئەنجامی کارتێکردنە نێگاتیڤەکاندا پەیدا بووەو، هۆکارەکەشی کەسێکی دیکەیە لە کێڵگەی بیۆلۆژیدا. لە هەموو حاڵەتە لە یەکچووەکاندا بە ڕێگای میکانیکی ئەو شێواندنانەم لادەبردو هەموو کاتێکیش سەرکەوتنم دەبوو. بەلام دوای ئەوە هەندێ حاڵەت دەرکەوتن کە شێواندنی کێڵگەییان ئەنجامی بە

چاوەوە بوون نەبوون. جارێکیان ئافرەتێكو منداڵێکی گچکە هاتنە لام. تەماشام کرد هەمان شێواندن لە پێکهاتەی کێڵگەیی هەردوکیاندا هەیە.بۆم دەرکەوت کە ئەم شێواندنانە لە ئەنجامی ڕووداێکی دیاریکراوە لە ژیانی ئافرەتەکەدا، وێڕای ئەوەش شێواوی کێڵگەیی لای ژنەکە چەند ساڵێك لە پێش ئەوی منداڵەکەدا دەرکەوتووە ئەوجا زانیم کە ئەو شێواندنە هاوپەیوەندە لەگەڵ تێکچوونێك لە باری رەوشتدا، کاتێك دەردەکەوێ کە مرۆڤ رقو کینەی لە کەسێکی تر بێت، توانیم ئەوە بە ڕێگای جادوگەری لەناوبەرم وەك بانگ کردنو لێپارانەوە، بە تەماشاکردن یان بە دەست. بەڵام ئەوەی لێرەدا دیمەوە کێڵگەیەکی فیزیکی لەش نەبوو، بەڵکو کێڵگەیەکی زانیاری بوو، لەبەر ئەوە ڕێگای چارەسەر کردن وەك ئاسایی جاران مایەوە لە پێناو وزەی بیۆلۆژیدا: باری سەرنجی خۆم چڕ کردەوەو دەستم جوڵاند. شێواندنەکە لەناوچوو. بەمجۆرە بڕیارمدا تواناکانی خۆم بزانمو نرخی ئەو بارە دیاری بکەم کە دەکارم شانی بدەمە بەر، بۆیە ڕۆژانە کەوتمە پێشوازیی سیی تا چل نەخۆش. بۆ من کارێکی گرنگ بوو ئەو ژمارەیە بزانم کە دەتوانم پێشوازیی بکەم، هەست ونەستم زۆر سەیر بوو، پاش هەفتەیەك لەم کارەم هەستم بە ماندوو بوون دەکردو کاتێك دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە هێزم لە بەر بڕابوو، ڕەنگی دەمو چاوم سەوز هەڵگەڕابو پاشان هەستم کرد کە لە وزەی بیۆلۆژیمدا شتێك ڕودەداو، هەستێکی وام بۆ هات وەك مێشکم لە سەرما هاتبێتە کوڵین.

لەگەڵ خۆمدا وام ڕەفتار دەکرد وەك تویژەرەوە بمو بەوپەڕی وزەو تواناوە لە سەر کارەکەم بەردەوام بومو تاقیکردنەوەکەم نەپچڕاند: ئەوە لەلام گرنگ بوو بزانم چۆن لاشە لەم حاڵەتە ڕزگار دەبیتن؟بەڵام ڕێگەیەکی نمونەیی کاری نەکرد...........

لەمەش زۆر درەنگ تێگەیشتم....





لە پێشوازی ئافرەتێکی گەنجدا بووم، بە دو دانیشتن توانیم نەخۆشیەکەی نەهێڵمو داوام لێکرد جارێکی تر تەنها بۆ چاودێری سەردانم بکاتەوە. کاتێك گەڕایەوە تەماشام کرد ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتووە، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، دیاردەی حەساسیەت لەگەڵ لاروخواری لە باری دەروونیدا لێ دەرکەوت. نەمدەتوانی بزانم چی رووی داوە، ژمارەی تەلەفۆنی ماڵەکەیم وەرگرتو هەوڵمدا لە دوورەوەو بە تەلەفۆن چارەسەری بکەم. داوام لە دایکی کرد بۆم باس بکات کچە لاوەکەی چی بەسەر هاتووە. چونکە ئەم ڕووداوە لای من شتێکی سەیر بوو بۆ یەکەمجار.حاڵی نەخۆشێکم خراپ بێ پاش ئەوەی بە چەشنێکی پۆزەتیف کاری تێ بکرێ. سەرنجم دا لەو شوێنانەی کە لە بەردەمیدا دەستم جوڵانو لە دووری بیست – سیی سەنتیمەترەوە لەلەشی کیژەکەوە، سەرنجم دا سووربوونەوەو خوورو هەبوو، کاتێکیش گوێم لە گوتاری دایکەکەی بوو تێگەیشتم چی رووی داوە، ئەوەی من کردم بریتی بوو لە هەڵمژین، وزەی بیۆلۆژیم لە کچەکە کێشایەوە، وزەی خۆشم لە دەستدا ئەمەش لە ئەنجامی ئەو بارە گرانەدا کە کەوتمە بەریو دەستم کردە مژینی وزە لە نەخۆشەکان. لەبەر ئەوە پێویست بوو چارکردن ڕاگرم چونکە لاشەم لەم حاڵەتەگرنگەدا وزە لە هەر کەسێك دەکێشێتەوە، چونکە من کارکردنم ئەوەیە دوور بەدوور دەستبەکارو دەسەلاتگیربم. بڕیارمدا بە تەواوی ڕاوەستم ولە چارکردن بە وزەی بیۆلۆژی دوور بکەومەوە، تەماشام کرد کاری ئایندە بێ ئەنجام دەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە من لە باوەڕەکانی هەستو دواوەی هەستی میتافیزیکی کلاسیکی دوور نەکەوتوومەوە بەڵام بە هەڵگرتنی ئەو بارە گرانە گەیشتمە ئەوە کە ڕێگای ناردنی وزەو شێلان لە دوورەوە زۆر کاریگەر نییەو چارکردن دابین ناکات کە بە درێژایی ژیانم مەبەستم بووە، توانیم بە ڕێگەی بەهێز کردنی ئیرادە لە دوورەوە چارەسەر پێشکەش بکەم لەگەڵ ڕاگرتنی هەموو چەشنە شێلانێکی خاڵبەند من

ڕێگای چارەسەر بە تەکنەلۆژییەکانی هەناسەدانو بە خۆراکی گەرمادەر باش دەانم. بەڵام تێگەیشتم کە تەواوی ئەم ڕێگایانە چارەسەرێکی تەواو دابین ناکەن، بەڵکو کارگەرییان تەنیاو تەنیا بۆ کەم کردنەوەو ئارامگرتنەوەیە. ژنێکی دکتۆریش خواستی لە بارەی مانەوییەوە پشتگیریم بکات،لەوەوبەریش کارم لە تەکیا کردبوو، داوای لێ کردم هەندێ ئەنجامگیریی بە پەلە بکەمو، راکشێم بۆ حەسانەوەو بیرکردنەوەو، بە ڕێکەوتیش لە دکتۆرێکی خەستەخانەوە بانگهێشتنێکم بۆ هات بۆ ئامادە بوونی ئاهەنگی جەژنی ڕۆژو (فصح) لە شارێکی تر، ئەمەش هەلێکی باش بوو بۆ حەسانەوەو راکشانو بیر کردنەوە لەو حاڵەی پێی گەیشتووم، دەشتوانم بڕیار لەسەر بەردەوامبوونی کارەکە یان راگرتنی بدەم، رەنگە بشتوانم ڕێگەی دەرباز بوون لەم گیرو گرفتە بدۆزمەوە. پێکەوە سەفەرمانکرد بۆ دەریاچەی ئەنیجسکایا، سەردانی کلێسا دێرینە.تەختەییەکەمان کرد کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزەیەم، ڕۆژی جەژنی رۆژو زۆر خۆش بوو، چەند جارێکیش ئاووهەوا گۆڕدرا: بەفرباری، پاشان دایکردە باران، ئینجا هەورەکە رەوییەوەو خۆر هەڵهاتو ئینجا پەلکە زێڕینە دەرکەوت. لە دەریاچەکەدا خۆم شوشتو هەستم بە تازەبونەوەی چالاکیم کردو هاتمەوە سەر ئەو باوەڕەی کە پێویستە لەسەر کارەکە بەردەوام بم، بەڵام دەبێ ڕێگەیەك بدۆزمەوە بۆ چارەسەر کردنی نەخۆش بە بێ کارکردنە سەر وزەی بیۆلۆژییەکەیو دەستم کردە گەڕان بە دوایدا. هەوڵمدا کاربکەمە سەر پێکهاتەکانی KARMA کەلە نێو لەشی مرۆڤەوە دیمن، هەوڵمدا ئەو هۆکارانە ببینمەوە کە دەبنە هۆی ڕوودانی ئەم شێواندنانە لەم پێکهاتانەدا روونکردنەوەیان بۆ نەخۆشەکە، بە یەکجاری ئەوەم دایە دواوە کە بە هۆی دەستەکانمەوە کارتێکردن ئەنجام بدەم،ئەمەش رۆژگارێکی گران بوو، چونکە بە چاکی فێری بەکارهێنانی ڕێگەکە نەبوو بوومو، ئەنجامی کارتێکردن زۆر لە





ڕێگەی دەست بەکارهێنان لاوازتربون. بەمجۆرە بەرەبەرە هەندێ ئەنجام دەرکەوتن کە نەمدەتوانی بە ڕێگای دەست بەکارهێنان پێیان بگەم. ئەو کاتە تێگەیشتم کە پاشە رۆژم لە پاش ئەم ڕێگەیەوەیە. یەکەمجار دەبێ هۆکاری تێکچوونەکە بدۆزمەوە KARMA ئەمە شی بکەمەوەو ئینجا تۆژینەوەی لەسەر بکەمو زانیارییەکان دارێژمو پێشکەشی بە خەڵك بکەم، بەمجۆرە دەتوانم سەدان کەس چار بکەمو تێگەیشتنی هۆکارەکانی نەخۆشیەکەو ڕێگای چارەسەرکردنی بە ملیۆنان کەس پێشکەش بکەم. ئیتر لەو کاتەوە بوومە توێژەرەوەوبەس. بە دیار کەوتنی هەڵمژینی وزە لە کاتی پرۆسەی چارەسەرکردندا زیاتر خستمیە سەر کەڵکەڵەی توێژینەوەو تێگەیشتن لەوەی کە پەیدابوونی نەخۆشیەکان بەستراوەتەوە بەدەرچوون لە یاسایەکانی رەوشتو ئەدەب، لەبەر ئەوە چارکردنەکە دەبێ ئاڕاستەبێ بۆ زانینی ئەو دەرچوونو نارێکییانەو بۆ گۆڕینی باری سەرنجی گەردوونی لای مرۆڤ. نەخۆشیش تەنیا یەکێکە لە میکانیزمی پەرەپێدانی رۆح (رەوان) ئێمە لە دێر زەمانیشەوە ئەمە دەزانین،هەر ئەمەش چەندان سەدەیە لە کتێبە پیرۆزەکاندا جێگیر بووە، رووداوەکە ئەوەیە ئێمە ئەم راستییەمان پشتگوێ خستو بۆ کاتێکی دیاریکراو لەبیرمان کرد، گرنگ ئەوەیە ئەم هەڵەیە تێبگەینو دانیپێدابنێین، بە ڕێگەی تۆبەکاریو پەشیمانی لە ژێر سێبەری یەزدانپەروەری دا چوینە ناو هارمۆنیی جیهانو گەردوونەوە، بەبینینی پێکهاتەکانی KARMA لە مرۆڤدا دەتوانم هەر کارتێککردنێکی چارەسەر هەڵبسەنگێنم، من دەبینم چۆن پێکهاتەی فیزیکیو کێڵگەیی لە مرۆڤدا دێتە گۆڕین ئەمەش لەو کاتانەدا کە دان بە گوناهەکانیدا دەنێ، ئاستی ئەو پەیوەندییە دەبینم کەلاشە بە رەوانیەوە هەیەو چۆن هەرلەو کاتەدا کاردەکاتە سەر رۆح. لەبەر ئەوە دەبێ چارەکە لە یەك کاتدا کار بکاتە سەر لاشەو رۆح.

نەهێشتنی شێواندنەکانی پێکهاتەی کێڵگەیی لە ڕێی ویژدانو تۆبە کاریو

پەشیمانیەوە ئەنجامێکی زۆر چاکی دەبێو تەندروستیو لەش ساغی بۆ لاشەی فیزیکی دەگێڕێتەوە، چەند کاتەکەش لە نێوان روودانی شێواندنەکە لە پێکهاتەی کێڵگەییو نێوان دەرکەوتنی نەخۆشیەکە لەسەر ئاستی فیزیکی کەم بێت ئەوەندە ڕێگەکە سەرکەوتووترو ناسینەکە باشتر دەبێ.هەموو حاڵەتێکیش لە حاڵەتەکانی چارکردن هەوڵدان بووە بۆ چوونە ناو راستیی نەخۆشییەکەوە وهەوڵدان بۆ تێگەیشتنی چۆنیەتی نەخۆشییەکە سەرچاوەکەی، ئایا ئەو رۆڵە چییە کە ئەم سەرچاوەیە لە ژیانی نەخۆشەکەدا دەیگێڕێت.من بە ڕێگەی دەستو چوار چێوەو پەندۆڵ (لەرینەوە) کێڵگەم باسکردووەو لێیکۆڵیومەتەوە.

ساڵی ١٩٨٦ بوو کە بەڕێز ف. ب بلیاکوف –م ناسی، ناوبراو سەرپەرشتی تاقیگەی پێوانەکانی بیۆدینامیکی دەکرد، لایەنە باشەکانی قوتابخانەی ئەم پیاوە، ئەوانە بوو کە سەرکەوتوانە ڕێگەی ((نوسینی پێشبینیو رامان)) بەکارهێنا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرو، گەیشتە پلەیەکی بەرز لە وردبوونەوەدا بۆ دیاری کردنی کێڵگە فیزیکییەکان لای مرۆڤ، چ لە ڕێگەی دەسەڵاتگیری لەدوورەوە یان بە ڕێگەی دەست لێدانی خێرا. لە ڕێگەکەی بلیاکوف ئەوەی پێویستم بوو وەرمگرت. لەپلەی یەکەمدا ناسینو دیاریکردن بوو ئینجا کارتێکردن. بەفێر بوونی نوسینی پێشبینیو رامان بۆ کاتێك هەوڵمدا چۆنیەتی نەخۆشیەکە خۆی لە خۆیدا باس بکەم. نەك هۆیەکانی.ئینجا بەبێ کۆڵدان دەستم بە تۆژینەوەی کێڵگەکانی زانیاری کرد. لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ دا باوەڕم هاتە سەر ئەوە کە هۆی نەخۆشییەکە دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونێك لە پێکهاتەکانی کێڵگەییداو لەبەر ئەوە پێویستیە کێڵگەی بیۆلۆژی چارەسەر بکرێ، نەك ئەو ئەندامەی زیانی پێ کەوتووە. ئەم بیروڕایە شم بە تۆژینەوە فەلسەفییەکانی رۆژهەڵات جەختی لەسەر کرایەوە، ئەو تۆژینەوانەش وایدادەنێن کە گرنگترین شت پێکهاتە کێڵگەییە وردەکانن کە لەگەڵ رۆح





هاوپەیوەندن، منیش لە رووی ویژدانیەوە ئەمەم هەست پێ کردو شێواوی کێڵگەییم دی کە کار دەکەنە سەر حاڵەتی فیزیکی مرۆڤو هەروا پێکهاتە زانیارییەکانیشم دی کە کاتی توشبوونی نەخۆشیی جۆربەجۆر پەیدا دەبن، بەڕێگەی کارتێکردنیان بە هۆی راستکردنەوەیانەوە گەیشتمە روودانی ئاڵوگۆڕ نەك تەنیا لە حاڵەتی فیزیکی دا بەڵکو لە هۆکارەکانی دیکەی سیستەمی وزەی زانیاری لای مرۆڤو بەرەبەرە رەگەزەکانی سیستەمەکەم داڕشت کەبەوە دەتوانرێ کارتێکردنێکی گەورە ئەنجام بدرێو نەك تەنیا چارەسەری نەخۆشییەکانی ئێستا بکرێ بەڵکو تەنانەت نەخۆشییەکانی دواڕۆژ یش، چونکە شێواوییەکانی پێکهاتەی کێڵگەیی پێش پێنج تا دە ساڵ لە دەرکەوتنی نەخۆشییەکانی لە ئاستی فیزیکیدا دەست پێدەکات.

بێگومان شێواوییەکانی کێڵگەیی دەبنە هۆی لە ڕێ لادانی جۆربەجۆر لە ئاستی فیزیکیدا لەبەر ئەوە ڕێگەم بەخۆمدا لەباری وزەوە کارتێککردنێك هەبێت. ئەو مەسەلەیەی خستبوومە پێش چاوم بە کورتی بریتییە لە دۆزینەوەی وردی نەخۆشی لەگەڵ توانداری بۆ تۆژینەوەی حاڵەتەکەو دۆزینەوەی یەکەمین هۆکار. نەخۆشی تەنیا نیشانەیەکی سوورە مرۆڤ ئاگاردار دەکاتەوە کە بە ڕێبازی راستدا بڕوات. ئێمە هەمیشە وامان تەماشا دەکرد کە لێقەومانێکەو هەوڵماندا لێی رزگاربین، لە کاتێکدا نەخۆشی وریاکردنەوەیەکی بەکردەوەیە لەبارەی روودانی هەڵەوە بۆ رزگاربوونی مرۆڤ کاردەکات. مرۆڤیش بە نەخۆشییەکەیو ئازارەکەی دەبێ ئەو لەڕێ لادانانە هەست پێبکات کە دەشێ رووبدەنو دەبێ لە بارەی رۆحیەوە پەرە بە خۆی بداتو، بە شێوەیەکی هەمیشەیی بە دوای ڕێگەی تازەی پەرەسەندندا بگەڕێ.هەرئەمەش بوو پاڵپێوەنەرم بۆ لێکۆڵینەوەی هۆ کارە رۆحانیەکان لای مرۆڤ.

دەتوانرێ ڕێگەکەم لە تۆژینەوەی KARMA دا ناوبنرێ بینینی نەخشەدار،

من ڕوداوەكان وەك ڕوداو نابينم بەڵكو وەك ياسايەكانو پاشان سەرپێچی كردنيان،بەشێوەی ئەبستراكت (مجرد) دەبينم چی ڕويداوە، بەزانينی پەيوەندی مرۆڤ لەگەڵ پێكهاتەكانی كێڵگەيی دەتوانم لەوپەيوەنديیە بكۆڵمەوەكە لەنێوان هەڵسوكەوتو ريبازی ڕەوشتو تەندروستيدا هەيە، شێوازی شێواوييەكانی پێكهاتە، بەڕێگەی تێگەيشتنی ئەم شێواوييە — چارەسەركردن. من تێگەيشتنە كلاسيكيەكانی KARMA –م بەكارهێنا، لەگەڵ بڕواكردنم كەمرۆڤ لەم يان لەو ژيانەدا گوناهێكی كردوە لەبەرئەوە ئێستا دووچاری نەخۆشی بووە. جالە بەر ئەوەی خوێندنەوەی ژيانی ڕابوردوی مرۆڤ زۆر گرانە، ناچار بەهێندە بەسمكرد كە تاكە ژيانێك بخوێنمەوە،دياردەكانيش زۆر لەوە باشتر بوون كەكارتێكردنم بەدەست بێ، لەڕاستيدا جياوازيان هەبوو. كاتێك منداڵێكی سێ مانگييان بۆ هێنام كەلەبارێكی تەندروستی گراندا بوو، ديارە پێش هەرچی گوتيان ئەو لەژيانی ڕابردويدا گوناهكاربووەو ئێستاش لەسەر كارو كردەوە خراپەكانی لێپرسينەوەی لەگەڵ دەكرێ، بەلام تەماشام كرد شێواوييەكانی پێكهاتەی كێڵگەييەكانی منداڵەكە لەگەڵ شێواوييەكانی پێكهاتەی كێڵگەيی دايكيدا جووتن، بەمجۆرە بۆم دەركەوت كە پێكهاتەی كێڵگەيی لە دايكو باوكەوە بۆ نەوەكانيان دەگوێزرێنەوە.

ئەم حاڵەتە دۆزينەوەی ميكانيزمێكی نوێ بوو لە ناردنی زانيارييەكان بە ميراتی، كاتێكيش شێواوييەكانی كێڵگەی دايكەكەيم ڕاستكردەوە ڕاستەوخۆ منداڵەكەی بەبەرچاوی منەوە چاكبۆوە. ئينجا تێگەيشتم چەند كرداری دايكەكە كار لە تەندروستی منداڵەكە دەكات، بە تايبەتی لە ساڵانی كەمی پێش لە دايكبوونی منداڵەكەدا. ئەو كينە گەورەيەی كەلەوانەيە دايكەكە لە كاتی سكپڕيدا لە سنگی خۆيدا هەڵيبگرێت لە ڕاستيدا بە هۆكارێك دادەنرێ لە توشبوونی منداڵەكەدا يان لە نەخۆشی ئەو ئەندامانەی لە سەردا دابەشبون:





لەوانەيە تێكچونێك لە بينين يان لە بيستندا پەرەبستێنێ. ريسواكردنو سوكايەتی پێ كردن يان لێقەومانێكی دايكەكە لە كاتی سكپڕيدا وادەكا منداڵەكە زۆر هەستيار بێو بە خێرايی كاريتێبكرێت. هەروا گوناهەكانو كردەوە خراپەكانی دايكەكە لە ماوەی دوو گيانيدا چارەنووسو تەندروستی منداڵە هاتووەكەی دياری دەكات. لە سەرەتادا هيچ بايەخێكم بۆ هێڵەكانی باوكەكە دانەنا، بەلام دواجار تێگەيشتم كە هەردوكيان. باوكو دايك بە يەكسانی كاردەكەنە سەر ژيانی منداڵەكەيان. دايكو باوكەكان زانياری تەواو لەسەر كارو كردەوەو رەفتارو رەوشتيانو رەفتاری بابو باپيريان دەگوێزنەوە بۆ منداڵەكانيان، جا لەم زانيارييانەوە چارەنووسی منداڵەكە دادەمەزرێو، لاشەو تەبيعەتو رۆحانيەتی پێكدێن.

هەموو تۆژينەوەكان كە لەگەڵ ڕاستيەكاندا ئەنجامدان بە ئاشكرا جەخت لە سەر يەكێتی دنيای دەرەوەو سروشتی بێگيانو لەشە ئاڵۆزو سادەكان دەكەنەوە.پێويستە ئەوەش بڵێم كە من

هەميشە هەستم بەمە كردوەو هەرچيەكيش لە دەورم ڕوياندا‌وە جەختيان لە سەر ئەم يەكێتيە كردۆتەوە.

منداڵيی خۆم لە سەر كەنارەكانی دەريای ئازۆڤ بەسەر بردووەو، سەرنجمداوە چۆن ماسييە گچكەكان لە شوێنە تەنكاوەكاندا پەرەيان دەسەند، چۆن ئەم ماسيانە لەسەر رووی ئاوەكە بازيان دەدا تا سەما جوانەكەيان ئەنجام بدەنو چۆن لەسەر رووی ئاوەكەو لەسەر كۆتايی كلكيان ئاسۆيی هەڵدەخليسكان. ئا بەمجۆرە منداڵانی گيانلەبەر ە زيرەكە ناديارەكان كە لای ئێمەش نەناسراوبون پەرەيان دەسەند.

ڕۆژێكيان لە كاتێكدا راوە ماسيم دەكرد سەرنجم لە ماسيەكی خۆكوژدا، كاتێك لە كەنارەكە نزيكبوومەوە لە نزيكی ئاوەكەوە ماسييەكی گچكەم دی كە

زۆر بە زەحمەت هەناسەی دەدا. ویستم بۆ ناو ئاوەکەی بگێڕمەوە بەڵام جارێکی تریش بازیداو لەناو رووبارەکە دا وون بوو. پاش چەند خولەکێك بازدانی بۆ کەنارەکە دووبارە کردەوە، پاشان جارێکی دیکەش بازیداوە ناو ئاوەکە.ئەو دیمەنەم زۆر لا جوان بوو دەستم کردە چاودێریی رووداوەکە، هەر ئەو ماسییە بوودیسان جووڵانەوەکانی خۆی دووبارە کردەوە، وەك بەو رێگا سەیرە دەوروبەر بناسێت. بە توندی بازی دایە سەر کەنارەکەو، پاشان جارێکی تر بۆ رووبارەکە، کاتێك ئەمەی دەکرد ژیانی خۆی دەخستە بەر مەترسیەوە، رەنگە هێزی ئەوەندە نەبوو بێ بتوانێ جارێکی تر بگەڕێتەوە ناو ئاوەکە یان هەڵەی دەکردو بە لایەکیتردا بازی دەدا بەڵام وێرای هەموو ئەمانەش لەسەر بازدانی درێژەی دا بێ ئەوەی هەڵە بکات!

کێ لە ئێمە ئەگەر چی بۆ تاقە جارێکیش بێت لە ژیانیدا زیرەکیو هوشیارکردنەوەی ئاژەڵی نەدیوە؟ کاتێك لە شوێنێکی گەشتو گوزار لە نزیك دەریاچەی ((ریتسا)) کارم دەکرد رۆژێکیان مارێکم دی لە سەر رێگاکە فڕێدرابوو، هێندەیان بەرد پێدا کێشا بوو گەیشتبووە گیان دەرچوون، دیمەنی زۆر پڕ لە داخ بوو بۆیە هەڵمگرتەوە خستمە کیسێکەوە تا لە ناو دارستانەکەدا لە شوێنێکی دوور لە خەڵك دایبنێم. مارەکە گەورە نەبوو بەڵام رەنگی پێستەکەی مەیلەو سپی بوو. نازانم بۆچی باوەڕم وابوو کە مارێکی ژەهردار نییە. بە سستیو بێ هیچ چالاکیەك لە ناو کیسەکەدا مایەوە، دەستم کردە سەردانیو هەندێ جاریش دەستیشم لێدەدا، کاتێکی درێژ بەبێ جووڵە مایەوە، بەڵام لە ناکاوێکدا سەری جووڵاندو گازی لە لێواری کیسەکە گرت. تێگەیشتم ئەمە هوشیارکردنەوەیەك بوو بۆ من، کیسەکەم کردەوەو ئازادم کرد، مارەکە لەسەر خۆ کەوتە جووڵەو خۆی خزانە ژێر بەردێك، منیش کەوتمە یاری کردن لەگەڵیداو کلکیم گرت، ئەویش هەر تەماشای دەکردمو بە ئارامەوە سەیری





دەکردم تا ئازادی بکەم. بەڵام من لە سەر گرتنی بەردەوام بووم، لە ناکاودا بە خێرایی خۆی وەرگێڕاو رووی سەری تێکردمو، لە دەستم کەوت، تەماشای دەکردمو حەزی نەکرد پێوەم بدا بەڵکو ویستی هوشیارم بکاتەوە. زۆر سەرسام بووم کە پاش چەند رۆژێك وێنەی جۆربەجۆری ماریان پیشاندام وبۆم دەرکەوت کە ئەو چەشنە مارە زۆر ژاراوییە.

بۆ یەکەمجار توانیم باری فیزیکیو دەروونیی نەخۆشێك پێکەوە بگۆڕم ئەویش بەم شێوەیە: کچێك زۆر بە راستگۆیی دڵدارەکەی خۆش دەویستو دڵسۆزی بوو، بەڵام هەردووکیان لەبەر هەندێ بارودۆخی گران نەیانتوانی ببنە هاوسەری یەکترو لێك دوورکەوتنەوە، بەردەوام ئەم خۆشەویستییەو پاش چەندان ساڵی لێك دوورکەوتنەوە هەر ئازاری دەدا، ئەمەش لە راستیدا هێندە خۆشەویستی نەبوو ئەوەندەی کەشتێکی دیکەی ناخۆشو بە ئازار بوو. کچەکە تێگەیشت کە لە سەری پێویستە هاوپەیوەندی نەبێ، بەڵام ئەو پەیوەندییە شوێنێکی دۆزییەوە ولەناوی برد. ئەمە پتر لەوەی خۆشەویستی بێ لەعنەت بوو. کچەکە چەندان لاوی دیکەی ناسی بۆ گەڕان بە شوێن کەسێکدا کە ئەوی بە دڵ بێ بەڵام بێ ئەنجام بوو. کەوتمە توێژینەوەی ئەم حاڵەتەی تا بەڵکو لە گشت ئەمانەدا گوناهێکی بدۆزمەوە.

وەڵامدانەوە ئەمە بوو کە نەخێر کچەکە گوناهبار نییە. جا کەوا بوو کێ گوناهکارە؟ گوناهکار داپیرەی بوو.

چەند شتێکی سەیر بوو، کچەکە تێگەیشت لە قسەکەم مەبەستم چییە. داپیرەکەی لە سەرەتای لاویدا گەنجێکی جوانی خۆشویستووە، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی شووی بە کەسێکی تر کردووە، بەمجۆرە خۆشەویستی لە خۆیو دڵدارەکەیدا کوشتووە، لەبەر ئەوەیە ئێستا نەوەکەی جۆرەها ئازاری تووش دەبێ کە داپیرەکەی بۆی بە جێ هێشتووە. پاش قسەکردن لەگەڵ داپیرەکەیو

دانپێدانانی راستی کە ئەو خۆشەویستییەی لە دڵی خۆیدا کووشتوە بەوەش گوناهێکی لە تێکدانی یاسایەکانی باڵادا ئەنجامداوە، کچە نەوەکەی توانی لە ئازارەکانی رزگار بێ‌و منیش تێگەیشتم کە بەم رێگەیە نەك تەنیا دەتوانرێ چاری نەخۆشەکان بکرێ بەڵکو دەشتوانرێ یارمەتی رۆحەکانی خەڵکی بدرێ‌و چارەنووس یان چاك بکرێ.

لە تۆژینەوە نهێنییەکانەوە زانراوە کە هەر کەس تەماشای سەرچاوە نهێنییەکان‌و کتێبە فەلسەفییەکان بکات گومانی تێدا نییە کە دەگاتە ئەوەی ئیتر لە سەدو هەشت یاسای جۆربەجۆر کە ئەم گەردونە بەڕێوەدەبەن باسیان کردووە، زۆریش هەوڵمدا کە هەموو ئەم یاسایانە پێکەوە بدۆزمەوە. بەڵام بە داخەوە تا ئێستا بە قەبارەی تەواوییان رێکەوتم نەکردن.وا دیارە ئێمە تا ئێستا بۆ زانینی گشتیان ئامادەنین.

ئەزموونی کارکردنم لە وزەی بیۆلۆژیدا دەڵێ لە ناوەندی سەرپێچییە زۆرەکاندا کە خەڵکی لە ژیانی رۆژانەیاندا ئەنجامی دەدەن مەزنترین شتێك دەبینرێتەوە کە مرۆڤ بەرانبەر خۆی‌و کەسانی تر دەیکات، کە ئەویش کوشتنی خۆشەویستییە لە چەندان دیاردەی جۆربەجۆرو جیاوازدا، تەواوی سەرپێچییەکانی تریش بە دووەمین دادەنرێن‌و لە ئەنجامی نەبونی خۆشەویستی یەزدان‌و دنیاو خزمەکان‌و منداڵان‌و سروشت‌و خەڵکەوە..... هتد لای مرۆڤ پەیدا دەبن. ئەو حاڵەتەی ئێستا بۆتان باس دەکەم پتر بڕوای بەهێز کردم کە دۆزینەوەی نەخۆشی KARMA چارکردنی رۆحانییەتی مرۆڤ دێنێتە دی، ئافرەتێکیان بۆ هێنام کە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دووچاری قەیرانی نەخۆشییەکی سەیر هاتبوو، لە ناکاوێکدا حەزێکی زۆری هەست پێدەکرد بۆ بازدان لە پەنجەرەکەوەو خۆکوشتن، یەکجار زۆر حەزی لە مردن دەکرد، داوای لە کەسوکاری کرد گوتی: ((بە جێگەکەمەوە بمبەستنەوە، بمگرن، بە تەنیا جێم





مەهێڵن!)) ئەم چەشنە بیر کردنەوانەی بە توندی بۆ دەهات‌و چەندان جار دوبارە دەبوونەوە، ژنەکە دەترسا بەرگەی ئەمە نەگرێ‌و لە پاشدا لێقەومانێکی گەورەی تووش بێت. تۆژینەوەکانم دەریانخست کە سەرپێچیی یاسایەکانی باڵا لەلایەن دایکی ئەو ژنەوە کراوە. پیاوێك بە تاسەوە ئەم دایکەی خۆشدەویست. بەڵام ئەو بە سوکی‌و رق‌و کینەوە تەماشای دەکرد، زۆری پێ خۆش بوو هەست بکات کە پیاوێکی تر بە تەواویی گیرۆدەی بووەو دەیەوێ بەتەواوی هاوپەیوەندی بێت. بەمجۆرە ئەم دایکە ژیان‌و خۆشەویستی لای ئەو پیاوە کوشت‌و قسەو کردارو رەفتارەکانی بەرنامەیەك بوون بۆ کوشتن، بەڵام ئەم بەرنامەیە جارێکی تر گەڕایەوە بەڵام بۆ ئەوەی دیاربداو دەسەڵات بگرێ بەسەر کچەکەیدا.

گەڕانەوەی بەرنامە نێگاتیڤەکان هەندێ جار بە هێواشی روودەدەن، هەمیشە بۆ دانەرەکەی ناگەڕێتەوە بەڵکو بە زۆری لە منداڵان‌و خزمەکانیدا دەردەکەونەوە.پاش قسەکردنی کچەکە لەگەڵ دایکیداو دانپێدانانی دایکەکە بە گوناهەکەی خۆیدا ئیتر دیاردەی نەخۆشییەکە راوەستاو دووبارە نەبۆوە. تێگەیشتم پلەی پەیوەستی تەندروستی لەگەڵ رەوشت‌و رەفتارەکانی دایك‌و باوك‌و خوشك‌و براو خزمەکانماندا چەند مەزنە، بەڵکو ئەم رەوشت‌و رەفتارانە درێژ دەبنەوە تا هەروا بە توندی کاربکەنە سەر چارەنووس‌و ژیانی دەرونیمان.

لە هەر دیدارێکی تازەدا حاڵەتێکی تازەی نەخۆشیم دەناسی‌و یارمەتیدەرم بوو بۆ دانان‌و دۆزینەوەی رەگەزە نوێیەکان لە سیستەمەکەدا کەمن ئێستا بە ((سیستەمی کێڵگەیی دیسپلینی خۆبەخۆ)) ناوی دەبەم.

سیستەمی کێڵگەیی دیسپلینی خۆبەخۆ بریتییە لە پەیوەندیی پێچەوانە لەگەڵ گەردوندا، پوختەکەشی ئەمەیە کە هەر رەفتارێکی مرۆڤانە، ئەگەر چی باش بن یان خراپ پێچەوانە دەبنەوەو بە زیادەوە بۆمان دەگەڕێنەوە ئەمەش بە رێگای یەکەی وزەی زانیاری لە کێڵگەی گەردوونیدا.

ئێمه هەمیشه ئەوه دەبیستین کە مرۆڤ پاداشتی کاره خێرو چاکەکانی دەدرێتەوەو لەسەر کاره شەڕ ئامێزو خراپەکانی سزای دەدرێ، بەڵام لەبەر چی خێرخوازانو پیاو چاکان لە دنیای دەوروپشتدا زیاتر نابنو پیاو خراپان کەم نابنەوە، من وایدادەنێم کە باشترین لێکدانەوەی ئەمە قسەی پیاو چاکانە کە دەڵێن یەزدان هەمیشە سزای شەڕخوازو خراپەکاران دەدا، بەڵام لەبەرئەوەی ئەمە زۆر لەسەر خۆ روو دەدات مرۆڤ پێش ئەوەی سزاکەی وەربگرێت لە ئەنجامدانی گوناهێکی دیکەدا سەردەکەوێ. ئەو لێکدانەوەیەش بە تەواوی جووتە لەگەڵ باوەڕی کاری میکانیزمی زانیاری ناردبە ڕێگای پێکهاتە کێڵگەییەکان. لە بارەی میکانیزمی سیستەمی دیسپلینی خۆبەخۆ کەسێکی دووره پەرێز نییە بەڵکو پرۆسەیەکی نێگاتیڤ هەیە کە دەبێ رابگیرێت.

لە زەمانی کۆندا میکانیزمی سزا درێژبۆوە تا چەند نەوەیەك بگرێتەوە، ئیتر نەخۆشییەکانو نەهامەتییەکان لەناو نەوەکانو ڕۆڵەی نەوەکاندا دەردەکەوتن، یان لە ژیانی ئایندەی گوناهکاراندا. لەم ڕۆژانەدا خێرایی ئەم پرۆسانە زیاتر بووە.مرۆڤ لە ئەنجامی گوناهکارییەکانیدا راستەوخۆ لە ژیانیدا سزای خۆی وەردەگرێتو لە بەرامبەر بەوەشدا لە تەندروستی خۆیو تەندروستی منداڵەکانی تا ئەو پەڕی سنور نرخەکەی دەدا.

لە باری سەرنجی مرۆڤەوە سزادان بەکارکردنە سەر تەندروستی کارێکی یەکجار ناشیرینو ناڕەوایە. بەڵام لە ئاستی کێڵگەییدا نەك مرۆڤ بەڵکو بیروڕایەکان لە ئارادان، هەر مرۆڤێکیش بە کۆمەڵە بەرنامەیەکی یەکگرتوو دادەنرێت، بەڵام میکانیزمی پێکەوەلکانو گەمارۆدان لە دژی ئەو بیروڕاو بەرنامانە لە کاردان کە مەترسیان بۆ سەر دنیا هەیە.منداڵیش گشت بەرنامەکانی دایكو باوکی بەهێز دەکات هەر لەبەر ئەوەشە لە جیاتی ئەوان بە سەختی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ. بەڵام لە راستیدا لەم پێنج ساڵەی دواییدا





بەرپرسی کەسایەتی لای هەر مرۆڤێك زۆر تر بەرز بۆتەوە من هێشتا هۆکاری ئەم دیاردەیە نازانم.

منداڵانیش بە ئاوێنەیەکی مەزنی جیهانی گەورە دادەنرێن. زۆرکەس سەرنجی ئەوویان داوە کە منداڵ بە ئامادەبونی دایكو باوکەکەی بە شێوەیەکی خراپتر دەجوڵێتەوە وەك لەوەی لەبەر چاوی کەسانی نەناسراودا کەلەم حاڵەی دوایدا هێمنو گوێڕایەڵ دەبێ. لە زۆربەی جارەکانیشدا ئەمە کاری میکانیزمی KARMA دەبێ. کاتی هەڵسورانی منداڵ لەگەڵ دایكو باوکیدا چالاکیو بەهێزی بەبارێکی باشو پۆزەتیڤدا دەڕوات، هەروا بەرنامە خراپو نێگاتیڤەکانیش چالاك دەبنەوە، واتە ئەو بەرنامانەی دایكو باوك بە ڕێگای کێڵگە بیۆلۆژییەکان بۆیان گواستۆتەوە. لەم دواییەدا بە توێژینەوەی زۆر لە گیروگرفتەکان گەیشتمە ئەوە کە تەنیا منداڵەکان ئەم میراتەی KARMA –یان بۆ نامێنێتەوە، هەروا دایكو باوکەکانیش هەندێ بەر پرسییان لە ئاستی کێڵگەییدا دێتە ئەستۆ، ئەمەش بەهۆی رەفتارو گوناهی منداڵەکانەوە. ئێستاکە منداڵ هەر لە تەمەنی هەشت ساڵو نیوەوە دەتوانی بە قسەو رەفتارەکانی کاربکاتە سەرحاڵەتی کێڵگە بیۆلۆژییەکان، واتە کاربکاتە سەر رۆحانییەت، چارەنووسو تەندروستی دایكو باوکەکان،ئەم دیاردەیە لە پێش دوو هەزار ساڵدا لە تەمەنی سیانزە ساڵ یان چواردە ساڵیدا بەدی دەکرا.

لەو کاتەوە دەستم بە توێژینەوەو پاکردنەوەی KARM A کردووە ئیتر نەخۆش نەکەوتووم، بەڵام گیروگرفتی دیکە دەرکەوتن.لای من وزە هەڵاوساو بەهێز بو توانای کارتێکردنی پتر بوو، ئیتر لام گران بوو پارسەنگییەکی دەروونی بدۆزمەوە. کەمترین هەست کردن بە دڵگیری یان بە ریسوا کردن دەبووە مەترسی بۆ تەندروستیو چارەنووسی ئەو کەسە، کە ئەمەش زۆر زویری کردم.

بەهیوا بووم بتوانم ئەم گیرو گرفتە چارەسەربکەم تا هەموو شت بە

باشترین شێوه بێت. بە کاری بیکۆڵدان‌و ئارام گرتن لە پەروەردەی دەرووندا دەتوانم لە هەست کردن بە زویری‌و کینە لە هەڵچوونی نێگاتیڤ رزگارم بێت، بەڵام دوای ئەوە گرفتێکی زۆر ئاڵۆزتر دەرکەوت، ئێستا لەسەرمە چاودێریی کەسانی تر بکەم ئەگەر نا ئەوا بچوکترین ریسوا کردنێك دەبێتە زیانێکی گەورەیەی فیزیکی بۆ کەسی خاوەن ریسواییەکە.

هەر ئەمەش بوو پاڵپێوەنام بۆ تێگەیشتنی یەکێك لە هۆکارەکانی تراژیدیا لە وڵاتەکەماندا چونکە مرۆڤی خاوەن KARMA ی پاك یان داخراو زۆر بە توندی بە یەزدانەوە هاوپەیوەند دەبێ لەبەر ئەوە.هەر دەست درێژییەکی بکرێتە سەر ئەوە لە دژی گەردوون ئاراستە دەبێ.

جا ئەگەر مرۆڤ خۆی هێرش بباتو دەستدرێژی بکات ئەوا کەسایەتی خۆی دەکەوێتە بەر لێپرسینەوە، بەڵام ئەگەر لەوەدا نوێنەری کۆمەڵ بوو ئەوا لێپرسینەوەو سزای دەدرێ.

لەبەر ئەمە ئەو کاولکاری‌و رووخاندنەی لە ساڵانی بیستەکاندا روویانداوە مەبەستیش کوشتنی راهیبەکان‌و کەسانی خاوەن رێورەسمی ئاینی بوون‌و وێرانکردنی کڵێساکان‌و پەرستگاو دێرەکان هێرشێك بوو بۆ سەر گەردون. لەبەر ئەوە پێویست بوو زۆر کوشتو برو دەستدرێژیی بە دواوە بێ. کۆمەڵگەش ژیانی ملیۆنەهای لە نرخی ئەم لادانە لە یاساکانی رەوشتو رەفتاری باڵا بەخت کرد.

یادەوەری هەر کەسێکی کۆمەڵەکەمان پڕێتی لە یادگار لە بارەی ئەو هەڵانەوە کە ئەنجامدران‌و، گشت گوناهو کلۆڵییەکانی کۆمەڵگە لە قووڵایی ویژدانی هەر مرۆڤێکداو لە KARMA دا پارێزراون.

ئێمە هێشتا ئەو گۆرانییەمان لە بیر نەچۆتەوە کە دەڵێ: ((بەهێز هەموو دنیا دەڕوخێنین............)) ئەم گۆرانییە بەرنامەیەکی مەزنی لە خۆ گرتووە





بۆ روخاندنی دوارۆژو گەردون.

زۆر جار دایکان دێنە لام سکاڵای میز بە خۆداکردنی منداڵەکانیان لە کاتی نوستندا دەکەن، منیش بۆیان باس دەکەم کە نەخۆشییەو نەخۆشی وەك پارچەی سەهۆڵێك لە ناو ئاودایەو بەشی سەرەکی نابینرێ. وەك بنەمایەکی سەرەکی میز کردنی منداڵ لە کاتی نووستندا ئەنجامی ئەوەیە دایکەکەی خۆشەویستی‌و تامەزرۆیی بۆ مێردەکەی لە خۆیدا خنکاندووە. جا ئەگەر ئەمە بە توندی‌و بۆ ماوەیەکی درێژ رووبدات ئەوا پێکهاتە کێڵگەییەکانی دایکەکە لە ناوەندی یەکەمینی بنکەییدا توشی شێواندن دەبن، دواجار ئەمە دەبێتە هۆکارێك بۆ میز کردنی منداڵەکە لەکاتی نوستنیداو هەروا لە تووشبوونی نارێکی‌و گیروگرفتی تر لە ژیانی تایبەتیدا وەك ئەوەی تووشی نەخۆشی دڵ بێ یان نەخۆشی دیکەی پەیوەندیدار بەسەر مێشکەوە. رەنگە میز کردن لە کاتی نووستندا بە هۆی سك پڕ نەبوون لە کاتێکی درێژدا، یان بە هۆی ئەوەوە بێ کە ژنەکە خۆشەویستی خۆی شاردبێتەوە یان کوشتبێتی لەبەر نەزانینی ئەم مەسەلەیەش هەمیشە دایکەکە پەنا دەباتە بەر دکتۆرەکانی دەروونناسی‌و شارەزایانی خەولێخستن، دکتۆریش یارمەتی دەدا منداڵەکە لە راهاتنی میز کردن لە نوستندا رزگاری دەبێ بەڵام بەرنامەی کوشتنی خۆشەویستی‌و لەناوبردنی لە ژیاندا هەر بەردەوام دەبێ، جالەبەرئەوەی سیستەمی قەدەغەکاری لەناو براوە دەشێ وایدابنێین کە بەرنامەیەکە بۆ لەناوبردنی خۆشەویستی لەسەر ئاستێکی گەورەترو قووڵتر وەك لەوەی لای دایکەکە.

یەکێك لە ئافرەتەکان دەڵێ زۆر جار بە هۆی سەریەشەیەك یان لاوازییەکی گشتییەوە کە بە شێوەی هەمیشەیی هەستی پێ دەکات پەنای بردۆتە بەر دکتۆر، بەڵام دوای تۆژینەوەو باسکردن هیچی وا پیشاننەدراوە کە تێکچونێك هەبێتو هیچ ئەنجامێك نەدراوە بە دەستەوە: بەپێی بیروڕای دکتۆرەکان هیچ هۆیەك

نەبووە بۆ هەستکردن بە لاوازیو نەخۆشییەك، هەروا سەردانی بەردەوام بۆ لای دکتۆرە میللییەکانو جادوگەرە فالگرەکان بێ ئەنجام بووە، ئەوانیش نەیانتوانیوە ئەو توشبونە گەورەیەی بە چاوەوە بوون کە دیویانە لابەرن، تەنانەت هەندێ لەو جادوگەرانە دوای دیداری ئەم ئافرەتە تووشی نەخۆشیەکە بوون.کاتێك بەدوای ئەمەدا چوومەوەو پاش لێکۆڵینەوەو تۆژینەوە دەرکەوت کە هۆکاری ئەو ئازارانە ((بە چاوەوە بوونی پێچەوانەیە)) راستیشە ناتوانرێ ئەم جۆرە تووشبونە بەرێو شوێنی میللی لەناوببرێن.

- تۆ زۆر ئاواتە خواز بوویت کە خوشکەدەرەکەت لەکاردا تووشی خراپە بێت، بۆ ئافرەتەکەم روون دەکردەوە کە ئەمە هۆکاری ئەوەتە ئێستا هەمیشە هەست بە لاوازی دەکەیت. بەرنامەی ئاواتە خوازییەکانت بە خراپە بۆ خۆت گەڕایەوەو بە توندی کاری کردو کێڵگەی بیۆلۆژیتی شێواند. بەڵام ئاخۆ خوشکەدەرەکەت لە کاردا چۆن هەست بە حاڵی خۆی دەکات؟

- ناوبراو ئێستا پشودانی نەخۆشیی وەرگرتووە، بەڵام کوڕەکەی نەخۆشە نەك خۆی. پاش خوێندنەوەو بە دواداچوونی کێڵگەی خوشکەدەرەکەیو کوڕی خوشکەدەرەکەی دەرکەوت کە کێڵگەی هەردووکیان بەرنامەی ئاواتەخوازیی خراپەیان تێدایە. لەبەر ئەم هۆیە بوو منداڵەکە نەخۆش کەوتبوو، چونکە ئەو توانای پاراستنی لە دایکەکە کەمترە.

- تۆ لە نەخۆشیی منداڵەکە بەرپرسیت، ئاخۆ بۆ خۆت منداڵت نییە؟

- بەڵێ کوڕێکم هەیە.

هەروا تەماشای کێڵگەی ئەو منداڵەشم کردو دەرکەوت ئەویش تووشی شێواویی بەهێز بووە، ئەویش بەرنامەی ئاواتە خوازیی خراپەی تێدایە.

ئەمەش نمونەیەکی چلۆنایەتییە لەسەر ئەوەی چیدەکەینو خۆشمانو منداڵەکانیشمانو کەسانی دەوروپشتمان وێران دەکەین بێ ئەوەی ئەوە ببینین





یان بزانین.

کاتێك دەستم بە خوێندنی پێکهاتەکانی KARMA کرد، رۆژێکیان ژنێك هاتە لامو سکاڵای کرد کە بەینێکە تووشی سەریەشەو ئازارێکی بەهێز لە سەریدا بووەو هەست بە لاوازییەکی گشتی دەکات.

- پێنج رۆژێکە زۆر بە توندی ئاواتەخوازی خراپە بوویت بۆ مێردەکەت.

- نەخێر.ئەوە هەرنابێ چونکە زۆر مێردەکەمم خۆش دەوێو، بە هیچ جۆرێك ناکرێ ئاواتە خوازی خراپەی بم.

- بەڵام زۆرم لێکردولەسەر رایەکەی خۆم بەردەوام بووم:

- ئاواتەخوازی خراپە بوویت بۆی، پێنج رۆژ لەمەوبەر ئاواتەخوازیی گەورەت ئەوەبووە تووشی ئازارێك بێت، ئەو کاتە ئێوارەش بووە.

- چۆن دەتوانم لەو کاتەدا خراپەی بۆ بە ئاوات بخوازمو ئەو ئێوارەیە بۆ ماوەی دوو سەعات لە گەڕانەوەی لە کارەوە دواکەوت. زۆر بۆی نیگەران بووم، ئەو کاتە تێگەیشتم چی رووی داوە.

- ئەو کاتە چیت تووش بوو؟ بیرت لە چی دەکردەوە؟

- بیرم لە زۆر شتی هیچو پووچ دەکردەوە، خەیاڵم بۆ زۆر لەوە دوورتر چوو.

- تێگەیشتی چی رووی داوە؟ کاتێك بیرت کردەوە کە دەبێ شتێکی خراپ لە هاوسەرەکەت قەومابێ بەرەو لای بەدبەختیو خراپە خۆت دەبرد.چەندیش ئەم خراپەو یان لێقەومانە بە شێوەیەکی راستەقینە بهێنێتە پێش چاوت ئەوەندە زیانی زۆر تر دەگەیەنێت. زەبتکردنی ئیدراك ئێستا لە کاتێکدا ئاستێکی بەرز لە وزە دەرکەوتووە کە زۆر بە گرنگ دادەنرێ. یەکێك لە یاسایە بنچینەییەکان لە گەردووندا ئەوەیە هیچ زیانێك نەگەیەندرێ ئەگەرچی بەبیر کردنەوەش بێت. پێویستە ئەمە ئێستا بە تەنیا باوەڕێکی تێئۆریی نەبێت بەڵکو ببێتە ئامانجو

ڕێگەیەك لە ژیاندا. ئەو تۆژینەوانەش کە ڕۆژانە بە یارمەتی دۆزینەوەی نەخۆشی بە هۆی هەستیاریو دوای هەستیاریی میتافیزیکییەوە ئەنجامیان دەدەم. ئەو تۆژینەوانە دەریدەخەن کە پاراستنی پێوانەکانی ڕەوشتو ڕەفتار چەند مەرجێکی پێویستنو بەڵکو تاقە ڕێگەن بۆ ژیان، هەر لەو کاتەشدا.بە باشترین ڕێگە دادەنرێت بۆ پاراستن، ئێمە تەماشا دەکەینو بە شوێن مەترسیەکانی دەوروپشتماندا دەگەڕێین، گەورەترین مەترسیش لە ناو مرۆڤ خۆیدا هەیەو بە چەشنێکی نەبینراو کاری خۆی دەکات. ڕەگو ریشەی ئەم مەترسییە لەویدایە کە لە دنیا تێنەگەینو لەو شتانە تێنەگەین کەلە دەوروپشتمان ڕوودەدەنو، هەروا لە ڕەفتاری نابەجیماندا کە دەبێتە هۆی هەڵوەشانو پچڕانی مرۆڤ لە ناوەوە.

هەموو ڕووداوو لێقەومانو مێردەزمەکان کە هەمیشە لە زۆرانبازیداین لەگەڵیاندا لە ئەنجامی پەرەنەسەندنی ڕۆحانیەتماندایەوە، ئەو هێزانەش کەلە پشتەوە زۆرانەکە ئاراستە دەکەن ناتوانن هۆکاری سەرەکیی دادڕانی ڕۆحی نەهێڵن کەوا ئەمڕۆ لە وڵاتەکەماندا ڕوو دەدا ژمارەیەکی کەممان دەیبەستنەوە بەو گێروگرفتو لێقەومانانەی تووشمان دەبن.

ئەم حاڵەتەی دێت سنورێکی تازەی لەم باسانەمدا ئاواڵە کردەوە.ژنێك بە تەلەفۆن پەیوەندی کردو گوتی هەندێ گێروگرفتی ئاڵۆزی لا دەرکەوتووە هاوپەیوەندە بە شتێکی سەیرەوە بە دیاردەی ناخۆشەوە. هەر کەسێکیش هەوڵی یارمەتیدانی بدات تووشی خراپیەك دەبێو یان تووشی نەخۆشییەك دەبێ. ئەم ژنە دۆستێکی هەبوو وزەی بیۆلۆژی بەکار دەهێناو دەستی بە چارەسەرکردنو کارتێکردنی کرد، لەو کاتانەدا هەستی بە پاڵە پەستۆیەکی هەمیشەیی حاڵەتی دەروونی دەکرد، ژنەکە پەنای بردەبەر ئافرەتێکی بەختگرەوە، ئەویش تەماشایەکی کردو گوتی: ((بە ڕاستی پێت بڵێم وا دیارە من ناتوانم یارمەتیت





بدەم))، وێڕای ئەمەش ئەم پێشبینیە توانی ئازاری ئەم ژنە ئەگەر چی بۆ ڕۆژێکیش بێت کەم بکاتەوە، بەڵام ڕۆژی دوایی هەموو شتێك وەك خۆی لێهاتەوە، دەستم کرد بە چارەسەر کردنی، باشبوونیشی بە خێرایی دەهاتە دی، کارتێکردنی دەرەکی کۆتایی هات، بەڵام من سەرنجم دا خزمەکانم کەوتنە سکاڵا لە نەخۆشییەك،ئەوەی زۆر سەیر بوو ئەوەبوو هەموویان هەر هەمان دیاردەی نەخۆشییان هەبوو: ئازارێك لە جومگەکانداو لاوازیی گشتی. ئیتر کەوتمە گەڕان بە دوای هۆکارداو تەماشام کرد کاری ئەو کەسەیە کە بووە هۆی زیانگەیاندن بەو ژنە، لەبەر ئەوەش کەمن لە دەمێکەوە پەیڕەوی وزەی بیۆلۆژی دەکەم کاتێك منو خزمەکانم هێرشمان کرایە سەر حەزم کرد بکەومە پەیرەوکردنی ئەوەی پێی دەڵێن جادوگەریو ڕێ وشوێنو شێوازەکانی، ئەمەش بۆ ڕاوەستانی کاری ئەو تاوانبارە ئیتر لەسەر ئەوە وەستام کە بیرم دەکردەوە ئەو ڕێگایە کامەیە کە پێویستە هەڵیبژێرمو بیگرمە بەر.

بۆ من زۆر ئاسان نەبوو کە دەستبەرداری ڕێگای هێزو زۆر لێکردن بە کاربهێنم، ساڵانی دوورو درێژی کارکردنم لە بواری وزەی بیۆلۆژیداو خوێندنی سەرچاوەنهێنیەکانن کۆمەڵێکی گەورەی کارکردنو کارتێکردنەکانی پێدام، بەڵام وێڕای ئەوەش بڕیارم دا بەرپەرچیی نیاران بە هەمان ڕێگای ئەوان بۆ ئازاردانمان گرتیانەبەر نەدەمەوە، بەڵکو بڕیارم دا یارمەتیان بدەم.

کاتێك مرۆڤ دەکەوێتە بەر هێرشی وزەی بیۆلۆژی دوورنییە هۆکاری ئەوە گوناهێکی کەسایەتی یان گوناهێکی باووباپیران بێت.ئەگەر هەروەك ئەوانو بە ڕێگای وزەی بیۆلۆژی بەرپەچی بدەینەوە ئەو دەم زنجیرەیەك کاردانەوە ڕوودەدات، چونکە پێکداکەوتن یان بەرپەچیدانەوە بە لە ڕێلادانێکی مەزن دادەنرێو سزای تازەی بە شوێندا دێت، بەڵام ئاخۆ دەکرێ کەسەکە ڕزگاربکرێ؟ تاقیکردنەوەکانی هەستیاریو داواوەی هەستی میتافیزکی دەریدەخەن کە ئەو

کەسەی کاری کردبووە سەر ئەو ژنە گوناهبار نەبوو، هۆکاری سەرەکی لەوەی لە ژنەکە رووی دا لە ناو KARMA دا هەبوو، نەنکی ئەم ئافرەتە لە سەرەتای لاویدا پیاوێکی خۆشویست بەڵام حەزی نەکرد کوڕی لێی بێت، ئەو منداڵەی لەبار برد کە لە منداڵدانیدا بوو. لە ناو بردنی خۆشەویستیو منداڵەکە بووە هۆی ئەوە پێکهاتەکانو پاشان نەوەکەو نەوەکانی ئایندە نرخێکی گران بدەن، ئەمەش بە ڕێگای جۆراوجۆر وەك نەخۆشی فیزیکیو یان چارەنووسی شوومو یان تێکچونێکی حاڵاتی دەروونیو، قایل نەبوونی بەرپەچی بە هەمان شێوە، واتە لەڕێگەی وزەی بیۆلۆژییەوە، بەسەر خۆمدا زاڵبووم، چونکە من بە بوونم لەم وەزعە ئاڵۆزەداو، ناچار بوونم کە بەهێز وەڵام بدەمەوە هەمان ڕێگام پەیڕەو نەکردو دانم بە خۆمدا گرت، ئەمە سەرکەوتنێك بوو کە دوای ئەوە تێگەیشتم کەس مافی ئەوەی نییە بەرپەچی ئازار دانو شەڕخوازی هەر بەشەڕخوازی بداتەوە. بە ڕێگای خوێندنی سیستەمی دیسپلینی خۆبەخۆی کێڵگەیی بە قوڵبونەوە یەکی زیاتر تەماشام کرد ئەوی بەبێ بەکارهێنانی ڕێگای هێز بەکارهێنان دێتە بەرهەم پێدەچێ پاساودراوەی بەکارهێنانی لە ئاستی کێڵگەییدا. یاسایەکانی شارستانی لە زۆر کاتدا لەگەڵ یاساگەردونیەکاندا یەکناگرنەوە، جا ئەگەر کەسێك لێیدام ئەو من مافی خۆمە بە مستەکۆڵە بەرپەچی بدەمەوە، ئەمە مانای وانییە لە ڕێگەی وزەوە بێت. ئەمە لە ڕاستیدا چەند ئاستێکی جۆربەجۆرن، لە کاتی بەرپەچیدا بە دەست لە تەنیا کەسێك زیاتر کە ئەویش گوناهکارەکەبەکەس توشی ئازار نابێ، بەڵام کاتی بەرپەچی بە وزەی بیۆلۆژیو لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە ئاستی کێڵگەییدا هاوپەیوەندە لەگەڵ گشت منداڵەکانو خزمەکانیدا، ئەوا لێدانی وزەیی بەر هەموویان دەکەوێتو، هەر وا وەڵامدانەوەش وەك سزایەکی بە کۆمەڵ دەکەوێتە سەر گوناهکارەکەو هەروا سەر خزمەکانی.





من هەستم کردووە کە بەرزکردنەوەی توانای کارتێکردنی وزەیی لای مرۆڤ پێویستی ئەوەی لێدەوێ کە هێزی تەرکیز کردن لە کارتێکردنیدا لە کاردانەوەی کارو بیرو ڕایەکانی بەرز بکاتەوە: نابێ تەنانەت تاقە رستەیەکیش کە بڕیاردەربێت بگوترێ بەبێ بیر کردنەوە، چونکە ئەوە خۆی کارتێکردنە. لەوە تێگەیشتم کە بۆچی کتێبی پیرۆزی ((ئینجیل)) باسی هێدیایەتیو ئاشتی دەکات: ئەمە لە پلەی یەکەمیدا ڕاگیرکردنی کارتێکردنێکی وزەییە. بەڵام ئاخۆ لەبەر چی جادوگەران دەتوانن ڕێگای جۆربەجۆر بۆ کارتێکردن بەکار بێنن. لەناو ئەو ڕێگەیانەشدا هێز بەکارهێنانو دەست درێژیی سەر ئافرەت؟ دوای بیر کردنەوە لەمە تێگەیشتم کە ئەوان گشت نابینن بەڵکو گچکەترین بەش دەبینین، ئەوان چارەسەری چینەکانی خوارەوەی کێڵگەو لەشەکە دەکەنو هەموو شێواندنەکان لە بەشێکەوە دەخەنە سەر گشتو، بەم شێوەیە مۆڵەت دەدەنە نەخۆشییەکان، بە پێچەوانە ی قەشەکانەوە، کە بە رەوشتی بەرزیان رەفتاری راستو دروستیان بەرزبوونەوە بۆ ئاستی هەست پێکردنو بینینی هۆکارە راستەقینەکانو ئەو پەیوەندییانەی یاسایەکانی ژیان پێکەوە دەبەستنەوەو، گشتەکەشیان بینی، لە کاتێکدا جادوگەران لە بوارێکی نزمدا کە سنور دیاریکراوو تایبەتە بەوان کاردەکەن، هەر لەبەر ئەوەشە زۆریان لە شارەزاییەکی زۆر سنوردار بەولاو ە شتێکی تریان نییە. ئەوەش گرنگە باسی بکەین کە جادوگەری هەمیشە لە لایەن کەسانێکی خاوەن توانای باشو KARMA ی پاکەوە پەیڕەو کراوەو لەبەر ئەوە سەرپێچیو کردەوەکانیان کە ئەنجامی بەکار هێنانی ڕێگەی جادوگەرییە کۆدەبنەوەو لەسەر یەك کەڵەکە دەبن تالەوەو پاش نەوەکانیان لە سەریان توشی لێپیچانەوە بن. تەنیا تاقە کارلێکردنێکم تاقیکردەوە: کاتێك جادوگەر یان پسپۆری بواری هەستو لە دوای هەستی میتافیزیکی یەوە وزەی نێگاتیڤ لە نەخۆشەکە رادەکێشێتەوە چی روودەدات. ئەو ڕێو شوێنانەش کە بۆ

ئەمە بەکاردەهێنرێن زۆرن. ئاراستەدەکرێ بۆ ئاو بۆ رووەك، بۆ پەیکەرە مۆمییەکان، بۆ ئاژەڵەماڵییەکان،، بۆ ناوەندی زەوی، بۆ ئاسمان، یان بەزۆر ڕێو شوێن دەسوتێنرێن، لەسەر ئاستی کێڵگەییش ئەم وزەیە کە پڕ کراوەیەکی دوژمنانەی تێدایە دەگوێزرێتەوە بۆ کێڵگەی ئەو لەشەی کەدراوە بە سەریداو دەیشێوێنێتو بە میکانیزمێکی دیاریکراو دەگەڕێتەوە بۆ کێڵگەی ئەو دکتۆرەی چارەسەری دەکاتو بۆ کێڵگەکانی خزمەکانی. لەبەر ئەوە هەر ڕێگایەك بۆ چارەسەر کردن کارنەکاتە سەر پەرەپێدانی رۆحانیەتی مرۆڤ دەبێتە هۆی لەناو چوون. لەناوبردنی هەندێ دیاردەی تایبەتی بە هیچ جۆرێك مانای روودانی چارەسەر نییە.

کاتێکی کورتی پێش ئێستا ئافرەتێك هاتەلام‌و گوتی:

- سێ مانگ لەمەوبەر چارەسەری دۆستێکم کرد، کە هەڵاوسانی ریشاڵی هەبوو FIBORMA ئەو هەڵاوسانەی نەما، هیچ لەو باوەڕدا نەبووم کە بتوانرێت بە داوای لێبوردن لەم نەخۆشییە رزگاری بێت. ئەمە لای من سەر سوڕهێنەر نەبوو. چونکە ڕێو شوێنەکە بە چەشنێکی هەمیشەیی پەرە دەگرێ، ئێستاش نەك تەنیا باری گشتیی نەخۆشەکە باش دەبێ بەڵکو زۆرجار لە کەم‌و کورتی ئەندامەکانیش رزگار دەبێت. جا ئایا ئەنجامی چارەسەرەکە بەچییەوە بەستراوە؟ ئەمە لە پلەی یەکەمدا بەستراوە بەلێتێگەیشتنی راست‌و زانینی دروستی هۆکارەکانی نەخۆشییەکەوەو، بەهەردوو حاڵەتی رۆحانی‌و فیزیکی کاتی چارەسەر کردنەکەو حاڵەتی KARMA ی نەخۆشەکەو پلەی هەستکردنی بەسەر پێچی‌و ئەو گوناهانەی کە ئەنجامدراون.

کاتێك بەکردەوە دەستم بە چارەسەرەکە کرد ڕێگایەکی ئاساییم لە ژیاندا دەردەخست، گۆشتم دەخواردو مەیم دەخواردەوە، هەمیشە توڕەو دەمارگیر دەبووم وێرای ئەوەش بەڕێگەی مەساژ چاری ئەو نەخۆشیەم کرد بەبێ دەست





لێدان، بەڵام دواجار بەپێی ئەنجامەکانی ئەم کردەوانە لە ریشەوە ڕێو شوێنی ژیانم گۆڕی، بەر لەپێشوازی نەخۆشەکان بە ڕۆژێکی تەواو هێندەی بتوانرێت چێشتێکی کەمم دەخواردو، لە ڕۆژی پێشوازیدا هیچ شتێکم نەدەخوارد. جا لەبەر ئەوە ی زۆر خولیای دۆزینەوەی نەخۆشی بووم‌و دەمویست توانای نوێ لەو ڕێوشوێنەدا ببینمەوە جاروبار شوێنەکانی پڕ مەترسیم لە یاد دەکردو، ئەوەم لەبیر دەچوو کە دەبێت لە کاتی کارکردن لە ئاستی کارە وردەکاندا زۆر وریابم کاتێکی کەم لەمەوبەر ناسیاوێکم داوای لێکردم گوێ لە ئافرەتێك بگرم،تەنیا چل خولەك کاتی ئازادم هەبوو بۆیە بڕیارمدا کە دانیشتنەکە ئەنجام بدەم. ئافرەتێکی باڵا بەرزی قەشەنگ دیاربوو زۆر باوەری بە خۆی بوو هاتە ژوورەوەو دانیشتو لە ژێرەوە تەماشای دەکردم سەرنجی تیژی لێدەدام. دیار بوو گیروگرفتی زۆر بوو، گیرۆدەی خۆپەرستییەکی گەورە بوو حەزێکی زۆری لە دەستکەوتنی سامانێکی مادی زۆر بوو، ئەمانەش هەمووی ببوونە هۆکاری چەندان نەخۆشی کە گیرۆدەیان بوو. زۆر زەحمەتە چارەسەری ئەو چەشنە کەسانەبکرێت چونکە لە گومان‌و ترس‌و باوەڕ نەبوون لێم پەردە پۆش کراون، من هۆکارەکانم بۆی باس دەکرد ئەویش دیدارەکەمانی دەگۆڕییە وتووێژ وێڕای، ئەوەش ئەرکی خۆم بوو قەناعەتی پێ بکەم، هەروا ئەم جۆرە حاڵەتانە یارمەتیدەرم بوون بۆ دۆزینەوەی بەڵگەو بیانووی تازەو شیکردنەوەی هۆکارەکانی نەخۆشی مرۆڤ.

- ئەگەر شانەیەکی لەش هەموو شتێك بۆ خۆی ببات – بۆ ئافرەتەکەی روونەدەکردەوە، ئەوا بۆ کاتێك وەزعی باش دەبێت، بەڵام پاشان کردەوەکانی لەشەکە تێکوپێك دەدەن‌و، شانەکەش خۆی لەگەڵ ئەم لاشەیەدا دەمرێ. خۆپەرستی تاسنورێك کارێکی بەجێییە، بەڵام ئەو کەسەی تەنیا بیر لە خۆی دەکاتەوە هەوڵی کوشتنی خواش‌و گەردونیش دەدات. بێگومان ئەمەش بۆ

کاتێکی درێژ بەردەوام نابێت. زوویان درەنگ بێت دەبێت بەرنامەی تێکدانی گەردون بە نەخۆشیو یان لێقەومانو بەدبەختی دابخرێت.

- ئاخۆ پێشنیاز دەکەیت باوەڕ بە خودا بهێنم؟

- باوەڕ هێنان بە خودا کارێکی تایبەتە بە هەر کەسێك خۆی. من هۆکارەکانی نەخۆشیەکەت بۆ ڕووندەکەمەوە. دەتوانی باوەڕ بە خودا بهێنیت یان نا. بەڵام پێویستە لەسەرمان گەردونو جیهانو ڕۆحەکەیمان خۆش بووێت. ئەنانیەتو حەزی بێسنور بۆ بون بە خاوەنی سامانی مادی بێ سنور هەستی سەرەکی خۆشەویستی دەکوژێ، تۆ لە کێڵگەی بیۆلۆژی خۆتدا بەرنامەیەکت هەڵگرتووە بۆ کاولکردنی گەردوونو، لەمەش زیاتر تۆ ناتەوێ ئەم بەرنامەیە رابگریتو، جارێکی تریش دەکەوینەوە شەڕە قسە، هێندە راستیەکانم لە لانین کە بەشی ئەوە بکات ئافرەتەکە قەناعەت پێ بکات، بەڵام دەستم کردە کارکردن لەوەی پێی دەڵێن پاکژکردنەوەی KARMA، توانیم کێڵگەکەخاوێن بکەمەوە، بەڵام نەك هەر تەنیا قایل نەبووم بەڵکو هەستێکی ناخۆشم لا دەرکەوت. ژنەکە مامەڵەی لەگەڵ هەموو شتێکدا دەکرد وەك جۆرێك بن لە رابواردنو گەمە کردن.

- تۆ دەڵێی پێویست ناکات تەنیا پەیڕەوی گیروگرفتە مادییەکان بکەین بەڵام ژیان ناچاری ئەوەمان دەکات.

- مۆڵەتی زۆرم لەبەردەستدا بوو بۆ کۆکردنەوەی پارەیەکی زۆر، بەڵام دەبوو لەبری ئەوەدا قوربانی بەگشت باسەکانم بدەم. گەیشتمە تەمەنی چل ساڵی بەڵام وێرای ئەوەش لەژورێکدا دەژیم ڕووبەرەکەی لە چوار مەتر دووجا پتر نییە ئەویش لەئاپارتمانێکی هاوبەشدا،لەگەڵ خێزانێکی چوار کەسیدا، لەگەڵ ئەوەشدا توانام هەیە یارمەتیت بدەم. یارمەتییەکەش تەنها بۆ تۆ سوودمەند نییە بەڵکو هەروا بۆ خۆشم.کاتێك حەزە مادییەکان لەپێداویستیە





ڕۆحیەکان بەرزتر دەبن مەسەلەکە لەوە تێپەڕ ناکات کە ڕابواردنێکی کاتی دەبێ لە سەر حسابی مردنی ڕۆحی.وای ببینە تۆ لە چێشتخانەیەکی گەورەدا بەهێمنی دادەنیشیو هەمووشتێك لەدەورت دەسووتێ،تۆ بەهێمنی دانیشتویتو بەدڵنیایی ژەمە خواردنەکەت دەخۆیت کەلات پەسەندە. زۆر کەس ئێستا لەو لەوباوەڕەدان ئەوەی لەقاپەکەدایە زۆر لەوە گرنگترە کە لە دەور پشتی ڕوودەدات.

- بەڵام ئاخۆ تۆ هەموان بەم ڕێگەیە چارەسەر دەکەیت؟

- بەڵێ، تێگەیشتنو هەست پێکردن لە پلەی یەکەمدایە، بەڵام هەرچی لای هەموان بە سادە دێنە پێش چاو لە ڕاستیدا یەکجار مەترسیدارو ئاڵۆزن.

- مەترسیدارن لەسەر تۆ یان لەسەر من؟

- لە پلەی یەکەمدا مەترسین لەسەر من.

- بەڵام چۆن دەتوانرێت ئەوەتێبگەین؟

- تەماشاکە، تۆ بەرنامەیەکت هەبوو بۆ لە ناو بردنی گەردون بەهێزێکی پتر لە پەنجاو پێنج سەدپلە، لە کاتێکدا هێزی نەخۆشیەکە لە پەنجاو سێسەد پلە پتر نییە، بەڵام ئێستا پلەی نەخۆشییەکە نزم بۆوەو گەیشتە سفر، لە کاتێکدا پلەی بەرنامەکان نزمبوونەوە بۆ بۆ پەنجاو سێ سەد، ئەمەش مانای وایە من چاری لەشی تۆم لە نەخۆشییەکان ئەنجام داو چاری ڕۆحتم نەکرد، واتە من سەرپێچیم کرد لە بڕوا گرنگەکە، واتە چارەسەر کردن بەڕێگەی تێگەیشتن. ئێستاش وێنەی خۆم پێش دیدار لەگەڵ ئەو ژنەو دوای ئەوە دەبینم سەرنجی ڕەشبوونی تەواویی بەشی لای ڕاستی هەردوو سییەکان دەدەم لە ئاستی کێڵگەیدا واتە جگەرو خوارەوەیسك.

- من سزایەکی جەزایی دەکەوێتە سەرم چونکە نەمتوانی هۆکارەکانی نەخۆشیەکەت بۆ ڕوونبکەمەوە.

- جا ئیتر لەمەولا چی دەکەیت؟

هەوڵدەدەم ڕێگەیەك بۆ قایل بوونت بدۆزمەوە. ئەگەر بتوانم هۆکارەکانی قایل نەبونت بدۆزمەوە ئەودەم چاك دەبمەوەو، ئەگەر نەشمدۆزینەوە ئەوکاتە نرخەکەی دەدەم؟

ئالەم ساتەدا تێگەیشتم لە قسە کردنم لەگەڵ ژنەکەدا هەڵەکەم چی بووە.

- من دەبوو لە گشت ئەو زانیارییانە ئاگادارت بکەمەوە کە سەبارەت بەحاڵەکەت دەستم کەوتون. ئاخۆ پێم گوتیت کە ئەگەر هارمۆنیا ئامادەنەکەین دوور نییە نەخۆشی ترت لێ دەرکەوێت؟

- بەڵێ، گوتت.

- ئاخۆ دەزانیت سەرەتای نەخۆشی شێر پەنجەت لە منداڵداندا هەیە؟

- هەمیشە هەستم بەوە کردوە لەگەڵیدا گونجاوم. ئامادەی مردنیشم بە هێمنی.

- ئەم مردنە پاڵەوانانەیەت هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. تۆ بەمە دەستبەرداری بەرنامەی لێکهەڵوەشاندنەوەی گەردون دەبێت تا لە لایەنی منداڵەکانتەوە چاربکرێت. پێویستە بیر لە مردن نەکەیتەوە بەڵکو بیر لە رزگار کردنی رۆحو منداڵەکانت بکەیتەوە.

تاکاتێك لە قسە کردن بێدەنگ بووین، ئینجا کەوتمە بینینی ئەوەی چۆن دواجار شێواوییەکانی پێکهاتەی کارمای شێواو لای ژنەکە کەوتنە دیارکەوتن. خەرمانەی مانگ نزیکی داخراوبوو بە پەڵەیەکی ڕەش، ئەوەتا بەرەبەرەرەنگەکەی دەگۆڕدرێو دەبێتە ڕەنگی سەوزو پاشان زۆر گەش دەبێت.

- ئەوەتە دواجار پلەی بەرنامەی تێکدانی گەردون نزم دەبێتەوە بۆ سفرو، هەروا پلەی نەخۆشیەکەت دەگاتە سفر. ئێستا ئیتر پاکژی گەڕایەوە بۆ جگەرو گورچیلەکانم.

هیچم بە ژنەکە نەگوت. بەڵام دەبینم ئێستا کێڵگەکەی هیچ ئاوسانێکی





تێدانییە. پێویستە ئێستاکە بزانیت کە ئەو خۆشەویستییەی لە ناخیدا بەرامبەر بە گەردونو یەزدان دروست دەبێ گشت ئەو لافو گەزافانەی دەردەهێنێ کە ئاراستەی جیهانی دەوروبەرنو لە هەر نەخۆشیەکی گرانیش رزگاری دەکات. ئینجا ژنێکی تر هانای بۆ هێنامو دەستی بە قسەو باس کردو چاوەکانی پڕ لە فرمێسك بووبوون.

- لە مێردەکەم جودا بوومەوە، ژیانمان زۆر ناخۆ ش بووە، هەستم کرد بەم یان بەوشێوەیە بە سلبی کارم تێدەکات، کەوتمە توشبوونی ناڕێکی لە باری دەرونیمدا، کاتێکیش تەڵاقیدامو جودابوینەوە، وێڕای ئەوەی سێ منداڵی لە دوای خۆی بەجێ هێشت هەستم بە حەسانەوەیەکی مەعنەوی کرد، تەنانەت لە بیریشم چووەوە. شەش مانگێك بەسەر جیابوونەوەماندا تێپەڕ بوو، لەو ماوەیەدا هەر نەمدیتەوە بەڵام لەم دواییەدا گەڕایەوە لامان. ڕاستەوخۆ هەستم بەخراپی کردو کچە گچکەکەم توشی هێستریابوو، بەڵام کوڕەکەم توشی نەخۆشی میز کردن لە خەودابوو، کچە گچکەکەم تەندروستی تێکچوو. ئاخۆ ئەمە پەیوەندداربێت بە هاتنەکەیەوە؟ لەم حاڵەتەدا مەسەلەکە پێویستی بەباسی دوورو درێژ نەبوو.

- بە داخەوە، هەموو ئەمەی تووشی گشت تاکێکی خێزانەکە بوو بەرپێکەوت نەبوو، مێردەکەت خانمەکەم وزە هەڵدەمژێت، وزەو چارەنووسو تەندروستیی منداڵەکان دەبات، بە سەلبی کاردەکاتە سەر تەبیعەتیان، بەرنامە سەلبییەکانی لە پێکهاتەی کێڵگەیی منداڵەکاندا هەڵدەگیرسێنێ. خۆی وەك مرۆڤێك زۆر خۆپەرستە، ئەم وزە هەڵمژینە گەورەیەی وزە لە منداڵەکانی نیشانەی ئەوەیە کە((کارما))ی زۆر سەلبییە، بەپێی دەرکەوتنەکانی وزەکە چەند خواربوونەوەیەکی بەهێزی لە بۆشاییدا هەیەو لە خۆشەویستیدا، هەروا دووچاری هەستێکی دوژمنکارانەی ناوخۆیە توشی خۆپەرستی لێکهەڵوەشاندنەوەی رۆح

بووەو هەر لەبەر ئەوەشە ناچارە کە هەڵمژی وزەبێت. ئەم حاڵەتەشی کلاسیکییە. هەڵمژینی وزەی لە لایەنی باوکیو دایکیەوەبۆ هاتوە. ئەوەی لە منداڵەکانیش رووی‌دا دەتوانرێ بە ئاسانی چاریان بکرێ، بەڵام باشتروایە لە کاتی ئێستادا لە دیداری باوکیان بەدوور بن.

باسو تۆژینەوەکانم پەنجە بۆ ئەوە رادەکێشن کە هەڵمژینی وزە یەکێکە لە نەخۆشییە زۆر سەختەکان، رەوانی مرۆڤ تێکدەداو دەگوێزرێتەوە بۆ منداڵو نەوەکان، ئەنجامەکانی ئەم نەخۆشیە راستەوخۆ دەرناکەون،لەوانەیە تێکشکانی رەوان لە چەندان نەوەی بەرەو دوادا هەربەردەوام بێ. هۆکاری ئەم نەخۆشییە لەوێدایە کە بەهەڵە ئەم دنیایە دەبینرێ. ڕۆژێکیان کچێکی لاو لێی پرسیم ئایا ئەوە راستە کە خۆی پڕ لە وزەبکات. وایدەزانی تەوژمەکانی گڕە شینەکەی ئاگر دەچێتە ناو لەشییەوە. بە چاودێرکردنی پێکهاتەکانی((کارما)) لای ئەم کچە کە خۆم ئەنجاممداو لە کاتێکدا کە ئەو کارەی دەکرد تەماشام کرد ئەوی دەیکات لادانە لە یاسایەکان. هەر هەڵمژینێکی وزە بە دەستی ئەنقەست: لە سروشتەوە، لە بۆشایی ئاسمانەوە، یان لە ڕۆژەوە تەنیا بارودۆخێکی گرانە چونکە وزەی مرۆڤ بەشی ناکات، پێویستیشە لە هەر جێگایەکەوە بێت پاداشتی ئەم کەموکورتیە بدرێتەوە. ئەمەش پەرەسەندنی هەڵمژینی وزە ئامادە دەکات. مەترسیی سەرەکیش لەم بارودۆخەدا وا لەوێدا کە مرۆڤ وزەو رۆحیانەت یەکنەخات، بەڵکو لەوەدایە لێك جودا بکرێنەوە. ئێمە کاتێك خۆشیەکی زۆر بەرانبەر گەردون دامانەدەگرێت وزەیەکی یەکجار زۆرمان دەست دەکەوێ، پێویستە بگوێزرێینەوە بۆ ئاستە بەرزەکانی وزە: بۆ رۆحانیەت، بۆ پیاو چاکیو بۆ خۆشەویستیو بۆ ئەوەش کە وزەیەکی تەواومان دەستکەوێ دەبێ بە پێی ئەم تێگەیشتنانە بژین. تەنیا بەبیر کردنەوە لە بارەی وزەوە بە شێوەیەکی رووتەوەکراوو، جودا کردنەوەی ئەم بیرە لە بیرۆکەی رۆحانیەتو ڕەوشت ئێمە





پێکهاتەی رۆحی دەخەینە بەردەم هەژاری ((کڵۆڵی))و، تەنیا ناردنی وزە بۆ جەستە.پێویستە مرۆڤ بزانێ ئەو وزەیەی بە هۆی هەستە باڵاکانەوە دەستگیری دەبێ یارمەتیدەری دەبێ بۆ چارەسەری لاشەیو چارە نووسیو رۆحی. ڕێپێشاندەریو میکانیزمی ئەم وزە نالەبارە دەبێتە هۆی پەیدا بوونی شێواوی لە پێکهاتە رۆحیە وردەکانداو بەکاربردنی ئەم وزەیە بە هەر شێوەیەك بێ لە شێوەکان دەبێتە مایەی تێکچونو دارمانو لەناوچون.

لێرەدا بارودۆخێکی تریشم دێتەوە یاد، ئەوە بوو توانیبویان لاوێك فێربکەن کە چۆن وزە لە ئاتموسفیر ((فەزا)) وەربگرێت، بۆ ئەمەش ڕۆژی چەند جارێك مەشقی کردبوو، دوا جار وایلێهات وزەی مامۆستایەکەی دەمژیو، لەئەنجامی ئەمەشدا شێواندن لە پێکهاتەی رۆحی ئەودا دەستی بە دەرکەوتن کردو، بیرێکی وا بە مێشکمدا هات کە بزانرێ ئەم مەشقانە پێش ٢٠٠٠ ساڵ چۆن کاری کردۆتە سەر مرۆڤ؟

تاقیکردنەوەکان هۆکاری زۆر بەرزیان دەرخست، لە رابوردودا ئەم مەشقانە بە چەشنێکی جوان کار کردنیان بووە، بەڵام لە بەرئەوەی مەحاڵە دووجار بچیتە هەمان رووبارەوەو ناشتوانرێت تەکنەلۆژییە کۆنەکان هەر بەکار بهێندرێنەوە. ئێمە ئەوەمان لە بیر دەچێتەوە کە دنیای دەوروبەریش گۆڕدراوە، هەروەك چۆن مرۆڤیش گۆڕدراوە. ئێستا لەم کاتەدا ڕێگە فیزیکیەکان لە پەرەسەندندا کاریگەرنین، ڕێگە دۆزینەوەش دەبێ بەپێی پەرەسەندنی رۆحی بێت. کاتیش لەمە بەدەر نییەو ئەگەر خێرایی گشت پرۆسەکان گۆڕدران ئەوا پێویستە پێکهاتەکانی وزەی دنیای دەوروبەریش بێنە گۆڕین. ئێمەش خۆمان ئاوها دەبینین کە لەم دنیایەدا هیچ رووی نەداوەو دەمانەوێ پشت بە زانستو تەکنەلۆژییە کۆنەکان ببەستین.

جا هەر چەندە زانستم سەبارەت توانای ڕێگەی تاقیکردنەوە زۆرتر بێت،

ئەوەندە پتر بە ڕۆشنی ئاڵۆزییەکانی دەبینم‌و، دەزانم ئەوە تەنیا خەیاڵێك بوو کەوام دەبینی دەکرێ کۆمەڵێك لە شارەزایان کۆ بکرێنەوەو چۆنیەتی کار کردنیان بەم ڕێگە یە فێربکرێن، ئەمەش مەحاڵە. چونکە ڕێگەکە بە تەواوی هاوپەیوەندەو بەستراوەتەوە بە ئەدەبی گشتی‌و ڕێبازی رەوشت‌و هۆکارە رۆحیەکانەوەو، بەمەش زۆر سنورو پێوەندی جۆربەجۆر دەخاتە پێش مرۆڤ‌و زۆر کەمن ئەوانەی دەتوانن لێیان تێپەڕبن! جا ئەگەر لە کاتی پەیوەندی کردنمدا بە پێکهاتەکانی کارما وەلای مرۆڤێك، هەر ئەو سەرپێچیانەم هەبن کە ئەو کەسەش هەیەتی‌و، دەبێ دایانماڵم، ئەوا پێویستە لە سەرم کە یەکەمین جار لە دەروونی خۆمیان دابماڵم‌و، لەبەر ئەوە هەمیشە پێش دەستکردنم بە چارەسەر کۆنترۆڵی خۆم دەکەم‌و، لەوە دڵنیا دەبم کە مافی چارکردنی کەسێکی ترم هەیە، جائەگەر خۆشم توشی ئەو سەر پێچیانە هاتبم ئەوا پەنا دەبەمە بەر ((کارما)) ی تایبەتی خۆم‌و بە نوێژو پاڕانەوە پاکی دەکەمەوەو دایدەخەم. پێویستە هەردوای چەند مانگێك دەست بە پرۆسەی پاکردنەوەیەکی ریشەیی قووڵ بکەم‌و، هەروا دەبێ بۆ چەند ڕۆژێکیش بەڕۆژوبم. بەڵام تەنیا ئەمەندەش بەس نییە. بەڵکو وادەرکەوتووە کە بۆ ئەوەی بە چەشنێکی کاریگەرو باش چارەسەرەکە بکەم بێئەوەی ببمە مایەی زیان بۆ خۆم‌و نەخۆشەکان، دەبێ چارەسەرکار لە کارمایەکی قایم‌و داخراودا کار بکات، ئەمەش لای زۆر لە دکتۆرەکان نییەو ناتوانن بە هۆی دیپلۆمی شارەزاییەوە لە هەست‌و دوای هەستی میتافیزیکیەوە کارما دابخەن، پێویستە بەردەوام پاکردنەوەو بەهێز کردنی رۆح ئەنجام بدەن، لە هەر شتێك کە خۆشەویستیی دنیا قووڵ بکاتەوە بە دوور بن. ئەمەش نەك تەنیا بۆ دکتۆرە پسپۆرەکان لەم بوارەدا پێویستە، بەڵکو بۆ هەموو مرۆڤێك پێویستە، بە تایبەتی لەم کاتانەی دوایماندا.

پاشان ئافرەتەکە سەر لەبەیانی بۆ چار کردن هاتە لام، پاش ڕۆژێك وەزعی





زۆر خراپ بوو، توشی وڕێنەو سەریەشەو ئازارێکی زۆر لە سەریدا بوو.

- ئاخۆ سەعات هەشتی دوێنێ ئێوارە لە هاوسەرەکەت توڕەبویت؟

- بەڵێ، ڕۆژی دوێنی تووشی ڕووداوێك بوو، بە هۆیەوە ئۆتۆمبێلەکە تێکشکا، سەرەتا دانم بە خۆدا گرت‌و بە هێمنی جولاَمەوە بەڵام ئێوارە هەموو شتێکم پێگوت.

- دەستنیشانکردن کارما وادەریدەخات کە چارەسەرکردنەکە بەهێزو کاریگەرییەکی قووڵ‌و گەورەوە دەڕوات‌و، تێپەڕبوونی هەندێ کاتیش پێویستە تا کێڵگەکە ڕێکوپێك بێتەوەو هاوسەنگی دروست ببێتەوە. ئا لەم ماوەیەشدا نابێ مرۆڤ توشی هیچ هەڵچونێکی سەلبی ببێت، چونکە هارمۆنیا لە کاتی پەیوەندی بە یەزدانەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەکانی کێڵگەیی‌و هەرچەشنە هەڵچونێکی نێگاتیف دەبێتە مایەی شێواندن‌و لە ڕێ لادانی بەهێز. رووکردنە یەزدان وەك خواردنێکی خۆش‌و بەتام نییە بەڵکو کارێکی وردو ئاڵۆزەو ئارام‌و بەرپرسیەکی زۆری گەرەکە.دەمەوێ چیرۆکێکی خۆشتان بۆ باس بکەم کە لە دوو توێدا زۆر لە پەیوەندییە گشتییەکانی ئەم وەزعەی ئێستامانی لەم دنیایەدا گرتۆتەخۆ.

- هەمیشە حەزێکی بەهێز منی لەگەڵ یەزدان هاوپەیوەند کردبوو. جائەگەر کەمێك دوور بکەوتمایەتەوەو ئەم حەزەم پشتگوێ بخستایە ئەوا ڕووداوو بارودۆخی ئاڵۆز ڕوویاندەدا: دووجار دەمردم، من گوێ بۆ چیرۆکەکە رادەگرم‌و دەزانم پەیوەندی لە نێوان دوورکەوتنەوە لە یەزدان‌و لەگەڵ سزادان زۆر ڕۆشن بوو، چونکە ناشتوانرێت ئەو هەلومەرجە بە پێگەیشتنێکی رووت لێکبدرێتەوە، لەوە تێگەیشتم کە ئەمە سزادانێکبوو لە یەزدانەوە.

- تۆ لەسەر هەقیت، من دەتوانم سیستەمی سزاکان لێکبدەمەوەو، هۆکارەکانی لێقەومان وگیروگرفتەکانت لێکبدەمەوە. ئەمەم بۆ خاوەن چیرۆکەکە پێشنیاز کرد.

گوتراوە مرۆڤ سەعاتی دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو مرۆڤە لە ناو میکانیزمی کاری هەر سەعاتێکدا دابنیشێت. گەردون دروستکراوی یەزدانەو هەر خۆی بەڕێوەی دەبات، بەڵام ئەمە مانای وانییە هەموو سزایەك لە یەزدانەوە دێت. بەڵکو میکانیزمێکی مەزن هەیە بۆ خۆ زەبتو رەبتکردن کێڵگەیی. هەموو ئەوەش کە خەڵکی بۆ پاڕانەوەی سۆفیگەریی دەگێڕنەوە، هەمیشە دەکرێ شیبکرێتەوەو تۆژینەوەیان لەسەر بکرێ.

تۆ خۆت سێیەم منداڵی خێزانەکەتان بوویت، دایكو باوکیشت پلانیان دانەنابوو حەزیان نەدەکرد منداڵی سێیەمیان ببێت، لەبەرئەوە بەرنامەیەکی وێرانکاریی بەهێزیان پێدایت. هەر لە منداڵیشەوە پاشینەیەکی ژیانی نزمت هەیە، هەر لەبەرئەوەش بەردەوام نەخۆش بوویت. تۆ لە بارودۆخێکی ئاوهادا لە دایك بوویت هەر لەبەر ئەوەش بوو لە ژیانی رابوردوتدا دەستبەرداری خۆشەویستی منداڵ بوویت، تۆ لە وزەو پێکهاتەی ((کارما)) دا نەماویتو تەنیا بە ڕێگەیەك رزگار دەبیت کە ئەویش ئەوەیە بە جۆرێکی راستگۆیانەو بەهێز رووبکەیتە یەزدانو هەستو نەستەکانی باڵا. ویژدانت بە چاکی لەوە گەیشتو بە ڕێگەیەکی راستدا ئاڕاستەی کردیت، بەڵام هۆشمەندیت بە بەرنامەیەکی ترکاریدەکرد. کاتێکیش لە رەوتی رزگارکار لاتدا ئیتر پێکهاتەی چارەنووس لەلات هەڵوەشایەوەو بەرەو کۆتایی دەرویشتیت.

بەڵام بۆچی نەمردیت؟ تەنیا بە هەستکردنت کەوتیتە دەستبەرداربوونو دوور کەوتنەوە لە یەزدان ولە رۆحانی،لەبەرئەوەش هێندەی نەمابوو لە شەڕ لەگەڵ کەسێکدا بکوژرێیتو، هێندەی نەمابوو لە رووداوێکی ئۆتۆمبێلدا بمریت، هەموو ئەمانەش بەڵگەن کە بەرنامەی دەستبەرداربوونو ئینکارکردنەکەت هێشتا نەگەیشتبوونە ویژدان. واتە پێکهاتەی چارەنووس بە تەواوی وێران نەبوو بوو. جا ئەگەر پێکهاتەی ((ۆتیپریکما)) قوڵبێتەوە، ئەمە ئەو کاتە دەگاتە





ویژدانو پرۆسەی ڕێگرتن لە هەڵوەشاندنەوە بە ڕێگەی نەخۆشیی سەختو یان برینداربوونێکی تیژ دەست پێدەکات. جابۆچی دەبێ مردنەکە سەختو دژواربێ؟ چونکە ئازارەکانی فیزیکیو رۆحی ویژدان پاکژ دەکەنەوە.

بەڵام ئایا ئەمە چۆن دەبێ؟ تاقە ڕێگای پاراستنی ئازارەکان بریتییە لە پاکژیو پێشکەوتنی گیانو گواستنەوەی خاڵی چەقبەست لە لاشەی ئازارچەشتوو بۆ رۆح. ئەم پرۆسەیەش خۆبەخۆ روودەداتو، مرۆڤە بە ئازارەکە پتر دەبێتە رۆحانی.

تۆژینەوەی میکانیزمی گواستنەوەی زانیارییە کێڵگەییەکان ڕێگەمان دەدات بڵێین هەموو مرۆڤایەتی ئێستا لە بارودۆخێکدایە نزیکە لەوەی باسمان کرد، سەبارەت بە مرۆڤایەتی ئێستاکە کارپێکردنی میکانیزمی هاوشێوە روودەدات.

مرۆڤایەتی تۆژینەوەی لەسەر ((کارما)) کردووە لە راستیدا هەڵکوتانە ناو کارما زۆر پڕ مەترسییە، سەرپێچییە بنچینەییەکانی مرۆڤ دەرهەق بە یاسایەکان لە سەدەی دەیەمدا دەستی پێکرد ئەویش بە دەستبەردار بوونو دوورکەوتنەوە لە یەزدان بە بەرزکردنەوەی شکۆی پراگماتی، ئەم سەر پێچیانەش لە کێڵگەی هەر مرۆڤێکدا هەن کە ئێستا لەسەر رووی زەوی دەژین.

کارما لەم کۆمەڵگەیەی (سۆسیالیست) ماندا چەند کۆمەڵە بەرنامەیەکی نێگاتیڤی تێدایە. بەرنامە بۆ لەناو بردنی مرۆڤ، بە پیاوو ژنەوە، ئەمەش بە هۆی خۆهەڵواسینی توند بە بەرژەوەندییە مادییەکانەوە، ئەم خۆهەڵواسینەوە توندە لە ساڵانی ١٩٢٩-١٩٣٧ هێنرایە کۆمەڵەکەمانەوە، بەڵام بەرنامەی کینە بەرانبەر خەڵك لە کۆتایی سەدەی رابوردودا خرایە کارو هەروا بەرنامەی تر دەرکەوتن بۆ لەناو بردنی باوكو، براو، کوڕ بە هۆی خۆهەڵواسینی توند بە بەرژەوەندییە مادییەکانەوە. لەبەرئەوە ژیان لە وڵاتەکەماندا زۆر ئاڵۆزە.

جا ئەگەر بیر لەم بەرنامانە نەکەینەوەو هەستیان پێنەکەین ئەوا ناتوانین لە ناویان بەرینو، تا هەتایە فابریکە دابەشو کارگە لە وڵاتەکەماندا دروست دە کەین تا بە ڕێگەی ئازارەکانو چەرمە سەرییەکان ئەم بەرنامانە چارەسەر دەکەین. ئەمەیە ئەو ڕێگەیەی بە لێکۆڵینەوەی جادوگەریو پزیشکی میللیو بە پزیشکیو ڕێبازی رەوشتو تا فەلسەفەی دنیای ئەمڕۆ پێیدا ڕۆیشتم.

لە بنچینەی بوونی گەردوندا پرۆسەکانی زانیاری هەن، ((لە سەرەتادا وشە هەبوو)) پاشان ئەوە پەیدابوو کە بە گەردون ناوی دەبەین، ئەمەش بەپێی باری سەرنجی خۆم، لە ئەنجامی جودابونەوە لە سەرەتایەکگرتوەکە کە تاهەتایە هەرهەیەو، ناوی یەزدانی بەسەردابڕاوەو، گەردونیش لە دوو پێکهاتەوە پەیدابووە، یەکەمیان: سروشتە، دروستکراوی یەزدانە. دووەمیان: کێڵگەی زانیارییە، لە هەر یەکێکیاندا پێکهاتە یەکی دژ لە بارێکی شاراوە دا هەیە. مەرجەکانی بوونی بەراوردکارو دژبەیەك لەوەدان کە هەمیشە لە یەکەمەوە دەچێتە ئەوی ترو بە پێچەوانەشەوە کێڵگە بەئامانجە ببێتە مادەو مادەش ببێتە کێڵگە.

گردەوەبوونی پەیوەندییەکانی بواری وزە لە مادەدا بە شێوازی پرۆسەیەکی گواستنەوەو دەرکەوتنی پێکهاتەی مادەیە بۆ پێکهاتەی زانیاری. دەشبێ پرۆسەیەکی پێچەوانەی روبداتو زۆر بوونی خەستیی (کثافة) ی مادە، یان زیاد بوونی بارستاییەکەی، یاخود وەك پەیدابوونی سیستەمێکی زۆر ئاڵۆز تر.

جا ئەگەر کۆمەڵەی ڕۆژ بدەینە بەرباسو لێکۆڵینەوەو چاك سەرنجی بدەین، دەبینین ئامانجی بوونەکەی پێکهاتنی رەگەزی زۆر ئاڵۆزترە لە ڕۆژو، دامەزراندنی پێوەندیی زانیاری زۆر ئاڵۆزترە لەسەر ئەو هەسارانە لەسەر بنچینەیەکی (عضوي) وەك پلەیەکی نوێی خەستبونەوەی زانیاری بەرز. بەڵام ئامانج لە هەر کۆمەڵەیەکی ئەستێرە، پەیدابوونی ژیانە لەسەری، هەرچی





ئەوەش بە رۆح ناوی دەبەین لەناو هێزی کێڵگەی زانیاریو مادیدا هەن.

مادەش لە کاتێکدا خەستبونەوەکەی دەگاتە پلەیەکی دیاریکراو دەگۆڕدرێ بە زانیارییەکانو، ((هەر حاڵەتێکی مادە کە لە خاڵێکدا چڕ دەبێتەوە)) ئەویش گەردونەو، ئاستەکانی کێڵگەیی وردو باریکەڵەن کە بریتییە لە نەبوونی مادەو کاتو شوێنیواتە بریتییە لە خاڵێك.لە هەر خاڵێکیش لە خاڵەکانی کێڵگەی گەردوندا زانیاریی لەسەر گشت گەردون تێدایە، واتە هەر خاڵێك بریتییە لە کۆتایی نەهاتێکی شاراوە. هەموو کۆتایی نەهاتنێکیش خاڵێکی شاراوەیە. لە راستیدا بۆپەیدابوونی ئەستێرەکان دوو تیوری هەن. بەپێی تێیوری یەکەم – کانت –لاپلاس –لە ئەنجامی خەستبونەوەی ئەو ماددانەن کەلە نێوان ئەستێرەکاندا بلاوبونەتەوەو بەپێی تێئوری دووەم – تیئۆری ئەکادیمی ئەمبار تسومانا – لە کونە ڕەشەکانەوە، جا بەپێی هەڵسوڕانی ناسەقامگیری ئەستێرە تازەکانەوە وەك تەقینەوەی مەزن کەلەم ئەستێرانەدا روو دەدەن بەپێی باری سەرنجی خاوەنی تیئۆرییەکە ئاماژە بە بوونی پاشماوەکانی ماددەی پرۆتۆنی دەکەن. لەسەر رۆشنایی ئەو تیئۆرییەی لەسەرەوە باسکراوەو بەگوێرەی باسە نوێیەکانم دەکرێ وا تەماشای پەیدا بوونی ئەستێرەکان بکرێت کە پرۆسەیەکی گواستنەوەی ((لۆجیکی)) ودیالەکتیکی زانیارییەکانن بۆ مادە، لە ئەنجامی لێکچابوونی مادەکان (تلقیح) بوونی مادەکان لەمیانەی ئەستێرەکاندا بەبارستاییەکی زانیاریو ڕاکێشراو وەك مادەی کونە ڕەشەکە.دواجار پەیدا بوونی ئەستێرەکان لەئەنجامی پێکڕاڵکانی دووسەرەتادا: گەردونی دیارو شاراوە.ئەو پرۆسانەن کە لەناخی ئەستێرەکاندا ڕوودەدەن لەگەل ئەوانی تر کە لە تەنە زیندوەکاندا ڕوودەدەن.ئەم پرۆسانەش وزە دەگۆڕن بەمادەو بەپێچەوانەشەوە، پەرەسەندنی گەردونیش جیابوونەوەی بەیەکبوونەکە نییە لەئاستی فیزیکیی مادەدا، بەهێزبوونی بەیەکبوونەکەش لە ئاستی زانیارییە

کێڵگەییەکاندایەو جیاوازییەکە زۆر گەورە ترەو لەئاستی فیزیکیدا زۆر هەمەچەشنەیەو لەئاستی کێڵگەییدا پتر یەکگرتووە.. جیاوازییەکانیش لەنێوان پێکهاتەی فیزیکیو کێڵگەییدا لە قۆناغێکی دیاریکراودا نامێنیو قۆناغێکی نوێی پەرەسەندن دەست پێدەکات.

بەمجۆرە سەرنج دەدەین پێکدا چڕژانو جیاوازی لە بیروڕدا هەیەو، گەردوون وەك خاڵێکە لەئاستی کێڵگەیی ورددداو، هەر لەو ئاستەشدا فراوان دەبێت ئامادەیەکی نوێ پێکدەهێنێت لەکات وو شوێندا.پرۆسەی پەرەسەندنیش بەپێی پرەنسیپی لەرینەوە دەڕوات: پرۆسەی گرتنەبەری ڕێی ڕاست دەگۆڕدرێتو لەڕێباز لادەدات لەیەکێتی زانیارییەوە بۆدابەشبوونی فیزیکی.

هەرتەنێك لەگەردووندا دەکرێت بەپرۆسەیەك دابنرێت، هەرلەوکاتەشدا هەر پرۆسەیەك بە تەن دادەنرێت، لەهەرتەن یان پرۆسەیەکدا بزوتنەوەی لەرینەوەی تێدایە، ئەمەش لەئەنجامی بەیەکبوونی زانیاریی تاجیاوازی فیزیکیو، پێویستە بەیەکبوونی ڕۆحانی بگرێتە خۆی.مەرجی پەرەسەندنی ئەوجیاوازیانەش بوونی ڕەگەزێکی سێیەمە کەدەبێتە زامنی بوونێکی شاراوەی یەکێك لەم دژانە لەوی تردا. وزەش ئەم ڕۆڵە دەگێڕێتو دەبێتە هۆکارو بڕیاردەری پەرەسەندنی گەردوون.

هەریەك لەزانیارییەکان، وزەو، مادە بەیەکبونێکی تەواو پێکدەهێنن.ئەم تێگەشتنەش لەدێر زەمانەوە هەیەو لای دیانەکان لەتێگەیشتنێکی سێلایەنەی پیرۆزدایە (باوك،کوڕوگیانی پیرۆز).هەر تەنێکش لە پرۆسەی پەرەسەندنیدا قۆناغی تەواوی پەرەسەندنی گەردون دوبارە دەکاتەوەو، بەیەکبوونێکی موتڵەق دەمێنێتەوە لەسەر ئاستی کێڵگەی ورد، لەگەڵ جیاوازیی لەئاستی فیزیکدا، ئەمەش پێویستی بەپرۆسەیەکی پێشینەیە لەسەر ئاستی ڕۆحی، کەپتەوێیکی بالا لە بارودۆخی دابەشبوونی فیزیکیدا زامن دەکات.





بەمجۆرە یاسای یەکێتیو زۆرانبازی دژەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێ:

هەرشتێك هەیە لە خۆڕا دژایەتیو پێچەوانەی دێنێتەکایەوە، بۆ ئەوەی دواجار ببێتە شتێکی تری بە تەواوی نوێ.

بائێستا بێینە سەر گفتوگۆ لەسەر پرسیاری پەیدابوونی ژیان بەپێی جیاوازیی دنیای فیزیکی. پێویستە خولیای زیادبوونی یەکێتی لەسەر ئاستی کێڵگەیی لە چینە وردەکانەوە بۆ چینە پتر زبرەکان زیادبکات. پلەی بە یەکبونیش لەسەر ئەو ئاستانە دەردەکەون کە لە وە بەر بەو چەشنە دەرنەکەوتون.

لەگەڵ بەرزبونەوەی وەك یەك لێ نەهاتنی پلەی یەکێتی لە بەشە دیاریکراوەکەدا ئاتمۆسفیر زیاد دەبێ تا دەگاتە پلەی جیابونەوەی تەن لە گەردون، کاتێك لێی جودا دەبێتەوەو دەچێتە ئاستی دەوروبەری یەکێتیەکە ئەوە مانای کۆتاییو مردنیەتی. چڕ بونەوەی زانیاریەکانیش هێندە زیاد دەکات تا دەگاتە پلەی پەیدابوونی دژایەتی لە نێوان تەنو دنیای دەوروبەردا. ژیانیش شتێك نییە جگە لە یەکێتیەکی ستراتیژی لەش لەگەڵ گەردون لە ڕێگەی نەفی کردنی تاکتیکیەوە. ئێمە دەتوانین بڵێین ژیان لە یەك کاتدا لە گەردوندا بە گشتی دەرکەوتووە بەیەك ڕێکخراو یان سیستەم دادەنرێت کە جیاوازییەکی بەردەوامە لەگەڵ پەیوەندیو پێکڕالکانی هەمیشەیی نێوان گشت پێکهاتەکانی. پەرەسەندنی ئەم پرۆسەیەو جیاوازییە فیزیکییەکەی تەنیا لە بارودۆخێکدا دەتوانرێت کە پرۆسەکانی زانیاریی سەرەتایی ئەو یەکێتییە بزاندرێت. چونکە کاتو ئاتموسفێر (فضاء) شێوازی دەرەوەیە، لە کاتێکدا زانیارییەکانو ڕۆح جەوهەرە. شێواز بە هۆی جەوهەرەوە دادەڕێژرێتو جەوهەریش شێواز پەرە پێدەدات. بنچینەی ژیانی هەر تەنێکیش لە گەردوندا بزوتنەوەی لەرینەوەیەو

ڕەوتی ئاڵوگۆڕی نێوان پرۆسە زانیارییەکانو فیزیکییەکانە. جا لەبەرئەوەی ژیانی مرۆڤ دەربڕینەوەی گەردونە لە لەشێکی گچکەدا ئەوا پرۆسەکانی ئاڵو گۆڕی زانیارییەکانو بونیان بە مادە زۆر بە خێرایی تێدا روو دەداو، خاسیەتی تەنی زیندوو پلەی یەکێتییەو خێرایی گۆڕینی زانیاریەکانە بۆ مادە. وا پێدەچێ پتر بوونی یەکێتیو خێرایی ئاڵوگۆڕی هەردوولا بۆ یەکتر بە ناوەرۆکی پەرەسەندنی تەنی زیندوو دادەنرێن، چەند پلەی یەکێتی ناوخۆیی بەرزتر بێو چەند چڕ بونەوەی زانیارییەکان پتر بن ئەوەندە جیابونەوەی تەن لە دونیای دەرەوە بەهێز تر دەبێت، هەر ئەمەشە پێی دەڵێین پەرەسەندنی هەستیاری (ئیدراك)و پەرەسەندنی کەسایەتی. تەنیا لە کاتی پێگەیشتنی پتری یەکێتی لەگەڵ گەردون پرۆسەی فیزیکی لە دەوروبەر جودا دەبێتەوە، پرۆسەی جودابونەوەکە لێرەدا پێشکەوتنی شارستانی واتە ((حچارە)) پیشاندەدات. شارستانیحەزارەتی لێوە پەیدادەبێو ئەویش لە سەرەتادا شارستانی دەگۆرێتەوە، پاشان بۆ ئەوەی لە ناو نەچێو دا نەکەوێ وەك ڕۆڵەیەکی سەر لێشێواو بۆی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی دیسان ئەم پرۆسەیە سەر لە نوێ دووبارە ببێتەوە، بەڵام لە ئاستێکی بەرزترداو بە پلەیەکی گەورەتر. جا ئەگەر گەڕانەوە بۆ شارستانی بەو ئاستەی پێویستە نەهاتەدی، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی داڕمانی حەزارەت. پەکخستنو ئینکارکردنی خولیایەکانن بۆ یەکێتیو ئەو هەستەی لە گەردوندا بە خۆشەویستی دادەرێژرێ دەبێتە مایەی داڕمانی حەزارەتو لەناوبردنی. جا بە پێی جەوهەری یاسای یەکێتیو زۆرانبازیی دژەکانو جیاوازییەکان دەتوانیین بڵێین ئەمە بە پێکەوە گونجانی ئاشتیانە دادەنرێ بەبێ یەکتری وێرانکردن. مەرجی بنچینەییش بۆ بەکارهێنانی دژایەتیو جیاوازیی خێرایی گۆڕینی یەکێکیانە بەویتر. جیاوازی سەرەکی مادەی زیندو لەگەڵ مادەی نازیندو ئەوەتە لە خێرایی گۆڕینی دژایەتی لە لایەکیانەوە بۆ لایەکەی تر. دواجار ئامانجی ژیان





بەهێز کردنی دەرکەوتنی رۆحە لە مادەدا ئەویش بە ڕێگەی خێرایی ئەم ئاڵوگۆڕە.

با ئامێری لە رینگە بێنینەوەیاد، کاتی خێراییەکی دیاری کراوی بزوتنەوەی لەرینەوەی لەرینگە کە دوو بارودۆخ هەن کە یەکتری نەفی دەکەن. خواربوونەوەی لەرینگەکە لە ناوەندەوە بۆلای راستو بۆلای چەپ. جا دەشێ ئەم دوو بارودۆخە دژە هەبن بێئەوەی یەکێکیان ئەویتر نەفی بکات. ئەمەش تەنیا لەبەرئەوەی هەردوکیان لە رووی کاتەوە لە یەکتر دوادەکەون. هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ئەو دوو دژە لە چرکەیەکی دیاریکراودا تەنیا ئەو کاتە دەبێ کە خێرایی لەرینگەکە تێیدا یەکسان دەبێ. بۆ نمونەی ئەمە کە هەر یەکە لە هەر پێنج چرکەدا مانای پەکخستنی بزوتنەوەو راوەستانی پەرەسەندنە. بائێستا وایدابنێین کە خێرایی لەرینگەکە زۆرتر بووەو لە چرکەیەکدا گەیشتۆتە چەند لەرینەوەیەك ئەمەش مانای وایە کە پێویستە هەردوو بارودۆخی دژایەتی پێکەوە کۆبکرێنەوە بێئوەی پەکیان بکەوێت. پەیدابوونی ژیان لەسەر زەوی وەك ڕێگەیەك بووە بۆ پاراستنی ئاستی یەکێتی لەگەڵ ڕۆژدا کە هەسارەکانی تری لێ جیابوونەتەوە، واتە نزمبونەوەی پلەی یەکێتی فیزیکیو بەرزبوونەوەی یەکێتی زانیاریی لە پێناو پاداشتی کەرتبوونی فیزیکی. دواجا ر ئەم دابەشبوونە لە پلانی گشتیدا رووینەداوە. هەرتەنێك لە گەردوندا هەوڵدەدا لە خودی خۆیدا وە لەسەرئاستی فیزیکی دژ بدۆزێتەوە، هەولێش دەدا لەسەر ئاستی زانیاریی یەکێتی پتەو بکات لە پێناو پەرەسەندنی سیستەمەکەدا. دایك منداڵی دەبێو، ئەستێرە هەساری دەبێو، هەردوکیان بە هەمان کار ئەوە دەکەن. نێگەتیڤی فیزیکی دەبێ بە یەکێتی رۆحانی پاداشتی بدرێتەوە. ژیان لەسەر زەوی جەخت کردنەوەیە لەسەر پرۆسەی یەکێتی هەسارەی نوێ لەگەڵ ڕۆژدا. کۆمەڵەی ڕۆژ لە لایەکەوە هەوڵدەدا بۆ جیاوازییەکی مەزنی فیزیکیو لە لایەکی تریشەوە بۆ

یەکێتی زانیارییانە. ژیانیش کە لە سەر زەوی بە دیار کەوتووە بە پێی ئەم یاسایانە پەرەدەستێنێ، لە سەر ئاستی فیزیکی شێوازی تازە دادەڕێژێتو جیاوازی شێوازەکان پتر دەبن، بەڵام لەسەر ئاستی رۆحانی پلەی یەکێتی پتەوترو بەهێز دەبێت. ژیان لەسەر زەوی تەنیا وەك تەنێکی یەکگرتوو بە دیارنەکەوتووە، بەڵکو هەروا وەك تەنێکی یەکگرتووش بوونی درێژەی هەبووەو لە ڕێگەی سیستەمی زەبتو رەبتی خۆییەوە کە لەسەر ئاستی زانیاریی وزەیی درستبووە جڵەوگیری کراوەو، ئامانجیش لەم سیستەمە پاراستنی پێکەوە گونجانێك بووە لە نێوان رەوتی بەش لە قەوارەی پێداویستو ئاواتەکانی گشتدا. جا هەرچەندێك توانایەکانی وزەیی لە یەکێك لە ئەڵقەکاندا بەهێز بێت ئەوەندە بە شوێندا ڕۆیشتنو ڕێگە پیشاندەری بەرەو ناوەند بە چەشنێکی گەورەتر دەبێ. خۆ ئەگەر پەیوەندی بە ناوەندەوە دوا بکەوێتو ڕێژەی سەربەخۆیی خۆ بەخۆی ئەڵقەکان بەرزببێتەوە، ئەمە هەڕەشەیەك دەبێ بۆ دارمانی سیستەمەکە. لەبەر ئەمە پێویستە ئەو ئەڵقانەی هەوڵی لەبەریەك هەڵوەشانی یەکێتی سیستەمەکە دەدەن لا بدرێن.

پێویستە رەوتو ڕێبازی ئەندامەکە لەگەڵ تەواوی پێکهاتەی زانیارییانەی جەستەدا پێکەوە بگونجێن. جا ئەگەر رەوتی فیزیکیو هەڵچون ئینفیعالیو زانیاریی ئەندامەکە لەگەڵ بەرنامەی کێڵگەی زانیاریی سیستەمەکەدا یەکبگرنەوە، ئەو دەم کێڵگەی سیستەمەکە هێرش دەباتە سەر کێڵگەی ئەندامەکەو، شێواندنێك لە کێڵگەی ئەندامەکەدا روودەدا وێرای هاتنە ناوەوەی بەرنامەی وێرانکاری، واتە گەرانەوە بۆ بارو دۆخی یەکەمین. جا ئەندامێکی لەم چەشنە لەوانەیە ببێتە تەنێکی جیابۆوە وەك کۆمەڵەیەکی پێچەوانەی یاسایەکانی یەکێتی. بە زمانی پزیشکی دەکرێ بگوترێ تەندروستی رۆح تەندروستی تەن دیاری دەکات.





کێڵگەی زانیاریی لە چاو تەندا بە یەکەمین دادەنرێو چارەنووسو سروشتو بارودۆخی فیزیکی بۆ دیاری دەکات. دواجار دەتوانرێ بگوترێ مەرجی بنچینەیی بۆ دابینکردنی تەندروستی فیزیکی بریتیە لە زانینی یاسایەکانی کێڵگەی زانیاریی گەردوون وەك یاسای یەکێتیو یاسای رۆحانیو یاسای خۆشەویستیو سەرپەرشتی ئەم یاسایانە.

خێرایی هەموو پرۆسەکانی لەسەر زەویو لەم کاتەدا زۆرتر بوو تا پلەیەك مەسەلەکە پێویستی بەبەرزکردنەوەی توانای خۆ ڕاهێنانو گونجانی فیزیکی دەکرد. جا لەبەر ئەوەی پرۆسەکانی زانیاری لە گەردووندا لە چاو پرۆسەکانی فیزیکیدا بە یەکەمین دادەنرێن، ئەوا مەسەلەکانی خۆ راهێنانو گونجاندنی فیزیکی لە پلەی یەکەمدا بەستراوە بە پێکرالکانو کارلێکردنی پێکهاتە زانیاریو رۆحییەکان لای مرۆڤ. هەرئەمەش ئەوە لێکدەداتەوە کە دنیا حەزی لە جادوگەریو باوەڕ بە غەیبیو یۆگاو تەوژمە ئاینییەجۆربەجۆرەکانە.

خەڵکی بە شادیو خۆشییەکی گەورەوە پێشوازی ئەو قەشەو رابەرە رۆحیانە دەکەن کە بەڵێنی رزگارکردنو شتی نوێیان پێ دەدەن. هەموان چاوەڕوانی چارەسەری ئامادە کراونو ئەوەیان لە یاد دەچێ کە مەرجی بنچینەیی رابونو بوژانەوە کاری سەختو دژوارە، کە مرۆڤایەتی لە دێرزەمانەوە ئەو راستییە ی بۆ دەرکەوتووە ئەویش هەوڵدانە بۆ تێگەیشتنی دنیای دەوروبەرو لێکۆڵینەوە یاسایەکانیو ناسینی گشت ئەوانەی ئەم یاسایانە دەیانکەنە پێویست.

لەم ساڵانەی دواییدا ئاستی وزە لای خەڵك زۆر بەرز بۆوە،هەرچی ئەوەی پێویستی بە ساڵانی درێژی کارکردن بوو دەکرێ ئێستا بە چەند مانگێك بهێنرینەدی. تواناکانی مرۆڤ زۆرتر بوون، توانایەکی شۆفێری پاسکیلی دەستی دێتە گۆڕین کەلە جێگەی رابەری کردنی فرۆکە دادەنیشێ، بەڵام ئەگەر باری

دەروونی شۆفێری پاسکیلەکە هەروەك خۆی مایەوەو نەهاتەگۆڕین، تا بگاتە باری دەروونی لای فرۆکەوانەکە ئەوا زۆر گرانە بە شێوەیەکی راست ئەم توانایانە بەرهەم بهێنرێت. ئاستی دەرونیی مرۆڤێکی ئاسایی‌و مرۆڤێکی شایانی پەیڕەوکردنی ئەو توانایانە کە کارتێکردنێکی وزەییان هەیە بۆ سەر هەموو بونەوەرو تەنە زیندوەکان‌و بێ گیانەکان کە بێگومان دەبێ بە ئاشکرا جۆربەجۆرو جیاواز بێ. توێژینەوەکانم ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دەکرێ ئازارو زیان بگەیەندرێ بە سروشتی زیندوو، سروشتی بێ گیان ئەمەش نەك تەنیا لە ئەنجامی کارو کار تێکردنی فیزیکی‌و یان هەڵچونی بە هێزو بەس بەڵکو هەروا لە ئەنجامی بیروڕای هەڵەشەو بێ ڕێز. کارتێکردنی نێگاتیڤ مەزنتر دەبێ‌و لە باری ئەندازیارییەوە هەڵدەکشێ لەو کاتەدا کە تواناکانی وزە لای مرۆڤ پتر دەبن. دوورنییە کارتێکردنی زانیاری وزە بۆ سەر بونەوەری گیاندارو بێگیان یەکجار مەترسیداربێت. دەستدرێژی بۆ سەر تاقە کەسێك لە راستیدا بەرنامەیەکە بۆ لەناوبردنی گشت خزم‌و منداڵەکانی. جا ئەگەر میکانیزمی زەبت‌و رەبتی خۆ بەخۆ وەك پێویستە کاربکات ئەوا کارتێکردن‌و کاری سەلبی بە پێچەوانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسە هێرشبەرەو خزمەکانی. ئەوجا ئامادەکاریی دەروونی مرۆڤایەتی بە چەشنێکی توند لە تواناکانی وزەیی دوا دەکەوێت، دەتوانێ بگوترێ ئێستا مرۆڤایەتی وا لە ناو سیستەمی خۆ وێرانکردنداو، ئێمە بەرهەمی ئەمەش لە هەموو شوێنێك دەبینین.

بەڵام ئایا هۆکاری ئەم جیاوازییە پڕ لە تراژیدیایە چییە لە پێکەوە گونجانی باری دەروونی ئێسستای مرۆڤ لەگەڵ راستیەکانی دنیای دەوروبەردا؟ باری دەروونی مرۆڤی هاوچەرخ لە شارستانی خۆرئاواییدا، کە بەشی هەرەزۆری مرۆڤایەتی دەگرێتەوە بریتیە لە پراگماتییەکی تەواو.

دانپێدانانی سەرەکی لەم بارە دەرونیەدا دەکەوێتە سەر گردەوەبوونی





زانیارییەکان‌و بەکارهێنانیان. پلانی گشتیی پرۆسەی پێکهاتن‌و ئامادەباشی پێکهاتەکانی رەوشت‌و رەوت‌و هەست پێکردنن، کە روویان کردۆتە پێ باش بوونی رەچەتەی ئامادەکراو کە کاریگەرییەکی کردەوەیی مەزنی هەیە،نەك پرۆسەکانی گران‌و درێژ خایەنی هەست پێکردن. جا ئەگەر هاتینە سەر توێژینەوەی ڕێگاکانی پەرەسەندنی هەر ئاینێك یان جادوو، یان یۆگا ئەوا ئێمە بوونی ئەم قۆناغانەی لای خوارەوە لە هەموو شوێنێك دەدۆزینەوە:

- لێتێگەیشتن‌و هەست پێکردنی دنیای ئەمڕۆ بە ڕێگەی نەفی کردنی نێوەندی دەوروبەرو هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی لەگەڵیداو دەستبەردار بوونی پێکڕالکان‌و هەڵسوکەوت لەگەڵیدا. دەرخستنی یاسایەکانی پەرەسەندنی جیهان‌و دارشتنی سیستەمێکی رەوشت‌و هەڵسوکەوت کە لەگەڵ ئەو یاسایانەدا رێکەوێت.

**بەکارهێنانی بە کردەوەی زانستە کۆنەکان:**

لە کۆندا ئەم پرۆسەیە گەیشتۆتە دەیان سەدەو هەزاران ساڵ، لەبەر ئەوە بە زۆری خەڵکەکە نەیانتوانیوە لێی تێبگەنو بە تەواوی ببینن، وەك چاونوقاوێك لە تاریکییەکی تەواودا دەستی بەر فیلێك بکەوێتو هەوڵ بدات لەوە تێ بگات. بەڵام ئێستا مرۆڤایەتی هەلێکی زێڕینی هەیە بۆ بینینی ئەو پرۆسەیە بە گشت یەکەکانییەوە.ئێستا لەم کاتەدا پرۆسەی لێك جودابونەوە بەسەر تۆژینەوە رۆحانیەکاندا زاڵبووەو، چەند رەوتێکیش هەن کەلە پلەی یەکەمدا پشت بە کەڵەکەبوونی زانیارییەکان دەبەستن. ئەمەش رێگایەکە بۆ دوورکەوتنەوە لە راستی، بۆ نەفی شارستانی ونەفی دوو قۆناغەکەی دوایی،و، هەربەم رێگایە بۆ نمونە هەندێ لە تایەفە دیانەکان تاوانبار دەکات. رەوتی دووەم پشت دەبەستێ بە گەرانەوە بۆ بنەماکانی رەوشتو رەفتاری راستو دروست، کە ئەوانیش بریتین لە تەوژمە جۆربەجۆرەکانی ئاینی، بەڵام رەوتی سێیەم بەرەو بەکارهێنانی ئەنجامەکانی بە کردەوە ئاراستەیە لەگەڵ پشتگوێ خستنو خۆ لادان لە تێگەیشتنو هەستو رەفتاری رەوشت، ئەم رەوتەش جادوگەریو چەواشەکاری دەگرێتەوە.

بەڵام زانیاری هەستو دوای هەستی میتافیزیکی دووچاری ئاڵوگۆڕی گران بوون، ئەم تەوژمە بە رەگەزەکانی زانستو رەفتار دەستی پێکرد، بەڵام هەر کە نوێنەرەکانی کەوتنە پارە کۆکردنەوە ئیتر داروخاو پاشەکشەی کردو، ئێستاش لە بنچینەدا پشت بە جادوگەریو چەواشەکاری دەبەستێ. ئەمەش کارێکی سروشتیو راستەقینەو یاساییە چونکە ئێستا ئاڵوگۆڕێکی خێرا لە گشت پرۆسەکاندا روودەدا، بەو جۆرەی توانای بینینی فیل دەبێ لە تاریکییداو بە تەواوی، واتە بینینو تێگەیشتنی ئەو پرۆسانەی بارودۆخی ئێستای مرۆڤایەتیو گیروگرفتە کانی بەردەمی دیاری دەکات.





مەرجی بنچینەیی پێکەوە ژیان لەم کاتەدا بریتییە لە دامەزراندنو دروستکردنی پەیوەندیو یەکێتی نێوان ئەو کاروبارانە کەلە رابوردودا لێك پچڕابوون بە پێی لۆژیکی ماتریالیزمی دیالەکتیك.ئەمەش مانای دەستبەرداربونی هەموو شتێکی سەر زەوییەو دەرچونە بۆ بۆشایی ئاسمان بە مەبەستی دەستکەوتنی زانیاری کەلە یاسارەواکانداو لە داڕشتنی بە کردەوەی ئەم یاسایانە لە گشت ئاستێکدا بەرجەستەدەبن.

((ناکرێ لەیەك کاتدا خواپەرستیو خۆشەویستی بکرێ)) رێزدار مەسیح دەڵێ، پێش دوو هەزار ساڵ نەدەتوانرا ئەم دوو خولیا دژ بەیەکە پێکەوە لە ژیانی یەك کەسدا کۆ بکرێنەوە. بەڵام ئێستا ژیان گۆڕدراوەو خێرایی لەرینگە گۆڕدراوە بێ ئەوەی وێرانیی ئاڵوگۆڕ رووبدات، واتە گۆڕانو گواستنەوەی مادەو زانیارییەکان لە جەوهەرێکەوە بۆ یەکێکی تر. دوا جار دەتوانرێ بگوترێ کەلەسەر ئەو مرۆڤەی لە ساڵانی ئایندەدا دەژی پێویستە لە هەمان کاتدا مرۆڤێکی رۆحانیو قەشەی خواپەرستو مرۆڤێکی ئاساییو پیاوی کار بێت.

دەبێ لە ژیریی هەر مرۆڤێکی هاوچەرخدا دوو پرۆسەی دژ بەیەك هەبن: دەستبەرداربوونی دنیاو خولیابەرەو بۆشایی ئاسمان، پاکژیو — داڕشتنی ئەو زانیارییانەی دەستکەوتوون، چالاکیی کاریگەرو بەکردەوە. لێرەدا قسە لەرێگەیەکی تازەی بیرکردنەوەیە کە هەوڵ بدا پێکهاتەی فیزیکی رۆحی مرۆڤی نوێ دیاری بکات. بەمجۆرە پاکژیو، پیرۆزیو، دوورە پەرێزیو، هەست کردن لەسەر ئاستی بیرو هەڵچونو ئەمەش لە پێکهاتە کۆمەڵایەتیو تەکنەلۆژییەکاندا بەرجەستەدەبێ، هەموو ئەم شتانەو یە کخستنیان دەبێ بە چەشنێکی میکانیکی نەبێ چونکە ئەمە لەرێگە دەوەستێنێ، بەڵکو پێویستە یەك پرۆسە بێتو بەرەو دوا بەسەر هەرسێ بارودۆخەکەدا تێپەڕبێت. هەموو مرۆڤێك پێویستە خاوێنو خوا پەرستێك بێ لەگەڵ زیادبوونی بەردەوام لە ئاستی پاکژیو زانستداو،

دەرچون بۆگەردون لەگەڵ بەرجەستەکردنیخۆیی لە ژیانی بەکردەو هەڵچونیداپێویستیشەمەدەنیەت هەمیشە خۆراکدەری شارستانیو ڕۆشنبیری بێتو، یەکەمینیش لە سیستەمی بەهاکاندا پێویستە بدرێتە پاکژی نەك خولیای بە کردەوە ئەمەش هە ر لەبەرئەوەی ئاتمۆسفیر یەکەمینو شارستانی دووەمینە. تەواوی شارستانییەکان لەسەر شانی شەرەفدارە پاکژەکان دامەزراون نەك لەسەر شانی جادوگەران. داستانەکان دەڵێن: مرۆڤ لە رابوردودا چاوی سێیەمی هەبووەو توانا دار بووە کە بچێتە ناو زانستە دەستکەوتوەکانەوە ئەوەش بە هۆی ڕێگەکانی دوای راستیەکان، ئەمەش بێگوێدانە ماوەوکات. پاشان دوای ئەوە چاوەکەی سێیەمت نوقاندو، بێ ئەوەیهۆکارەکانیش بزانیت، رەنگە ئەو هۆکارانەش سادە بن: ئاخۆ ناکرێ دەستکەوتنی زانستە سەرەتاییەکان بە پێی سەرپەرشیی پێوانەو سیستەمی رەوشتو رەفتار بن، بەڵام داڕشتنی ئەم زانیاریو زانستانە پێویستە لەگەڵ رەوشتو رەفتاردا هاو تەریبو گونجاو بن. هەردوو ئاستی رەفتاریو دەروونی لە قۆناغێکدا لە توانایەکاندا دواکەوتن بە رادەیەك هەرەشەی نەمانو لە ناوچونیان لە مەدەنیەت دەکرد، لەبەر ئەمە بوو قوچاندنی چاوی سێیەم وەك رزگارکردنێکی بارودۆخی ئێستا بوو لەو کاتەدا.

بەداخەوە تەواوی قوتابخانە نوێیەکان کە تایبەتن بە پەرەسەندنی رۆحی فیزیکی ئاماژە بۆ هەردوو قۆناغەکە دەکەنو پێویستیان بە زانستو رەوشتە. تەنیا تۆژینەوەی ئەم دوو قۆناغە سەرەتاییەش بەختکردنی ڕێژەی((٠/٩٥))ی کۆششو کاتەکەیەو ئەنجامێکی رۆشنی راستەخۆ نادات بە دەستەوە. زۆربەی قوتابخانەکانیش بە کردەوە بە ڕێبازێکی پێچەوانە دادەمەزرێنو، هەر لەبەر ئەمەشە بە نەمانو لە ناو چوون کۆتاییان دێت.

پرۆسەی بەرەوپێشەوە چوونی زیندەوەران بەمجۆرە دەبێت، لە سەرەتادا پرۆسەیەکی دوورودرێژی کەڵەکەبوونی زانستو زانیارییەکانو، ئینجا دوای ئەوە





پرۆسەی داڕشتن دێت.  جا بۆ ژیان لەم کاتەی ئێستادا پێویستە دووپرۆسەی گردەوەبوونی زانیارییەکانو داڕشتنیان یەکبگرن بەبێ ئەوەی یەکتری نەفی بکەن. واتە هەریەك لە بازرگانو سیاسیو زانا پێویستە ببنە پیاو چاکی پاکژو، دەبێ مەسەلەی رەوشتو رەفتارگرنگترین مەسەلەبن. وا دیارە ئەم پرسیارە لە وزەی بیۆلۆژیدا زیاتر گرنگە.هەوڵدانی بەکارهێنانی ڕێگای جادوگەریو فێڵبازی لە پێناو بەرژەوەندی شەخسیو تاقە کەسیدا لەگەڵ یاسایە باڵاکانی گەردوندا پێکدادەدەن، ئەنجامیش هەمیشە تراژیدی دەبێ بەڵام دەشێ هەمیشە روون بێ، چونکە دەرئەنجامەکانی بە جۆرێکی ڕێژەییو لەسەر خۆ دەردەکەون، چونکە مرۆڤ ناتوانێ بەردەوام هۆکارو ئەنجام پێکەوە ببەستێتەوە. ئەو کیژەش کە شەیدای خۆشەویستەکەیەتی گومان لەوە ناکات کە باری دەروونیو چارەنووسیو جەستەی ڕۆڵەکانی کە پاشان دێنە ژیانەوە وێران دەکات. ئەو خولیایەش کە ئێستا لە ناوەندەکاندا تەشەنەی سەندوە پەرەسەندنی بڕواکردنە بە نادیار ((غەیب))و پەرەسەندنی تواناکانی جادوگەری لەناو چوارچێوەی بەرژەوەندییە شەخسیەکانی تەنگە بەردا. ئەڵقەکانی سیستەمەکەش بەبێ حیسابکردن بۆ بەرژەوەندەکانی ئەم سیستەمە خۆیان دێننە پێشەوە، کە ئەمەش هەڕەشەی داکەوتنو داڕمانە. بائەوەمان لە بیر نەچێ کە چۆن ئەو خێڵە بەهێزانەی خولیای جادوگەریو غەیبیان هەبوو لە پەرەسەندن وەستانو داروخان تا بەتەواوی لەناوچوون.

چەند ئاینێکی جیهانی لە بنچینەی شارستانی هاوچەرخدان، واتە ئەو سیستەمانەی کە رووبەرووی گشت هێزەکانی مرۆڤ دەبنەوە بەرەو داڕشتنو پەرەپێدانی پێکهاتە رۆحیە وردەکان، ئەوانەی بۆ پاراستنی جیهان لە کاردان. کاتێگۆڕیی یەکێتی لەگەڵ گشتو کاتێگۆڕیی بەرپرسی چارەنووسی خەڵك بە پێی ئاینەکان ڕێگەیان بە مرۆڤدا کە هەست بە یەکێتی بکەن لەگەڵ هەموو

ڕۆڵەو باوکەکان وخەڵکی خۆشەویستو هەست کردن بە ناوەرۆکی بەرپرسی لە چارەنووسی نەوەکان. دەتوانرێت سەرنجی چەندان وریاکردنەوە ی راستەوخۆ بدرێ کە لە ئینجیلدایە لەوبارەیەوە ئایندەدا ڕۆڵەکان دەبێ حیسابی گوناهی باوکەکانیان بگرنە ئەستۆ.لێك پچڕانی پێکهاتە ئەڵقەییە وردەکان کە بەردەوام بوونی یەکێتی نێوان باوکانو ڕۆڵەکانو خەڵکی خۆشەویستیان لە ئەستۆیە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نەخۆشی توندو ڕوودانی شێواندن لە چارەنووسو کەسایەتی مرۆڤدا.

ئاینە جیهاییەکان بایەخیان بە پاراستنی ئەم پێکهاتانە درێژەی پەرە پێدانیان داوە. ئامۆژگاری خۆشویستنی دوژمنەکان لە باری سەرنجی وزەی بیۆلۆژییەوە مانایەکی گەورەی هەیە، ئەو ئامۆژگارییە دەبێتە هۆی وەستاندنو ڕێگەگرتن لە بەرنامەی لەناوبردنی ئەویتر، بێگومان هەروا بەرنامەی خۆ وێرانکردن لەسەر ئاستی کێڵگەی ویژدانی. ئەو مرۆڤە یاسایەکانی دیسپلینی خۆیی لە بواری کێڵگەیی ویژدانی دا نازانم ئەوەش نازانی کە دوورنییە ڕق وکینەکەی ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانیان تووشی نەخۆشی گرانبن، هەروا بە درێژایی سەدان ساڵ بە ڕێگەی ئامۆژگارییە ئاینییەکان کە کۆششی پەرەپێدانی شارستانی دەکەن توانراوە خۆشەویستیو خێرو چاکەو پاراستنی تەندروستی ئەنجام بدرێن. سیستەمی دیسپلینی خۆبەخۆی کێڵگەیی، بە چەشنێکی میکانیزم کاردەکات،هەرلەبەر ئەمەشە بەبێ ئەوەی تەندروستی ڕۆڵەکانو خزمەکان بخرێتە مەترسییەوەو بەبێ ترس لە وێرانبوونو دارمانی کەسایەتی، تەنیا کەسێك دەتوانێ جادوگەری بکاتو بڕوای بە غەیب هەبێت کە یاسایەکانی یەکێتیو یاسایەکانی گەردون بزانێتو بزانێ چۆن پەیڕەویان دەکات، واتە کەسێکی خاوەن پێکهاتەی ڕۆحانی بالای پەرەسەندوو. بەلام ئەنجامدانی ئەم کارە لە لایەن کەسانی ترەوە دەبێتە مایەی لێك هەڵوەشانو لەبەر





یەکچونونی پێکهاتەی ڕۆحیو دەرونیو ڕەفتارییەکان. جا لەبەر ئەوەی ئەم پرۆسەیە لە رابوردودا زۆر لە ئێستا زیاتر بە هێواشی بەڕێوە دەچوو لای زۆر کەس شتێکی وا دروست بوو گوایە جادوگەریی ڕەش پێوانەو یاسایەکی گشتییە نەك زانستێکی ناوازەو دەگمەن.

ڕۆحانیەتی داڕماو ئێستا لای زۆر لە پسپۆرەکانی هەستو دواوەی هەستی میتافیزیکی، لای ئەوانەی کە دەچنە ئاستی کارتێکردنی ئالۆزەوە دەبێتە هۆی داڕمانی ڕۆحیو پاشان لێك هەڵوەشانی فیزیکی لای خۆیان یان نزیکترین کەسیان. من ئاگاداری چەند حالەتێکم کە ڕۆڵەکانو خزمەکان نرخی ئەو داڕمانە ڕۆحییەی پسپۆرانی لە ڕێ لادەری بواری ڕەفتارو ڕەوشتیان داو، بەمەش قوتابیانی ئەو پسپۆرانەو هەروا دۆستەکانیان توشی زیان بوون. جالەبەر ئەوەی وزەی پێکهاتەی ڕۆحانی سەدانو هەزاران جار لە وزەی پێکهاتەی فیزیکی گەورەترە ئەوا دەست درێژیی ڕۆحی بۆ کاتێکی درێژ بە نهێنی بەبێ سەرنجدان بلاو دەبێتەوە، کاتێکیش داڕمانی فیزیکی دەست پێ دەکات ئەوا هەولدانی چارەسەری مرۆڤ بە پێکهاتە ڕۆحیە دەستدرێژ کارەکان دادەبڕدرێو، بەپێی ئەم ڕێ وشوێنە دەکرێ زۆر لە راستیە جۆراوجۆرەکان لێکبدرێنەوە، لە کاتێکدا پزیشکی لە بەرامبەریاندا دەستەوستانە. زۆر کەسیش لە ساویلکەکان لەو باوەڕەدان کەبە ڕێگای بڕێکی دیاریکراو لە پارەو ئامادەبوون لەدەورەیەکدا دەبنە جادوگەرو فێڵبازو چەواشەکار بەلام خوێندکارانی ئەم زانستە بە پێچەوانەی زانستەکانی دیکەوە کەمایەتیو سنوردارن، مەرجیش ئەوەیە کارمای پاکوخاوێنیان هەبێت کە خاوەنی پێکهاتەی ڕۆحی پەرەسەندونو پێویستە بیری ستراتیژیو ڕۆحانیەتی چاكو خۆ ڕێکخستنیان تێدابێ. جا ئەگەر تەکنەلۆژیای جادوگەری غەیبیەکان نادیارەکان شیبکەینەوە دەبینین بنچینەی ئەم تەکنەلۆژیایە کۆمەڵە ڕێوشوێنێکی دیاری کراو نییە بەڵکو چلۆنایەتیو

تواناى کەسانى وەك مامۆستاو قوتابییە. کۆششى زۆر لە پسپۆرەکانى هەستو دواوەى. هەستى میتافیزیکى بۆ دەستکەوتنى تواناى چونە ناو توانا باڵاکانەوە ژێر کەوتنیان لە چارە نووسرا، ئەمەش بەهۆى بازدان بەسەر پەرەسەندنى گرانى رۆحىداو بەهۆى پشتگوێ خستنیەوە. جالەبەرئەوەى چارەنووسو سروشتو بارودۆخى فیزیکى جەستەى مرۆڤ بە پێکهاتەى کێڵگەییەکان دیارى دەکرێنو لە گەڵیاندا هاوپەیوەندن ئەوا چالاکى سەرەڕۆیىو دانەڕێژراولە ڕووى عەقڵیەوە دوورنییە ببێتە زیان بۆ تەواوى مرۆڤایەتى. ویژدانى مرۆڤ بە شێوەیەکى باش پارێزراو بوو، پرۆسەى گەیشتنە ناوى زۆر لە سەرخۆ بوو لەگەڵ دانە دواوەى راستەقینەى بەرنامەکە بە یارمەتى رەفتارى بوارى رەوشت لە کۆمەڵداو سیستەمەکانى پارێزگاریى ئایین.

تۆێژەرەوەکانى بارى دەروون لە زۆر قوتابخانەى جۆر بەجۆرى دەرونیدا دەستیانکردە گەیشتنە ناو ویژدانى مرۆڤو لە ناو بردنىو، ئەم پرۆسەیەش لەم دە ساڵەى دواییدا چەند هەنگاوێکى سەرنجڕانەکێشى هێنایە دى. لێرەشەوە بە چەشنێکى دڕندانە هێرش دەبرێتە سەر پێکهاتە کێڵگەییەکان ئەمەش بەبێ هیچ تۆژینەوەیەك بۆ زانینى ئەنجامە پۆزەتیڤەکانىئەم دەست تێوەردانە. لە راستیدا ئەم تۆژینەوانە بۆ ئەوە ناکرێن کە بزاندرێ ویژدان چییەو بە چ شێوەیەك هەست بە هێرشو دەستدرێژى دەکات. بەڵکو لەمەدا ئەوەى بە لایانەوە گرنگە زانینى ئەنجامە نزیكو دیاریکراوەکانە نەك تێگەیشتنى قوڵى ئەو پرۆسانەى تەندروستىو چارەنووسى مرۆڤو خزمەکانى دیاریدەکەن.

نەبوونى بیرى ستراتیژى لە وزەى بیۆلۆژییداو گرتنە بەرى ڕێو شوێنى تاکتیکى وەك کارى ئەو کەسە وایە بیەوێ هونەرى ئاژوتن فێربێتو پاشان بڕوات لەو کاتەى بۆ مەشقى فێربوونى ئاژوتنى ئۆتۆمبێلو شارەزابوونى ڕێ وشوێنى ڕۆیشتن بۆى تەرخانکراوە، بیر لەوە بکاتەوە چۆن بتوانێ وزەى





مەکینەکە بەرز بکاتەوەو خێرایى ئۆتۆمبێلەکە زیاد بکات، ئیتر کێ هەیە نەزانێ ئەگەر ئەو کەسە لە دواى سوکانەوە دابنیشێو پێ بە بەنزیندا بنێ چى ڕوودەدات.

لێرەدا دەمەوێ بە درێژى ڕێو شوێنەکانى پاراستن باس بکەم، نەزانینى تواناى کارکردنە لەسەر مرۆڤ بەهۆى وزەى بیۆلۆژییەوە خۆى لە خۆیدا پاراستنى ئەو مرۆڤە بوو. بەڵام هەر کە خەڵکى ئەم راستییەیان بۆ دەرکەوت دەستییان بە کردنەوەى قوتابخانەى ناوخۆیى داخراو کرد بۆ ئەوەى تۆژینەوە لەسەر وزەى بیۆلۆژى ئەنجام بدەن. ئاشکرا بوو کە باشترین سیستەمى پاراستن تۆژینەوە ئاینییەکانى بوارى رەوشتو رەفتارن. چونکە ئەمانە چاکە کردن فێر دەکەن نەك تەنیا لەکردەوەى سووكو خراپدا بەڵکو لە دژە کارەکانو هەروا لە بیرەکانیشدا. جا ئەمە چەند شایانى پێکەنین بێت ئەوەى لەم پاراستنەدا ڕۆڵى بنچینەیى هەیە زانستە کە وزەى بیۆلۆژىو تواناى کارتێکردنە سەر مرۆڤ لە ڕێگەى وزەو زانیارییەکانەوە نەفى دەکات، جا میکانیزمەکانى پاراستنى کۆمەڵایەتى لەو کەسانەوە وەرگیراون کە بە توندى جادوگەرىو فێڵباز یبان پەیڕەو دەکرد.

بەڵام ئێستا هەموو بەربەستەکان لە کارکەوتونو ئەقڵ گەشاوەتەوەو، چونە ناو ویژدانەوە بەسەرکردەیى پرۆسە فیزیکىو دەرونییەکان لەلەشدا لە چەرخى رابوردودا دەستیان پێکرد، بەڵام ئێستا هەر لە خۆ ڕابۆ نەتەرابەرو ڕێپیشاندەرێکى ئامانجدار. پزیشکە دەرونیەکانو شارەزایان لە هەستو پشتەوەى هەستى میتافیزیکىو جادوگەرانو شارەزایانى خەولێخستن گەیشتنە ناو ویژدانو بە توندى پێیدا تێپەڕین، ئەمەش بە ڕێگەى شێوەى دەرەوەو چارى مەسەلەزانستییەکان. بێگومان ئەمەش لە رابوردویەکى نەزانینى تەواویى راستىو ماهیەتى ویژدانو، سروشتى یاسایەکانى کارکردنى ڕوودەدات. ئەو

توێژینەوانەی ئەنجامدان ئاماژە بەوە دەکەن کە ویژدانو کێڵگەی بیۆلۆژی یەکشتن، هەرکارتێکردنێکی پێکهاتە کێڵگەییە بیۆلۆژییەکان کارکردنە سەر ویژدانیشە وسەرهەموو سیستەمەکانی دیسیپلینی فیزیۆلۆژیو دەرونییە. خاوەن ئەزمونەکانو مەشقکاران تەنیا بایەخ بە قوڵیی چونە ناو ویژدانو پرۆسەکانی دیسپلینی خۆبەخۆ دەدەن، لە کاتێکدا دەکرێ تەنانەت ئامێرو کەلوپەلی تازەش بەکار بهێندرێن بۆ گەیشتنە هێزێکی کارتێکردنی گەورەتر. وزەی بیۆلۆژی کەلە ڕێچگەی کارتێکردنی بە کردەوەی لەسەر مرۆڤ بۆتە زانست، ئاماژە بەوە دەکات کە بەچارەسەرکردنی جەستە دوورنییە زیان بە ڕۆح بگەیەنێتو توشی ئازاری بکەینو، لەوانەیە نەخۆشی پاراستن بەرگری بێت لە دژی ڕەفتاری ناڕاستو تێنەگەیشتن لە دنیای دەوروبەر، لەسەر شارەزایانی هەستو پشتەوەی هەستی میتافیزیکی پێویستە یەکەمجار هۆکاری نەخۆشی بدۆزنەوە، سروشتی پارمەتی پێویست تێبگەنو لە دواڕۆژدا لە هەڵەکان دەرباز بن. بەڵام وەك تەماشادەکەین کەسێك نییە بیر لەمە بکاتەوە. دابەزاندنی وزەی بیۆلۆژی تەنیا بۆ هۆکاری فیزیکی هیچ نییە جگە لە بەتاڵکردنەوەو نەهێشتنی پلەکانی ویژدانو ڕەفتار بە مەبەستی گەیشتنە ئەنجامی بە کردەوە. ئەو مرۆڤەی لەو باوەڕەدا بێ کەبە حەبو دەرمانو ڕێ وشوێنی جادوگەری ڕزگاری دەبێ ئەوەمرۆڤێکی نەخۆشە. پاراستنی بنچینەیی لە نەخۆشی بریتیە لە سەرپەرشتیو بە جێگەیاندنی یاسایەکانی ڕەفتارە ڕەوشتییە باڵاکان.

بۆ نمونە دەڵێین کاتێك سروشت لە ڕێگەی پاراستنی فیزیکیدا ڕوویکردە بەرزکردنەوەی کێشی دیناسۆرەکانو، قەڵغانی پاراستن زامکردن بۆ کیسەڵەکان، بەوکارە پرۆسەی بەرەوپێشچوونی ڕاگرت. ئەو گیانلەبەرانەی لەسەر مانەوەیان بەردەوام بوون ئەو گیانلەبەرانەن کە پاراستنی فیزیکیو ڕۆحانی کەمتریان هەبوو، واتە ئەوانەی ئامادەبوون پێکهاتەکانی دەرونیو ڕەفتاری گشتیان بە





گوێرەی ئەو پرۆسانەی لەسەر زەوی ڕوودەدەن بگۆڕن.ئەو ڕەفتارەی گەشەداریو خۆشگوزەرانی دوێنی بوو. بوونەتە پێداویستی ئەمڕۆ، هەروا تاقە مەرجیشە بۆ ژیانی سبەینێ. ئەو مرۆڤەی ئەمڕۆ تەنیا بیر لە تەندروستی فیزیکی دەکاتەوە لە ساڵانی ئایندەدا چارەنووسی وەك دیناسۆرەکان دەبێت.

ئەوەی ناوی بەرگری لێدەنێین گشتێکەو بەش بەش نابێت، یەکێکە لە ئاستە چلۆنایەتییەکانی چینی کێڵگەیی بیۆلۆژی، ئەو مرۆڤەی خولیای جادوگەری بێت لەگەڵ زیانگەیاندن بە ڕەفتارو خۆشەویستی خۆیو نەوەکانیو خزمەکانیشی وێران دەکات، جا ئەگەر مرۆڤی ئەمڕۆ لاوازو شەکەت بێت باشتر وایە ببێت قەشە، بەڵام ئەگەر هێزی گەورەتر بێت دەتوانێ پاکژیو پیرۆزی لەگەڵ ژیانی بە کردەوەدا پێکەوە گرێبدات. خۆ ئەگەر مرۆڤ ئامادەبێت بەرگەی کۆششی گەورەبگرێت لە پێناو گەیشتن بە توانا مەزنەکان ئەوا دەتوانێ وزەی بیۆلۆژی پەیڕەو بکات.

# بەشی دووەم

## پێکهاتەی زانیارییەکان بەناوی مرۆڤەوە سەقامگیرن

ناوەنـدەکانی پزیـشکی ماوەیـەکی کـورت لەمەوبـەر پەسـتو بێزاربـوون‌و سـەرگەرمی گفتوگـۆ بـوون‌و بـیروڕای جۆربـەجۆر هـەبوون لەسـەر شـەرعییەتی بڵاوبونـەوەی زاراوەی ((کێڵـگەی بیۆلـۆژی)) ولەشـکرێکی نـوێ لـە فێڵبـازو هەڵخەڵەتێنەران دامەزرا لەوانەی بەرگری لەم بڕیارە دەکەن، کاتی ئێـستەشمان زۆر زەحمەتـە کەسـانێك بدۆزینـەوە کـە نـەزانن جەسـتەی فیزیکـی بـە چـەند چـینێکی زانیـاری وزەیـی کێڵـگەیی دەوری دراوەو لای زۆربـەی خـەڵك ئەمـە نەبینراوە.

جا بـا ئـەوە ببیـنین کەلـە بـاری سـەرنجی وزەی بیۆلۆژییـەوە مـرۆڤ چـی دەنوێنێ.ئەو چینانەی کە بەرگی زانیاری وزەی مـرۆڤ پـڕ دەکەنـەوە پەیوەنـدی یەکجار ئاڵۆزییان لەناودایە. لە ساڵانێکی درێـژەوە کاتێك بـەهۆی چوار چێوەوە کـارم دەکـرد بڕیارمـدا لـە شـێوەی کێڵـگەی مـرۆڤ بکۆڵمـەوە. لەبەرئـەوەی دەسـتەکانم بـە چەشـنێکی هاوتـەریبی لەگـەڵ جەسـتە دەجوڵێنـەوە دەمبینـی سنوری ئـەقڵ لـە کوێدا کۆتـایی دێـت، ئـەو چوارچێوەیەی بـەکاری دەهێـنم لـەو ناوچانەدا بە ١٨٠ پلە دەسوڕێتەوە.بەڵام کاتێك ویستم کێڵگەکە لەسەرو سـەرەوە ببینم بۆم دەرەکەوت کەمن ناتوانم بگەمە کۆتاییەکەی چونکە مـن لەسـەر زەوی وەسـتاوم، لەبـەر ئـەوە چـومە سـەر کورسـییەك‌و دەستم لەگـەڵ چوارچێوەکەدا بەرزکردەوە بۆ سەرەوە، بەڵام چوارچێوەکە نەیویست بە بزوتنـەوە ئاساییەکەی خۆی وەرگەڕێ، واتە سنورهێشتا لە ئاستی چوارچێوەکە بەرزترە.

کاتێـك ویـستم ڕەهەنـدەکانی ئـەم پێوانانـە بـە خـەیاڵ ببیـنم، پارچـە





کاغەزێکی سپیم هێناو جەستەی مرۆڤم لەسەر کێشاو دەستم کرد بـە کێشانی سـنوری کێڵـگەکە بـەهۆی چوارچـێوەکەوە. دەستیـشم لەگـەڵ چوارچـێوەکەدا گەیـشتە دەرەوەی سـنوری کاغەزەکـەو ئەمـەش ناچاری کـردم پێوانەکـە بگۆڕم. دەستم کرد بـە ژمـاردنی لـە ڕێ لادانـەکانی چوارچێوە لەسـەرەوە بـە مـەترە بـۆ یەکەمجارو پاشان بە کیلۆمەتر بـەڵام چوارچێوەکە وەرنەچەرخایەوەو ئـەو دەم وام بـاوەڕکرد کـە کێڵـگەی مـرۆڤ دەشـێ بـەرەو بـاڵا درێـژ بێتـەوە تـا کۆتـایی گەردون. وەك وەڵامێکی ئەم بڕوایە دواجار چوارچێوەکە بۆ ١٨٠پلـە وەرسوڕاو، بەمەش تێگەیشتم کە کێڵگەی مرۆڤ بە گشت لایەکی گەردوندا بڵاو دەبێتەوەو، لە سەرەوە لە خوارەوە بڵاو دەبێتەوە هەر لە کۆتایی تەنی فیزیکی تابێ کۆتایی.

تەماشـام کـرد چـڕوپڕی چـینەکان لـە کێڵـگەکەدا جۆربـەجۆرەو هـەروا ئـەو زانیارییانـەی لـەناو ئـەم چـینانەدا لێکجـودا وازن.چـڕترین چـین لـە کێڵـگەدا زانیاریی تێدایە لـەبارەی حاڵـەتی فیزیکـی لـەش‌و، لـەبارەی ئەندامەکانییـەوە لـە پێنـاو زانینـی پزیـشکیدا بـەکار دەهێنـرێ. بـەڵام پێکهاتـەکان ((کارمـا)) وا لـە نەرمترین چینەکانداو خاوەنی پەیوەندییەکن کە وا بەسـتەیی بـەرەو پێشچووی زۆر ئاڵۆزی هەیە بەڵام چینە نزیکەکان هەنـدێ زانیـاری دەپـارێزن سـەبارەت بـە گوناهەکان‌و هەڵچونەکان‌و هەستو نەستو بیرڕای مرۆڤ خـۆی کـە تووشـی ئـەم ژیانە بووە.

چـینە یـەکجار قوڵـەکانی پێکهاتـەی کارمـا ی خێزانـی لـە خۆگرتـووەو زانیارییەکانی لـە بـارەی خزمەکانـەوە تێدایـە کـە وەك یـەك لـە دایك‌و باوکـەوە داکەوتوون، هەروا زانیاریشیان لەسەر ڕۆڵەکان هەڵگرتووە.

((کارمـا)) ی خۆبـەخۆلای مـرۆڤ ڕەفتارەکـانی لـە بەرجەسـتە بوونـەکانی ڕابوردودا پیشاندەداو لە ئاستێکی نەرمتردا دابەش دەبێتـو، چەند توێژەرەوە لـە کێڵـگەی مرۆڤـدا قوڵبێتـەوە ئەوەنـدەش دەتوانـێ کـارتێکردنێکی گـەورەتر

پیشانبدات. بەڵام لێرەداو لە یەك كاتدا هێزو لاوازی دۆزینەوەی كارما چڕ دەبێتەوە. لەو بڕوایەدام ئەمڕۆ كەس ناتوانێ بگاتە ڕۆچونێكی تەواو بە ناو كێڵگەی مرۆڤداو ئەمەش چونكە هەر ڕۆچونێك هاوپەیوەند دەبێ بە كارلێكردنەوەو، ئەم كارلێك كردنەش مەترسیدار نابێ مەگەر ئەو كاتە نەبێ چاركەرە – تۆێژەرەوەكە مرۆڤێكی تەواو بێ و، كارمایەكی یەكجار پاك‌و خاوێنی هەبێت.

جا بەوەی كە من ڕۆژانە بۆ ماوەی دوو ساڵ خەریكی پاكژكردنەوەی ((مۆرۆ كارما)) بووم‌و تێگەیشتم كە هێشتا زۆر شت لە دەرەوەی تواناكانی مندان.پێش ئەوەی لەگەڵ كێڵگەی هەركەسێكی تردا پەیوەندی بكەم خودی خۆم دەپشكنم بۆ ئەوەی دڵنیا بم كە دەتوانم چارەسەربكەم، جا ئەگەر لە دەروونی خۆمدا درانە دواوەیەكم دی ئەوە مانای وایە كێڵگەكەم توشی تێكچونێكی هاوشێوە هاتووە لەبەرئەوە ئەركی خۆمە زۆرانبازیی لەگەڵدا بكەم‌و تائەم تێكچونە لە ناو نەبەم مافی ئەوەم نییە چارەسەری نەخۆشەكە بكەم یان پێكهاتەكەی دەگوازرێتەوە بۆ كێڵگەكەی خۆم‌و، لەو كاتەشدا خۆم‌و خزمەكانم نرخی ئەو چاركردنەی كارما –ی نەخۆشەكە دەدەین. چارەسەر كاری نمونەیی مرۆڤێكی تەواوە، ئەمەش زۆر گرانە لە ژیانی سەر زەویماندا زامنی بكەین، هەرلەبەر ئەمەش ڕێگەی دووەم ڕێگەی زانیارییەكانەو ئەمیشیان گرنگترینە، ئەمەیە هەمیشە بە شێوەیەكی ڕاست ڕێگە دەدا كە تواناكانی چارەسەركردنی بێ وزەیی بەكاردەهێنێ‌و پەرەپێدەدات بەبێ ئەوەی هیچ زیانێك بە پەیوەندی ناڕاست لەگەڵ پێكهاتە كێڵگەییەكان بگەیەنێت. بیرم لەوە كردەوە ئاخۆ بۆچی زۆر لە شارەزایان نەیانتوانی ڕێگەی چارەسەركردنیان فێری قوتابییەكانیان بكەن؟ منیش بڕیارمدا كە گرنگ نییە توانای یەكجار مەزن پەرەپێبدرێ، بەڵكو چۆنیەتی ناردنی زانیارییەكان گرنگە، لەگەڵ چۆنیەتی بەكارهێنانیان. لە كۆندا





لەو باوەڕەدا بووم كە زۆر لە شارەزایانی چارەسەر كارحەز ناكەن نهێنیەكانی خۆیان ئاشكرابكەن، بۆ ئەوەی كەمایەتی بمێننەوەو ناوبانگیان هەبێ، دواجار زۆرترین پارەیان دەست كەوێ، بەڵام لە پاشدا تێگەیشتم: هەرهێندە نییە ئەوان حەز بەوەی نەكەن، بەڵام لە تواناشیاندا نییە ئەوەبكەن.

جا وێڕای ئەوەی كە زۆر جار قسە لە باسی تۆژینەو دەدەكرێ، زۆر جاریش تووشی هەندێ لێتێگەیشتنی خودایی‌و هەست‌و نەستی خودایی دەبین، پاكژی وپیرۆزی، من لەو باوەڕەدام هەر چەندێك زانست پەرەبسێنێ‌و چەند بگاتە بەرزایی، هەمیشە وەك خێرێك دەمێنێتەوە كە ناكەوێتە بەر لێكۆڵینەوەیماتماتیكی‌و یان ژیربێژی – لۆجیك لای مرۆڤ كە سنوری ئەم تێگەیشتنانە دیاری دەكات.

بە لێكۆڵینەوە ئەو ناوچە سنورییانەی دەكەونە دوای سنوری ژیربێژی‌و زانستە ڕەسمیەكانەوە هەندێك زاراوەم بەكارهێنان كەلە سیستەمەكەدا مانای دیاریكراویان هەیە، لەم كتێبەدا دەیانخەمە پێش چاو. جالەبەرئەوەی قسە لە هەست‌و نەستی خوداییە هەر مرۆڤێك لای خۆیەوە بە ڕێگەی تایبەتی خۆی لەمە تێدەگات‌و، ئەمەش بەپێی تێئورییە جیهانگیرییەكانی‌و بەپێی ئاستی ڕۆحی ئەو كەسەیە. بەڵام ئەم هەست‌و نەستە هەر چەندێ شوێنێكی باڵاتر لە پلەی بەهاكانی لای مرۆڤدا بدۆزێتەوە ئەوەندە چاكترە.

كاتیگۆریی ((سروشتی نازیندو)) مانایەكی گشتی گرتۆتە خۆی‌و لە پلەی یەكەمدا تەواوی ئەو بەرژەوەندییە مادییانەی كەمرۆڤ بەكاریان دێنێ لە خۆیدا كۆكردۆتەوە. دەشتوانرێ بە كارتێكردنی چارەسەر یارمەتی هەزاران بدرێ‌و، لەمەشەوە لە دنیادا بە ملیۆنەها كەس ڕزگاربكرێن. ئەم تێگەیشتنەش بە توندی بەستراوەتەوە بە میكانیزمی پەشیمانی‌و تۆبە كردنەوە. توانیویشمە كارەكانی ئەم میكانیزمە لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕەكان لە پێكهاتەی كارما دا ببینم. ئەو دەم

تێگەیشتم چۆن بارودۆخی فیزیکی بە بارودۆخی پێکهاتەی کارما لە کێڵگەی مرۆڤدا دیاری دەکرێ‌و، هەوڵیشمدا بە زۆر ڕێگەی جۆربەجۆر کاری تێبکەم: بەڕێوشوێنی جادوگەری، فێڵبازی، ڕێوشوێن‌و ئامرازی پزیشکی میللی‌و پزیشکی ئاسایی، هەموو ڕێگەکانم تاقیکردنەوە بەڵام ئەنجامەکان زۆر سادەبوون.

پاش ئەمە گەیشتمە ئەنجامێکی زۆر ئاسایی: بەرزکردنەوەی هێزی کارلێکردن تەنیا وەبەر نەخۆشەکە دەکەوێ، دەشێ باشبونێکی سەرنج پێکراو بدات بەدەستەوە، بەڵام گرفتی بنەڕەتی چارەسەر ناکات. لە ژێر هەر پەردەو سارغییە کرا دەستدرێژی سەر ئافرەت هەر دەستدرێژییە. ئەوەش تێگەیشتم کە پەشیمانی‌و تۆبەکردن چالاکترین ئامڕازی کاریگەرەو کەمترین مەترسیشی هەیە. ئەم ئامڕازە لە کۆنەوە لەلایەن مرۆڤایەتییەوە ناسراوە. هێرش بردنە سەر پێکهاتەکانی رۆحی لای مرۆڤ‌و بەهۆی بەرنامەی تایبەتیەوە دەکرێ بە ڕێگەی لۆژیك‌و جیهانبینینەوە ئەنجام بدرێ.

جا لەبەر ئەوەی منیش بە بەشێك لە گەردون دادەنرێم‌و بەگشتی لە ئاستێکی وردو نەرمدا لەگەڵ گەردون هاوپەیوەندم، منیش بەهۆی نەگەیشتنمە پلەی تەواوی هەموو کاتێك شتێك لە خودی خۆم دەگەیەنمە ناو کێڵگەی مرۆڤەوە. پێویستیشە کارتێکردن بە تەنیا لە گۆشەی تەواوییەوە بێت، واتە گەردون. ئەمەش بە تەنیا لە ڕێگەی کاری میکانیزمی تۆبەوە دەبێت، کاتێك ئەو تۆبەیە فڕێ دەدرێتە رۆحی گەردونەوە واتە بۆ خودا. بەڵام بۆچی بۆ خودا، نەك بۆ هەموو گەردون بەگشتی؟ چونکە ئێمە کە دەڵێین ((گەردون)) ئەوا لە ناو عەقڵماندا نمونەیەك دروست دەبێت کە درێژیەکی یەکجارگەورەی هەیە، هەر لەوێدا ئاسمان دوور، کات‌و مادە هەن. زۆر گرانیشە بۆ ئێمە وا پێشبینی بکەین کە گەردون یەك یەکەی تەواوە. تەنیا ئەو کاتەی کە شکۆو بڵند بونەوەی رۆحانی ڕوودەدات پێکهاتەکانی تەنیا کەسی دەست بە ونبون دەکەن‌و هەستکردن





بە یەکێتیەکی رەها دەردەکەوێت.

کاتێکیش مرۆڤ لە باری فیکرییەوە پەنا دەباتەبەر خوداو بەرانبەر بە گوناهەکانی داوای لێبوردن دەکات.ئەوا ئاڵوگۆڕی گرنگ لە رۆح‌و جەستەیدا ڕوودەدەن. مرۆڤ لەم چرکەساتەدا دان بەو راستیە دادەنێ کەلە هەموو روویەکەوە تەواو نییەو لاوازە، خودی خۆی لە بەردەم کردگاریدا ئاشکرادەکات‌و، هێندەی هێز لێوە وەردەیگرێت کە بگۆڕدرێت‌و بچێتە هارمۆنیاوە لەگەڵ گەردون. بەڵام هیچ کارتێکردنێك ئامانجی شەخسی مرۆڤ ناگۆڕێت. لە پێناو هەڵسەنگاندنی بارودۆخی پێکهاتەی کارما دا چەند تاقیکردنەوەی هەست‌و پاشەوەی هەستی میتافیزیکم بەکارهێنا، کەڕێگە بە دیاریکردنی بەهای هۆکاری پێوراو دەدەن لە بارەی یەکە رێژەییەکانەوە.

ئەمڕۆش دەتواندرێ پێکهاتەی کارما بە دوو کۆمەڵەوە دابەش بکرێت: ستراتیژی‌و تاکتیکی، پێکهاتە ستراتیژییەکان وزەیەکی یەکجار مەزنیان هەیەو، هەرلەبەر ئەوەشە کارکردنە سەر ئەو پێکهاتانە راستەوخۆ دەرناکەوێت. چارەنووسی مرۆڤ‌و چارەنووسی نەوەکانیشی لەسەر بارودۆخی ئەم پێکهاتە ((ستراتیژییانە)) راوەستاون، لەبەرئەوە هەر هەوڵدانێك بۆ بە هەڵە بەکارهێنانیان یان هەر کۆشیشك بۆ وێرانکردنیان دەبێتە مایەی خستنە کاری پاراستنی بە ڕێگەی سیستەمی دیسپلینی خۆیی کێڵگەیی‌و، ئەمەش لەسەر شێوەی دەرکەوتنی نەخۆشیی گران‌و بە شێوەیەکی هەمیشەیی دەبێت.

بەڵام هۆکاری گرنگترین پێکهاتەی ستراتیژی رۆحە، رۆحانیەت‌و خۆشەویستی راستگۆیانە، پێکهاتە ستراتیژییەکانی بەرفراوانییەکی کەمتریان هەیە، هەروا ئاڵوگۆڕەکانیان بە شێوەیەکی خێراترن، جا لەبەر ئەوەی هۆکارەکانی کێڵگەیی مرۆڤ لەگەڵ یەکتر بە چەشنێکی قایم هاوپەیوەندن بۆیە کارکردنە سەر هەر یەکێکیان دەبێتە هۆی ڕوودانی ئاڵوگۆڕ لە بەهای

هۆکارەکانی دیکەدا. دەتوانرێ ئەمڕۆ سەرنجی ئەوەش بدرێ کە ئاڵوگۆڕو باشبونی کاتیی ئێستای بارودۆخی فیزیکی مرۆڤ، راستەوخۆ دەگوازرێتەوە بۆ قوربانیدان بە یەدەکە ستراتیژییەکان نمونەش لەسەر ئەم چارەسەر کردنانە لە ژیانی ڕۆژانەماندا یەکجار زۆرن.

گرنگترین مەسەلەیەك بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە فراوانکردنی زانیارییەکانە لەسەر، هەوڵدانە بۆ تێگەیشتنی پرۆسەکان کە روودەدەن‌و پەیوەندیی نێوانیان. زۆر پێویستە هەمیشە لەوە بگەین کە مرۆڤ بە شێوەیەکی کاتی بەهەر فیکرەو هەڵچونێك کاری تێدەکرێ ئەگەر ئەم فیکرەو هەڵچونانە ئامادەکراو نەبووبن، کێڵگەی مرۆڤیش هەروا بە کردارێکی تیژی نێگاتیڤ بۆ ئەو کاتە بەرپەرچ دەداتەوە.

هەستیار نەبوونی مرۆڤ لە بارەی وزە وردەکانەوەو لە بارەی لە ڕێلادانی ئەم وزەیانەوە شتێك نییە جگە لە هێزی بەردەوامبوونی پرۆسەی ئاستی فیزیکی لەوەرچەخانە کێڵگەییەکانداو بەهەڵە تێگەیشتن لە سروشتی نێگاتیڤی کارتێکردنی لە رووداوەکانی ژیانداو ئەمەش ئاستێکی گەورە لە بارودۆخی تێنەگەیشتن‌و نەزانین لەسەر ئاستی فیزیکی پێکدەهێنێ.

مەترسیەکە هەروا ئەمڕۆ لەوەدایە کە توانای هێزی رۆح لای هەموو مرۆڤێك بە توندی پەرەی‌سەندوە، واتە هێزی کارکردنەسەر دنیای دەوروبەرو سەرخەڵك. جا ئەگەر لە سەدەی نرخی ناوەندیی هێزی کارتێکردن لە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەردا بریتی بووبێت لە دەیەکە، بەڵام لە سەدەی ڕاپەریندا نرخی ناوەندیی ئەم هێزە گەیشتبووە بیست وسێ یەکە، لە کاتێکدا لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا گەیشتبووە سی وهەشت یەکە، ئێستاش ئەم نرخە گەیشتۆتە هەشتاو هەشت یەکە هەر لەسەر زیاتر بوونیش بەردەوامە.

لەبەر ئەمە هەر کارتێکردنێکی دەبێتە نێگاتیڤ هۆکاری ئاسەواری بەهێزو





گەورە. هۆکاری دەستدرێژی هەستی‌و ویژدانی، لەناو هۆکارەکانی پێکهاتەی تەکتیکیدا، بەهایەکی گەورەی هەیە. ئێمە راستەوخۆ هەست بە دەستدرێژیی هەستیاری دەکەین‌و ئاگاداری دەبین، بەڵام مەترسیی دەستدرێژیی ویژدانی وا لەوێدا کە توانای چاودێریی ئەم دەستدرێژییە لە ئاستی فیزیکیدا نەبێت. بەڵام کێڵگە بە شێوەیەکی دەم بەدەم هەست بە دەستدرێژیی وەڵامدانەوە دەکات، کاتی زۆر بوونی توانای کارتێکردنیشی ئێمە ئێستاکە هەست بە زۆرانبازی‌و کێشەی نادیاردەکەین، لەگەڵ نەزانینی ئەو ئەنجامانەی لە پشت ئەمەوە دەبن.

دەستدرێژیی ویژدانی هۆکارێکە لە سیستەمی هۆکارە کێڵگەییەکانی مرۆڤدا، بەهایەکی نێگاتیڤی هەیە، هەرچەند بەهای رەهای ئەم هۆکارە گەورەتر بێت ئەوەندە مەسەلەکە چاکترە. ئەمەش بنچینەیی راستیی دڵپاکی‌و سۆزو بەزەییە لای مرۆڤ وبۆ پاراستنی تایبەتی‌لە خۆی دەستدرێژییەکی نامۆ. یەکێکیش لە خاسیەتە گرنگەکانی کێڵگەی بیۆلۆژی‌خاسیەتی ئاستی پەیوەندییە لەگەڵ (ئاتمۆسفیرە)، فەزاو، بەهای ئەم ئاستەش بە رەفتاری مرۆڤ‌و باب‌و باپیرانی کاری تێدەکرێ‌و گرنگترین سەرپێچییەك کە ئەم پێکهاتەیە لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێ تاوان‌و کوشتنی کەسانی ترە.

هەستکردن بە خۆشەویستی پرۆسەیەکە زۆر دووبارە دەبێتەوە گەورەترین جێگەش بۆ خۆشەویستی دەبێ تەرخان بکرێ بۆ خۆشەویستی خوداو گەردون‌و بۆ خۆشەویستی هەستە یەزدانییەکان، کە بەسایەیانەوە دەگەینە یەکێتی لەگەڵ گەردون‌و لەگەڵ باب‌و باپیران‌و ڕۆڵەکانمان‌و خزمەکانمان‌و لەگەڵ هەر کەسێکی ترو لەگەڵ خۆشماندا.

پێویستە هیچ گیانەوەرێك لە خۆشەویستیمان بەدوور نەبێ. کاتێکیش ئەوە تێدەگەین‌و بە کۆششی ڕۆژانەمان‌و بەراستی‌و دڵسۆزی هەوڵی هێنانەدی دەدەین، دەکەوێنە کار بۆ راستکردنەوەی خۆمان‌و تەماشاکردنی گوناهەکانمان‌و

هەستەکانمان‌و بیروڕامان ئەو دەم بە ڕاستی ژیانمان بەختیاردەبێ.

میکانیزمی کارما یەکێتی‌و پەیوەندیی نێوان مرۆڤ‌و گەردون دەگێڕێتەوەو، چەند ئەوە بە چەشنێکی قوڵترو باشتر بزانین هێندە ڕێگەکە کورت دەبێتەوە بۆ ڕزگار بوون لەو مەترسیانەی ئەمڕۆ بەرەو ڕوورمان بونەتەوە.

بەگوێرەی لێکدانەوەی‌گەورە، مرۆڤایەتی لە کاتێکی زۆر دێرینەوە زانیاریی پێویستی هەیە سەبارەت بە یاسایەکانی کارلێکردن لە جیهانداو، ئەم زانیارییانەش بە چڕو پڕی‌و چاکترین شێوە لە کتێبە ئایینەکاندا خراونەتە ڕوو بەڵام باوەڕ نەبوونی مرۆڤ وایلێدەکات ڕووبەڕووی هەمان بەربەستەو دیواری جیاکردنەوە بێتەوە کە دنیاش وێران‌و خۆیشیی وێران دەکات بێ ئەوەی بگاتە هیچ ئەنجامێکی ڕاست ودروست.

ئەمڕۆ دەتوانین خۆمان هەست بە دادپەروەریی ناو ئەو یاسایانە بکەین کە بەدەستی خۆمان بە سەرماندا سەپێندراون‌و، دەتوانین زانیاری بە ئایینەوە ببەستیتەوە بۆ ئەوەی بە یارمەتی‌و کۆمەکی ژمارە زمانی ئەوانە هەڵسەنگێنین کە لەگەڵیاندا ڕاهاتووین، هەرئەمەشە دنیای ئەمڕۆ ئێمەی پێگەیاندوەو، هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەیەك دەدەین بۆ گەیشتنە هارمۆنیایەکی ئەم جیهانە.

# بەشی سێیەم

## تاقیکردنەوەکانی هەستو پشتەوەی هەستی میتافیزیکی

بە ڕێگەی بەدواداچوونی کێڵگەی بیۆلۆژی لای مرۆڤ گەیشتمە ئەنجامێك کە ئەمە پێکهاتە کێڵگەییەکانو جەستەی فیزیکی دوو راستیی دژ بەیەك پیشاندەدەن کە هەریەکەیان کار لەویتریان دەکات.دەشێ خێرایی گواستنەوەو گۆڕینی پێکهاتە کێڵگەییەکان بۆ تەنێکی فیزیکیو بە پێچەوانەوە لێك جیاوازبن.

ئەزمونی چارەسەرکردنی نەخۆشییە جۆربەجۆرەکان ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێك چارەسەرکردنەکە کاریگەردەبێ کە هێزی کارتێکردن ئاڕاستە نەکرێت بۆ ئەو ئەندامەی تووش بووەو ئاڕاستە نەکرێت بۆ تەواوی جەستە بەگشتی، بەڵکو بۆ ئەو هۆکارەی والە پشت ئەم نەخۆشییەوە. جا هەر چەندێ چاری نەخۆشییەکی دیاریکراو بکەیت بەبێ نەهێشتنی هۆکارەکانی، ئەوا ئەو هۆکارە لەسەر خۆراك پێدانی نەخۆشییەکەو دەرخستنی بەردەوام دەبێو هەروەك چۆن ئەزمونی بەکردەوە ئاماژەی پێدەکات، دەشێ ئەم نەخۆشییە لە ئەندامێکەوە بۆ یەکێکی تر بگوێزرێتەوە. نەخۆشی تەوژمێکی ئاوە کەلە سۆندەوە دەردەپەڕێ، پێویستە یەکەمجار سوندەکە دابخرێ. پاشان ئاوی پەنگەوە خواردو لابرێت.

بە توێژینەوەم لە شێواندنەکانی پێکهاتەی کێڵگەیی کەلە کێڵگەی مرۆڤدا دەردەکەون تەماشامکردکە زۆر لە نەخۆشەکان لەسەر ئاستی کێڵگەیی دەست بەدەرکەوتن دەکەن بە چەند سالێکی درێژ پێش ئەوەی لەسەر ئاستی فیزیکی دەرکەون،هۆکاری شێواندنە کێڵگەییەکان ئەوەیە خاسیەتەکانی کێڵگەی مرۆڤ لەگەڵ کێڵگەی زانیاریی زەویو گەردون وەك یەك نین، ئەمەش دەبێتەهۆی





دەرکەوتنی شێواندنەکان لە پێکهاتە کێڵگەییەکانداو، دوا جار لابردنی ئەم شێواندنانە تاقە ڕێگەیە بۆ چارەسەر کردن باوەڕم وایە کە ژمارەی ئەو پێکهاتانەی دەوری شێواندنە کێڵگەییەکانیان داوە دەبێ لە نێوان پێنجو حەوت پێکهاتەدا بن. بەڵام دوای توێژینەو ەدەرکەوت کە ژمارەکە زۆر لەوە گەورەترە: هەرکارێکی نێگاتیف، یان کاردانەوەیەك لە کێڵگەکانی زانیاری وزەیی مرۆڤدا کۆبوونەوەو پەیوەندییەکان پێکدەهێنێ کە لە ناوبردنیان دەبێتە هۆی پەیدابوونی هارمۆنیای پێکهاتە کێڵگەییەکانو بارودۆخی فیزیکی مرۆڤ.

بە توێژینەوەم لە سەدان بارودۆخ تێگەیشتم کە نەخۆشییەکانو توشبوونو کارەساتەکانی ژیانو تێکشکانی کەسایەتیو سروشت بارودۆخی دەرونی شتێك نین جگە لە پاداشتدانەوە لەبری لەناوبردنی ئەو هۆکارانەی دەبنە پێکهێنانی شێواندنە کێڵگەییەکانو هارمۆنییەکانی. هەستیشم بەوە کرد کەجەستەی فیزیکی یەکەیەکی سیستەمی یەکگرتوو نییە کە کارلێکردنی لە نێوان ئەندامە جۆربەجۆرەکانیدا هەبێت، بەڵکو پێکهاتەی کێڵگەیی، باری دەروونی چارەنووسو سروشت هەموویان تەنیا رەگەزی ئەم تاقە سیستەمەنو کارکردنە سەر هەریەکێکیان دەبێتە مایەی روودانی ئاڵوگۆڕی میکانیزم لە هۆکارەکانی دیکەدا، هەرلەبەر ئەوەشە بۆنمونە پێگەیشتنی رۆحانی دەبێتە هۆی باشبونی بارودۆخی دەرونیو تەندروستیو چارەنووس کەلە یەك کاتدا بە چەشنێکی باشو پۆزەتیڤیش کاردەکاتە سەرتەواوی بوارە جۆر بەجۆرەکانی ژیانی مرۆڤ. هەر گیروگرفتێکیش لە ژیانی مرۆڤدا: وەك لێقەومانە چارەنوسسازەکان، نەخۆشییەکانی فیزیکیو دەرونیو توشبونەکان هەموویان ئەنجامی دەرئەنجامی کاری سیستەمی دیسپلینی خۆبەخۆی کێڵگەیینو، زۆریش پێویستە دارمانی پێکهاتە کێڵگەییەکانو پێکهاتە ستراتیژییە بنەڕەتییەکان رابگیرێت، هەرئەوانەشن ژیانی مرۆڤو نەوەکانی دوای خۆی دابین دەکەن.

لە کاتی کارکردنەکەشمدا وا پێویست بوو بۆ کارکردنە سەر کۆمەڵەی وزەی زانیاریی مرۆڤ ئەنجامەکانی ئەم کارتێکردنەش هەڵبسەنگێندرێن، چونکە ئەگەر وا نەبێ ئەوا تەنیا یاریدەدانی جەستە لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانی پێکهاتەکان، کارمای بنچینەیی. کارتێکردنێکی وزەی – بیۆلۆژی زۆر کاریگەرترە لە داوودەرمان بەڵام هەرلەو کاتەشدا زۆر مەترسیدارە، لەبەرئەوە ناکرێ بەبێ سیستەمی چاودێری‌و کۆنترۆڵ کاربکرێ. بەمجۆرەو بەرەبەرە پرۆسەی دارشتنی باوەڕەکان‌و رەگەزە بنچینەییەکانی سیستەمی تاقیکردنەوەی هەست‌و دواوەی هەستی میتافیزیکی بەڕێوەچوو، هەر ئەمەشە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی هۆکارەکان‌و چاودێریی ئەنجامەکانی کارکردنە سەر پێکهاتە کێڵگەییەکان دەدات.

بە شیکردنەوەی کارلێکردنی هۆکارە بنچینەییەکان لە سیستەمی دیسپلینی خۆبەخۆدا زۆر بەقووڵی لە یاسایەکانی پەرەسەندنی لەش تێگەیشتم‌و، پێکهاتەکانی کارمام دۆزییەوە بۆ پاراستنی مرۆڤ لە کلۆڵی‌و لێقەومان‌و لە توشبون، واتە پێکهاتەکانی بەخت کە مرۆڤ هەمیشە دەیانگێڕێتەوەو دەیانهێنێتە دی. کاتێکیش مرۆڤ لە یەزدان‌و لە دایک‌و باوک‌و لە ڕۆڵەکان وخۆشەویستانی دووردەکەوێتەوە ئەم پێکهاتانەدا دادەڕمێن. لەناو کێڵگەدا هەندێ پێکهاتە هەن ئەرکیان زامنکردنی توانای خۆشەویستی مرۆڤەو، شێواندنی ئەم پێکهاتانە دەبنە هۆی ڕوودانی نەخۆشییە توندەکان، بە نەخۆشییەکانی ئاوسانیشەوە. جالەبەرئەوەی لەشی فیزیکی بە پێکگەیشتنی لەگەڵ پێکهاتەکان کارما بەیەک پرۆسە دادەنرێن‌و، دەشتوانرێ بە ڕێگەی دەستنیشانکردنی بارودۆخی ئایندە تاقیبکرێتەوەو هەربەم شێوازە پێشینە بە ڕێگای هەڵسەنگاندنی هەر کارتێکردنێک دەتوانرێ دەستنیشانکردنی لەسەر مرۆڤ ئەنجام بدرێ. ئەو ڕێگەیەش دەبێتە زامنی تاقیکردنەوەی کۆمەڵێک لە خەڵك، یان دەستەیەکی کۆمەڵایەتی یان تەنانەت ولاتێك بەگشتی دەستنیشانکردنی خێراو درێژ خایەن ئەنجام دەدات‌و، کێڵگەکانی رەفتارو





چارەنووسی گیانلەبەرەکان‌و بێ گیانەکان پاکژ دەکاتەوە.هەروا لە هەلومەرج‌و بارودۆخی دنیای ئەمڕۆدا کە پاشماوەی هەرلێقەومانێك دەبێتە نەخۆشییەکی ئاڵۆز. پەرەسەندنی ڕێ‌و شوێنی زووبە زووی بارودۆخی کارما لە تاکە مرۆڤێکدا. یان لەلای ئەندامێك یاخود لە هەر پرۆژەیەکی پیشەسازیدا تەنیا بە بنچینەیەك دانانرێ بەڵکو بە پێداویستێکی تەندروستی لە پێناو ژیاندا.

ڕێگەی تاقیکردنەوەی هەست‌و دواوەی هەستی میتافیزیکی دەبێتە زامنکاری شیکردنەوەی نەك تەنیا هۆکارەکانی فیزیکی زیندەوەر بەڵکو هەروا پێکهاتە کێڵگەییەکانیشی. جا لەبەر ئەوەی تووشبونی ڕووداوەکانی ئایندەی جیهانی مادی لەناو پێکهاتە کێڵگەییەکاندا پێك دێت، بارودۆخەکانی ژیان لە ئاستی فیزیکیدا دارشتنی ئەو بەرنامانەیە کە لە ئاستی کێڵگەیدا هەن.

ئەو ڕووداوانەی لە گەردوندا ڕوودەدەن کارتێکردنێکی ئاڵوگۆڕی لە خۆڕای زیندەوەری جۆربەجۆر نییە، بەڵکو دارشتنێکە بۆ بەرنامەی دیاریکراوی شەفرەدار لەکێڵگەی زانیارییەکانی وزەی گەردونیداو، ئەمەش بریتیە لە زنجیرەیەك ڕووداو کەلە پێکهاتە زانیارییەکانەوە دەگوێزرێنەوە بۆ پێکهاتەکانی وزەیی لە ئاستی فیزیکیدا. میکانیزمی کارماش شتێك نییە جگە لە پێچەوانە کردنەوەی بڕوای یەکێتی مرۆڤ لەگەڵ گەردوندا.

بە ڕێگەی چەند نمونەیەك کە چاری نەخۆشیی جۆربەجۆرم تێدا کردوەو بەشیکردنەوەی بارودۆخەکان‌و حاڵەتە ئاڵۆزەکانی ژیان لای نەخۆشەکان، هەروا بە تاقیکردنەوەی بەرنامەکان وگیانلەبەرە جۆراوجۆرەکان هەوڵدەدەم تواناکانی ڕێگەی تاقیکردنەوە بە هەست‌و دواوەی هەستی میتافیزیکی بدۆزمەوەو ئەو زانیارییانەی لە کاتی کارکردنمدا لەسەر هەڵە بنچینەییەکان‌و هۆیەکانی دەرکەوتنی تێکچوونی هارمۆنیای مرۆڤ لەگەڵ گەردوندا لەلام کۆبونەتەوە بنێرم کە ئەنجامەکەشی –نەخۆشی، لێقەومان، چەرمەسەری‌و کلۆڵییە.

## هۆی یەکەم

زۆر لەو پرۆسانەی ئێستا لە ژیاندا روودەدەن بەرەو ئەوە ئاڕاستە کراون کە قەدەغەی نێوان هەستپێکردنو ویژدانی مرۆڤ داماڵن، هەرچییەکیش ویژدان دەبڕێ بەرابەرێکی کارتێکردن دادەنرێو کاری چالاکانەی خۆی دەستپێدەکات. جا ئەگەر چی سەدو پەنجا ساڵێك دەبێ هونەر، فەلسەفەو هەندێ قوتابخانەی رۆحانی رابەرێتی ویژدانیان کردووە، ئەوا لەم ڕۆژانەی ئێستاماندا پزیشکییش لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا هاوپەیوەند بووە.

ژیربێژی –لۆجیکی –هەستپێکردنی مرۆڤ روو لە زیندوو بوونەوەی جەستەی فیزیکی دەکات، لە کاتێکدا لۆجیکی ویژدان روو لە پاراستنو پەرەپێدانی پێکهاتە رۆحانیەکان دەکات، لەبەر ئەمەیە کۆشش بۆ تێکەڵکردنی میکانیکیانەی ئەم دوو لۆژیکە لە زۆر جاراندا دەبێتە هۆی لەناوبردنی یەکێکیان.

ویژدانی مرۆڤ ئێستاکە لە کاردایە بۆ هەڵمژینی پیساییەکانی وزەیی بە خێراییەکی گەورە، ئەمەش هەر لە بەرئەوە نا کە هەڵمژینی زۆریان هەوڵدانیانە بۆ پێدا رۆچوونی ئەوەو بەس بەڵکو چونکە مرۆڤ سەرسامو ونبو ئەمرۆ باوەڕی زۆرترە. تەنیا هێندە بەسە کەمترین ڕێژەی باوەڕ بە زانیارییە دەستکەوتوەکان ببێتە هۆی دابڕانی ویژدان لێیان. بە گەیشتنی ئەو زانیارییە دەستکەوتوانە بە ویژدان هەستە نێگاتیڤەکانو کاردانەوەکان لە چاودێری مرۆڤ دووردەبن، جا لەبەرئەوەی تەندروستی فیزیکی بە توندی بە ویژدانەوە بەستراوەتەوە لە ئەنجامی ئەمەدا پەیوەندیو ئەنجامگیریی ئاڵۆز پەیدا دەبن. نەخۆشێکم هەبوو بەردەوام سەری دێشا، پاش هەوڵدانم بۆ دۆزینەوەی هۆی نەخۆشییەکەی، دەرکەوت پێش دە ساڵ لەو دیدارەمان زۆر لە ژنەکەی پەستو





بێزار بوو، جا هەرچەندە ژنەکەی گوناهبار بوو پیاوەکە زۆر دووچاری ئەو خراپەکارییە بوو کە تووشی هات. کاتێك ئەوەم بۆ باسکرد بە سەرسوڕمانێکەوە گوێی بۆ شل کردمو لێی پرسیم: هەرچیەك دەڵێی راستە، بەڵام تکایە ئاگادارم بکە چۆنت توانی هەموو ئەو شتانە بزانیت – من مافی گومانکردنو خەملاندنم نییە، بەڵام بە دوای هۆی نەخۆشیەکەدا رۆیشتمو ئەوەی دیتم دیتم. خراپەکاری یەکێکە لە سەرپێچی کردنە هەرە بەرەبڵاوەکانی یاسایەکانی گەردون، دەشبێتە هۆی ڕوودانی نەخۆشیو لێقەومانی هەمە جۆر لە ژیاندا. پاشان قسەم بۆ دایکی کچێکی دەساڵان کرد، دایکەکە سکاڵای ئەوەی بوو دەستەخوشکانی کچەکەی لە پۆلەکەدا حەز بەبرادەریو دۆستایەتی کچەکەی ناکەن: ناوی ئەو کیژۆڵانەشی لا هێنام، بۆ ئەوەی تاقیان بکەمەوەو بزانم لەبەرچییە نایەنەوێ دۆستایەتی کچەکەی بکەن. ئەوە بوو تاقیکردنەوەکەم ئەنجامداو تەماشام کرد ڕاستە کیژۆڵەکان لەگەڵ کچی ئەم ژنەدا بە شێوەیەکی نێگاتیڤو ووشك دەجولێنەوە. بە ژنەکەم گووت:

- تۆ لە ساڵی ١٩٧٤ دا بەتوندی خراپەت بەرانبەر ژنێك کردوە، بەوەچی روویداوە؟ ئەو خراپەکارییەت لە کێڵگەیی بێۆلۆژیی خۆتدا وەك شێوازی شێواندنێك لە پێکهاتە کێڵگەییەکاندا داڕشتووە، ئەم شێواندنە گواستراوەتەوە بۆ کێڵگەی منداڵەکە، ئەم پێکهاتانە لە دژی مرۆڤ ماونەتەوە لەبەر ئەوە برادەرەکانی هەست بەوە دەکەنو حەز ناکەن لەگەڵیدا بێنو بچنو دۆستایەتی بکەن.

پاش ئەوەی دەستم بە راستکردنەوەی پێکهاتە کێڵگەییەکانی دایکەکە کرد تەماشام کرد چۆن برادەرانی کچەکە پەیوەندیی خۆیان لەگەڵیدا گۆڕیو کەوتنە دۆستایەتی کردنی. وەك دەبینن پێویستە دایکەکە خۆی دەست بە راستکردنەوەی پێکهاتەکان بکات، جا هەرچەندە خۆی شارەزای هەستو دواوەی

هەستی میتافیزکی نییەو وزەشی لە وزەی مرۆڤێکی ئاسایی پتر نییە، بەڵام دەبێ لەو چەند خاڵانەی کێڵگەکەدا جێگیریان بکات کە دەبێ کاریان تێ بکرێت، خۆی بە یارمەتی من دەکرێ بچێتە ئاستی ڕۆحانیو پەیوەندی کردن بە گەردوونەوە بۆ گەیشتنە ئەنجامی پێویست.ڕۆژێکیان دەستم کردە چارەسەرکردنی داپیرەی یەکێك لە لاوەکان، شلۆقی بنەڕەتی کە باسمان لێوەکرد، ئەو خۆ ڕاگرییەی ئەم ئافرەتە بوو لەبەر ریسواکردنی دایکەکەیدا، کە زۆر خراپەی لەگەڵ کردبوو بەوەی لە ژیانی ئاڵۆزی خۆیدا گوناهێکی کردبوو وادیار بوو دایکەکە نەیدەتوانی بە جۆرێکی تر رەفتاربکات، بەڵام کچەکەی بۆساڵانی دوورو درێژ لەسەر کارما بەسەر دایکیەوە درێژەیدا. لە ئەنجامی ئەمەشدا چارەنووسو باری تەندروستی کوڕو نەوەکەی ئەم ئافرەتە خراپ بوو. جالەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی توند لەسەر ئاستی کێڵگەیی لەنێوان کوڕ باوکاندا هەیە ریسواکردنی ڕۆڵەکان لەلایەن باوکو دایکیانەوە یان بەپێچەوانەوە لێبڕانو شێواندنێك لە نەرمو نۆلترینو روونترین پێکهاتەکاندا پەیدا دەکات، واتە ئەوانەی پەیوەندییە سروشتیو چاکەکانی نێوان خەڵکەکان پێکدەهێنن. داپیرەکە لە دایکیەوە خراپەی لەگەڵ کرابوو ئەوجا شێواوی پێکهاتە کێڵگەییەکانی گواسترابووەوە بۆ کوڕەکەی، کە شەش حەوت جار ژنی هێنا بوو، پەیوەندیی چاکیشی لەگەڵ ژنە تەڵاقدراوەکانی پاراستبوو، بەڵام نەیتوانی ژیانی خێزانی لەگەڵ هیچ کامێکیان بپارێزێ. ئەم گیروگرفتە هەروا گەیشتبووە نەوەکەشی، ئەویش لە ژیانیدا دووچاری گیروگرفتی هەمیشەیی هاتبوو، لاوێکی قۆزو باش بوو لەگەڵ کچانی زۆر چاکدا یەکتریان دەدی، لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەتوانی بارودۆخی خێزانی دروست بکات لێکۆڵینەوەی پێکهاتەکانی کارما لە ئاستی وزەدا ئەوئامۆژگارییە ئینگلیزییە لێکدەداتەوە کە دەڵێ: ((باوکو دایکت بخەوێنە، بۆ ئەوەی ڕۆژانت لەسەر ئەم خاکە درێژ بنەوە)).پەیوەندی لەگەڵ





باوکو دایك پێویستە هەمیشە پەیوەندیی خۆشەویستیو ڕێز بێت. کۆمەڵە یاساو پەیوەندییەکان کە بە درێژایی چەندان سەدەی دوورودرێژ لە کۆمەڵدا هەبوون ڕێگر بوون لە تێکدانی ناسکترین پێکهاتە کێڵگەییەکانی خەڵك، بەڵام ئێستا هەموو ئەمانە نەمانو لەناو چوون.

ماوەیەکی کورت لەمەوبەر رووداوێکی سەیر قەومابوو، ژنێك پەیوندی لەگەڵمدا کرد کەمێردەکەی توشی نەخۆشیەکی لەناکاو هاتبوو، سووتانەوەیەکی توندی ڕەگو ریشەی دەمارەکان، ناچاریش بوو بە ئەرکێکی درێژ خایەن سەفەر بکات. لە دوورەوە بارودۆخەکەیم پشکنی تەماشام زۆر گرانە تەماشام کرد ماوەیەکە توشی نەخۆشی دڵ بووە، ئێستاش گیرۆدەی ئازارێکی زۆرە لە ناوچەی سێ بەنگەیدا. دەیویست بچێتە لای پزیشکان بۆ نەهێشتنی ئەو ئازارە، بۆ خۆش بەختی نەچووبوو، لەبەرئەوەی دوور نییە گیروگرفت لە دڵیدا دروست بێ.لای ئەم پیاوەگەنجە تێکچونێکی کارما بە دیار کەوتبوو، کە لە شێوەی هەستکردنێکی بەهێز بوو بە ریسوابوونو سوکایەتی پێکردن، کە لە ڕێگەی دایکیو منداڵەکەیەوە بۆی گواسترابۆوە، لەبەرئەوە ویژدانی بێزار بوو، رووداوو گیروگرفتەکانی ئەم ساڵانەی دوایی تێیاندا ژیابووە هۆکاری ئەوەی بەبێ دەستەلاتی خۆی دەکەوتە هێرش بردنە سەر خەڵك بە چەشنێکی دوور لە ئیرادەی خۆی لەسەر ئاستی کێڵگەیی، هەرلەبەر ئەوەش سوکایەتی پێکراو چەند لێدانێکی بەراوەژوی توش هات. ئەم شتانەش بە جۆرێکی نێگاتیڤ کاری کردە سەر بارودۆخی فیزیکیو، لە پلەی یەکەمدا سەر دڵی.ئەو وەك مرۆڤ کەسێکی باش بوو، بەخشندە بوو، خاوەن هۆکاری ڕۆحانی بەرز بوو، کە ئەمەش پاراستنێکی چاکی بۆ مسۆگەر کردبوو، لەبەر ئەوە سزای بنچینەیی لەسەر جەستەی بە دەرکەوتو، دوچاری نەخۆشی بوو. لەسەر حیسابی ئازاری فیزیکی گیانی رزگار کرد. ئەو ئازارانەی لە ناوچەی سێ بەنگەی دا پەیدا بون لە

جەڵتەیەکی مسۆگەری دڵ رزگاریان کرد، تەنانەت ئەو شێواندنە گەورەیەی کە تووشی کێڵگەکەی هات دەگۆڕدرا بە نەخۆشی فیزیکی توندی فەرمانی یان ئۆرگانیکی. جا ئەگەر مەساژ واتە شێلاندنی بۆ بکرایە گیروگرفتی توندی لە دڵدا بۆ دیار دەکەوت، هەموو ئەم زانیارییانەشم لە لێکۆڵینەوەو بە دواداچوونی لە دوورەوەی پێکهاتە کێڵگەییەکانیدا دەستکەوتن. زۆریش پێویست بوو کارما پاك بکرێتەوەو هۆکارە سەرەکییەکانی نەخۆشیی لێدەربهێندرێن. بە تەلەفۆنیش هەر کاتژمێرەی جارێك لەگەڵ خزمەکانیدا پەیوەندیم دەکرد بۆ روونکردنەوەی تێکچوونەکە، ئاستی وزەی یەکجار نزم بوو، بەرەبەرە روو لە بەرزی بوو. بەلای منەوە گرنگ ئەوە بوو هۆکارە سەرەکییەکەی بۆ بگێڕمەوە سەرپێوانەی ئاسایی‌و پاکردنەوەی کارما لە تێکچوون‌و نەك تەنیا نەهێشتنی ئازارە جەستەییەکان بەڵکو هۆکارەکانیشیان، ئەمەش لەبەرئەوەی بە تەنیا نەهێشتنی ئازارە فیزیکییەکان رێگر نابێ لە گواستنەوەیان بۆ کەسێکی تر،و رێگەی هارمۆنیاکردنی کارما کاریگەر نییە، لەوانەبوو پێش کاتی سەفەرەکەی لە چارەسەرکردنیدا سەرکەوتوونەبم، بەڵام هۆکارەکانی نەخۆشییەکەی دابخەم.تا نیوە شەو توانیم لەسەر پەیوەندی بەردەوام بووم. بەیانیش دەستم بە پشکنین کردەوەو تەماشام کرد دیسان ئاستی وزە نزم بۆتەوەو شێواوی کێڵگەیی بەدیارکەوتووە هۆی ئەمەش ئەوەتە لە من بێزاربووە، لە ئێوارەشدا هەوڵیدا هەستێت بەڵام کەوت‌و لە هۆش خۆی چوو، ئامادە نەبوو رێگە چارەکەی من وەربگرێ‌و پێموایە کارتێکردنی هەست‌و دواوەی هەستی میتافیزیکی راستەوخۆ ئازارەکانی لادەبات. بۆشم روون کردەوە کە هیچ پێویست بە بێزار بوون ناکات چەندان ساڵە سەرپێچی لە یاسایەکانی باڵادا کردووەو ئێستاش بە چەند کاتژمێرێك چارەسەر ناکرێت. لە سەر کارتێکردنی بەردەوام بووم، تا کاتێك ئێوارە داهات هیچ ئازاری نەماو بۆ بە جێگەیاندنی ئەرکەکەی سەفەری





کرد.پاشان دوای چەند رۆژێك هاوسەرەکەی پەیوەندی کردو داوای لێکردم سەرنجێکی کچەکەی بدەم، ئەم کچە لە قوتابخانە هۆشمەندیی لە دەست دابوو، پزیشکەکانیش بۆیان نەکرا بزانن چی بەسەر هاتووە بێگومان گوناهباریش لە هەموو ئەوەی روویدا بوو باوکەکە بوو، بارودۆخی منداڵەکە یەکجار خراپ بوو چونکە باوکەکە دیسان لەمن بێزاربوو، لەبەر ئەوەی ((مۆر کارما)) زۆر خاوێن بوو، خراپبوونەکە بە پێچەوانە هەڵگەڕابۆوەو منالەکە توش هاتبوو، لە کۆنیشدا کاتێك قەشەکان شوێن یاسایەکانی باڵا دەکەوتن هەر خراپەیەکیان لە کەسێکی ترەوە ئاراستە بکرایە بە پێچەوانەوە دەگەڕایەوە بۆ خاوەنەکەی‌و لەسەر ئەوە سزای دەدرا. ئەمەش کارێکی پاراستن بوو، خەڵکەکە زانیبوویان کە نابێ لە دژی قەشەکان خراپە بکرێ‌و، خۆیان ئەنجامی ئەوەیان دیبوو. هەستیان پێکردبوو، بەڵام ئێستا هەمووان خاوەنی کارمای نێگاتیڤن‌و، لەبەر ئەوە خراپە کاری دەرژێتە کێڵگەوەو هیچ سزایەکی لەسەرخۆ یان خێرا روونادات، ئێمە بەرە بەرە دەمرین. تێنەگەیشتنمان لە هەستەکان لە بینینی پرۆسە راستییەکان رێگرمانە.

ژنە نەخۆشییەکی تر بۆی باسکردم‌و گوتی: لە هاوسەرەکەی جیابۆتەوە، لەو باوەڕەشدایە کە گوناهبارەوهۆکاری ئەم جیابونەوەیەش خەسویەتی، واتە دایکی مێردەکەی. هەرچی لە دەست هات بۆ لێك جیاکردنەوەیان کردی، بەڵام وێڕای ئەوەش لە لایەن ژنی کوڕەکەیەوە هەرچی پەیوەندی چاکە دەردەکەوتن. کەوتمە تۆژینەوەو گەڕان بە دوای هۆکاری پەنا بردنی ئەم دایکە بۆ ئەو کردەو رەفتارانە، بۆم دەرکەوت کەلە پێش لە دایك بوونی کوڕەکەیدا زۆر رقی لە مێردەکەی بووە، لێی بێزار بووەو، کاتێکی درێژ هەستی بەمجۆرە بووە. خۆشی قەناعەتی پێدەکرد کە ئەو خراپەکارییە بەسە بۆ جیابوونەوە، ئەم هەستە نێگاتیڤانە کۆمەڵە زانیارییەکیان پێکهێنا کەلە ناو ویژدانیدا مانەوە، جا هەرچەندە دایکەکە لە دەمێکەوە ئەم رووداوەی لە بیر کردبوو، ئێستاکە بە

جۆرێکی ئاسایی دەژی، بەڵام پێکهاتەکان هێشتا لە کێڵگەکەیدا ماون، کەوتوونە تێکدانی هاوپەیوەندی لەگەڵ کوڕەکەیدا، بەرنامەی تێکدانی پەیوەندی لە نێوان خەڵکدا کاردەکاتە سەر پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی خۆشەویستدا کە کوڕەکەیەتی‌و، چارەنووسی‌و پەیوەندی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دادەڕمێنن. لە رووکەشدا دایکەکە دەتوانێ ئەمە وا لێکبداتەوە کە ژنی کوڕەکەی خۆی لا پەسەند نییە، بەڵام لە راستیدا میکانیزمی‌پاراستنی خراپە لەمەدا کاری خۆی دەکات. لەبەر ئەوە خراپەکاری لەلایەن کەسێکەوە کرابێ تاهەتایە لەناو ناچێت‌و لەناو ویژدانیدا مەڵاس دەدرێ‌و زوو بێ یان درەنگ دەردەکەوێتە دەرەوەو هەمیشە لەوانەدا دەردەکەوێ کە نزیکمانن‌و زۆرمان خۆشدەوێن.

ئەوەش دایکێکی گەنجە بۆ چاری منداڵەکەی لە نەخۆشی گورچیلە (نەساخباری) ((دیاسیس)) هاتووە،کاتێك لە هۆکاری نەخۆشییەکەم دەتۆژییەوە لە دایکەکەم پرسی‌ئەو کەسەی کە زۆری لا بێزار بوو چۆن دەردەکەوت، بەڵام ژنەکە ئەوەی لە یاد نەمابوو. دەستم کرد بە چارکردنی منداڵەکەی. تەماشام کرد لە کێڵگەیدا شێواوی هەیە. بەڵام بارودۆخی منداڵەکە زۆر خراپ تر بوو، نەخۆشیی گورچیلە زۆرتر پەرەسەند. پاش شیکردنەوەی هۆکاری نەخۆشییەکە بۆم دەرکەوت کە من تەنیا چینی سەرەوەم دیوەو هۆکاری راستەقینەش تەنیا یەکێك نەبووە. منداڵی یەکەمی بەهۆی نەخۆشی ((توندی گورچیلەوە)) مردووەو هەر ئەو هۆکارەشە منداڵی دووەمی توش کردووە کە ئەویش بێزاریی زۆرە لە هاوسەرەکەی. پاش راستکردنەوەی ئەمە منداڵەکە زۆر باشتربوو. بەڵام لەڕێ لادانی کێڵگەیی بە تەواوی لەناو نەچوو.

لە ژنەکەم پرسی:

- ئاخۆهێشتا لە هاوسەرەکەت بێزاری؟
- بەڵێ پیاوێکی گوناهکاربوو، زۆری خراپە بەرانبەرکردم.





بۆم باسکرد کە ناکرێ گوناهکاربێت، پەیوەندی خەڵك لەگەڵ یەکتری لە شیفرەی کێڵگەکانیاندا یەکدەگرنەوە.کێڵگەی هەر مرۆڤێکیش چەندان بەرنامەی تێدایە کە پەیوەندییەکەی لەگەڵ دنیای دەرەوەداو لەگەڵ خەڵکی دەوروپشتیدا دیاری دەکات، هەرچی ئەوەش کەلە دەوروپشتەکەی لە خۆشەویستی یان کینەو خراپە هەست پێدەکەن بە تەواوی لەگەڵ ئەوەدا جووتن کەلە کارمای ئەو کەسەدا کەڵەکە کراوە. لەبەر ئەوەی کەسانی واهەن بە شێوەی هەمیشەیی خراپە لەگەڵ کەسوکاریان دەکەن‌و، کەسانێك هەن هەمیشە دوچاری لێقەومان دەبن‌و کەسانی تریش کینە لە دڵن‌و بەمجۆرە. هەروا لە کێڵگەی مرۆڤدا جۆرە بەرنامەی دیکە هەن کە تایبەتین بە پەیوەندی لەگەڵ خودی خۆیان‌و، جۆری تایبەتی بە پەیوەندی لەگەڵ خەڵك.پێویستە خراپە بەخراپە بەرپەرچی نەدرێتەوە، دەکرێ تەنیا لەسەر ئاستی فیزیکی بەرگری بکرێت بەڵام پێویستە لەسەر ئاستی رۆحی هەستی ئاشتی‌و بێوەیی بپارێزرێت‌و پێویستە بەرانبەر هەموو خەڵکی پارێزگاری هەستی چاکەو خۆشەویستی بکرێت.

هەڵچوون‌و تورەبوون بەرانبەر خەڵك هەوڵدانی هێرش بردنە بە وزە نەك تەنیا بۆ سەر مرۆڤێکی دیاریکراو بەڵکو بۆسەر گەردون، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی شێواندن لە پێکهاتە کێڵگەییەکاندا. باشترین پاراستنێکیش لە کلۆڵی‌و نەخۆشیەکانی کە ((بە چاوەوەبوون)) ناوی دەبەین ئەو برگەیە یە کە دەڵێ ((نوێژ لە پێناو ئەوانەدا بکەن کە جوێنتان پێدەدەن‌و بە لەعنەتتان دەکەن‌و دوعا بۆ ئەوانە بکەن کە ڕق‌و کینەیان بەرانبەرتان هەیە)).

جارێکیان ئەو سیستەرەی لای من کاردەکات حەزی کرد یارمەتی کوڕەمامەکەی بدات، ئەو سەرپێچییانەم بۆ روونکردەوە کە ئامۆژنەکەی کردویەتی، پاشان ڕۆیشت بۆکلێسا لەوێ لە ناکاوتووشی بارێکی خراپ بوو. کاتێك

کێڵگەکەیم پشکنی تەماشام کرد بە تەواوی دارماوە یەکێك لە هۆکارەکان بێزاریی زۆری بوو دەرهەق بە ئامۆژنەکەی، پاشان چووە نزاگەی کڵێساوە تا نزای شەڕ لە ئامۆژنەکەی بکات بەهۆی کارو کردەوەو گوناهەکانییەوە، بەڵام هەست کردن بە خراپەکاریو هیواداریی شەڕ لە کێڵگەی پەرستگەکەدا کەڵەکە بون لە کاتێکدا ئەو کێڵگەیە بۆیەکێتی خەڵكو خۆشەویستی ئاڕاستەیە، ئەو هەستکردنانە بە توندی گەورەبوونو پێکهاتەی کێڵگەیی نێگاتیڤیان لێکەوتەوە.

لە رووداوێکی تردا لە کاتی ڕاوێژ پێکردندا ژنێك داوای لێکردم لە دوورەوە نوسینگەی کارەکەی بپشکنمو کاری تێبکەم، ئەمەش لەبەرئەوەی چونکە لەم ڕۆژانەی دواییدا بە هیچ جۆرێك حەز ناکات بڕواتە نوسینگەکەی. پێکهاتەکانی وزەی ژوورەکەم پشکنیو سێ ناوچەی خاوەن وزەی زۆر نێگاتیڤم دیتەوە. هۆکاری دەرکەوتنی ئەم ناوچانە جۆربەجۆرنو زۆرترینی ئەم ناوچانە مەترسیدارتر پانتایەك بوو کە تیرەکەی نزیکەی دوو مەتر بوو لەلایەن پیاوێکەوە دیترابۆوە کە توانیم شێوەی دەرەوەیو تەمەنەکەی بۆ ئافرەتەکە روونبکەمەوە، بەڵام ئافرەتەکە زۆر سەرسام بوو چونکە ئەو پیاوەی بۆم باس کرد برادەرێکی هێمنو چاكو دڵڤینی خۆی بوو، لەوانە نەبوو بەرنامەی وێرانکاریو کینە دارێژێ. پاش بە دواداچونی تۆژینەوەکە دەرکەوت ئافرەتە لە هەندێ شتدا لەسەر هەقەو لە هەندێ شتی تردا هەڵەیە. تەماشام کرد بەرنامەی رقو کینەو کاولکاری لە ئاستی ویژداندا لای ئەو کەسە بەرەو رووی ژنان ئاڕاستە کراوە. نمونەی ئەم جۆرە بەرنامانەش بە شێوەی ئاسایی لای کەسە دێرینەکان دەردەکەون. یان بەهۆی ژیانی پەردە پۆشیی پێشویانەوە ئەنجامیانداوە بۆیان دەگوێزرێتەوە. لەم بارودۆخەماندا ئەم بەرنامەیە لە لایەن نەنکی دایکی ئەم برادەرەوە ئامادە کرا بووکە حەزی لە دوو گیانی نەکردبوو ئاواتە خوازی مردنی کچەکەی بوو کە پاشان لە دایك بوو، ئەو بەرنامەیەش هێندە بەهێز بوو تا ئەو





ئاستەی بە چەندان نەوەدا ڕێگەی گواستنەوەی دابوو. ئەمەش بێئەوەی هەڵگری بەرنامەکە گومان بکات یان سەرنج بدات، ئەم بەرنامەیە ئافرەتانی لەبارەی ویژدانەوە ویران دەکرد. ئەمەش زۆر کاری کردبووە سەر ژیانی تایبەتی برادەرەکەی ئەو ئافرەتە. ژنە هاوسەری یەکەمی باسی دەکرد کە جاروبار هەستێکی زۆر سەیر هەبوو، بێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانێت، بێئەوەی بایەخێکی زۆریشی پێبدات، تەنانەت جارێکیان هەوڵیدا مێردەکەی بە چەقۆ بکوژێت، ئەمەش یەکێك بوو لە هۆکاری جیابونەوەیان. بەڵام لەگەڵ ژنی دووەمیدا پەیوەندییەکانیان کەمێك باشتر بوون، بەڵام دوای پێنج ساڵ لە ژیانی هاوبەشیان ئەو ژنە بە رووداوێکی دڵتەزێن کۆچی دوایی کرد. دوای تۆژینەوە لە پێکهاتەی کێڵگەیی هەردوو ژنو مێردەکە تەماشام کردلە هەردوو بارودۆخەکەدا هۆکارەکە بەرنامەی میکانیزمی وێرانکردنی ئافرەتانە، کەلە کێڵگەی ئەو پیاوەدا شاردراوەتەوە. شایانی باسە بگوترێ کە چەند هەڵگری ئەو بەرنامەیە پەیوەندیی لەگەڵ ئافرەتە قوربانیەکەدا بەهێزتر بێ ئەوەندە بەرنامەکە بەهێزتر کاردەکات. ئەم پیاوە هیچ منداڵی نەبووە. ئەگەر لە دایك ببونایە بەرنامە وێرانکارییە کە یان لە باوکیانەوە وەردەگرت. بەبێ خواستی خۆیان زۆر ئافرەتیان دەکوشت، بەڵام ئەگەر کچانی ببونایە ئەوا توانای ژیانیان نەدەبوو.

ژنێك هاتە لام حەزی کرد یارمەتی برادەرەکەی بدەمو، لەبەرئەوەی دەیزانی من بەهۆی وێنەی کەسەکەوە توانای چارەسەر کردنو راستکردنەوەی کێڵگەم هەیە، وێنەی ئەو کەسەی بۆ هێنامو داوای لێکردم چارەسەری بکەم. منیش بە ڕێگەی کارتێکردن لە دوورەوە، بەرنامەی وێرانکاریم لە کێڵگەکەی داماڵیو لە راستیشدا ئەمە یەکێکە لە ڕێگەکانی فێڵبازی کە بەشێوەی ئاسایی بەکاریناهێنم بەڵام نازانم بۆچی بڕوای خۆم گۆڕیو بڕیارم لەسەر دا. من دەزانم تەنیا ئاڵوگۆڕە رۆحانییەکانو هەستییەکان نەخۆشەکە چاکدەکەنەوە، لە کاتێکدا

ئەوەی کردم یەکێك بوو لە ڕەگەزەکانی جادوگەری، ڕەنگە لەبەرئەوەبووبێت کە حەزم دەکرد پارمەتی ئەو ژنە بدەم، لەبەر ئەوە جوڵەیەکی ئاماژەکاری کاریگەرم کرد، زۆریش هەستم بەخۆشی کرد کەوا چارەنووسی کەسێك ڕزگار دەکەم. دیدارەکەمان کۆتایی هاتو زۆریش لە کۆتاییەکەی بەختیاربوم. بەڵام دوای چوار کاتژمێر هەستکردنێکی زۆرم بە مەترسی لا دەرکەوت.کەوتمە گەڕان بە دوای هۆیەکەیداو تێگەیشتم کە بەرنامەی وێرانکاری تەنیا بە تۆبە کردنو پەشیمانی نەبێت لە ناو ناچێت، بەڵام ئەگەر لە کێڵگەی مرۆڤەکەت بە داماڵین داماڵی، ئەوە لە جێگەیەکی تر لەسەر مانەوەی بەردەوام دەبێو لەوێدا کاری خۆی چالاك دەکات. لەبەر ئەوە پێویست بوو بەدوای ئەو شوێنەدا بگەڕێم کە ئەو بەرنامەیەی بۆ چووە، دوای بە شوێندا چوونی بۆم دەرکەوت کە گواستراوەتەوە بۆ کێڵگەکەی خۆم. ئەو کاتە زانیم بۆچی جادوگەرو فێڵبازەکان نەخۆشییەکان بۆ ناو ئاوو یان خاكو خۆڵو یان بۆ ناو درەختەکانو هەر مادەیەکی تر فڕێ دەدەنو گۆڕ دەکەن، بە پێچەوانەی ئەمەوە بەرنامەکە کارلەو کەسە خۆی دەکات کە لە هەڵگرەکەیەوە دەریهێناوە. ئیتر کەوتمە گەڕان بە دوای بەرنامە لە پێکهاتەی کێڵگەییمدا، بەڵام بۆم نەدۆزرایەوە. بەڵام لە کێڵگەی کوڕەکەمدا دۆزیمەوە.جا لەسەری پێویست بوو دەستبەرداری کارمای ئەو کەسە بێت کە ڕزگارم کردو بە میراتی بۆی نەمێنێتەوە،کە دەست بە وێران کردنی ئەو ئافرەتانەی خۆشیان دەوێت بکات. بۆم نەکرا بەرنامەکە لە کێڵگەی کوڕەکەمدا ڕاگیر بکەم، پاش کۆشیشکی زۆر توانیم نزیکەی ٠/٠٦٠ ی تێکبدەم، لە کاتێکدا لەسەر خۆی پێویست بوو لەبەر پاشماوەکەیدا خۆی بگرێت لە ڕێگەی گوناهکاریی نەخۆشییەکانەوە لەناو ئاو یان هەر مادەیەکی تردا کە باوەڕێکی چەوتە، بەڵام لە پاشدا تۆزێك بە درێژی باسی لێوە بکەین.

بەشێکی زۆری نەخۆشییەکان لە ئەنجامی نەزانینی خەڵکەوە دێت لە





بارەی مەترسی ئەو چالاکییە ڕۆحیە بەهێزانەی دەیانهاوێژنە سروشتەوە، یان بەرزکردنەوەی ئاستی بەختیاری‌و دڵداری – عەشق – لە کاتێکدا کە ئاستی وزە لای مرۆڤ بە توندی چالاك دەبێتەوەو کاردانەوەکانو بیرو باوەڕە نێگاتیڤەکان زۆر تر دەبن.

ڕۆژێکیان ئافرەتێکیان پێناساندم کە داوای دەکرد پارمەتی کوڕەکەی بدەم تا لە خوی میزکردن لە کاتی خەودا ڕزگاری بێت، منیش کەوتمە گەڕان بە دوای هۆکاری میز بە خۆدا کردنی کوڕەکەو گوتم: تۆ لە کەسێك بێزار بوویتو ساڵێکیان هیوای شەڕو خراپەت بۆ خواست. ئافرەتەکە ئەوەی نەهاتەوە یاد. منیش مێژووەکەم بۆ دیاریکرد.

- ئەوە ڕووداوە لە مانگی شوباتدا بوو لە نێوانی یانزەو دوانزەی مانگدا.
- ئەوە ڕۆژی شوو کردنەکەمی هێنامەوە یاد.
- لە ڕۆژی شوکردنەکەتدا چی ڕوویدا؟

ژنەکە نەیتوانی هیچ کاردانەوەیەکی توندی نێگاتیف یان هەر کارێکی خراپی هاوپەیوەند بە ڕۆژی شاییەکەوە بێتەوە یاد. بەڵام من بێزارییەکی زۆری ژنێکی خزمی مێردەکەیم دی.

- نابێ ناخۆشیت لەگەڵ ماڵی خەزورانت ڕووی دابێ؟

ژنەکە زۆر بە زەحمەت ئەوەی هاتەوە یاد کە دایکی مێردەکەی شتێکی پێگوتووە، بەڵام ئەم هەستێکی گەورەی بێزاریی لاپەیدا نەکردووە، کەوای لێبکات بە درێژایی ئەم ماوەیە لە یادی بمێنێت.

ئیتر تێگەیشتم چی ڕوویداوە.

- لە ڕۆژی شاییەکەتدا لە بارێکی هەڵچونی توندا بوویت، وزەیەکی یەکجار گەورەت هەبوو، لەبەر ئەوە کەمترین سوکایەتی پێکردن لە خەزورانتەوە بووە گەورەترین زیان بۆ تۆ، با بگەڕێینە دواوە ئەو سوکایەتی پێکردنە ئێستا لە میز

به خۆدا کردنی کاتی نوستنی منداڵەکەتدا بە دیاردەکەوێت،میز بەخۆداکردنی منداڵەکەت لە خەودا نەخۆشیی نیە.

بەڵکو نیشانەی روودانی شوومێکی بەهێزە لە پێکهاتە رۆحانیەکەی منداڵەکەدا، ئەم خەمە کارتێکردنێکی هێواشی هەیە کە هەمیشە لە شێوەی نەخۆشیدا لای منداڵ دەرناکەوێت، دوور نییە چارەنوسێکی بەدبەختانەی هەبێت یان خوارو خێچی لە پێکهاتەی دەرونیو یان هەڵچونیدا هەبێت. لەبەرئەوە هەر هەستکردنێك بە سوکایەتی گەیشتۆتە قوڵایی لە دەروندایان ئەو هەستەی مرۆڤ ناتوانێ تا کاتێکی درێژ لێی رزگار بێتو مەترسییەکی گەورەش پێکدەهێنێ. مرۆڤ هەوڵدەدا لەبواری ویژداندا لە هەست کردن بە سوکایەتی رزگاری بێت بێئەوە لەلایان کەڵەکە بێت، لەو رێگایانەی کە بۆ رزگار بوون لەم هەستە گیراونەتە بەر: گریانو لالانەوە، شکاندنی قاپو قاچاغو جوێن پێدانو بەمجۆرە، ئەگەر کاتی هەستکردن بە سوکایەتییەکە درێژە بکێشێت زۆرتر مەترسیدار دەبێو نەك تەنیا ئازاری ئەو کەسە بێزاربووە دەدات بەڵکو تەنانەت ئازاری خزمەکانو رۆڵەکانیشی دەدات. کەسانی لەش ساغو تەندروست رێگە بە خۆیان نادەن تا کاتێکی درێژ پەستو بێزار بن. لە هەردوو ئایینی هیندۆسیو کریستیانیدا جەژنی لێبوردنی یەك شەمە هەیە، مرۆڤ لەو جەژنەدا داوای لێبوردنو لێخۆش بوون لە گشت ئەو سوکایەتی پێکردنو ئازاردانە دەکات کە بە هۆیەوە بووە، جا ئەگەر چی بە دەستی ئەنقەست بووبێ یان لە خۆڕا. جا ئەگەر مرۆڤ لە قوڵایی دڵیەوە ئەمە بکات ئەوا میکانیزمی تۆبە بەکاری کاردەکاتو پاکردنەوەی خۆبەخۆی ویژدان روودەدات، ئەوەشی لێرەدا لێی دەترسێم ئەوەیە هێشتا مانای تۆبەکاری لای ئێمە تا رادەیەکی زۆر نادیارو شاراوەیە.

هەستکردن بە پەشیمانی – مانای تەرخانکردنی هەموو هێزەکانە بۆ





خۆگۆڕینو دوور کەوتنەوە لە گوناهکاری لەگەڵ سوور بوون لەسەر نەگەڕانەوە بۆ گوناهکاری، ئەم پرۆسەیە،ئەو بیرۆکەیەی لە دوای پچڕاندنی وزەوە شاراوەتەوە، کەلە کاتی دانپێدانانو هەست کردندا بە پەیدا دەبێ لە پێناو داهێناندا دەکەوێتە کار. لە کاتی هەست کردندا بە پەشیمانی پچڕاندن لە ئەڵقەی هۆکارو ئەنجامەکاندا روودەدات، هەموو گوناهێك دەکەوێتە راکێشانی گوناهەکەی دوای خۆی. میکانیزمی ناردنی زانیارییەکان واتە کەڵەکە بوون، بەرنامەکان چالاك دەکاتو پاشان لە رێگەی گوناهکارییەوە بەکاردەهێنرێو لە کاتی تۆبە کردندا رادەگیرێ.

تۆبەکار لە ئاینی هیندۆسیداو تاوانکاری لە خاچدراو لە ئایینی کریستیانیدا زۆرتر دەبنە پیرۆزو پاکژ، لەو پێناوەشدا پێویستیان بۆ ئەوەی بە درێژایی ژیان لە پاکژیو پیرۆزیدا بژی.

ئەو مرۆڤەش کە خاوەنی KARMA ی خێزانیو خۆیی پاكو خاوێنە بەهێزێك هەیە کە دە هێندەی هێزی ئەو مرۆڤە بێ کە خاوەنی KARMA ی خێزانیو خۆیی پاكو خاوێنە پێویستی بە کەمترین کۆششە بۆ هێنانەدی ئەنجامی مەزن تەنانەت ئەمە لەوەش کەمترە کە مرۆڤی ئاسایی پێویستی بە کۆششە تابێتە کەسێکی رەوشتبەرز. لەبەر ئەمە لە هەموو هەوڵدانێکی تاقەکەسی مرۆڤدا بۆ گەیشتنە یەزدان لە رێگەی نیشانەکانیەوە کەلە توانادان، لە راستیدا دیسان لە لایەن یەزدانەوە پێی بەخشراوە.

دەبێ میکانیزمی تۆبەکردن بە شێوەی هەمیشەیی لەگەڵ تێگەیشتنی راستەقینەی تابلۆی جیهاندا هاوپەیوەند بێ: بۆئەوەی دان بە سەرپێچیکردنی یاسادابنێین دەبێ یەکەمجار شارەزای ئەو یاسایە بین.

لە سەرەتادا پێشنیارم کرد کە تۆبەکاری تەنیا ئەو بەرنامانە وێران دەکات کە لەلایەن هەڵچونە نێگاتیڤەکانەوە داڕێژراون وەك: کینە، ریسواکردن،

هیواداریی شەڕو خراپەو، ڕق هەڵگرتن، بەڵام ئێستاکە دەڕوانم توانایەکانی پەشیمانی زۆر لەوە گەورەترن‌و، لەوەش گرنگتر ئاڵوگۆڕی مەزنترینە لە پێکهاتە کێڵگەییەکاندا.

هەموو مرۆڤێك لەسەر ئاستی ڕۆحانیی ناسك بە خوداوە هاوپەیوەندە، وەك هاوپەیوەندی هەرشانەیەکی لەش لەگەڵ بەشەکانی لەشدا، ناشکرێ ئەم هاوپەیوەندییە نەهێڵدرێت هەرچەندێ KARMA ی ئەو مرۆڤە سەخت‌و گران بێت، هەرچەندی ڕەفتاری خراپ بێت. پێکهاتەی کێڵگەیی لای هەر مرۆڤێك زانیارییەکانی تێدایە لەسەر ئەو سەرپێچیانەی باب وباپیران دەرهەق بە یاسایەکانی باڵا کردویانەو خێزانەکانی ئەو باپیرانە لە ژیانی رووکەشی پێشویاندا کردوویانە، جا هەرچەندێ ئەم سەرپێچیانە گەورەو بەهێز بوون ئەوەندەش بونیان لە ئاستێکی زۆر نەرم‌و نۆڵتر دابووە.

بوونی دوو گوتاری پێچەوانەی یەك لەبارەی گوناهە یەکەمینە سەرەتاییەکانەوەو لەبارەی! پاکژیی یەکەمینەوە لای مرۆڤ ئەو کاتە لێتێگەیشتنی دەبێ ئەگەر بیر لە ئاستە جیاوازەکانی پێکهاتەی کێڵگەیی بکەینەوە، لەبەرئەوە هەوڵدانی رووکردنە کردگار بەهۆی تۆبە کردنەوە شتێك نییە جگە لە دەرچوون لە ئاستەکانی زۆر نەرم‌و نۆڵترو بڵندتر لە ڕۆحانیەتی مرۆڤداو پاکژکردنەوەی ERO KARMA جەخت کردنەوە لەسەر یەکێتی هەموو شتەکانی دەورو پشتمان هەندێکجار بە ڕێگەیەك دەبێ کە بەتەواوی پێشبینی نەکراوە.

ڕۆژێکیان ئافرەتێکی ناسیاوم پەیوەندی کرد بۆ ئەوەی ئاگادارم بکات کەوا سەگەکەی دەمرێ، چونکە ژارێکی خواردوە کە نازانرێ کێیە دەرمانخواردی کردووە. وا ئێستا خەریکە دەمرێ، ناشزانین ئایا لە توانادایە رزگار بکرێ. لە دوورەوە وزەی سەگەکەم پشکنی‌و تەماشام کرد هەندێ پەڵەی ڕەش لە ناوچەی





گەدەیدا هەیەو هەروا لە سەریدا، ژارەکە کاری خۆی لە مێشکی سەگەکە کردوەو، توانای جوڵەی نەماوە.

- ئایا دەکرێ لە باری وزەوە کاربکرێتە سەرژارەکە؟

- دەکرێ – ئیتر لە دوورەوە کەوتمە بەتاڵکردنەوەی کاری ژارەکە لەلە شی سەگەکەداو، ئەو دەرمانانەم هەڵبژارد کە دەکرێ بدرێتە سەگەکە.

- چەند حەبێکی ئەسپرین بخەرە ناو پەرداخێك ئاوەوە با سەگەکە بیخواتەوە – ئەمەم بە تەلەفۆن بە ئافرەتەکە گووت. دوای نیو سەعات پەڵە ڕەشەکان گۆڕدران. ڕەنگیان بووە زیوی‌و کەمبونەوە، سەگەکەش بەرەبەرە هاتەوە سەر بارودۆخی ئاسایی خۆی‌و، وزەکەشی زۆر چاکبۆوە. لای من زۆر پێویست بوو بزانم بۆچی سەگەکە ژاری خواردوە، لەسەر لێکۆڵینەوە بەردەوام بووم‌و بۆم دەرکەوت کە هۆی ئەمە کردەوەی خاوەن ماڵەکە بووە، ئەم ئافرەتە پێش کاتێکی کورت لەوەو بەر سەرپێچی لە یاسا باڵاکانی گەردون کردوە، لە کتێبی دووەمدا بە درێژی باسی هۆکارەکانی دەکەین.

لەگەڵ ئافرەتێکی گەنجدا قسەم کرد، کە توشی رووداوێکی ئۆتۆمبێل هاتبوو، بەو هۆیەوە مێشکی توشی شڵەقان هاتبوو، ئێستاش لە دەستێکیدا پەنجەیەکی پەکی کەوتبوو. گەڕام بە شوێن هۆکاری رووداوەکەداو بۆ ئەو مەبەستەش ئەنجامەکانم شیکردەوە، پاشان بۆ ژنەکە روونم کردەوە پەیوەندیی ئەو رووداوە چییە لەگەڵ ئەو گوناهانەی کردوونی.

- بەڵام ئاخۆ تەندروستیم چۆنە؟

- ژنەکە لێی پرسیم.

کاتێك کەسێك دیت‌و، ئامادەنییەو سازنییە بۆ ئەو ڕێ وشوێنەی مامەڵەی پێدەکەم، وا پێشبینی دەکا کەمن بە جوڵاندنی دەستەکانم ئیشارەتیپێبدەم، لێکدانەوەکەی من لەوەی کە بەسەری هاتووە بە شێوەیەکی جیدی وەرناگرێ،

تێناگات ئەم ڕێگەیە راستەوخۆ چەند کاریگەرە، تەنانەت هەندێك جاروبار زۆر پەستو بێزاریش دەبن، بە داخەوە ئەمەش وا روونادات هیچ پاشماوەیەکی لە دواوە نەمێنێ.

پاش چەند ڕۆژێك ژنەکە بەرەو چاکبونەوە چوو، بەڵام کە بۆ جاری دووەم هاتەوە لام تەماشام کرد بەهۆی کەم باوەڕی بەمنو بەهۆی میکانیزمی هێرش بردنییەوە بۆ سەرم شێواوی کێڵگەیی لا سەرنج دەدرێو ئەمەشم بۆ روونکردەوە، گوتی:

- ناکرێ ئەمە ڕووی دابێ.

باشە، تەماشام بکە ئەوا هەموو بارودۆخەکەت بۆ وێنە دەکێشم: پاش دە دەقیقە لە دەرچونت هەست بە نا قایلی دەکەیت، لەبەرئەوەی KARMA پاکژنییە سەرپێچییەکانی دایکتو باوکتی چۆتە سەرو، هێرشێکی راستەقینە بۆ سەرمن دەستپێکراوە. لەم ساڵانەی دواییدا هیچ گیرو گرفتێکت هەبووە؟

- بەڵێ هێندەی نەمابوو لە رووداوی ئۆتۆمبیلدا سەگەکەم لەدەست بچێ.

ئیتر دەستم کردە وێنە کردنی پێکهاتەی کێڵگەیی سەگەکەو ژنەکە، کەچی ئەم پێکهاتانە وەك یەك بوون. ئاژەڵی ماڵی بە ڕەفتاری خاوەن ماڵەکە کاری تێدەکرێو، نەخۆشییەکانو توشبونەکانی ئەم ئاژەڵانە ئاساییە کە بەهۆی گوناهەکانی مرۆڤەوە رووبدەن.کێڵگەی سەگەکە خاوێن بوو، بەڵام پاش هاتنی ژنەکە بۆ لای من شێواندن لە ناوچەی سەرداو، لە پێشو پشتەوەی سەر بە دیارکەوت.

- تەماشاکە لێرەدا سەگەکە لە ناوچەوانیدا تووش بووە، ئەمە لەسەر وێنەکە پیشاندەدەم، کێ لە دیارکەوتنی ئەم شێواندنە لە کێڵگەکاندا گوناهکارە؟ خاوەن ماڵەکە بەڵام ئاخۆ چی کردووە؟

هیواداریی خراپەی بۆم بوە، بە درێژی بۆ ژنەکەم روونکردەوە کە پاش





دەرچونت لەلای من پانزە دەقیقەیەك شڵەژا بویت، بەڵام لەبەرئەوەی من گوناهبار نەبووم سوکایەتییەکەت بۆ سەر سەگەکە پێچەوانە بۆوە، ئەمەش باش بوو، چۆن دەبوو ئەگەر بۆ سەر مێردو منداڵەکەت بگەڕایەوە. بەراستکردنەوەی کێڵگەی ژنەکە بارودۆخی سەگەکە بەرەو باشتر چوو، شێواوی تەنیا کە ناوچەی یەکێك لە پەلەکانی پێشەوەیدا مایەوە، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە ژنەکە بە تەواوی قەناعەتی بەگشت زانیارییە دەستکەوتووەکان نەکردبوو، پاش کاتێکی کەم سەگەکە بە تەواوی گەڕایەوە سەر بارودۆخی ئاسایی خۆی.

بەمجۆرە دەبینن خزمو کەسو کارو ئاژەڵی ماڵی زۆر بەتوندی کارو کردەوەکانمان کاریان تێدەکات، جا ئەگەر سەرپێچی یاسایەکانی ڕەفتاریان کرد لەوانەیە سزاکەی بۆسەر ئێمەو بۆ سەر ئەوانیش بگەڕێتەوە.

زۆر لە ناسیاوەکانم لەم کاتانەی دواییدا پەیوەندیم پێوە دەکەن بۆ ئەوەی پرسیاری جۆربەجۆری پزیشکی بکەن، یەکێکیان توشی سووتانەوەی خانە وردیلەکانی سییەکان هاتبوو کە بۆ بیست ساڵ بوو درێژەی کێشابوو، پزیشکەکان زۆر چەشنە دەرمانیان بۆ بەکارهێنابوو، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ سووتانەوەکەی زیاتروزیاتر دەبوو.

- مانگو نییوێکە تۆ زۆر لە ژنەکەت بێزاربویت.

- هەڵەیەکی زۆر گەورەی کردووە هێندەی نەمابوو پیاکێشم.

- لە یادت بێت کە نابێ لە کەسانی خزمو نزیکمان بۆ کاتێکی درێژ پەستو بێزاربینو، هەروا نابێ پەستیو بێزاری سوکایەتی پێکردن لەناو دەروونماندا پێش بخۆنەوە.

ئەو کەسە پاش دوو ڕۆژ پەیوەندی پێوەکردمو گوتی سوتانەوەی خانە وردیلەکانی سییەکانم بە تەواوی چابۆوە. ڕاوێژکارییەکەم هۆی نەخۆشیەکەی بۆ روونکردەوەو لە گشت چاری پزیشکی درێژ خایەنی بەهێزو دوورو درێژ رزگاری

کرد، چەند چاری پزیشکییان چاکتر بوایە هێندە مەترسییی زیاتری بۆی هەبوو، چونکە هۆی نەخۆشییەکە هەر بەردەوام دەبوو. لە بارودۆخی ئاوادا ڕێگەی چاری وەرزشی‌و خۆراکی چارکردن دەدرێ، چونکە دەتوانن کارلە باری دەروونی‌و ویژدانی مرۆڤ بکەن‌و دەتوانن ئەو بەرنامەی وێرانکاری‌و تێکشکانەی بەهۆی خراپە بەرامبەر کردنەوە پەیدا بووە تێکبشکێنن. بەڵام ناتوانرێ ئەم هۆیانە بە ڕێگەی هەستەوە کۆنترۆڵ بکرێن‌و هەرلەبەرئەوەشە تەنیا ئەنجامێکی کەم دەدەن بە دەستەوەو، ڕێگری دووبارە بوونەوەی نەخۆشیەکە نابن.

لەسەر باسکردنی ڕووداوەکە دەڕۆین بەڵام لە نمونەیەکی تردا. دوومانگ لەمەوبەر چاری کەسێکیان کرد، ئەمەش بە یارمەتی ئامرازە نوێیەکانی پزیشکی، هۆکاری نەخۆشییەکە ((بێزاربوون)) بوو کە لە ناو کێڵگەدا وەك کۆمەڵە بەرنامەیەك لە ویژدانیدا مابونەوە. جائەگەر ژنەکەی لەم ماوەیەدا یان لە دوای چەند مانگێك منداڵی ببوایە، ئەوا کێڵگەی منداڵەکە بەرنامەی خراپەکاری‌و وێرانکردنی خەڵکی تێدا دەبوو، لەڕێگەی باوکەکەوە منداڵەکە پێدەگەیشت‌و MOHA ی کارلێکردنی لەسەرخۆی هەڵدەگرت‌و، ئەویش بێزارییەکی کەمی لە یەکێك لە خزمەکانی دەبوو، دەشیتوانی میکانیزمەکە بخاتە کار. جابۆ گەمارۆدانی بەرنامەکە لە بارودۆخی لەم جۆرەدا دەشێ نەخۆشی سیل پەیدا بێ یان نەخۆشەکە توشی جەڵتەی دڵ دەبێ، یاخود هەڵاوسانی سییەکان ویان گەدە. لەبەرئەوەی لە کاتی ئێستادا ڕەفتاری مرۆڤ ملکەچی ئاستی ڕەفتارێکی بەرزو ڕۆشنبیریی گشتی‌و یان پەیڕەو کردنی ئامۆژگارییەکانی ئینجیل نییە، لە کێڵگەی هەر مرۆڤێکدا مینی زۆر ناسك هەن‌و، بەرەبەرە کارگەرییان پتر دەبێ. بەم شێوەیە دەتوانرێ پچڕاندنی دەمارە وردیلەکانی دڵ‌و دەرکەوتنی نەخۆشییەکانی هەڵاوسان لەم دەساڵەی دواییدا لێکبدرێتەوە. جا لەبەر ئەوەی میکانیزمەکە لە لایەنی پزیشکییەوە نەزانراوە،





هەوڵدەدەن وایان لێکبدەنەوە کە بەهۆی خراپبوونی ژینگەو پەککەوتنی‌و لە ئەنجامی خراپیی خواردن‌و ناچلونایەتییەوە ڕوودەدەن.

یەکێك لە ڕاستییە هاوچەشنەکانی ئاماژەبەوە دەکات کە ئەگەر گشت دەستەی تازەی پزیشکی کۆ ببێتەوە دیسان هەڵە دەکەن لە بەتاڵکردنەوەی کاریگەریی ئەنجامەکانداو، دوا جار ناتوانرێ ڕێگە لەو بریسکە ڕەشانە بگیرێت کە تەندروسیتیمان دیاری دەکەن.

لۆژیکی هەست‌و ئیدراکمان‌و لۆژیکی ژیان‌و پەرەسەندنی گەردون، زۆر بەداخەوە هەمیشە وەك یەك نابن. هەست‌و ئیدراکمان لەگەڵ چینەکانی خوارەوەی ویژداندا وەك هاوسەر دەڕۆن بۆسوتاندنی هارمۆنیای جیهان‌و، هەر چیرۆکێکیش لەم کتێبەدا بەسیان کراوە بە کردەوە ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن.

لاوێك دوو جار هاتە لام، منیش لە دیداری یەکەمدا بۆم ڕوونکردەوە کە دەستدرێژیی ناوخۆییەکەی لە پەیوەندیدا لەگەڵ ئافرەت بۆتە هۆکاری منداڵ نەبوونی ژنەکەی. لە کۆتایی پرۆسەی ڕاستکردنەوەکەدا توانیم ئەو دەستدرێژییەی لێدامالم، بەڵام ئێستاکە دەبینم وا جارێکی تر بەرنامە نێگاتیڤەکە دەگەڕێتەوەو بە دیار دەکەوێتەوەو دیسان چالاکی دەستپێدەکاتەوە.

- جارێکی تریش بەرنامەی تێکشکانی ژنەکە کەوتەوە کار.دەبێ هۆیەك لە دوای ئەمەوە بێت.

- کاتێکی کەم لەمەوبەر بە دیداری ژنی یەکەمم گەیشتم‌و، جارێکی تریش شەڕمان دەستپێکردەوە.

- دەبێ تۆ هەموو خولیاو خراپەکارییەك لە پەیوەندیت لەگەڵ ژنی یەکەمدا نەهێڵێت‌و دەبێ لێبوردنت هەبێ بەرانبەری‌و گشت هەڵچونێکی نێگاتیڤ ڕووبەرووی بخەیتە لاوە.

- من لێیخۆش بووم‌و لە هەموو شتێك بوردم، بەڵام هەندێ لە گوناهەکانی

هێشتا بەرۆکم بەرنادەن تا پەیوەندییەکی هاوسەنگم لەگەڵیدا هەبێت.

- بێزاربوونیش وەك رقو کینەیەو یەکێکە لە شێوەکانی وێرانکردنی مرۆڤ، ئەمیش هێرشێکی بواری وزەیە. جا ئەگەر ئەمە تێنەگەیتو نەتوانیت هاوسەنگیەك لە نێوان هەستەکانت بەرانبەر ژنی یەکەمت پێکبهێنێت، من ناتوانم یارمەتیت بدەم. بەرنامەی وێرانکردنی ژنەکە رەفتار لەگەڵ ناو ناکات: ماشایە یان لوبایە، بەڵکو رەفتار لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا دەکات کە بە ژنی خۆتی دەزانیت. ژنەکەی یەکەمت ماوەیەکە لە بارەی وزەوە ژنی تۆ نییە، لەبەرئەوەی چالاکبوونی خولیاکانو خراپەکارییەکانی هەروا ژنی دووەمیشت وێران دەکات.

جا بۆ ئەوەی دۆستەکەت لەناو نەبەیت دەبێ لە دوژمنەکەت ببوریت.

جا ئەگەر پڕ کێشیی ئەوەت نەکرد ئەوا هەرچی رق وکینەو بێزارییەك بەرانبەر ژنی یەکەمت کەڵەکە بوون راستەوخۆو بەهۆی هەر ناکۆکییەکەوە دەگۆڕدرێن بۆ ژنی دووەم. خۆ ئەگەر نەتتوانی بە تەواوی گەمارۆی بەرنامەی وێرانکاری بدەیت ئەوا دوورنییە لە کێڵگەکانی منداڵەکانی ئایندەتدا دەربکەوێتەوەو ببێتە هۆی دەرکەوتنی نەخۆشی لە لایان، یان ببێتە هۆی بەردەوامبوونی نەزۆکی لای ژنی دووەمت. تێگەیشتنی بێفیزیو زەبونی کەئایینی دیان — مەسیحی — دەیداتە مرۆڤ مانای کۆیلایەتی ناگەیەنێت، وەك چۆن کاتێکی درێژ ویستیان وای لێکبدەنەوە، بەڵکو ئەوە میکانیزمی پەرەپێدانی رۆحییە. دەکرێ بەهۆی بێفیزی ناوخۆییەوە بگەینە هێنانەدی هارمۆنیەك لەگەڵ گەردون لە ئاستی کۆیلەدا. بەر لە کاتێك لەمەو پێش پیاوێك بۆ ڕاوێژ پێکردن هاتە لامو سکاڵای لە خراپیی پەیوەندییەکانی خێزانیی خۆی کردو گوتی هێندەی نەماوە لەگەڵ ژنەکەی جیاببنەوە، بەڵام نەیتوانی ئەمە لێکبداتەوەو هۆیەکەی دەرخات، پەیوەندیی لەگەڵ ژنەکەی زۆر چاك بوو. هۆکاری راستەقینە دایکەکەی بوو کە ژنەکەی یەکەمی خۆشنەدەویستو هەرچی





لە توانایدا بوو کردی بۆ ئەوەی لێك جودابینەوە، ئەوە بوو جیابونەوە رووی‌دا، بەڵام ژنەکەی دووەم بە دڵی دایکەکە بوو، بەڵام بەرنامەی خواکردی وێرانکردنی هەستەکان لە بارەی کوڕەکەیەوە هێشتا لەناو ویژداندا میکانیزمەکەی لە کاردا بوو لە دژی بووکە خۆشەویستەکەی. بێگومان دایکەکە بەرنامەڕێژی بۆ کوڕو بووکەکەی دەکرد بۆ وێرانکردنی باشترین هەستو خۆشەویستی نێوانیان تا لێك جودابینەوە.

هەستی مرۆڤ وەك پارچە دراوێکی گچکەیەو، دەتوانرێ بەکەمترین هێز بەرەو پێش یان بۆ دواوە تلۆر بکرێتەوە. بەڵام ویژدان لە پێچکەیەکی زۆر گەورەی قورس دەچێ کە زۆر گرانە بجوڵێندرێ وئەگەر جوڵاش زۆر زەحمەترە رابگیرێت. باووباپیرانمان پێچکەی ویژدانیان خستە جوڵەو هەوڵیاندا روو بکەنە خوداوەند، کە خۆشەویستییو چاکەیە. ئێمەش سێ سەدەیە بەهۆی پەککەوتەیی ئەو بزوتنەوەیەوە، لەگەڵ کەمێك هێزی خۆبەخۆمان کە بۆ پاراستنی ئەو بزوتنەوەیە پێشکەشی دەکەین، دەژین. هەرلەبەر ئەمەشە ئێستا هیچ شتێك یارمەتیدەرمان نابێ جگە لە خولیایەکی خوازیاری بەردەوام لە هەستکردن بۆ گەیشتنە هارمۆنیای جیهانو بۆ گەیشتنە خوداوەند. هەرچی یەدەگی KARMA-ی مرۆڤایەتی هەبوو بەکاربراو، خولیا تاکە کەسییەکانی هەرمرۆڤێك ئاستی پاراستن لە کلۆڵی لای ئەو مرۆڤە دیاری دەکات.

بەر لەکاتێکی کەم لەمە وبەر ژنێکی ناسیاوم پەیوندی پێوەکردم:

- لەگەڵ کچەکەی برادەرم شەڕم کردو، خراپەکاری خەریکە دەمخنکێنێ. داوای لێبوردنم لێکرد لەو خراپەکارییەم، بەڵام بێ ئەنجام بوو.

- ئەوە هیچ یارمەتیت نادات چونکە داوای لێبوردن دەبێ لە خۆشتو لە دۆستەکەشت بێ، چونکە ئەویش لە تۆ بێزاربوو، دەبێ داوای لێبوردنی لێبکرێت تا لێبوردنەکە ئەویش بگرێتەوە. ژنەکە بەسەرسوڕمانەوە وەڵامی دایەوە:

- بەڵام، ئەو خۆی لە شەڕەکەماندا گوناهباربوو، منیش بەکردەوە خراپەم بەرانبەریکرد. بارودۆخەکەم گۆڕی. تا بیرۆکەکەم بە شێوەیەکی باشتر بێو بۆ ئافرەتەکەم روون کردەوە:

- ئێمە هەردەم خراپەمان لە دڵدایە یەکەمین جار لە دژی ئەوانەی دەبنە هۆی سوکایەتی پێکردنمان بە رەفتاریان. تۆ لە ژیانی رابوردوتدا خراپەت بەرانبەر ژنان کردووە بە مەش میکانیزمێکت پێکهێناوە بۆ سوکایەتی پێکردن، ئەم میکانیزمەش ئێستا لای خۆت لە ئاستی ویژداندا لە کاردایە. هەروا لەو مانگانەی یەکەمدا کە دایکت سکی بە تۆ پڕ بوو باوکت سوکایەتی بە دایکت کرد، لەبەر ئەوە دوورنییە لەبەر هەر هۆیەك بێت سوکایەتی پێکردن لە ویژداندا بکەوێتە کارو، هەستکردنیش

ناتوانی راگیری بکات. لەبەر ئەمە ئەگەر یەکێك سوکایەتی پێکردیت دەبێ داوای لێبوردنی بۆ بکەیت بەهۆی خراپەکەیەوە بەرانبەرت، هەر ئەمەیە بەرنامەی KARMA لای دایكو باوکت گەمارۆ دەدات، هەروا بەرنامەی کەڵەکە بووی KARMA لە ژیانی رابوردودا گەمارۆ دەدات. پاشان دەبێ داوای لێبوردن بکرێ چونکە تۆ پڕ کێشییت نەکرد لە کەسێکی تر ببوریتو لێی بێزار بوویت، پاش ئەوە لەسەرت پێویستە داوای لێبوردن لەو کەسە بکەیت کە سوکایەتی بە خۆیو بە تۆ ش کرد. لە کاتی روودانی هەر خراپەکارییەکدا پێویستە لە ناخی خۆتەوە بیانووی باوەڕ پێکراو بۆ ئەو کەسە بهێنیتەوە کە خراپەکەی کردووە، پاشان دەبێ لێی خۆشبیت. تەنیا بەم رەفتارە دەکرێ بەرنامەی تێکدەرانەی KARMA گەمارۆ بدرێت، ئەمەش دەبێتە یارمەتیدەرت بۆ پاراستنی تەندروستیتو تەندروستی منداڵەکانت.

هەموو ئەوەی لەسەرەوە باسمانکرد دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ناوخۆی مرۆڤو، دەشێ دیاردەکانی دەرەوەی جۆربەجۆربن بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم میکانیزمە لە رۆحو رەواندا کار بکەن.





## هۆی دووەم

جارێکیان لە یەکێك لە نەخۆشەکانمم پرسی:

- بەڕای تۆ گەورەترین گوناه کە مرۆڤ دەیکات کامەیە؟ بەوردی بیری کردەوە پاشان گوتی:

- کوشتنی کەسێکیتر.

- گوناهی لەوە گەورەتریش هەیە – وەك کوشتنی خۆشەویستی، پێش کوشتنی کەسێك دەبێ لە پێشدا خۆشەویستی بەرانبەری بکوژرێت. کوشتنی هەستی خۆشەویستی بە زەمینەیەك دادەنرێ بۆ پەیدا بوونی زۆر تاوان وگوناه. ژنو مێردێك لە گوندەوە هاتن بۆ ڕاوێژ کردنیان، کوڕەکەیان کە تەمەنی گەیشتبووە پانزە ساڵان لە تەلە فزیوندا بەرنامەی هونەرمەندێکی کۆمیدی دیتبوو ئیتر زۆر پێکەنیبوو پاشان ڕۆیشتبووە دەرەوە بۆ داڵانەکە خۆی لە سێدارە دابوو. دایكو باوکەکە هیچ کامێکیان ناتوانن بزانن ئەوە چ هۆکارێك بوو کە کوڕەکەیانی والێکرد ئەو کارە بکات. منیش لە بابەتەکە کۆڵیمەوەو ئەو دیاردانەم شیکردنەوە کە لەگەڵ لاوەکەدا روویاندابوو. گەیشتمە ئەمە: دایکەکە دڵدارێکی هەبوو کە زۆری خۆشدەویست، بەڵام ئەم هیچ بایەخی پێنەدەداو لە بارەی ویژدانییەوە خۆشەویستیی ئەو لاوەی لە ناوبرد. کابراش نەیتوانی خۆی لەبەر ئەو هەڵوێستەدا رابگرێتو خۆی هاویشتە ژێر شەمەندەفەرێکەوەو مرد. چی رووی دا؟ دایکەکە خۆشەویستیو ژیانی لەو مرۆڤە دڵدارەدا کوشت. بەپێی یاسای کارما(KARMA)بە پێچەوانەوە ئەم بەرنامە تێکدەرییە مەزنەی بەرکەوتەوەو، بۆ ساڵانێکی دووردرێژ لە کێڵگەکەیدا خۆی مۆڵدابوو پاشان لە کێڵگەی کوڕەکەیدا داڕێژرایەوەو لە کاتێکدا کەوتە کار کە تەمەنی گەیشتبووە پانزە ساڵ.

لە پێکهاتەی کێڵگەیی مرۆڤدا سەدان بەرنامەی جۆربەجۆر هەن، نەك تەنیا بە گوناهەکانو بیرو ڕاو هەڵچوونەکانی ئەو کەسە خۆی داڕێژراون هەروا بە کارو کردەوەی خزمو کەسەکانیشی.

فەلسەفەی خۆرهەڵاتی ئەم رستەیە دەڵێ ((خەڵك نین بەڵکو بیرڕایەکان هەن)) هۆکاری تاوانە نادیارەکان شاردراوەیە، کوشتنو خۆکوژی هەمیشە لە قوڵایی ویژداندایە، کە بەرنامەکانی وێرانکاریو خۆ وێرانکاری تێدا حەشار دراون، ئەو بەرنامانەی کە لە لەلایەن کارو کردەوەو تاوانەکانی بابو باپیرانو لە لایەن قوربانیەکانیانەوە داڕێژراون جگە لە توانای خۆپاراستنی بەرنامەکان لە کێڵگەدا بۆ ماوەی دە ساڵ دیسان دەتوانن هێز کۆ بکەنەوەو لەسەر وزەی سەرپێچیەکانی لەو چەشنەی ڕۆڵەو نەوەکانی نوسەرانی ئەم بەرنامانەوە بژین، ئەمە ئەگەر بێتو کردەوە ڕەفتارییەکانیان گەمارۆ نەدرێنو ئەگەر مرۆڤەکان هەوڵنەدەن روو بکەنە یەزدان.

ئافرەتێك کە گیرۆدەی نەزۆکی بووە لە پێشم دانیشتووەو دەڵێت: پەنای بردۆتە بەر زۆر لە شارەزایانی بواری هەستو دواوەی هەستی میتافیزیکی بردووە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی دەسگیرنەبووە پاش پشکنینی کێڵگەیی بیۆلۆژی هۆیەکەم بۆ روونکردەوە:

- تۆ چوار جار گیرۆدەی بیرۆکەی خۆکوژی بویتو، لە ناو دەروونیشتدا بەرنامەی وێرانکاری خۆشەویستیو ژیانت بەرهەڵداوە. ئەم بەرنامەیەش زۆر بەهێزەو لەشیش ناچارە راگیری بکات. بە خنکاندنی خۆشەویستی لە دەروونتدا هەروا بە خنکاندنی ئەو هەستانەی تۆی لەگەڵ کەسانی تر هاو پەیوەند کردووە زیانت بە خۆشتو بە کەسانی تر گەیاندووە.

ژنەکە قسەکەی پێ بڕیمو گوتی:

- من چ کارم بە خەڵکی تر نییە، دەمەوێ بزانم بە تایبەتی خۆم چیم





بەسەردێ. بە ئارامەوە لەسەر روونکردەوەکەم درێژەم دا:

- ئێستاکە تۆ دەستبەرداری هەموان دەبیت بۆ هێنانە دی بەرژەوەندی خۆت، بەم کارەش جارێکی تر دەستبەرداری خۆشەویستی دەبیت. جا لەبەر ئەوەی ئەم هەستە دەپارێزیت. جگە لە نەزۆکی گیروگرفتی دیکەشت توش دێت.

- بە تەواوی پێم بڵێ. ئایا حاڵی من باش دەبێ؟ تۆ دەتوانی چیم بۆ مسۆگەر بکەیت؟

- ناتوانم هیچت بۆ بکەم، چونکە زۆر لە شتەکان لەسەرخۆت وەستاون. ئافرەتەکە هەستاو بەبێدەنگ رۆیشت. تەماشای هەڵچوونەکانیم کرد: زۆر چاکە توڕە نەبوو لێمبێزار نەبوو نەشبووە هۆی زیانێکی تر بۆ خۆی. ئەمەش کچێکی تەمەن هەژدە ساڵانەو هاتووە بۆ ڕاوێژ پێکردن، منیش بە شێوەی ئاسایی پرسیاری ئەوە ناکەم کە نەخۆشەکە لەبەر چی هاتووە بۆ لام بەڵکو خۆم دەیپشکنمو تەماشای دەکەم. سەرنجمدا بارودۆخی فیزیکی لای ئەو کیژە باشە، بەڵام پێکهاتەکانی رۆحی زۆر شێواونو، هێشتا بەتوندی کاریان لە تەندروستییەکەی نەکردووە: گوتم:

- لە راستیدا تەندروستیت چاکە، تەنیا لێدانی دڵت کەمێك زۆرترەون هەموو شتێك ئاساییە.

کیژەکە بە سەرسوڕمانەوە تەماشای کردمو گوتی:

- من تووشی نەخۆشی شەکرە هاتووم.

ئەگەر جاران بوایە وەك مستەکۆڵەیەك دەبوو بۆ من کە نەخۆشییەکەم بە هەڵە دەستنیشانکردووە، چونکە لە راستیدا کیژەکە نەخۆشە، منیش پێی دەڵێم کە دەبێ زۆر بەچاکی هەست بە خۆی بکات. بەڵام کاتێك لە هۆی نەخۆشییەکە کۆڵیمەوە، تێگەیشتم کە شەکرە لە پلەی یەکەمدا نەخۆشی نییە، بەڵکو کاری پاراستنی لەشە. لەسەر لەش پێویستە بەرنامەکانی وێرانکردنی کەسانی تر کە

ئەم بەرنامانەیان تێدا بەدەرکەوتووە راگیربکات. چەند بەرنامەی وێرانکاری بەهێزتر بێت، ئەوەندە گەمارۆدانەکەی، واتە نەخۆشییەکە کاریگەرتر دەبێت. بە پێی بە دواداچونی هۆی شەکرەکە تەماشام کرد کیژەکە لە تەمەنی چوارده ساڵیدا بوو کە گەنجێکی جوانی خۆشویستووە،خۆشەویستییەکەشی زۆر راستو بەهێز بووە، بەڵام هەردوکیان جیابونەتەوە، ئەمانەش لە کاتێکدا جیابونەتەوە کە زانیارییەکان وەك یەك نەبوون. ئەمەش لە دنیای فیزیکیدا بە رێگەی جۆربەجۆر دەردەکەوێت. پاشان کیژەکە زۆر رقی لەو لاوە بۆوەو کینەدار بوو لە دژیو، خۆشەویستییەکەی کوشت، بە داخ بوو بۆ جیابونەوەکەو راستەوخۆ هیواداری خراپەی بوو ئەم هەستانەش یاریدەدەربوون بۆ پەرەپێدانی شەکرەکەی، لەبەرئەوەی کە سەرپێچیەك بۆیەکێك لە یاسا سەرەکییەکانی گەردون روویداو، پەیوەندی پچڕانی کیژەکە لەگەڵ گەردوون روویدا. دەستبەرداربوونی هەستەکانی باڵا دەبێتە هۆی شێواندنێکی بەهێزی پێکهاتەی کێڵگەیی لای مرۆڤ، لەسەر ئاستی فیزیکیش هەمیشە بە شێوەی ئەو نەخۆشیانە دەردەکەوێ کە چارەسەریان نییە. نەخۆشەکە لەوانەیە چەند پرۆسەیەکی جۆربەجۆر جێبەجێ بکات، یەکەمیان ئاگاردارکردنەوەیە، دووەمین پرۆسەش لە کار وەستانە، ئەم پرۆسەیە لە پەرەسەندنی راستەقینەی مرۆڤ رێگر دەبێ، سێیەمیش چالاك کردنی ئەو میکانیزمانەیە کە دەبنە یاریدەدەر بۆ بڵاوبونەوەی زانیارییە راستو دروستەکان، لەسەرمان پێویستە کە هەمیشە ئەوەمان لە یاد بێ کە هەرچی بەشانەیەك لەلەشی مرۆڤدا دادەنرێ بەشێکەو جیانابێتەوە لە گەردون. تەواوی راوێژو ئامۆژگارییە سەرەکییەکانی ئاینە جیهانیەکانیش شیفرەدار کردنێکن بۆچۆنیەتی هەستکردن بە پێکهاتەی جیهانو رێوشوێنە کانی مامەڵەکردنمان لە تەکیدا. ئێستاش توانای ئەوەمان هەیە باری سەرنجەکانمان دەربارەی جیهان فراوان بکەین، ئەوەش بەدی بکەین کەلە





رابوردودا بە تەنیا قەشە گەورەکان لە توانایاندا هەبوو بەدی بکەن.

نەخۆشێکی تر دەڵێ هیچ گیروگرفتێکی لە تەندروستیدا نییە، بەڵام ئەم گیرگرفتانە لە ژیانی تایبەتی خۆیدا زۆر جۆربەجۆرن ناتوانی لەگەڵ ئەو بارودۆخەی تێیدا دەژی رابێت. ئەم پیاوێکیخۆشدەوێو ئەویش هەروا خۆشیدەوێت، بەڵام هەمیشە ئاڵۆزکاویو گیروگرفت روودەدەن بێ ئەوەی لە هۆکارەکەیان تێبگات. هەروەك دەستی قەدەر هەمیشە لێکیان جودا بکاتەوە کەوتمە تاقیکردنەوە بۆ ئەوەی بزانم کامیان لەمەدا گوناهبارە، تەماشام کرد هۆیەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئایندەیەکی زۆر دوور، بۆ ساڵانی بیستەمی ئەم سەدەیە. نەنکی ئەم ژنە لەو کاتەدا بە رەوشتی ناپەسەندی دەستبەرداری خۆشەویستی بووە کە هەستێکی خودا کردە، گشت کردەوەکانی بۆ کوشتنی خۆشەویستییەکە ئاڕاستەبوون. ئەم داپیرەیە سەرەتای بیستەکان شووی کردووە، شوکردنەکەی بۆ بەرژەوەندی بووە، کە ئەویش پاراستنی سامانەکەی بووە. بەڵام کاروبارەکان وەك حەزی ئەو نەڕۆیشتنو، جیابونەوە سەرەنجامی ئەم هاوسەرییە بوو. پاشان لاینەوەکەی دانیناوە بەراستیدا کە بەهیچ جۆرێك ئەو شووکردنەی بەدڵ نەبووە، بەڵام پیاوەکە بە راستی ئەوی خۆشویستوە. لە ئەنجامی ئەمو، رەفتارەشیدا زۆر ئازاری چەشتووە. ژنەکە ئەم چیرۆکەی یاد دەکاتەوەو بە چاوەکانی فرمێسك دەڕێژێو، دەڵێ ئێستا دووچاری جەوروجافایەکی تەواوە لەگەڵ پترۆس، لێمپرسی:

- مێردی یەکەمی داپیرەکەت ناوی چییە؟

ژنەکە تەماشای کردمو بە سەرسوڕمانێکەوە گوتی:

- پترۆس!

لە پێکهاتە کێڵگەییەکان کۆڵیمەوەو لەباری پزیشکیەوە دەستنیشانکردنم ئەنجام داو تەماشام کرد گیروگرفتی بنچینەیی کە ئەم ژنەی هێناوە

نەخۆشییەکانی ژنانەی سێکسییە. پێمگوت:

- هەشت ساڵ لەمەوبەر پیاوێکی دیکە تۆی خۆشویستووە.

- بەڵێ، راستە.

- ئەی تۆ بەلاتەوە پەسەندبوو؟

- نەخێر.

- کابرا زۆری دەچەشت بەدەست ساردیو جەفای تۆوە، تۆ خۆشەویستیت لە دەروونیدا کوشت. لە جیاتی ئەوەی نەرمو نۆڵی دەربخەیتو خۆت وا پیشان بدەیت کە ئەوە بە هۆی تۆوە نەبووە، بە دڵرەقی رەفتارت کردووە.

- بەڵێ رەفتارم لەگەڵی بەو جۆرە نەبوە کە ئێستا حەزدەکەم.

- رەفتارەکانی ئەو کاتەت هۆی نەخۆشییەکانی ئێستاتن، پاشان ئاخۆ چ گیرو گرفتی دیکەت هەن؟ کاتێکی لەمەوبەر بە ناچاری منداڵت لەبارچووە؟

- بەڵێ؟ دووجار: حەزم دەکرد منداڵم هەبن، بەڵام ئەوەی خواستم بۆم نەچووە سەر.

- پێویست بوو کوڕت ببێ.

- بەڵێ،بەڵام لەبەر چی بوو؟

- لەبەر ئەوەی تۆ خۆشەویستیت لە دەروونی ئەو پیاوەدا کوشت ومنداڵی کوڕ کە تۆ سکت پێیان پڕ دەبوو لە بارودۆخێکی ئاوادا توانای ژیانیان نەبوو، ئاخۆ ئێستا هیچ منداڵت هەیە؟

- بەڵێ، تاقە کچێکم هەیە؟

- هیچ هەوڵت داوە جارێکی تر سکت پڕ بێ؟

- تووشی رووداوێکی ئۆتۆمبیل بووم، بەوهۆیەوەلە ناوچەی حەوزدا تووشی شکاندنی ئێسقان بوومو، توانای منداڵ بوونم لەدەستدا.

- باوەڕت وایە رووداوەکە بە ڕێکەوت نەبووە؟





- ئێستا هەموو شت تێدەگەم.

زۆرجار زۆرگرانە بڕوا بکەین کەگوناهەکانمانو کردەوەی نالەبارمان کار دەکەنە سەر بارودۆخی فیزیکیمان، بەڵام هەر بارودۆخێکی نوێ بەڵگەیەکی نوێیە بۆ راستو دروستی ئەم ڕێگەیە لە چارەسەرکردندا لەوێوە کە بە راستی بگەینە هۆی نەخۆشییەکە.

جارێکیان لە سەردانێکدا بووم، خاوەنیماڵەکە شایی کچی برایەکەی بە فلیمی ڤیدیۆ پیشانداین کە ساڵێك لەووبەر شوی کردووە، شاییەکی یەکجار خۆش بوو: بوکێ کچێکی گەنجی زۆر جوان بوو، زاواش گەنجێکی بەختیار بوو هەموو ئامادەبووان لەوپەڕی خۆشیو شادیدا بوون. بە تەماشاکردنی بوکەکە لەخۆڕا کەوتمە دەستنیشانکردنو ناسێنیو گەیشتمە ئەوەی گەلێك گیرگرفتی سەخت چاوەڕوانی ئەم خێزانە گەنجەن. بە خاوەنی ماڵەکەم گوت:

- ئەگەر دەتوانی بە خێرایی کچی برایەکەت بانگ بکە. چونکە پێویستی بە چارەسەر هەیەو ئەگەر وانەکەی ئەوا لە کاتی یەکەم منداڵبوونیدا تووشی گیروگرفتی گەورەدێت.

خاوەن ماڵەکە لە وەڵامدا گوتی:

- سێ مانگ لەمەبەر منداڵێکی بەمردوویی لەبارچوو.

- بەهەر حاڵ بانگی بکە بێتە سەردانم، ئەوە تەنیا سەرەتایەك بوو. پشکنێکی قووڵی دۆزینەوەی نەخۆشیەکەم بۆ کردو تەماشام کردو شێواوییێکی زۆر لە کێڵگەی ئەو ئافرەتە گەنجەدا هەیە، ئەوەش لە ئەنجامی سەرپێچی گەورەی یاسایە باڵاکاندایە. بارودۆخێکی کلاسیکی لە پێشمدا راوەستا، واتە ئەوەی بە مردوویی لە دایك بوو ناوی دەبەین. لێمپرسی:

- ئایا دەزانی لەلایەنی دایکەوە لەعنەت لە منداڵبوون دەکرێ؟

- بەڵێ، یەکێکیش لە دەستگرەوەکان ئەوەی پێگوتم.

- ئەی هۆیەکەشی پێگوتیت؟
- نەخێرو، پێدەچێ دەستگرەوەکان هۆیەکان نەزانن.
- دەبێت هەموو خزمەکانت لە دایکتەوە بەخێرایی کۆ بکەیتەوە، مردنی منداڵ نەخۆشییەکە چارەسەرناکرێت، هەموو گیروگرفتەکانیش لە منداڵبونتدا لەبەر یەك هۆیە.

بۆ ڕۆژی دوایی گشت خزمەکانی لەلایەنی دایکیەوە لە پێشمدا دانیشتبوونو منیش کەوتمە تابلۆکێشانی ئەوی لەگەڵیاندا روودەدا.

- باپیرەت، باوکی دایکت لە کاتێکدا ژنەکەی دوو گیان بوو سەرپێچیەکی یاسایی کرد کە نەوەکانی تا ئێستا نرخەکەی دەدەن. دەستبەرداری کوڕەکەی بوو کە هێشتا لە سکی دایکیدا لە پێنج مانگیدا بوو. بەڵام ئاخۆ بەرانبەر بەم سەرپێچییە ئەم سزا گەورەیە بۆ؟

منداڵی پێنج مانگانە لە سکی دایکیدا پەیوەندییەکی توندی لەگەڵ یەزدانو گەردوندا هەیە. جا لەبەرئەوەی مرۆڤ لە پێناو ژیانی ئاساییدا پێویستە ناوبەناو دەرچێ بۆ پەیوەندی لەگەڵ گەردون، ئەو بیرەوەرییەکانی مانگی پێنجەمی کەلە کێڵگە بیۆلۆژییەکەیدا شەفرەکراوە بەکاردەهێنێ. جا ئەگەر باوك یان دایك لەم کاتەدا دەستبەرداری منداڵەکە بێت، کە ئەمەش زۆرجار لە ئەنجامی شەڕو دەمە قاڵێیەکدا روودەدا ئەوا کۆرپەکە بەو هۆیەوە بەرنامەیەکی دەستگیر دەبێ بۆ وێرانکردنی منداڵەکانیو بۆ وێرانکردنی گەردون، شانەیەکە بەرنامەی وێرانکاریی لەش هەڵدەگرێ، ناشتوانرێت ئەم بەرنامەیە رابگیرێت مەگەر تەنیا بە رووکردنە خواو پاڕانەوە لێی. جائەگەر مرۆڤ ئەوەنەکات ئەوا وێرانبوونی رەگەز شتێکی مسۆگەرە.

دەبینم ئەو کەسانەی لە بەرانبەرم دانیشتوون چۆن لەبارەی هەزرەوە لە خودا دەپاڕێنەوە، دەشبینم چۆن شێوازییەکانیان راست دەبنەوەو پێکهاتەکانی





لەعنەت لە کێڵگەکانیان دەردەچن. جارێکی تریش وای دەبینم پێویستە چارەسەر یەکەمو لە پێش هەموو شتێکدا بە تێگەیاندن بێ. منداڵەکانمان لە کاتی ئێستادا توانایەکی وزەیی وایان هەیە کە دەهێندە لە توانای منداڵەکانی بابوباپیرانمان لە چەند نەوەیەکی پێشوتردا گەورەترە. بەڵام ئێمە زۆر کەم نەبێ بایەخ نادەینە پەروەردەکردنو پەرەپێدانی رۆحانیی منداڵەکانمان. لە پلەی یەکەمدا هەوڵدەدەین بەرەو شارەزایی پیشەگەرییو بەرژەوەندی ئاراستەیان بکەین، ئەمەش بە مەبەستی مسۆگەر کردنی بەرژەوەندییە مادییەکانیان لە ئایندەدا.

ژنێکی ناسیاویم کەلە بواری هەست وپشتەوەی هەستی میتافیزیکیدا پسپۆرە، ماوەیەك بەر لە ئێستا توشی گیروگرفتێك بوو هەردوو پێیدواوەی سەگەکەی دووچاری لە جێ چونێکی توند هاتبوو. ژنەکە داوای یارمەتی لە من کرد کە هۆکارەکەی بۆ بدۆزمەوە. ئەوی تەماشام کرد زۆر سەرسوڕهێنەربوو: ئەم ژنە سکی پڕ بوو لە مانگی سێیەمدا بوو، ئالەو کاتەدا کۆرپەکە غیرەی لە دایکی کردووە، لە سەگەکەی، بۆیە بەرنامەی وێرانکردنی سەگەکەی خستۆتە کار. کەوتمە بەدواداچوونی هۆی ئەم دەستدرێژییە گەورەیە بۆ سەر کۆرپەکە، پاشان دایکەکە لە خودا پاڕایەوە بۆی، بۆ ڕۆژی دوایی سەگەکە چاکەوە بوو. بۆ خانمەکەم روونکردەوە کە منداڵەکەت کە کۆرپەڵەیە توانای باڵای هەیە بەڵام بە ئامۆژگاریی راستو دروست نەپارێزراوە. لەبەرئەوە پێویستە رۆژانە لە یەزدان بپاڕێیتەوە کەببێتە مرۆڤێکی باشو خۆشەویست پتر لەوەی بەرژەوەندیی مادیو زەمینی خۆش بوێت. پێویستیشە دیسان سەرنجی ژیانمان بدرێتەوەو پەیوەندییەکانمان لەگەڵ زۆر کەساندا بگۆڕین. جا ئەگەر رۆحانیەتی منداڵ نەگۆڕدرێ ئەودەم توانایە باڵاکانی گەمارۆی سیستەمی دیسپلینی خودی خۆی دەداتو، دواجارنۆرەی کتێبە پیرۆزەکەی ئینجیل دێتو تەماشاکە چۆن منداڵەکە

رووی تێدەکات: خۆئەگەر پێکڕالکانی لەگەڵیدا خراپ بێت ئەوە بارودۆخەکە یەکجار مەترسیداردەبێت. ئای چەند مایەی دڵخۆشییە کە منداڵەکە بەشێوەیەکی باش پێشوازی ئینجیل دەکاتو، لە راستیدا پێشوازی کردنی سەردەمی نوێ باشتر بوو لە پێشوازیکردنو پێکڕالکانی لەگەڵ سەردەمی کۆندا. تۆژینەوەکان باس لەوە دەکەن کە منداڵەکە چالاکانە لەگەڵ دنیای دەوروپشت لەپێش لە دایکبونیدا پێکڕالکانی دەبێو، رۆحانیەتو رەفتاری دایکەکە لە بواری رەوشتدا کاری تێدەکاتو هەروا لەپلەی یەکەمدا کاردەکاتە سەر بارودۆخی رۆحانیو فیزیکی منداڵەکە. لە مانگی پێنجەمدا منداڵەکە پەیوەندییەکی توندی لەگەڵ یەزدان دەبێو هەموو توانایەکی لێوە دەست دەکەوێ. بەڵام لە مانگەکانی سێیەمو چوارەمدا دایکەکە دەکەوێتە بەر چەند تاقیکردنەوەیەك کە بەزۆر شێوە دەردەکەون، بەڵام سروشتو ژیانی منداڵەکە لە دواڕۆژدا بەپێی ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوانە دیاری دەکرێن. گرنگ ئەوەیە پتر لە هەرشتێکی تر بایەخ بە بەها رۆحیەکان بدرێ. جارێکیان ژنە دکتۆرێکی ناسیاوم هاتە لامو داوای یارمەتی لێکردم، من کوڕەکەیم لە نەخۆشی گورچیلە چارەسەرکردبوو، هۆی نەخۆشییەکەی سەرپێچی کردنی یاسایەکانی گەردون بوو، لەلایەنی ژنەکەوە چەند ساڵێك پێش ئەوەی منداڵەکەی ببێت، بەڵام ئێستا هاتووە تا جەخت لەسەر ئەوەبکاتەوە کە هیچ سەرپێچییەکی تازەی نییە، بەڵام شێواویی گەورەم لە پێکهاتەی کێڵگەیی ژنەکەدا دی کە بە چەند نێگاتیڤێك کار لە چارەنووسەکە دەکات. بەڵام سەرپێچییەکەی لە یاسایەکان ئەوەبوو هەر بە قسە هەستی خۆشەویستی لای مرۆڤێکی تر کوشتبوو، ژنەکە لە ماوەی یەك سەعاتی تەواودا نەیتوانی هیچ شتێك باس بکاتو هەوڵماندا هۆیەکە بدۆزینەوە کە دواجار بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەرکەوت:

ئەم ژنە برادەرێکی پزیشکی گەنجی هەبوو، هەمیشە پێکەوە قسەیان





دەکرد،تارۆژێکیان کوڕەکە لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا هات، ئافرەتەکە تەماشای هەردووکیانی کردو گوتی:

- دەزانم تۆ ناتوانیت لەگەڵ ئەم کچەدا بژیت، چونکە ئەمە دەستبەردارت دەبێو بەتەنیا جێتدەهێڵێ، پێویستی بە مێردێکی ترە نەك تۆ. لەپاش کاتێکی کەم ئەم دوو گەنجە لێك جودابوونەوە: ئەم ژنە بەجۆرێکی بەدەر لە ئیرادە بوە هۆی کوشتنی هەستی خۆشەویستی لای ئەو گەنجە. پاشان ئەم جۆرە بارودۆخە لای ئەو زۆرجار دووبارە بۆوەو ئەو وشانەو پاشان بوە کردەوە کارێکی وای لە کێڵگەی کوڕەکەدا کرد کە پەیوەندیی لەگەڵ ژنان تێك بچێت. ئێمە بیر لەوە ناکەینەوە چۆن وا بە ئاسانی زیان بە خۆمانو کەسانی تر دەگەیەنین، سەرنجی نائیرادەیی ئەو ژنە لە یەك کاتدا کاری کردە سەر سێ کەس: سەرکوڕە پزیشکەکەو سەر ژنەکە خۆیو سەر منداڵەکەی، لەوانەبوو ئەم زنجیرەیە زۆر لەوە ش فراوانتر بێت. بەشیکردنەوەی هۆی نەخۆشی یەکێك لە ژنەکان تەماشام کرد لە پێکهاتەی کێڵگەکەیدا بەلەعنەت کردنی لەلایەن دایکەکەیەوە تێیدایەو، ئەمەش زۆر کاری نەکردۆتە سەرژنەکە.

- ئاخۆ لە ساڵی ١٩٧٢ دا گیروگرفتو شەڕوشۆڕت لەگەڵ دایکتدا هەبوو؟

- بەڵێ، ئەو لە شووکردنەکەم قایل نەبوو.

- ئایا بەرهەڵستیی کرد؟

- بەیەکجارەکی لەدژی بوو، منیش هەر سووربووم لەسەر ئەو شووکردنە.

بە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی KARMA تابلۆیەکی یەکجار سەرسوڕهێنەرم دێت:

- تکات لێدەکەم سەرسام نەبیت، ئاخۆ لە کاتێکدا لەسەر ژیانی بەرگ پۆشینی پێشان هیچت بیستووە؟

- بەڵێ.

- لە ژیانی پێشوودا بەهۆی کانچەرەوە مردیت. مێردەکەت لە ژیانەکەی پێشووتدا هەر ئەم مێردەی ئێستاتە، هەر وا دایکەکەشت لە ژیانی پێشوتو ئێستادا هەرخۆیەتی. لەسەر حەزی دایکت لە ژیانی پێشوتدا وازت لێ هێنا، شووت پێ نەکرد، بەڵام لەم ژیانەدا کەوتیتەوە بەرهەمان تاقیکردنەوە بەڵام خۆشەویستیت هەڵبژارد لەبەر ئەوە بەختیاریت بۆ تەواو بوو، لەعنەتەکانیدایکت هیچ کاریان نەکردە سەر تەندروستیت. بەڵام ئەو بەرگەی تاقیکردنەویەکی دیکەی نەگرت. بەوەی بەتەواوی بەرهەڵستی شووکردنو بەختیارییەکەتی کرد هەڵەیەکی پێشووی دووبارەکردەوەو کاتێکیش شانە لەگەڵ لەش دەکەوێتە زۆران هەوڵدەدات لەش ناچاری گوێ پێدانی بکاتو بەوهۆیەوە شانەیەکی کانچەری دروست دەبێ.

ژنەکە زۆر بیری کردەوەو پاشان گوتی:

- دەزانی دایکم ساڵی ١٩٥٧ بە نەخۆشی دوومەڵەپیسەکە مرد؟ ئالەم ساتەدا بیرم لە مرۆڤایەتی کردەوە، کە چۆن ئێمە بە پڕاگماتیی زەوی لەم کاتانەی دواییدا هەوڵدەدەین بە توندی گشت هەستێکی خودایی رەتبکەینەوە.

جا هەروەك چۆن زانیارییەکانی میراتیی لە دایکبوون دەگوازرێتەوە هەروا بەوشێوەیە بە ڕێگاکانی کێڵگەیش دەگوازرێتەوە، دایك لە رووی کێڵگەییەوە بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەگەڵ منداڵەکەی هاوپەیوەندە، لەبەرئەوە کاردانەوەکانی راستەوخۆو بەهێز کاردەکەنە سەر منداڵەکەی. جا ئەگەر کاردانەوەکان لەسەر شێوەی بەخیلیو تورەبوون یان جودابوونەوە لە کەسە خۆشەویستەکە بێت ئەو کاتە ئەمە دەبێتە کارەساتێك بۆ منداڵەکە. هەروا پێکهاتە کێڵگەییە نێگاتیڤەکانی ژنەکە دەبێتە بڕیاردەرو ڕۆڵێکی بنچینەیی دەبێ لەو بێبەختییو کلۆڵیانە کەلە دوا ڕۆژدا توشی منداڵەکان دەبن، ئەم سەرپێچییانەم شیکردنەوە کە ژنەکە دەرهەق بە یاسایەکانی پاراستنی





خۆشەویستیی کردوونیو پێمگوت:

- بەرنامە نێگاتیڤەکان لای کچەکانت تا رادەیەك گردبوونەتەوە کە هەڕەشەی نەزۆکییان لێدەکات. ژنەکە وەڵامیدایەوە:

- بەڵێ، ئەستێرەکانی بەختیش جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە تووشی نەزۆکی دەبن.

- زانستی ئەستێرەناسیو فەلەك بەپلەی دووەم دێت، ڕۆژگاری لە دایکبوونی منداڵ لە چاو پێکهاتە کێڵگەییەکەیدا دیاری دەکرێت، واتە سەبارەت بە ERO KARMA. لە کاتی کارکردندا ئەم توانایەم لا پەیدا بوو کە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە ئەوی ئەستێرەکانی بەخت دەیڵێن بە پێی چەند مەرجێکی دیاریکراو دەگۆڕدرێن.

ژنە کرێکارێك وەك پەیامنێری تەلەفزیۆنی ناوەندی پەیوەندی پێوەکردمو داوای کرد لەسەر دیدار بڕیاربدەم. دەرکەوت ئافرەتێکی تێگەیشتووی ڕۆشنبیرو قسەزانەو دەتوانێ قسە دامەزرێنێ هەروا گوێ گرێکی باشیش بوو، پرسیارەکانی یاریدەدەرم بوون بۆ ڕێکخستنی ئەو بابەتانەی لە کاتی پرۆسەی تۆژینەوەدا کەڵەکە بووبوون، بۆ من مایەی خۆشحاڵی بوو قسە لەگەڵ مرۆڤێکدا بکەم لە گیرگرفتەکانی وزەی بیۆلۆژیدا شارەزابێت، بەڵام وێڕای ئەوەش قایل نەبووم دیدارێکی ڕۆژنامەنوسیی بکەمو لەسەر شاشە دەربکەوم بۆ درێژە دان بە تۆژینەوە بەبێ ڕوودانی هەر شێواندنێك.

جا لەبەرئەوەی لەبەر کەمی کات نەمانتوانی گشت پرسیارەکان چارەسەر بکەین ئەوانەی مانەوە دوامانخستن بۆ ڕۆژی دوایی. بەڵام ئا لێرەدا هەندێ KARMA ڕوویدا. ئێمە نزیکەی سەعاتێك چاوەڕوانی یەکترمان کرد، بەڵام لە شوێنی جۆربەجۆر، من بەتەواوی پڕ باوەڕ بووم کەلەسەر دیدار لەو شوێنە ڕێکەوتبووین کە چاوەڕوانی یەکترمان دەکرد، بەڵام پاشان بارودۆخەکە گران

بوو، ژنە ڕۆژنامە نوسەکە بەتەلەفۆن پەیوەندی لەگەڵ کردم، هەوڵمدا لە ئوتێلەکە بیدۆزمەوە بەڵام دیسان بۆم نەگونجاو پێش سەعاتێك لە سەفەرەکەی یەکتریمان دیت. تەماشام کرد زۆر شڵەژاوو هەڵچوبوو، بە هەموو توانای هەوڵی دەدا ئەو خراپەیەی بەرانبەری ڕوویدا کپبکاتەوەو، دواجار توانی ئەوە بکات، پاشان توانیان ناوبەناو بە تەلەفۆن پەیوەندی لەگەڵ یەکتری بکەین. جارێکیان بۆی باسکردم کە بەپێی بەختی خۆی تەنیا چەند ساڵێکی لە ژیاندا ماوە ئیتر دەستم بە توێژینەوە لە پێکهاتە کێڵگەییەکەیدا کرد.

- بەهۆی ئەو زانیارییانەی لە توێژینەوەکەمەوە دەستم کەوتن دەتوانم بڵێم منداڵەکەت لە دواڕۆژدا پاش لە دایکبوونی دەمرێت. شوێنی توشبوونەکەشی لە سەریدا دەبێت، مەرگی ئەو منداڵە بەشێکی زۆر لە خەمو خەفەتو بەدبەختیو نەخۆشیت توش دەکات، وێڕای تێکچوونی باری دەروونیتو، بەداخیشەوە دوای دوو ساڵ لە مەرگی منداڵەکە خۆشت کۆتاییت دێ.

- ئەمە مانای وایە ئەستێرە گرتنەوە ڕاستە؟ ئافرەتەکە بە دەنگێکی نزمو بە ترسو دڵگیرییەکەوە ئەوەی گوت.

- مەسەلەکە پەیوەندیی بە ئەستێرە گرتنەوەوە نییە، بەڵکو لە پێکهاتەی وزەیتیدا داڕێژراوە، یان بەوشەیەکی تر لە KARMA دایە. ئەستێرەگرتنەوە چارەنووست دیاری دەکات چونکە منداڵبونەکەت لە کاتێکی دیاریکراودا هاوپەیوەندە بە شێوازی پێکهاتەی وزەوە. جا ئەگەر بەهۆی پاڕانەوەو پەنا بردنە بە ڕخودا بەڕێگەی پەرەسەندنی ڕۆحی ئاڵوگۆڕی پێکهاتەی وزە لە کێڵگەی بیۆلۆژیتدا ئەنجامدرا ئەوا بێگومان KARMA دێتە گۆڕینو، دوا جار چارەنوسیشت دەگۆڕدرێت.

ئینجا ئەو سەرپێچیە سەرەکییانەم بۆ ڕوونکردەوە کە ڕێگرن لە پێش گێڕانەوەی هارمۆنیای پێکهاتەکێڵگەییەکەیدا، لەم بوارەشدا چی پێویست بوو





ڕاستکردنەوەم ئەنجام داو، لە باروودۆخێکی سروشتیدا جێمهێڵا. پاش تێپەڕبونی کاتێك هەستم کرد لە مەترسیەکی ڕاستەقینەدایە، پەیوەندیم لەگەڵ کردو پێمگوت:

- ئەگەر نەتوانیت خراپەکاریی مێردەکەت بەرانبەرت لەبیربەریتەوەو ریشەکێشی بکەیت ئەوا میکانیزمی KARMA لە کاردا دەبێ. لە مانگیسێیەمو چوارەمی سکەکەتدا کەوتیتە بەردەم هەندێ تاقیکردنەوە کە بۆت دەکرا سوکایەتی پێکردن خولیای دوژمنانەت لەئاستی مێردەکەتدا گەمارۆ بدەیت. بەڵام باروودۆخی ئێستا بۆخۆتو بۆ منداڵەکەت یەکجار پڕ مەترسییە. دەبێ لۆجیکی ڕەفتاریی لە بیربەریتەوە تا تەندروستیت باشبێتەوەو بەختیاربیت.

بۆ کاتێکیش لە دوورەوە چاودێریی کێڵگەیی بیۆلۆژییەکەیم کرد: هیچ ئاڵوگۆڕێکم تێدا بەدی نەکرد، بەڵکو هارمۆنیاو ئارامگیرییەکەی بەردەوام بوو، پاش منداڵبونەکەشی دایکە بەختیارەکە بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کردم وگوتی:

- تۆ ڕاستت گوت،منداڵەکە نەمرد، ئەگەر چی وەك دکتۆرەکان گوتیان پەتی ناو سك بە دەوری ملیدا ئاڵابوو. بەڵام لەوە سەر سوڕهێنەرتر ئەنجامی ئەو توێژینەوانەبوو کە دوای سێ مانگ بە یارمەتی تازەترین ئامێری پزیشکی لەسەر منداڵەکە کرابوونو، دەریانخست کە منداڵەکە لە مێشکیدا توشی خوێنبەربوونی ناوخۆیی وردبینی بووبوو، جا ئەگەر دایکەکە نەیتوانیبا لە کاتی پێویستیدا لە خراپەو خولیای دوژمنانە ڕزگاری بێت ئەوا ڕووداوەکان بەپێی سیناریۆی ئەستێرەگرتنەوە بەڕێوەدەچوون.

لۆژیکی خۆشەویستیو باوەڕی لێبوردن لەسەرو گشت ئەستێرەگرتنەوەو هەموو پێشبینییەکەوەیە. بەپەنا بردنە بەر یەزدانو هارمۆنیای دڵپاکی دەکرێ KARMA ی نێگاتیف داپۆشرێت. سروشتو چارەنووسی منداڵی ئایندەلە کێڵگەی وزەیی زانیاری لای باوکان پێش سك پڕبوونی دایکەکە دادەڕێژرێ. بەڵام

له کاتی سك پڕبووندا سروشتو چارەنووس دەگەنه بواری پەیدابوونو دواڕۆژی منداڵەکه دیاری دەکەن، لەبەر ئەوە ئەگەر دایكو باوکەکه لە پێویستی بونو حەزکردنیان له منداڵه که دوو دڵییەك پیشان بدەن، ئەوا هێرشبردنێك بۆسەر ئەو پێکهاتەیە رودەداو دەبێتە مایەی شێواندنو وێرانبوونی بەشێکی ئەو پێکهاتانە. بەڵام دیاریکردنی جۆری جنسی کۆرپەڵەکەو حەزی دایكو باوکەکە لە بوونی منداڵێکی نێرینە یان مێینە بە جۆرێکی نێگاتیڤ کار دەکاتە سەر پێکهاتە کێڵگەییەکانی منداڵی چاوەڕوانکراو. تەنانەت گومانو بیرکردنەوە لە رزگار بوون لە کۆرپەڵە کە، ناڵێم هەوڵدان بۆ رزگار بوون لێی،بە وێرانکردنی چارەنووسو تەندروستیو بەختیارییەکەیو بەوێرانکردنی پێکهاتەی هەڵسووڕانو پێکڕالکان لەگەڵ کەسانی تردا دادەنرێ.

کچێکی تەمەن پانزە ساڵانە پەیوەندی پێوەکردمو گوتی:

((من حەز ناکەم منداڵم هەبن)) ئەو کچە بەم حەزەیبەرنامەی وێرانکاری هەڵچوونانە پتەو دەکاتو دوورنییە پاش چەند ساڵێك منداڵێکی ببێ کە تووشی نەخۆشی یەکجار مەترسیدار بووبێت، لەمەشدا گوناهبار حەز کردنەکەی ئەمڕۆیەتی وبەس.

ئەمەش چیرۆکێکی ترە، دایكو باوکێك چاوەڕوانی لە دایکبوونی کوڕێکیان کرد، کەچی کچێکیان بوو، بار ئاڵۆزییان ڕۆژێکی تەواوی پێچوو پاشان وەك پێویست بەو بوونە قایل بوونو، هەردووکیان یەکجار زۆر کچەکەیان خۆشدەویست، بەڵام ئەو هەمیشە نەخۆش بوو، بەرنامەی وێرانکاریی دوو هێندەیی کە لە دایكو باوکەکە وە هاتو کاری کردە سەر کێڵگەی منداڵەکە هەر مایەوە. مێردەکە لە کاتی سك پڕییەکەدا سوکایەتی بە ژنەکەی کردو، بیرۆکەیەك لای ژنەکە پەیدا بوو: ((بڕیارەکەم هەڵەبوو کە منداڵم لەم پیاوە ببێت)) پاشان مێردەکە چەند جارێك لەسەر سوکایەتی کردن بە ژنەکەی





درێژەی داو، ژنەکە حەزی بە ژیانێکی بەختیاری لەم چەشنە نەدەکرد. ئەمانەش هەمووی لەسەر کێڵگەی نەپارێزراوی منداڵەکە دەردەکەوتنو ئێستاش لەبەرئەوەی هێندەی دەرمان دراوەتی بۆ چاری نەخۆشییە جۆربەجۆرەکانی تووشی ژاراوی بوون هاتووەو، ڕۆژێك لە ڕۆژان لەش ساغ نابێت. ئەوە زۆر گرنگە کە لە کاتی نەخۆشیی منداڵەکەدا مەرجی تەندروستی پێویستی بۆ ئامادەبکرێ بۆ یارمەتیدانی چاکبوونەوەی. ئەمە مانای چییە؟ لەسەر دایكو باوکەکە پێویستە هەمیشە بیر لە رۆحانیەتی منداڵەکە بکەنەوە، پاشان بیر لە لەشی بکەنەوە. لەبەرئەوە دەرمانو خۆراك پێدانی تەنیا زیانی پێدەگەیەنێت.

کاتێك لەمەو بەر لەگەڵ دایکی منداڵێك قسەم کرد کەلە ئەنجامی نەخۆشییەکی قورسدا هێندەی نەمابوو بمرێت، منیش کێڵگەی منداڵەکەم لە پێشو دوای نەخۆشییەکەی پشکنی بوو، زۆر سەرسام بووم کە تەماشام کرد شێواندنە گەورەکانی کە بوونە هۆی ئەو نەخۆشییە نەماون. کەوتمە پشکنینی هۆکاری ئەم سەرکەوتنەو بۆم دەرکەوت هۆیەکە خۆشەویستیی راستەقینەی باوکەکەبوو بەرانبەر منداڵەکەی. بەشی زۆری بەرنامەی وێرانکاری کەلە گەردونەوە دا کەوتبوو بەهۆی خۆشەویستییەوە لەناوبرابوو.

بەڵێ، بەخۆشەویستیی راستەقینە نەك سەرزارەکی، دەکرێ چاری کەسانی تر بکرێ، بەڵام هەروا بەسەر زارەکی پەسەند کردن لە زیان زیاتری لێ ناکەوێتەوە. بۆیە زۆر لە نەخۆشییەکانی منداڵان لەسەر رەفتاری دایكو باوکەکانو تەنانەت خۆراکی خۆشیان وەستاون. لەبەرئەوەی ئەرکی دایكو باوکەکانە لەم کاتانەدا لەسەر پەیمانبەستێکی تەواو رێکەونو سوکایەتیو خراپە بەیەکتری نەکەن،و بزانن کە بارودۆخی رۆحانی لای دایك وباوك بارودۆخی رۆحانیو جەستەیە لای ڕۆڵەکانیانو، بۆ پاراستنی منداڵ لە نەخۆشیی دەبێ دایكو باوك ئەوە تێبگەن کە گرنگترین شت لە ژیانی منداڵدا تەندروستیی

ڕۆحانیەتی.

ئەمەش لاوێکی تره لەبەر دەممدا دانیشتووەو گیروگرفتەکەی باس دەکاتو دەڵێ دوو ساڵە هەردوو قاچی ئازارێکی تووشبووە چۆتە لای زۆر دکتۆرو مێساژو حەمامیان بۆ کردووەو بێ ئەنجام بووە. بەڵام هەندێ کاروباری تر کراوەو چەند مانگێك درێژەیان کێشاوە وەك وەرزشو مێساژ ئیتر نەخۆشییەکە نەماوە، بەڵام تینی بینین بەرەبەرە تێکچووە. ئەمەش بارودۆخێکی چلۆنایەتی بووە: دەستبەرداربوونی منداڵ لەپێش بوونیدا یان لە قۆناغی سکپڕبووندا، جا ئەگەر ئەمە بە قسە بێت یان بەبیر کردنەوەو یان بەکردار، ئەوا شێواوی پێکهاتە کێڵگەییەکان لەسێ شوێندا دەردەکەون: لە سەرو، سنگو، قاچەکاندا، لە بارودۆخێکی وادا ڕێکەوتنێك ئەنجامدرا لەنێوان سەرپێچییەکانی کەلە باوکەوە هاتوونو، سەرپێچییەکانی کەلە دایکەوە هاتوون، لەبەر ئەمە شێواوییەکانی کێڵگەیی لە ناوچەی قاچەکاندا لە کاتی پەیڕەوکردنی لە چارەسەری ئاساییدا گواسترانەوە بۆ ناوچەی دووەم، واتە سەر.

ئەو پرۆسەیەی کە لە دێریندا لە ماوەی دەیان ساڵدا چالاك بوو لە ڕۆژانی ئێستاماندا لە ماوەی چەند مانگێکدا چالاك بووە. ئەم دیاردەیەش لەم دواییانەدا بە هۆیەك دادەنرێ لە شلەژانو سەرسوڕمانی پزیشکەکاندا، جا ئەگەر نەخۆشییەك بۆ کاتێکی درێژ لەیەك جێگەدا بمێنێتەوەو لەو ماوەیەدا چار کردن بەردەوام بێت تا دەگوێزرێتەوە بۆ ئەندامێکی ترو لەو شوێنەدا بەرەبەرە کەڵەکە دەبێت ئەو دەم KARMA کە ئەمرۆ پیس بووە تابلۆیەکی ترمان دەخاتە پێش چاو، نەخۆشییەکە لە یەك شوێندا چەق نابەستێ بەڵکو بەنۆرە لەکاتی چارکردندا لە ئەندامێکەوە بۆ ئەندامێکی تر مەلە دەکات. هەوڵدان بۆ گەیشتنە بارودۆخی فیزیکی لەش بەبێ ووردبوونەوە لە هۆکاری نەخۆشییەکە بەکارێکی ناژیری مەترسیدار دادەنرێت، هەروا پەرەپێدانی ئامرازەکانی زۆران لە





دژی نەخۆشیەکە بەبێ وردبوونەوە لە نەخۆشییەکەو هۆی پەیدا بوونی، چونکە هێشتا خەوەکانی مرۆڤایەتی بۆ نەهێشتنی نەخۆشییەکە منداڵکارانەیە. ئێمەش هەمومان هێشتا لە عەشقو حەزماندا لە بەرژەوەندەکانی شارستانی منداڵینو، یارییە رازاوەو ڕەنگاورەنگەکانمان زۆر لە لایەخدارتر دێنە بەرچاو وەك لە مەسەلە گرنگەکانی ژیان. ئاینەکان لەکۆندا چەندان کاتێگۆریو پەندو ڕەفتاری بەرزیان بە مرۆڤ پێشکەش کردووە، ئەوەش زاندرا کە((خواستی یەزدان لەسەرو هەموانەوەیە)). ئەم برگەیەش یەکجار جوانە بۆ ڕێگەگرتن لە کردەی شوێنەوارە نێگاتیڤەکانی ویژدانی لەسەر مرۆڤ ودنیای دەوروپشت، چونکە دەشێ مرۆڤ لە رەوتی ڕووداوەکاندا دەست تێوەرداتو لە گۆشەی بەرژەوەندە تایبەتییەکانی خۆیەوە هەوڵی ڕێگە لێگرتنیان بدات. بەڵام لەباری ڕۆحییەوە ناچارە پارێزگاری هارمۆنیا لەگەڵ دنیای دەوروبەردا بکات، لەبەر ئەوەی کە ڕۆح لەگەڵ کێڵگە هاوپەیوەندە بە تایبەتی لەگەڵ ئاستی وردی کێڵگە کە لە یەکێتیدایە لەگەڵ تەواوی گەردون.

جەختیش لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە ئێمە هێشتا لە تێگەیشتنی زۆر لە ڕووداوەکانی ژیانمان بەرێگەی زۆر پەلە لە ئامێز دوورین. یەکێك لە گەورەپزیشکەکانی خەستەخانەیەك ئاگاداری بنچینەکانی سیستەمی دیسپلینی کێڵگەیی خۆکردبوو بەڵام بەکردەوە لە پەیڕەوکردنیدا سەرنەکەوت، بەڵام ڕۆژێکیان کاتێك نەخۆش بوو چەند ڕۆژێك بوو گەرمایی زۆر بەرز بوو بێ ئەوەی هیچ شتێك نزمی بکاتەوە، تۆژینەوەکانی منی هاتە بیرو دەستی کردە بیرکردنەوە((خوایە، بێ ئەوەی بزانم گوناهێکم کردو، نازانم چیم کردووەو ئێستاکەش ناتوانم هیچ بیانوویەك بێنمەوە،خوایە گیان لە گوناهم ببورە. یارمەتیم بدە بۆ تێگەیشتنی راستیو نەگەڕانەوە بۆ گوناهکردنی لەو چەشنە لە دواڕۆژدا)) ئیتر ڕاستەوخۆ دوای دوو سەعات گەرماییەکەی هاتە خوارەوە بۆ

سەر ڕێژەی گشتی. ڕەنگە لای خوێنەران هەستێکی ڕەشبینی پەیدا بێتو بیرو ڕایەك بێتە کایەوە کە زۆر کەڵەکە بوونی کاروکردەوەی نێگاتیڤ بارودۆخی مرۆڤایەتی زۆر مەترسیدار کردووەو هیوای چاکبونەوەی لا ناکرێ. بەڵام لە ڕاستیدا بارودۆخەکە لەوە باشترە کە ئێمە لە چرکەی یەکەمدا دەیبینین، چونکە میکانیزمی کۆبەستو پاکردنەوەی KARMA هەیە.

هەر لەو پێناوەشدا، لە پلەی یەکەمدا دەبێ ئەوە بزانرێ کە هەر مرۆڤێك، یان هەرچی رووی‌داوەو لە بارودۆخی‌خۆمانو پارسەنگمان وەدەرماندەنێ بەشێکە لەم گەردونە، لەبەر ئەوە دەبێ هەمیشە بارودۆخی ناوخۆیی پڕاوپڕ بێت لە هەستی بێوەیی بوون. هەرچەندێك ئاستی کێڵگەیی نەرمو نۆڵتر بێت هێندە هەڵواسراویی بە کەسایەتییەوە کەمترەو، دوورترە لەلۆژیکییەتی جەستە. هەر مرۆڤێکیش دەتوانێ بە رەفتاری راستو دروستی یاریدەی خۆی بدات، هەروا بەباش تێگەیشتنی لەدنیاو بەخۆراکی تەندروستانە، ئەمە وێڕای خواستو بەرەو ئامانج ڕۆیشتن وەك هۆکارێکی زۆر گرنگ.

لەسەرەتای هەفتاکاندا لەگەڵ کۆمەڵێك بەرێکەوتین بەرەو دەریاچەی ڕێساو سەرکەوتینە لای تاڤگەکانی گیگوسك، بەهێمنی کاتی چل خولەکێك رۆیشتین تا گەیشتینە سەر لوتکەی چیایەکە، لەوێوە ڕێگەیەکی تەنگەبەری پێچاوپێچم دی، بەناو چیادا درێژ بووبوو سەرەتای ڕێڕەوەکەشمان لەوێوەبوو بەرەو لوتکە. ئەو کاتە پەیوەندییەکی توندم لەگەڵ ژیانی مرۆڤایەتی لاپەیدابوو، هەستم کرد مرۆڤ دەتوانێ ئەگەر لەسەر خواستەکانی بەهێز بوو مەحاڵ بێنێتە دی.

گرنگترین میکانیزمی کۆبەستو پاکردنەوەی KARMA بریتییە لە خواستی هەمیشەییو بەردەوام بەرەو پەرەسەندنو پێشکەوتنی ڕۆحی.

زۆر کەس لەکاتی ئێستادا باسی گەڕانەوە بۆ یەزدان دەکەنو، بەوەی بڵێت ((من باوەڕم بەیەزدانە))و، بەرۆیشتنی بۆ کەنیسە مرۆڤ زۆر دوور دەبێ لە





پەیوەندی لەگەڵ یەزدانداو، باوەڕبوون بەیەزدان پرۆسەیەکە بارودۆخی فیزیکی هاوبوونی بارودۆخی رۆحیە. ئەمەش لە سادەترین نمونەدا بە روونی دەردەکەوێ.ئەگەر شانەکە بەپێچەوانەی ئەرکەکانی جەستە کاربکات، واتە تەنیا لە پێناو خۆیدا کاربکات، ئەو کاتە پرۆسەی دارمانو تێکچوون دەست پێدەکاتو، بۆ گێڕانەوەی یەکێتی لەگەڵ جەستەدا هەر هیواداری بەس نییە بەڵکو مەسەلەکە پێویستی بە کارێکی ڕێکوپێکی بەردەوامە بۆ پاکردنەوەی شانەکەو گێرانەوەی هارمۆنییەکەی.

ڕەوانی مرۆڤایەتی لەکاتی ئێستادا دارماوەو تێکچووەو، ئەو شانەیانەش کە زۆر نەخۆشن پێویستە بمرنو، ئەو پرۆسانەش کە ئەمرۆ دەیانبینین ئاماژە بۆ سەرەتای ئەم کارە دەکەن. کاری ویژدانی کەماندوبوون نازانێو ئامانجی پەرەپێدانی رۆحو جەستەیەو کامڵیان دەکات تاقە ڕێگایە بۆرزگارکردنی مرۆڤایەتی. ((پێویستە بخوازرێو هەوڵبدرێو لە هەموو ڕۆژو لە هەموو سەعاتێکدا هێز تەرخان بکرێ بۆ زۆرانبازی لەگەڵ خۆدا هێنانەدی شتێك، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لە یادبێ کە ڕەنگە سبەینێ هیچ ئەنجامێك نەبینین ئەو کاتە پێویستە جارێکی تر بێ کۆڵدانو بێزاربوون بەرەو پێشەوە بڕۆین. راوەستانو هێمنێتی دەبێ ڕێگای لامان بزانن)).

ناتوانرێ پارێزگاریی دڵێك بکرێت پڕبێ لە خۆشەویستیو خۆ پەسەندکردنو شانازیو کینەو نزیك بوون لە خودا لە یەك کاتدا، ئەمە بوو کە باوکە رۆحانیەکە لەهەموو بۆنەیەکدا دووپاتی دەکردەوە.

جا ئایا خۆ بە دەستەوەدانو بێوەیی بوون لە گۆشە نیگای وزەوە چی دەگەیەنێت؟ مرۆڤی بێوەی کە هەر گیروگرفتێك یان هەر تاقیکردنەوەیەکی ژیان بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانەو بێوەی پێشوازی دەکات چەندایەتییەکی گەورەی هێز پاشەکەوت دەکات کە ئەو هێزە لە ناکۆکیترا بە دیاردەکەوت دەبوو

هۆی نەزۆکی ئەگەر بهاتایەو مرۆڤ بە پێچەوانەی ئەوە رەفتاری بکردایە، ئەم هێزە یەدەگەش لە پەرەسەندنی رۆحانی ناوخۆدا بەکاردەهێندرێت.

هەمیشە ئەم پرسیارەم بەرەوروو دەکرێتەوە: ئایا دەتوانرێ هێزو تینی منداڵان باش بکرێتو تواناکانیان بەرز بکرێنەوە: حەز نەکردنی منداڵ لە خوێندن زۆر بە سادەیی پەیدا دەبێت، لە کاتی دووگیانیدا دەشێ هەستەکانی دایك لە بەرانبەر باوکدا یان لە بەرانبەر کوڕدا یاخود لە ئاست دنیای دەوروپشتدا بێتە گۆڕین. ئەمەش دەبێتە هۆی دارشتنی بەرنامەی دەستبەرداربوون لە زانیارییەکانی کێڵگەی گەردون، کە توانایەکانی منداڵ بۆ کارکردن لەگەڵ زانیارییەکان کۆ دەکاتەوەو، خوێندن دەبێتە کارێکی گران بۆ منداڵەکەو حەزی لێ ناکات، بەڵام دایکە خۆشەویستەکە کە ڕێگە بەخۆیو هەر کەسێکی تری دەوروپشتی دەدات کە گومان لە هەستی خۆشەویستیو یەکێتی لەگەڵ گەردوندا دەکات منداڵی زۆر زیرەکی دەبێت. دواجار تواناو لێهاتوویی منداڵان لە رەفتارو رەوشتی بابو باپیرو خزمەکانیەوەیە.

منداڵێکم پشکنی کە ئاستێکی ویژدانیی دوژمنانەی بەرزی هەبوو، لەمەشدا گوناهکار پورەکەی بوو، خوشکی باوکەکەی! پێش لە دایکبوونی منداڵەکە ئەم ئافرەتە کردەوەیەکی ناڕەوشتانەی کردبوو. لەبەر ئەمە هەمیشە ئەو برگەیەی دەبینییەوە کە دەڵێ ((رەسەنایەتی رەگەزو لە دایکبوون)) کە لە دەوری یاسایەکانی بیووزەیی دەسوڕانەوە. بەڵام ئاخۆ ناو کار لە چارەنووسی منداڵ دەکات؟ کاتێك دایكو باوك بۆ منداڵەکەیان ناوێك هەڵدەبژێرن ئەم ناوە هێز دەداتە KARMA ی منداڵەکە کاریش دەکاتە سەر پێکهاتەی کێڵگەییەکەی. هەندێ ناو هەن بێلایەنن، نەخراپن نەباشنو هەندێکیشیان باشنو بەجۆرێکی پۆزەتیف کاردەکەنو دەشتوانرێ لە باری وەزییەوە ئەم کارلێکردنە بخوازرێ.

هەندێ جاریش والێکدەدرێتەوە ئەو ناوەی لە KARMA دا جێگیربووەو





توانای داوەتێ لەگەڵ ناوی راستەقینەی مرۆڤەکە جووت نییە، واتە ئەوەیە کە دەگوترێ ((ناوەکە لەگەڵ ناو لێنراودا ناگونجێ)) یەکەمجار کاتێك لەگەڵ ئەم راستییەدا رووبەرووبوومەوە کە گیروگرفتی دایکێکم لەگەڵ ((یورا))ی کوڕیدا شی دەکردەوە. خۆی وادادەنرا کە ناوی ئەم کوڕە پێچەوانەی ئەوبێت.

- بەڵێ، لە سەرەتادا ویستمان ناویبنێین ئارتۆر، بەڵام دوای ئەوە ناومان نا یورا، دایکەکە دەڵێ: وزەی گەنجەکەم پشکنی تەماشام کرد ناوی ئارتۆربوو. ناو لە وزەی مرۆڤدا دەچەسپێ ولەگەڵ KARMA هاوپەیوەندە. بەڵام بێهودە بوو لە پێشینەیدا منداڵەکان بەناوی قەشەکانەوە ناودەنرانو، KARMA ی خاوێنی قەشەکە لەگەڵ منداڵەکە یەکیاندەگرتو دەبووە هۆی خزمەتو پاراستنی منداڵەکە. بەڵام ئێستا ئێمە زۆر سەرکێشی دەکەین کە منداڵەکانمان بەناوی خزمەکانمانەوە ناو دەنێین،چونکە ئەو دەم دەیانکەینە بەرپرسی چاری هەڵەو گوناهەکانی ئەو خزمانە، لەبەر ئەوەی بەشێك لە KARMA ی مرۆڤەکە لەگەڵ ناوەکەدا دەگوازرێتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە ناوبرینی زەمینی بەسەر کەسێکدا دەبێ لەگەڵ هەوڵدانەدا بێت بۆ ئەوەی لە رووی بیرەوە بەشە نێگاتیڤەکەی KARMA بسەندرێو، تکای ئەوە بکرێت کە لەگەڵ ناوەکەدا بەشە پۆزەتیڤەکەی بچێتە ژوورەوە، واتە ئەو بەشەی ئاواتەخوازەو خۆشەویستی خوداو خێرو خۆشەویستییە.

زۆرترین بیرو ڕایەکی قەناعەت پێکار کە دەیسەلمێنێ ئێمە لە یەك ودوو بەرپرسین، لە ژنێکەوە گوێم لێبوو لە شارێکدا کە دوای تەواوبوونی ئەو دەرسەی لە ئینیستیتوی پزیشکی گوتمەوە باسیکرد. ئەم ژنە بڕیاریدا جارێکی تر منداڵی ببێت دوای ئەوەی منداڵەکانی گەورەبوون. واپێدەچوو سەرپێچییە یاساییەکانی لە پێکهاتەی کێڵگەییدا زۆربن، هەر لەبەر ئەوەش منداڵەکە راستەوخۆ دوای لەدایك بوونی مردبوو. تەنانەت نەشیناشتبوو هەر لە

نەخۆشخانە بەجێهێشتبوو رۆیشتبوو بێئەوەی تاقە وشەیەکیش بڵێ. پاش مانگێك یەکێك لە خزمەکانی مرد، دوای ئەوەش خزمێکی تری، پاشان خزمی سێیەمی. جا لەبەر ئەوەی شارەکە گچکە بوو برادەران بە دوای کەسێکدا گەڕان کە بتوانێ ئەم دیاردەیە لێکبداتەوە وهۆیەکەی بدۆزێتەوەو یارمەتی ئەم خێزانە بدات. چونە لای ئەستێرە گرەوەیەکی بەناوبانگ‌و گیروگرفتەکەیان بۆ باسکرد، داوای لێبوردنی کردو گوتی ناتوانێ شتێك بکات، تەواوی خێزانەکە کۆتاییان دێت‌و بە تەواوی لەناو دەچن. ئەو ژنە بەوەی کە منداڵە مردووەکەی لە خەستەخانە بەجێهێشتووە تاوانێکی گەورەی کردوەو، ناشتوانرێ سزای ئەو تاوانە پووچ بکرێتەوە.

خۆشەویستیی منداڵان لە هەستەباڵاکانی گەردوونەوەیە لەبەر ئەمە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی بەرەنگاربوونەوەو سەرپێچیکردن لەم خۆشەویستییە، وەك دەستبەردان لە منداڵ یان حەز نەکردن لە منداڵبون‌و سکپڕبوون،چ جای کوشتنی کۆرپەڵە یان لەباربردنی کۆرپەڵە بەم یان بەو شێوەیە بە تایبەتی لە کاتی درەنگی سك پڕبوندا لە لایەن هەر مرۆڤێکەوەو نەك تەنیا بە کردەوە بەڵکو تەنانەت بە قسەو بیرکردنەوەش لەوانەیە ئەنجامی یەکجار مەترسیدار یان لێبکەوێتەوە.

پاشان دوو نەخۆش هاتنە لام: ژنێك کەلە کەناڵی هێلکەداندا سووتانەوەی هەبوو، پیاوێکیش لە سێ بەنگەی زۆر ئازاری هەبوو، هەروا لە پرۆستاتدا سووتانەوی هەبوو. هۆی هەردوو بارودۆخەکە هەریەك بوو، ژنەکە ڕاوێژی خوشکەدەرێکی خۆی کردبوو کە دوو گیانبوو خۆی لە کۆرپەلەکەی رزگاربکات. پیاوەکەش سووربووە لەسەر ئەوەی ژنەکەی سکەکەی خۆی لەباربەرێت‌و لە کۆرپەڵەکەی رزگاربێت، واتە هەردوکیان بەقسەو بەبیرکردنەوە حەزیان کردووە مرۆڤێکی هاتوو لەناوببەن، ئەمەش سەرپێچییەکی یاساییە مرۆڤ بە





تەندروستی‌و چارەنووسی خۆی نرخەکەی دەدات.

ئەوەش ژنێکی گەنج‌و جوانە دوو چاری هەندێ شێواندن بووە لە پێکهاتەی کێڵگەییدا لە ناوچەی سەروژێر سك، لە راستیدا ئەم شێواندنانە شتێك نین بەدەر لە نەخۆشی سێکسی ژنانە لە دوا ڕۆژدا، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەدا پەیدا بووە کە ئەم ژنە کاتێك بوە بیری لە خۆ کوشتن کردۆتەوە، پاش لەباربردنی سکەکەی‌و رزگار بوونی لە کۆرپەلەکەی‌و خنکاندنی پەیوەندی‌و خۆشەویستیەکەی بۆ دڵدارەکەی ئەم پرۆسەیە چالاك بووەو پێگەیشتووە. هەندێك جار بیر دەکەمەوە دوای چەند ساڵێك چیمان بەسەر دێت خەریکە دەتۆقێم، ئەوەتا ئێمە ئێستا لە نەزانینێکی تەواودایین، کچە بە حەب چارەسەردەکرێ خۆ ئەگەر بخرێتە باشترین خەستەخانەی دنیاوە چاك نابێتەوەچونکە بنچینەی نەخۆشییەکەی داڕمانی رۆحەو، مرۆڤێکیش خۆشەویستی لە دەرونیدا بکوژێت بە حەب‌و داوودەرمان چارناکرێت.

ژنێکی تر دووچاری نەخۆشی توندی پێست هاتووە. دوای دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەی هۆیەکەم پێگوت:

- نەنکت لەکاتی سکپڕیدا حەزی کردووە لەباری بچیت‌و لە کۆرپەلەکەی رزگار بێت.

ژنەکە گوتی:

- ئەمە نابێت، نەنکم شەش منداڵی مردوون‌و بەتەنیا حەوتەمیان ژیاوە کە ئەویش دایکی منە، کەوتمە شوێن هۆکاری مردنی منداڵەکان، تەماشام کرد داپیرەکەی لەبەر هەر هۆیەك بێت حەزی لە بوونی منداڵی یەکەمی نەکردووەو، زۆری حەز کردووە لێی رزگار بێت، لە ئەنجامی ئەوەشدا لە کێڵگەکەیدا بەرنامەی وێرانکردنی ژیان داڕێژراوەو، هەندێ جاریش هەڵبژاردنەکان بەهێزتر بوون لە هەستی رق‌و کینە بەرانبەر بە منداڵی هاتوو، ئیتر ئەم هەستانە لە

ویژدانی ژنەکە دا کۆبوونەتەوەو لە هەرسکپڕییەکدا بەرنامەی وێرانکردنیان خستۆتە کار. جا وێڕای حەزی راستەقینەی داپیرەکە لە پاشدا بۆ منداڵبوون، ئەو بەرنامە وێرانکارییە لەسەر کاربەردەوامبووەو پاشان ئەم بەرنامەیە گواستراوەتەوە بۆئەم ژنەی کەوا ئێستا لە پێشمدا دانیشتووەو، بۆی بۆتە هۆی نەخۆشیی توندی پێست. دوای ئەوە ژنێك هاتە لام بۆ داوای یارمەتی بۆ کوڕەکەی:

- کوڕەکەم تووشی ئازارێکی زۆر بووە لەهەردوو قاچیدا تەنانەت هەندێ جار توانای ڕۆیشتنیشی نییە.

کەوتمە شیکردنەوەی بارودۆخەکەو گەڕان بەدوای هۆکارەکەیدا:

- دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر لە دایکبوونی تۆدا دایکت زۆر حەزی لە رزگاربوون لە کۆرپەلەکەی بووە. کەلەو دواییەدا سکی پێی پڕ بووەو، هەوڵیداوە لە باری خۆی بەرێتو بۆ ئەوەش هەندێ مادەی ژاراویی خواردووە. بەڵام ئەمە بێ ئەنجام بووە سکەکەی ماوەو پاشان منداڵەکە هاتۆتە ژیانەوە.حەزی منداڵنەبوونو هەوڵی دەستدرێژی کردنە لەسەر ژیانو سەر خۆشەویستی لە کێڵگەی دایکەکەدا شێواوی گەورەی داڕشتوە،کە کاری کردۆتە سەر پێکهاتەی کێڵگەییت لە تەمەنی پێنج ساڵیدا شێواندویەتی، بەڵام کوڕەکەت ئەم شێواندنەی لە باری فیزیکیەوە لە نەخۆشیی هەردوو قاچیدا لادەرکەوتووە. رەفتاری دایکەکە پێش پێنج ساڵ لەدایکبوونی منداڵەکە، لە کاتی یەکەمین سکپڕبوونیداو هەروا رەفتاری لە کاتی لە دایکبونیەوە تا ڕێگەی گردەوەبوونی بەرنامەی نێگاتیڤی خراوەکار لە ویژدانی باب وباپیرانماندا ئەوەتە کە ژنەکە لە کاتی سکپڕییەکەیدا تەواوی تاوانو رەفتاری خزمەکانی هاتۆتەوە یاد: ئافرەتەکە باسی ژیانی خۆی دەکاتو، راستر ئەوەتە من بووم قسەم دەکردو ئەویش قایلبوو سەری رادەوەشاند:





- ساڵی ١٩٥٧ کۆرپەڵەکەت لەبارخۆت بردو، پاشان بارودۆخی تەندروستیت زۆر خراپ بوو.

- بەڵێ، هەروەك دوای لەبار بردنەکە چارەنووسم گۆڕدرا بێ توشی نەخۆشی سیل بووم.

- بەڵام دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر ئەوەدا کچێکت بوو، وانییە؟

- بەڵێ، دوای لە دایکبوونی کچەکەم تەندروستیم باش بوو، لە نەخۆشی سیل چاکبومەوە. بەڵام منداڵەکە تووشی ئازارێکی تیژی گورچیلە هات، دوای ئەوە تووشی چەندان نەخۆشیی پێست بوو. زۆر لە ئافرەتان دەزانن کە دوای لە دایکبوونی منداڵ تەندروستیان چاکتر دەبێت، ئەمەش وا لێکدەدەنەوە کەلەش لە ماوەی سکپڕبووندا چالاك دەبێتو تازەبوونەوە روودەداتو، بێگومان ئەو خۆشەویستیەی دایکەکە دەیداتە کۆرپەلەکەی پێکهاتەکێڵگەییەکانی راستدەکاتەوەو تەندروستی فیزیکی باشتر دەکات. بەڵام هۆیەکی تریش هەیە خەڵك هیچ بایەخی پێ نادەن، ئەوەتە دایکەکە نەخۆشییەکانی بۆ منداڵەکەی دەگوێزێتەوە، واتە ئەو سەرپێچییانەی لە تەندروستیی دایکەکەدا روودەدەنو، ئەنجامی چاری KARMA – ن. دەگوازرێتەوە بۆ کێڵگەی منداڵەکەو، ئەوجا منداڵەکە دەست بە نەخۆشی دەکاتو، KARMA لە نێوان دایکەکەو منداڵەکە دابەش دەبێو چەندان نەخۆشی جۆربەجۆر لە منداڵەکەدا دەست پێدەکات وەکو ئازاری گورچیلە وحەساسیەتو، سوتانەوەی جۆربەجۆر لە کۆئەندامی هەناسەداو، نەخۆشییەکانی گورچیلەو، دواجار تەواوی نەخۆشییەکانی منداڵان لادانن لە پێکهاتەکانی کێڵگەییداو لەدایكو باوکەوە وەرگیراون.

بە شێوەیەکی ئاسایی بارودۆخی نەخۆشیی توند هەر لە دوورەوە هەڵدەبژێرم، ئەمەش لە پێناو روونکردنەوەی نەخشەی گشتیی نەخۆشییەکانو هۆکارەکانیدا پێویستە. کارتێکردنو بیر کردنەوەشم لە بارودۆخەکە لە یەك

کاتدا دەبێو، چارکردنی ڕۆح لە چارکردنی جەستە گرانترە. کاتێکیش ناچاردەبم یاریدەی منداڵێك بدەم بۆ ڕاستکردنەوەی شێواوییەکانی ڕەوشو چارەنووسی زۆر جار بە ناچاری سەری خۆم بە دیواردا دەکێشم. لە بارودۆخێکی ئاوهادا هەست بە لاوازیی ئەم ڕێگەیە بۆ خۆم دەکەم تا ئاستی شارەزابوونو دوورنییە هەنگاوێکی تازەش بۆ پەرەپێدانی ئەم ڕێگەیە هەڵبڕم.

کەمێك لەمەوبەر ناسیاوێکم داوای لێکردم کوڕی کچێکی دۆستی بپشکنم کە هێشتا تەمەنی لە سێ ساڵ تێپەڕی نەکردبوو، وێڕای ئەوەش منداڵێکی توندو توڕە بوو، دەبوو هەموو حەزەکانی دەستبەجێ جێبەجێ بکرێن، ئەگەر نا ئەوا هەموو شتەکانی بەسەری دایكو باوکیدا دەکێشا.یان بەسەر هەر کەسێك لەوانەی ئامادەبوون، هەروا زۆر توڕەو دڵگیر دەبوو ئەگەر نیشانەکەی نەپێکایە.چەند هەفتەیەك لەمەوبەر باپیرەی بەڵێنی پێدابوو کە ئەگەر ڕەفتارێکی بە ئەدەبانەی هەبێ لەگەڵ خۆی بە ئۆتۆمبیلەکەی دەیبا بۆ گەڕان، ئەوەبوو باپیرەکە نەوەکەی خۆی هەڵگرتو پێکەوە چوون بۆ گەڕانی ناوشار، هەرکە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە منداڵەکە ئۆتۆمبیلە گچکەکەی خۆی هەڵگرتو کێشای بە چاوی باپیرەدا.

دایكو باوکی منداڵەکەم بانگ کردو داوام لێکردن منداڵەکەیان لەگەڵ خۆیان بێنن تا لە هۆی ئەم ڕەفتارە دوژمنکارانەیەی بکۆڵینەوە، ئەوەبوو هەموویان هاتنو لە پانزە خولەکدا منداڵەکە زۆربەی ئامرازەکانی ناو عیادەکەی شکاند.گوڵدانەکەو گڵۆپێکی شکاندو پەلاماری ئامێری تۆمارکردنەکەی داو کاسیتەکەی دەرکردو پەکیخست. پاشان دەستەیەکی زەنگی زەیتی دۆزییەوەو دەستی بە چەورکردنی سەری دایكو باوکی کرد. لێرەدا تەماشام کرد منداڵەکە خاوەنی KARMA یەکی خێزانیی نێگاتیڤی زۆر بەهێزە لە دایكو باوکییەوە. دایكو باوکەکە لە کاتی سکپڕبوونی ژنەکەدا هەمیشە لە شەڕو شۆڕدا بوونو،





هەستیان دەکرد کە هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نەماوە، لەبەر ئەوە کۆمەڵە بەرنامەی وێرانکاری بە چەشنێکی میکانیزم کاری کردبووە سەرکێڵگەی منداڵەکە. هیچ کارێك یاریدەی نەدا بۆ کەمکردنەوەی ئەو دوژمنکارییە توندەی، بەڵام دەستدرێژی ویژدانیو ئیدراك لای منداڵەکە بەرز دیارنەبوو. دواجار ڕەفتاری منداڵەکە بە بارودۆخی ڕۆحانی دایكو باوکیو بە ڕەفتاری ئێستایان دیاریدەکرا.

خراپەکاریو سووکایەتی دایكو باوك بە یەکتری ڕەفتاری منداڵ دیاری دەکەنو، کاردەکەنە سەر سیستەمەکەی KARMA.دوای دانیشتنی یەکەمو دووەم باشبوونێکی سەقامگیرم لە پێکهاتەی کێڵگەیی منداڵەکەدا هەست پێکردو، پێکهاتەی کێڵگەیی کەوتنە هاوسەنگیو ڕێکەوتن لەگەڵ سروشتدا. بەڵام تازەکردنەوەی ڕاستەقینەو گۆڕینی هەستکاری تەنیا لە دوای سێ مانگ ڕوودەدا، لەبەرئەوە نابێ پشت بە ئەنجامی ئەو کاتە ببەسترێ، دایكو باوکەکەم وریاکردەوە کە دەبێ بۆ پانزە ڕۆژ چاوەڕوانبن تا پارسەنگی کێڵگەیی ڕووبدات. دوای پێنج ڕۆژ ئەو ئافرەتەی دەیناسم پەیوەندی کردو گوتی:

- بارودۆخی منداڵەکە خراپ بووە،هەناسە بڕکێیەتیو خەریکە بخنکێ.داوام لێکرد تەلەفۆنەکە بداتە دایکەکەو، کەوتمە ڕوونکردنەوەی هۆی ئەوەی رووی داوە.

- خۆتو مێردەکەت چاوەڕوانی ئەنجامی خێرابوون. بەرینی وزەیی ڕۆح هەزار جار لە بەرینی وزەیی جەستە زۆرترە، لەبەرئەمەیە هێشتا هیچ ئاڵوگۆڕێکی سەرنجڕاکێش لای منداڵەکە رووی نەداوە، لە ڕۆژی چوارەمدا ڕێگەکان بە خۆتاندا خراپەم پێ بکرێ، بەمەش سەرپێچی یاسایەکانی باڵاتان کرد. لەبەر ئەمە بارودۆخی منداڵەکە خراپ بووە، ئایا لەمە تێگەیشتی؟ جا ئەگەر بە چارەسەری منداڵەکەت دەستم پێکرد ئەوا هەموو توانای خۆم بۆ

یارمەتیدانی تەرخان دەکەم، بەڵام ناکۆکیەکانی ئێوە کۆسپە لەپێش منو منداڵەکەشدا. چەند ڕۆژێك تێپەڕبوو، دایکەکە بۆ سەردانم هات، منیش بۆم ڕونکردەوە:

- هەر مرۆڤێك لەم ژیانەدا لەو پێناوەدا لە دایکبووە تا نەخۆشییو کلۆڵیەکانی سەرزەوی تازە بکاتەوەو، پەرە بە ڕۆحی خۆی بداتو تەواوی بکات. هەموو مرۆڤێك دەکەوێتە بەرتاقیکردنەوەیەکی بنچینەیی لەم ژیانەدا. لە ژینی ڕابوردوتدا سوکایەتیت بە مێردەکەت، بەکوڕو باوکت کردووە، لەبەر ئەوە لە خێزانێکدا لە دایك بوویت کە بەرنامەی KARMA -یان لەیەك دەچێت. ئەمەش بەرنامەکەت پتەو بەهێز دەکات، بەڵام فرمانەکەت لەم ژیانەدا کەڵەکە کردنی بەرنامەکانە. تاقیکردنەوەی بنچینەیی کەلەم ژیانەدا لە پێشتدایە سوکایەتی پێکردنی بەردەوامە لە مێردەکەت ولە کوڕەکەتەوە، کوڕەکە بە چالاکی ئەمە ئەنجامدەدا. دەکرێ لە مێردەکەتەوە ئەم بەرنامەیە بەهێزێکی گەورەترەوە بخرێتە کار.پێویستە ئارام بگریت بەبێ تۆڵە سەندنەوە بە ڕەتکردنەوەی سووکایەتیەکە بۆ کوڕومێردەکە، تەنیا بە ئارامگرتن دەتوانیت KARMA دەستگیرکەیتو تاقیکردنەوەکە کۆتایی دێتو هەموو شتێك وەك دەوویسترێ باش دەبێت.

ژنەکە بەسەر سوڕمانێکەوە تەماشام دەکاتو منیش لەسەر قسەکانم دەڕۆم:

- زۆرتر واتە واتێك کەلە ژیانتدا پەیدا دەبێت نوقومکردنی مێردو کوڕەکەیە لە خراپەکاریو سوکایەتی پێکردندا.جا ئەگەر توانیت ئارامبگریتو خۆت بۆ ڕاگیرا ئەوا منداڵەکەت چاك دەبێتەوە، بەڵام نابێ بە هیچ جۆرێك بیر لە سزادانی بکەیتەوە.

پاشان جارێکی تریش کەوتمە پشکنینی پێکهاتەکانی KARMAو چاری ژنەکەو کوڕەکەیم کرد، دوایی بۆ ماوەیەك لێك دوورکەوتینەوە.





پاش چەند ڕۆژێك ئەو ژنەی کە دەیناسم پەیوەندی پێوەکردم:

- بارودۆخی دایکەکەو منداڵەکەش خراپ بووە، جارێکی تریش بارگرژیو حەز لە دووره پەرێزیو تەنیایی بۆ گەڕاوەتەوە.

هۆیەکەی جارێکی تریش هەرئەوەیە، دایکەکە ئێوارەی ڕۆژی سێ شەمە سکاڵای لە توانای من کرد بۆ یارمەتیدانیو چارەکردنی ڕۆح وجەستە. خولیای ئەوەی لادروست بوو کەدەستبەرداری توانای خودایی بێتو چاوەڕوانی ئەنجامی خێرای ئەم دیاردەیە بکات. ئەمەش کاری کردە سەر ڕەفتاری منداڵەکە، ئەوەبوو لە باخچەی ساوایان گازی لە برادەرەکەی گرت، دایکەکەش توڕەبوو گومانی خراپی لەمن کرد. ئیتر هێرشێك لەسەر ئاستی کێڵگەیی رووی‌دا. جا لەبەرئەوەی کێڵگەی بیۆلۆژیی من سەقامگیرەو هیچ گوناهێکم نەبوو کە رووی‌دابێ، هێرشەکە بۆ دواوە گەڕایەوەو چووە ناو کێڵگەی دایکەکەو کوڕەکەیەوە.

جارێکی تریش هۆیەکەم رونکردەوەو پێکهاتەکانی کێڵگەییم گەڕاندەوە.

- ئەگەر حەز بکەیت دەتوانم ئامۆژگارییەك پێشکەش بکەم، ئایا دەزانیت چۆن دەتوانرێ تەندروستی بپارێزرێ لەگەڵ درێژ کردنەوەی تەمەن؟ هەرگیز هەوڵ مەدە خراپەت بۆ مرۆڤێك هەبێت، هیچ سکاڵایەك لای کەس مەکە، یان لافو گەزاف، نەلەسەرچارەنووس، نەبۆ یەزدان، نەبۆ ڕابوردو، نەبۆ خەڵك سکاڵا مەکە. لە دیوی دەرەوە چۆن دەخوازیت وا ڕەفتاربکە، بەڵام هەر سکاڵایەك لە ناختدا دەبێتە بەرنامەیەکی کاولکاری بۆ ئەو کەسەی دەتەوێ بۆی دەربخەیت. ئێمە وا ڕاهاتووین دەستدرێژیو بێزاریمان لە هەموان بێت، لە حکومەت، لە سەرۆکی کار، لەوانەی لە کاردا لەگەڵمانن.لە دۆستو برادەرو خزمەکانمان.

چەند ڕۆژێك تێپەڕبوو، پەیوەندیم کرد تا بارودۆخی منداڵەکە ئاگاداربم، دایکەکە گوتی هیچ ئاڵوگۆڕێك نەبووە، بەڵام ئەگەر قەمچی پیشان بدەیت ئیتر

شتومەك ناهاوێژێت، بەڵام لە رابوردودا قەمچیش هیچ ئەنجامی نەبوو، شتومەك بەهەمموو لایەکی ماڵەکەدا فڕێ دەدران. سوپاس بۆ خوا کێڵگەکە کەوتۆتە هاوسەنگیو پرۆسەکەش لە پتەوبوندایە.

ئینجا لەدوورەوە کەوتمە بە دواداچونی بارودۆخی منداڵەکەو هۆیەکی ترم دیتەوە بۆ ئەو دەستدرێژکاریو شەڕەنگێزییەی. سوکایەتی پێکردنی دایكو باوکەکە، واتە بەرنامەی هاوێرانکاری بۆتە هۆی خستنە کاری خۆوێرانکاری لای منداڵەکە هەرلە کاتی لە دایکبوونییەوە.جا بۆ ئەوەی نەمرێت ئەو بەرنامەیەی بەرەوناوەوە ئاڕاستەیکراوە دەگێڕێتەوە بەرەو دەرەوە تا بگەڕێتەوە بۆ دانەرەکانی.

پاش راستکردنەوەی کێڵگەی منداڵەکە زۆر باشترو گەرمتر دەبێ، هەروەك یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی نەمابێت. پێنج رۆژی تر تێپەڕبوون، پەیوەندیم کرد تا لەگەڵ ژنە ناسیاوەکەم قسەبکەمو ئەویش گوتی:

- دەزانی دوێنێ دایکەکە هێندەیی نەمابوو لە خۆشیدا شێت بێت، منداڵەکەی هاتە ژوورەوە بۆلایو بە درێژایی ئێوارە گەمەی لەگەڵ دەکردو دەستی بەسەردەستیدا دەهێنا.

تەنیا لە چرکەساتێکی ئاوادایە دەزانم مەبەست لە بوونم لەم ژیانەدا چییە. ئێستاکە چاری ژنان بەبێ پشکنینی منداڵەکانیان ناکەم.دوورنییە سێ خولەك قسەکردن منداڵێك لە پەژارەو نەخۆشی چەندان ساڵ رزگاربکات، دایکەکەم لەو تاقیکردنەوانە ئاگادارکرد کەمن پێموایە تووشیان دەبێتو ئاماژەم بۆخاڵە لاوازەکانیشی کرد.

ئەوەتا ئێستا ش بۆ ئەوژنەی لە پێشمدا دانیشتووە رووندەکەمەوە کە هۆی نەخۆشیی کوڕەکەی رەفتاری خۆیەتی لە کاتی دووگیانیەکەیدا.باوەڕی وابوو کە مێردەکەی بەجێی دەهێڵێو لێی جیا دەبێتەوە بۆیە خۆشەویستییەکەی لە





دەرونیدا کوشت، هەروا حەزی لە خۆ کوشتنی لادەرکەوت، لەبەر ئەوە منداڵەکە هاتو پەیوەندیی لەگەڵ خوداو گەردوندا لاوازبوو. ئەمەش زۆر کاردەکاتە سەر بارودۆخی فیزیکیو رۆحانی.ئەمەم بۆروونکردەوەو ئاگادارم کرد کە تاقیکردنەوەی بنچینەیی کە دەبێ ئارامی لەسەر بگرێ پێگەیاندنی هەستی یەزدانییە لە ئاست مێردەکەیداو لەئاست خۆشیدا.

- هەمیشە هەوڵی وروژاندت دەدەن بۆ دەستبەرداربوونت لەهەستی یەزدانی بەڵام تۆ دەبێ دەستبەرداری ئەو هەستانەنەبیتو ئارام بگریت.

ژنەکە پرسی:

- ئەی خەڵکی تر چۆن دەژین؟

- خەڵکی تر یەدەکی ناوخۆییان هەیە لە پەیوەندی لەگەڵ خودادا، ئەوان لەبواری دەرەوە نەبێ دەستیان لەوەبەرنەداوەو، لەناو ویژدانو لەناخیاندا پەیوەندییەکی چاکیان لەگەڵ خودادا هەیە. بەڵام ئەو یەدەگەی تۆ لەناوچوو، تۆ پێویستت بە هاریکاریی هەیە لە بواری پتەوکردنی هەستو ویژدانیدا، تۆ نەتتوانی چەند جارێك لەسەر تاقیکردنەوە ئارام بگریت، لەبەرئەوە تووشی دڵەکوتەیەکی گرانو، نەخۆشیی لە گەدەو قوڵۆنداو نەخۆشی جۆربەجۆری ئافرەتانە بوویت. ناسینەکەم راست نییە؟

- بەڵێ شەش مانگێك لەمەوبەر ناچاربوم لە خەستەخانە بمێنمەوە.

- بەڵام ئێستا لەسەر ئاستی کێڵگەیی دوومەڵێکی لیفیماسولکەیی لە منداڵداندا دەرکەوتوە، جائەگەر بتەوێ هەستی منداڵ نەبوون بەهێز بکەین، ئەوا منداڵنەبون دەبێتە کارێکی راستەقینە.

- بەڵام، ئەی خەڵکی لە دێریندا چۆن دەژیان؟

- لە کۆندا خەڵکی پەیوەندییان لەگەڵ یەزدان دەکردو لەگەڵ گەردون یەکیان دەگرت ئەمەش لە سایەی نێردراوو پەیامبەرانو قەشەکانەوەو لە سایەی

ئامۆژگاری‌و ڕاوێژەوەوله سایەی رەفتاری راستو دروستەوە. بەڵام ئەمڕۆ شتی لەمجۆرە نەماوەوئێمە ناچارین خۆمان هەموو ئەو شتانە بەرهەم بێنین.

- تکایە پێم بڵێ، گەورەترین تاقیکردنەوەیەك کامەیە کە کوڕەکەم چاوەڕوانی دەکاتو، کامە مەترسی هەڕەشەی لێدەکات؟

پێکهاتەکانی KARMA –م پشکنی‌و گوتم:

- تاقیکردنەوەی سەرەکی ئەوەیە زۆر حەزو ئارەزووی لە خواردنەوەی ئالکەهول دەبێت.

ژنەکە بە سەرسوڕمانێکەوە تەماشام دەکاتو دەڵێ:

هێشتا تەمەنی سێ ساڵانە، وێڕای ئەوەش کاتێك شەراب دەبینێ لەشی دەلەرزی وداوای دەکاتو دەیەوێ بۆی تێکەین، چۆن دەتوانین یارمەتی بدەین؟

یەکەمین شتێك کە دەبێ بیکەن هێنانەدی هاوسەنگییەکە لە خۆراکی منداڵەکەدا. بەڵام حەزو ئارەزووی لە خواردنەوەی ئالکەهول لە پلەی یەکەمدا نیشانەی ئەوەیە کە کویلەی حەزو ئارەزوەکانێتی، ئەمەش بۆیەکا روودەدات چونکە رۆحی منداڵەکە لەم خاکەدا چەقیوە، خۆ ئەگەر رۆحەکەی لە بەرزی بوایە مرۆڤ دەیتوانی کۆنترۆڵی جەستەو حەزەکانی بکات. هەر مرۆڤ خۆیەتی خاوەنی شتەکان نەك بە پێچەوانەوە. یەکەمین شتێك کە دەبێ بیکەیت ئەوەیە نابێ ڕێگەبدەیت منداڵەکە زۆر بخوات، زۆر تێر خواردن گیانو رۆح لە خاکدا دەنێژێ.

ژنەکە قسەکەی پێ بڕیم‌و لەدڵ بوو گوتی:

ناتوانم لەوەدا ئارام بگرم، من حەز دەکەم هەمیشە باشترین‌و خۆشترین خۆراکی بۆ ئامادەبکەم، کاتی لە دایك بوونی هەردەگریاو منیش هەر خۆراکم دەکرد بە دەمییەوە تا نەگری.

- ویژدانی هەست بە پەیوەندی‌و پێوەلکانی لە سەرخۆ لەگەڵ گەردونـدا





دەکاتو بەو گریانەش هەوڵی دەدا ئەو پەیوەندییە توند بکات. بە نوقومکردنی لە خۆراکی بەتامدا هەستێکی درۆزنانەی

لەمەڕ حەسانەوەو تەواوی لا دروست بوو، وا راهات کە سەرچاوەو تەواوی لە جەستەدا بدۆزێتەوە نەك لە رۆحداو، پێداویستەکانی جەستە بەسەر پێداویستەکانی رۆحدا زاڵ بوو. ئیتر رۆح دەستی بە شێواندن کرد.

- چارچییە؟

- دەست لە خۆراکی زۆر هەڵگرەو، ئیتر وامەکە جاروبار پارچە خواردنی جۆربەجۆری بدەیتێ. چەندایەتی خواردنەکە دەبێ ئەوەندە کەمتر بێ کە لە توانادایەو لە کاتی دیاریکراودا بێ. گۆشتی لێ کەمکەرەوە چونکە پەیوەندییەکەی لەگەڵ خاك بەهێز تر دەکات، پێویستە خواردنەکە یەك چەشن بێتو، سەرچاوەکەی رووەك بێت. دەبێ هەموو شیرینیەکەی لێببڕێت چونکە منداڵ پێویستی پێی نییە. پێویستە منداڵ وائاراستە بکرێ کە رووبکاتە پێداویستەکانی رۆح. هەروا دەبێ تا ئەو پەڕی ئاست خوێیەکانی لێکەم بکرێتەوە چونکە دەستدرێژکاریی ویژدان بەهێز دەکات.

هیچ کاتێك بەڵێنی کڕینی بابەتی یاری‌و یان شتی خۆش بە منداڵ مەدە منداڵ دەبێ خەو بە پێداویستە رۆحیەکان ببینێ‌و بیریان لێبکاتەوە. بەڵێنی بدەرێ کە بچن بۆ شانۆگەری یان مۆزەخانە. بەشێوەیەکی لە ناکاو دیاریی پێشکەش بکە. ئەو دایکەی بە کوڕەکەی دەڵێ ((ئەگەر عاقڵ بیت، ئەگەر بە چاکی بخوێنیت ئەمەو.....ئەوەت....بۆ دەکەم....)) کوڕەکەی دەکاتە کۆیلەیەکی رۆحانی، کۆیلەیەکی مادە کە چاوەڕوان دەکات وەك دیارییەك بیدرێتی، بەم کارە ئەویش بە شێوەیەکی نائیرادی بەرنامەیەك دادەڕێژێ بۆ وێرانکردنی پشتاوپشتی پیرۆزو بۆ دەستکەوتنی بەرژەوەندە مادییەکان. هەرئەمەش بوو هۆی سەرەکی لەناوچوونی شارستانییە دێرینەکان.

پەرەسەندنی رۆحی لای منداڵ باشترین چارەسەرکردنە بۆ داخوازییە نێگاتیڤەکان. هەروا رەفتارو هەڵسوڕانی خۆشت زۆر کار دەکاتە سەر منداڵەکە. بە خنکاندنی هەستی رۆحانی بەرامبەر هاوسەرەکە هەروا کاریش دەکەیتە سەر منداڵەکە.

- لەو باوەڕەدام یەکێك جادوگەریی بۆ داناوەتەوە. وای لێهاتووە تورەدەبێ، لەم دواییەدا زۆر بەتوندی رقی لەمن دەبێتەوە.

- لێرەدا هیچ جادوگەرییەك نییە. هۆیەکە لە کەسایەتی خۆتدایە، ئەو ئێستا بیر لە خولیا ویژدانییەکانت دەکاتەوە.

- لە گۆڤاری ((رابۆتنیتسا))دا هەندێك لە ئامۆژگارییەکانی جادوگەرو فێڵبازە روسەکانم خوێندەوە لە بارەی چۆنیەتی جادو کردن لە کەسێکی تر، دەڵێن ئەوە هیچ مەترسیەکی تێدانییە.

- بۆ ئەوەی جادویی لە یەکێك بکەیت پێویستە هەستی خودایی لەناو ناخیدا بکوژیت کە بۆ پاراستنی ئەو کارە دەکات، جادوگەری پرۆسەیەکە دژی راستی وبۆ وێرانکردنی پێکهاتەکێڵگەییەکان کاردەکات. بەڵام هەربەوەش رۆحو چارەنووسی ئەو کەسەش تێکدەچێو

وێران دەبێ کە کاری جادوگەری ئەنجام دەدات. ئەم پرۆسەیەش کاردەکاتە سەر چارەنووسی منداڵانو، بە تایبەتی ئەوانەش کەتازە دێن.

ژنەکە سەر ڕادەوەشێنێو دەڵێ:

- هەمیشە باوەڕم وابووە کە بە زەبری هێزو زەوتکردن ناتوانرێ هیچ شتێك بهێندرێتە دی.

- بێگومان، جادوگەریو فێڵبازی شتێك نییە جگە لە بەکارهێنانی توانا یەزدانییەکان لە پێناو ئامانجە خۆ پەرستییە کینەدارەکانداو، ئەمەش بەرێگەی کارکردنە سەر پێکهاتەکانی KARMA ی باڵا. کاتێکیش مەسەلەی بەرژەوەندە





تایبەتییەکان دەبێتە مەسەلەی ژیان یان مردن لەپێناو تاقە شانەیەکدا، ئەوا هەوڵی پەرەسەندن دەدا بەپێی یاسایە تایبەتییەکانی کەلەو یاسایانەی جەستە لەسەر بنچینەیان دەژین جیاوازە. دەستوەردان لە چینە وردەکەی کێڵگە، کەلەوێدا هەموو شتێك لەگەڵ ئامانجە بەکاربراوەکانی خاکدا یەکیانگرتووە دەبێتە هۆی خستنە کاری بەرنامەی پاراستنی بەهێز. بەگوێرەی پلەی چونە ناوەوە میکانیزمی وێرانکاریی مرۆڤی تاك دەکەوێتە کار،هەروا خێزانەکەی کەلە کۆمەڵە خەڵکێك پێکهاتووەو تەنانەت مرۆڤایەتیش بەگشتی کە ئەگەر سەرپێچییەکان سەخت بن.

دەبێ چ بکرێ تا ژن لەگەڵ ئەو مرۆڤە بێت کە خۆشی دەوێت؟

نهێنییەکی راستگۆیانەت پێ دەڵێم. بە رۆحانیەتی پەرەسەندوت دەتوانیت نەك تەنیا دڵی ژنەکەت بۆ لای خۆت رابکێشیت، بەڵکو بەتەواوی بەختیارو دڵخۆشی بکەیت.

ژنەکە هەڵدەستێ ماڵئاواییم لێدەکاتو ئینجا دەڕوات، چەند رۆژێك لەسەر چاودێریی شنەبای خۆیو کوڕەکەی بەردەوام دەبم. ئەوەتە کێڵگەکەی زێڕینە، نەرمونۆڵ وگەرمە هەستێك دەوروژێنێ کە هەرچی لەسەر ئەم زەمینەیە لەم چرکە ساتەدا لە دایك دەبێ پاشان گۆپکەو چرۆدەرەکات گوڵەکانی دەکرێنەوە.

منداڵە کە تووشی سووتانەوەی مێشك بووە پێش لە دایك بوونی بە سێ ساڵ شەڕوشۆڕی زۆرو توند لە خێزانەکەیدا رووی داوە کە هەڕەشەی جیابوونەوەی دایكو باوکی بووەو لای هەر یەکێکیان بیرۆکەی خۆکوشتن پەیدا بووە. بەمجۆرە بەرنامەی خۆوێرانکردن پێش لەدایکبوونی منداڵەکە دروست بووەو گواستراوەتەوە بۆپێکهاتەیکێڵگەیی. دیارە مرۆڤی گەورە زۆرتر پارێزراو دەبێو، پرۆسەی وێرانکاری لای ئەو لە سەرخۆتر دەبێ، بەڵام منداڵ کە بەرنامەی گەورەی خۆ وێرانکردنی لە دایكو باوکی وەرگرتوە پاراستنی

لاوازترەو نرخەکەشی ئەوەتە تووشی سووتانەوەی مێشك دەبێ.

دایەکە بە سەرسوڕمانێکەوە تەماشادەکاتو دەڵێ:

ئەگەر ئەوەمان دەرپچڕی، منداڵەکە چاك دەبێتەوە؟

تەندروستی منداڵەکەت بەستراوە بە بارودۆخی پێکهاتەی کێڵگەییەکەی، کە ئێستاکە شێواوە.جا ئەگەر ئەو پێکهاتانە راست بکرێنەوە ئەوا تەندروستی دەگەڕێتەوە بۆ منداڵەکەت.

ئەوەش ژنێکی تر تووشی نەزۆکی بووە، دەستم بە دۆزینەوەی نەخۆشییەکەی کردو لە ڕێگەی وزەیەوە بۆم دەرکەوت کەتووشی نەخۆشیی چەند کیسەیی ناو هێلکەدان بووە، پێمگووت:

تۆ خۆت گوناهباریت لەو نەخۆشیانەی تووشیان بوویت. ژنەکە بەسەر سوڕمانەوە تەماشای کردم وپێمگوت: چەند ساڵێك لەمەو بەر کارێکی بێ رەوشتانەت ئەنجام داوەو، هەر ئەوەشە هۆی ئەو نەزۆکییەی توشت هاتووە. خۆشەویستیی ئەو پیاوەت کوشتوە کە خۆشی دەویستی، ئەوەشت بە جۆرێکی دڵرەقانەو لە ناکاودا کردووە. هەروا کەناڵەکانی پەیوەندیت لەگەڵ ئەتمۆسفیردا داخراونو، ئاستی وزەش نزمە.دەتوانی بیرت بێتەوە چی روویداوە؟

دۆستێکم هەبوو داوای کردمو بووەدەستگیرانم، پێویستیمان بۆ شاییەکەمان ئامادە دەکرد، بەڵام لەو کاتەدا پیاوێکی ترم ناسیو زۆرم لاپەسەند بوو، ئیتر شووم پێکرد، ئایا باشم نەکرد؟ ئەمەی دوایيم لەوەی یەکەم زۆرتر خۆشدەوەیست.

بۆ ژنەکەم روونکردەوە کە مرۆڤی دڵدار هەستی جۆر بە جۆری هەیە،لەوانەیە لای کەسانی تر بگاتە ئاستی تاوانی کوشتن. ئەگەر بابەتی لۆجیکی سەختمان چارەسەرکرد ئەودەم دەتوانرێ بە نەشتەرگەرییەك نەزۆکی چارەسەربکرێ.هەر ئەمەشە لە ئێستادا پزیشکی نوێ پەیڕەوی دەکات، بەڵام





ژنەکە بە وێرانکردنی خۆشەویستیو هەستەکانی پەیوەندی کردن بە گەردونەوە پێکهاتە کێڵگەییە وردەکانیشی لای خۆیو پیاوەکەی یەکەم وێرانکردووە. دووریش نییە ئەو کوڕەی لە هەلومەرجێکی ئاوهادا ببێت پێکهاتەی رۆحانی شێواوی ببێت. بەڵام جەستەی ژنەکە نایەوێ سکی بە منداڵێك پڕبێتو پاشان منداڵێکی ببێت کە دوورنییە تووشی چەند نەخۆشی توند ببێت، یان رەنگە بمرێت، یاخود رەنگە بژیو ببێتە مایەی ئازارو زیان بۆ کەسانی تر،خۆ ئەگەر هۆکارەکانی رۆحانی لای دایکەکە نزیك یەکبونایە ئەودەم نەزۆکی نەدەبوو ژنەکە دەیتوانی منداڵی ببێو KARMA یان رەشبێت. بەڵام سیستەمی پاراستنو رۆحانیەتی تا ئەو ئاستە پەرەسەندوبووە کە توانیویەتی هەست بەو مەترسیانە بکات کە دەشێ رووبەرووی منداڵەکانیو نەوەکانی ببنەوە. ئێمەش بۆ یەکەمین جارە بڕیاردەدەین کە ئەوە نەخۆشییەو لەگەڵ خودی خۆمان دەکەوینە زۆران، لەتەك لەشماندا کە منداڵبوون قەبوڵ ناکات. لە ڕێگەی رونکردنەوەی ئەم یاسایەنەوە بۆ ژنەکە سەرنجمدا کە پێکهاتە کێڵگەییەکانی دەستیان بە پرۆسەی راستکردنەوە کرد.پاشان ژنەکە لێیی پرسیم:

- چی لەسەرم پێویستە بیکەم؟

- یەکەم، لەسەرت پێویستە دان بەوەدا بنێیت کە کوشتنی خۆشەویستی تاوانێکی گەورەیە ئەم دانپێدانانەش دەبێ لە ئاستێکی بڵندی رۆحانیدا بێت. کاتێك ئەمانە هەمووی تێدەگەیت ئەو کاتە جەستە دەستبەرداری نەبوونی منداڵ دەبێو سیستەمی پاراستن دەخاتە کار. پرۆسەکانی پاراستن کەلە دارمانی رۆح زۆرتر کاریگەربن بریتییە لە پەیدا بوونی پێکهاتەی جەستەیی سەخت، ئەم شێواندنانە مرۆڤ ناچار دەکەن کە خاڵی خۆ راگرتن لە جەستەوە بگوێزرێتەوە بۆ رۆح، ئەمەش بەرەو رزگارکردنی رابەرایەتیم دەکات. لێرەدا ژنێکی گەنجم دێتەوە یاد کە هاتە لامو گیرۆدەی چەند نەخۆشییەکی ژنانە بوو،

پاش پشکنینی کێڵگەکەی دەرکەوت کەلە نەخۆشییەکەیدا گوناهکار دایکی نەنکەکەیەتی، کە کۆرپەلەیەکی لە بارخۆی بردووە، پاش قسەکردن لەگەڵیدا رووی گەش بووەوەو راوێژم کرد کە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ پشکنینی پزیشکی، بەڵام پزیشکەکان قایل نەبوون نەخۆشییەکەی بدۆزنەوە بەو بیانووەی کە ناتوانرێ نەخۆشییەکەی بە وزە چارەسەربکرێتو، تەنیا پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە. ژنەکە ناچار بو رووبکاتە کۆمەڵەی پزیشکیو لەوێ دوای دووهەفتە بە تیشکی جۆری سینی وێنەی بۆ گیراو بە کارێکی نەشتەرگەری دوومەڵەکانی لەناوبران.

ئەم چەشنە بارودۆخە ئەوە دەسەلمێنن کە زۆر لە نەخۆشییەکانی ژنان لە ئاستی کێڵگەییدا پەیدا دەبنو، بەپاراستن لەلە دایکبونی منداڵان بە ناتەواوی دادەنرێ. بە وێرانکردنی ئەم پاراستنە لەلایەن پزیشکیی تازەوەو لەلایەن ئەوانەوە کە هۆیەکانی نەخۆشییەکە تێدەگەن دەبێتە پەیدا بوونی نەوەیەك کە توانای ژیانی مەعنەویو فیزیکیان نییە. جابۆ رزگارکردنی مرۆڤ لە نەخۆشییەکی دیاریکراو پزیشکی نوێ دەروازەی نوێ دەکاتەوەو دەدۆزێتەوە لە پێناو پەرەپێدانی پرۆسە نێگاتیڤەکاندا کە بەرگریی گشتی لای مرۆڤایەتی بەرتەسك دەکاتەوە.

ئەوەی ئێستا لە پزیشکیدا روودەدا چیرۆکی کابرای سوارەمان دێنێتەوە یاد کە لە سەر پشتی ئەسپەکەیەوە لە جوتیارەکە دەپرسێت:چۆن دەتوانین بو(ن) بڕۆین؟

جوتیارەکە وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ:

- گەورەم تۆ بە رەوتی بەراوەژوودا دەڕۆیت.
- گوێ مەدەرێ، من سوارەیەکی شارەزامو ئەسپەکەم نایابە.
- بەڵام گەورەم تۆ بە رەوتی بەراوەژوودا دەڕۆیت.





جوتیارەکە جارێکی تر هەوڵدەدا قەناعەت بە سوارەکە بکات.

- گوێ مەدەرێ، خەمت نەبێ، خواردنی چەند رۆژێکم پێیە.

چەند ئەسپەکەت باشتر بێتو چەند خواردنەکەت زۆرتر بێت هێندە لە ئامانجەکەت دوورتر دەبیت. هەرچەندێکیش سەرکەوتنی پزیشکی روون بێت هێندە گومان زۆرتر دەبێت لە راستیی ئەنجامەکانی ئەم سەرکەوتنە، ئێمە بەردەوام وا راهاتووین بیر بکەینەوە، گرنگترین شتێك لە سیستەمی پاراستنی رۆحو جەستەدا شانەکانی بەرگرین،راستییەکی سادەشمان لە یاد دەچێ کە جەستەو رۆح یەك شتن. ویژدانو هەستیاری کێڵگەکە پێك دەهێنن.بەڵام جەستەی فیزیکی دژکاری دیالەکتیکی مادی ئەم کێڵگەیە پێکدەهێنێ. سیستەمی پاراستنی جەستەش لە پلەی یەکەمدا پاراستنی پێکهاتە کێڵەییەکانە. لەبەر ئەوە کاتێك مەسەلەی ژیان لەبەردەمی جەستەدا رادەوەستێ ئەوی لە پلەی یەکەمدا پێویستە بژی پێکهاتە رۆحانییە ستراتیژییەکانە، کەلە تەك هۆی سەرەکی یەکەمدا دەگەنە لامان. لەسەرمانە دەرسەکانیمێژوو لە بیر نەکەین، نەریتێك لای سپارتاکییە دێرینەکان هەبوو. ئەوەبوو ئەو منداڵانەی تازەو بە لاوازیو نەخۆشی لە دایکبوونایە فڕێیان دەدانە دەریاوە، ئەمەش بە مەبەستی پاراستنی ساغیو تەندروستی نەوەکانی ئایندە، بەڵام بەهۆی وێرانبوونو داڕمانی مرۆڤەوە، دەوڵەت تێکوپێك شکاو لەناوچوو.

فەلسەفەی تێگەیشتنی مرۆڤ کە بە تەنیا تەنێکی فیزیکیە وبەس،دەبێتە مایەی پەیدا بوونی بیرۆکەیەکی ناتەواو کەلە پزیشکیی تازەدا تاقە یەك رەوتی هەیە ئەویش دەرکێشانی ئەندامە نەخۆشەکەیە، پاکردنەوەو، بڕینو لێکردنەوە، چارەسەرکردنو دەستکاری کردن. جا ئەگەر مرۆڤ بە تەنیا جەستەبوایە ئەو رێ وشوێنانە راست دەردەچوون، بەڵام وێرای ئەوەی تەنیا جەستەیە هەروا کێڵگەشەو، کێڵگەش زۆر لە جەستە گرنگترە. یاسایەکانی رۆحی بەشەری

هەرلەو کاتەشدا یاسایەکانی جەستەشن، بەڵام پێکەوە گونجان و هاوبیری و ڕێکوپێکییەکی پتەویان لە نێواندا نییە. چەند ئەم یاسایانە یەکگرتووبن ئەوەندە پێچەوانەو دژبەیەك دەبن. کاتێکیش پزیشکی بواری کێڵگەو ڕۆحی مرۆڤ دەبڕیت، بەو کارە ئەو ڕێگەیانە دەپارێزێت کە کاریان پێدەکاتە سەر جەستەو لە دابڕین و بلاوکردنەوەو لێسەندن دەیانپارێزێت......تاد ئەمەش لە سەرەتادا لە پێکهاتەکانی کێڵگەیی و ڕۆحانیدا سەرنجی نادرێت.

ئێمە دەزانین لۆژیکی ئەوەی جەستە چاردەکات ئەمەیە:

کاربکەو پاشان شییکەرەوە، بەڵام لۆژیکی ئەوەی ڕۆح چاردەکات دەڵێ: شییکەرەوە پاشان کاربکە. ئەوەشی ئێستا لە پزیشکی نوێدا ڕوودەدات وەکو خەولێخستن و پزیشکی دەروونی و بەکارهێنانی توانایەکانی پاشەوەی هەستی میتافیزیکی شتێك نین جگە لە هەوڵدان بۆ هاوپەیوەندکردنی میکانیکییانەی نێوان لۆژیکی جەستەو لۆژیکی ڕۆح.

لەبەر ئەوەی فەلسەفەو لۆژیکی ڕۆح لە ستراتیژەکان دادەنرێن وجەستەش بە تاکتیك دادەنرێ سەرکەوتنی کاتیی تاکتیکی کەلە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەدی هاتوە هەموو شتێکی داپۆشیوە. لۆژیکی جەستە دەڵێ: ((دوای ئێمە چی دەبێ بابێ، ئەگەر چی لافاویش بێ)) بەڵام ئاخۆ دوای ئێمە شتێك دەبێ؟ ئێمە فێر بووین چۆن بەڕێگەی نەشتەرگەری چاری کورتبینی خەڵك بکەین،بۆ ئەمەش ڕێگەی بەرنامە ڕێژیمان داناوەو لە دەیان شاری وڵاتەکەماندا خەستەخانەمان دروست کردون، تەنانەت لە زۆر لە وڵاتانیش ئەم ڕێگەی بەرنامە ڕێژییەمان سەرکەوتوانە تا ئەمڕۆ بەکاردەهێندرێن. بەڵام کێ ئەنجامەکانی ئەم سەرکەوتنەی شیکردۆتەوە؟

هۆی کورتبینی دەگەڕێتەوە بۆ شێواوی لە پێکهاتە کێڵگەییەکانی ناوچەی سەردا، ئەمەش ئەنجامی پەیدا بوونی هەستکردنە بە ڕقو کینە لە کێڵگەی





مرۆڤدا. بە هیچ شێوەیەك ناشتوانرێ ئەم پێکهاتە شێواوانە بە ڕێگەی نەشتەرگەری لەناو ببرێن و، لەسەر وێرانکردنی کێڵگەکە بەردەوام دەبن و، دەشگوازرێنەوە بۆ ئەندامەکانی تری لەش یان بۆ هۆکارەکانی تری ڕۆح لە مرۆڤدا. نەشتەرگەریی چاندن یان دەرکێشانی ئەندامەکانی لەش دەبێتە هۆی ئەنجامی هاوشێوەو، شتێکی جوانە ئەگەر مرۆڤ هەرلەو کاتەشدا چارەسەری ڕۆحی بکات و، دان بەهەڵەو گوناهەکانیدا بنێت، ئەوە دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕۆحانیەتەکەی. ئەنجامی لەمەش مەترسیدار تر لەوەوە دەکەوێتەوە کە بە چەشنێکی ناڕاست لە باری وزەوە دەستێوەربدرێ. لە فلیمیکدا هەوڵدانی لاوێك پیشاندەدرێ بۆ ڕزگاربوون لەلاڵی و زمانگیری بە ڕێگای خەولێخستن، منیش ئەوەم شیکردەوە کە لەم ڕێگە چارەیەدا ڕوویدەدا. لاڵەپەتەیی لە قسەکردندا ئەنجامی ئەو شێواویانەیە کەلە هۆکارەکانی چارەنووسی مرۆڤدا ڕوودەدەن و، لە پێش و لە دوای چارکردنەکەش من بە هەڵە باسم کردبوو.

هۆکارەکان وەك خۆیان بەبێ ئاڵوگۆڕ مانەوە، بە خەولێخستن نەتوانرا کاربکرێتە سەر هۆی نەخۆشییەکە، تەنیا ئەوەی پێکرا کە هۆی نەخۆشییەکە بباتە شوێنێکی تر، کەوتمە بەدواداچونی ڕەوتی هەڵخزانی هۆیەکە. وا دەرکەوت کە خەولێخستنەکە بۆتە هۆی گواستنەوەی هۆی لاڵییەکە بۆ پێکهاتەی KARMA بۆ سێ ژیانی بەرگە پۆشی دواڕۆژی ئەم لاوە. ئاخۆ ئەمە کارەساتە گەورەکەو نەهامەتیە مەزنەکە نییە؟

هەوڵدان بۆ چارکردن بەبێ ئاگادار بوون لە هۆی نەخۆشییەکە دەبێتە هۆی گواستنەوەی نەخۆشیەکە بۆ ئەندامێکی تر، یان بۆ هۆکارە جۆربەجۆرەکانی چارەنووسەکە، یان بۆ باری دەروونیی مرۆڤ، یان بۆ ژیانی ئایندەی، یان بۆ منداڵەکانی و نەوەکانی و، میکانیزمەکەش هەروەك میکانیزم دەمێنێتەوەو، بەبێ ئاڵوگۆڕی ڕۆحانی ناتوانیت چاری هیچ نەخۆشیەك بکەیت.

چیرۆکێکم دێتەوە یاد کەلە کەسوکاری دکتۆرێکم بیستووە، دەڵێ یەزدان لە ڕۆژی زیندوبوونەوەدا بۆ لێپرسینەوە خەڵکەکەی کۆکردەوەو، گەورەترین سزای بەسەر دکتۆرەکەدا سەپاند، ئەویش ناقایل بوو گوتی:

- بۆچی؟ خۆمن پزیشك بوومو یارمەتی خەڵکم دەداو، لە دەردە سەریو نەخۆشییەکانیان رزگارم دەکردن.

وەڵامی یەزدان بەمجۆرە بوو:

- چونکە من خەڵکەکە دووچاری نەخۆشی دەکەم بە هۆی ئەو گوناهانەوە کە دەیانکەن، بەڵام تۆ ڕێگە نادەی گوناهەکانی خۆیان بزاننو دانیان پێدا بنێن. لەو بڕوایەدام ئاین بەخستنە رووی مانای ڕەفتاری راست زۆر لەوەی پزیشکی زۆرتر خزمەتی بە تەندروستی خەڵك کردووە.کەسێکم ناسی کەلای شارەزایەکی بواری هەستو دواوەی هەستی میتافیزیکی چارەسەری نەخۆشییەکی گرانی کردبوو، ئەو کەسە نەیدەتوانی بەبێ دار شەق بەرێوەبڕوات، ئەوەتە ئێستا لە ئازارەکانی رزگاری بووەو دارشەقەکانیشی داناوە، دیارە بەم سەرکەوتنە گەورەیە خۆیو خێزانەکەشی دەرفەتێکی چاکیان بۆ رەخسا. پاش ئەوەی قسەم لەگەڵ کردن هەستم کرد مەترسیەکی گەورە

ڕووبەڕووی کوڕەکەیان بۆتەوە، پاش پشکنین تەماشام کرد کوڕەکە دوورنییە بمرێت، هۆیەکەش ئەوەیە بەرنامەی وێرانکردنی کوڕەکان لە ڕێگەی باوکەکەوە بۆیان گوێزراوەتەوەو، ئەم بەرنامەیەش دەشێ لەرووی فیزیکیەوە لە ئازاری قاچەکاندا بە دیاربکەوێت بەڵام دوای چاری میتافیزیکی ئەم بەرنامەیە فرێدرایە پێکهاتەی چارەنووسی لاوەکە.

جا بڕوانە چەند مەترسیدارە گیروگرفتە بینراوەکان بەبێ نەهێشتنی هۆکاری سەرەکییان لەناوبرێن.

لە کۆندا نەخۆشی لە ئەندامێکەوە بۆئەندامێکی تر دەگوێزرایەوە، بەڵام





ئێستا هەستو دواوەی هەستی میتافیزیکیو پزیشکی دەروونیو ئەو ئامێرانەی لە ئاستی کێڵگەییدا کاردەکەن دەبنە هۆی گواستنەوەی نەخۆشی لە جەستەوە بۆ رۆح، یان بۆ چارەنووسی مرۆڤ، یاخود تەنانەت بۆ ئاژەڵو یان بۆ نەوەکانی ئایندەش.هەموو ئەمانە دەبنە باشبونێکی چاك لە ئاستەکانی فیزیکیو کێڵگەیی چڕوپڕدا، بەڵام هەر لەو کاتەشدا دەبنە وێراکارییەکی تەواو لە ئاستە وردیلەکاندا. تەلەفزیۆن دیدارێکی لەگەڵ ژنێکدا کرد کە لای پزیشکێکی دەروونی چاری دەکردو ئامێری لەرەی دەروونی بۆ بەکاردەهێنا، ئەو ئامێرەی دەزگاکانی پروپاگەندە دەیانگوت کارەکەی پترە لەکاری هەزار شارەزای بواری هەستو دواوەی هەستی فیزیکی، منیش لە دوورەوە نەخۆشیی ئافرەتەکەم پشکنی تەماشام کرد بە تەواوی لەسەر ئاستی فیزیکی چاکبۆتەوە لەگەڵ گواستنەوەی شێواوییەکان بۆپێکهاتەکانی رۆحانیو چارەنوسو بۆ چوار ژینی ئایندەی هاتوو، هەروا بەشێکی ئەم شێواوییانەم دی هاوێژرابوونە سەر پێکهاتە کێڵگەییەکانی کوڕەکانی.

ئەگەر ئەو تێگەیشتنە هەبێت کە نەخۆشی شەڕێکەو لێ رزگار بوونی بە گواستنەوەی دەبێ بۆ شوێنێکی تر، ئەوا تێگەیشتنێکی تر دەردەکەوێ کە دەڵێ نەخۆشی چ نییە جگە لە هۆکارێك بۆ ڕێگەگرتن لە وێرانبوننو نزم بوونەوەی رۆحانیو، ئەگەر هۆیەکانی لەناوبرێن ئەوا لە خۆڕا نامێننو وون دەبن.

لاوازیی فەلسەفەو تێگەیشتنە جیهانیەکانمان دەمانگەیەننە وێرانکاریی خۆبەخۆ، لەگەڵ ناسیارێکمو بەئامادەبوونی کوڕەکەی کە خوێندکاری ئەنیستیتوی پزیشکی بوو، باسی پزیشکی نوێمان کرد. کوڕەکە دووچاری سەریەشەو ئازاری سەری هاتبوو حەبێ جۆربەجۆری دەخواردو بێ سوود بوو. هەستام ودەستم نایە سەر خاڵێکی سەر ملی.کەمێك ئازاری پێگەیشتو ئیتر سەریەشەو ئازارەکەی نەما. لای لاوەکە کاردانەوەیەکی گرنگ پەیدابوو گوتی:

- بابە، ئیتر خوێندن لە ئەنیستیتوی پزیشکی چ پێویستە، کە بتوانرێ بەم ڕێگایە چارەسەربکرێت؟

باوکەکە وەڵامیدایەوە کە بەهەر حاڵ خوێندنیش پێویستە منیش بێدەنگ بووم‌و، روونکردنەوە دوو خولەکی قسەکردن پێدەویست. ئەو ڕێگایەی لەم کتێبەماندا پشتی پێبەستراوەپێش چەند ساڵێك لە دەرکەوتنی یەکەمین نیشانەکانی فیزیکی ئەم نەخۆشییانە ڕێگەی چارەسەرکردنیان دەدات.هەروا قۆناغێك لە قۆناغەکانی پەرەسەندن‌و بلاْکردنەوەی ئەم ڕێوشوێنە هەیە، هەر لەو گۆشەیەوەبیرم کردەوە کە ناسینی KARMA دەشێ بەتەواوی جێگەی پزیشکە ئاسایی بگرێتەوە، پاشان راستیەکی سادە تێگەیشتم ئەو ڕێگەیە پشت بە وریاکردنەوەی لە رووداوەکان کەلەوانەیە لە ئایندەدا رووبدەن دەبەستێ، بەلاْم هەستی ژیریمان بەرەو تێگەیشتنی پێداویستە مادییە جەستەییەکان ئاڕاستەکراوەو ناتوانی پێشبینی هەموو پرۆسەکان بکات.

لەبەر ئەمە پێویستە قسە لەوەنەبێ کە ڕۆڵی پزیشکیی نوێ بدرێتە دواوەو هەڵوەشێندرێتەوە، بەڵکو پێویستە قسەمان لەسەر کارتێکردنی دیالەکتیکیانەی پزیشکیی رۆح‌و پزیشکیی جەستە بێت لەگەڵ پێدانی پلەی یەکەمین بەچارو پەرەپێدانی رۆح، هەروا پێویستە قسە لەسەرئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بیروباوەڕەکانی پزیشکیی نوێ‌و لەیەکێتی بێت‌و، لەیەکتری تەواوکردن بێت، نەك لە ئاڵوگۆڕی بوارێکی جیهانی بەیەکێکیتر.بە پەیرەوکردنی چاری جەستەی فیزیکی بەتەنیا، پزیشکی بەرەبەرە لە ئەرکە بنچینەییەکەی خۆی کە چاری مرۆڤە وەك رۆح‌و کێڵگەپێش ئەوەی جەستەبێت دووردەکەوێتەوە.

لە کۆندا ئاین‌و فەلسەفەو پزیشکی هەموویان یەك شت بوون، ئەو کاتە مرۆڤ توانی گشت ئەو زانستانە بە چاکی فێر بێت‌و، وەك پێویست چارەسەر بکات.





بەلاْم ئێستا پزیشك جەستە دەرزی ئاژن دەکات‌و، نەشتەرگەری دەکات‌و، حەب دەدا بەنەخۆش‌و، ئامۆژگارییەکان جێبەجێ دەکات. جائایا دەتوانرێ نمونەیەکی تر بدۆزرێتەوە؟ بەڵێ دەتوانرێ. ئەو پزیشکەی کە چارەسەر دەکات‌و خاوەنی رەوشت‌و رەفتارو رۆحانیەتێکی بەرزە، دەتوانێ چارەسەری رۆح‌و جەستە پێکەوە ولەیەك کاتدا بکات.

بەختێریش دەڵێ: ئەگەر نەخۆشەکە دوای چوونە لای پزیشك کێڵگەکەی چاکبۆوە، ئەوە ئاماژەی ئەوەیە کە پزیشکەکە راستەقینەو باشە. لە راستیدا زۆر هۆکاریش هەن کە کاتی چوونە ژوورەوەیپزیشکەکە بۆ ژووری نەخۆشەکان دەبنە هۆی باشبوونیان.

بە داخەوە لەم دە ساڵەی دواییدا زۆرتر بایەخ بۆ ئامێرە پزیشکییەکان دادەنرێ نەك بۆ کەسایەتی پزیشکەکە.

لەم دواییەدا ژنێکی ناسیاوم سەردانی کردم‌و داوای لێکردم ئامێرێکی نوێ تاقیبکەمەوە کەلەو مەڵبەندەی توێژینەوەی کاری تێدا دەکات پەیدای کردوە. ژنەکە بەسەر سوڕمانەوە باسی تواناکانی ئەم ئامێرەی دەکرد،دەیگوت ئەم ئامێرە کاردەکاتە سەرکێڵگەی نەخۆشەکەو بەبێ هیچ دەرمانێك بارودۆخی نەخۆشەکە چاك دەکات. بڕیارمدا ئەو ڕێگەیەی بۆ رونبکەمەوە کە وەك بڕوایەکی کارکردن ئەم ئامێرە لەسەری دەروات، ناوی یەکێك لەو کەسانەم هەڵبژاد کە بەم ئامێرە چارەسەرکراون، ئەمەش لەناو ئەو لیستەدا کە وەك پروپاگەندە بۆ ئامێرەکەی پیشانی دابوو، جابە پشکنینی ئەو کەسە لە دەرەوە زانیم ئەم کابرایە لەو سوپایەدا کاری دەکرد کە چووبووە ئەفغانستان‌و لەوێش تووشی سووتانەوەی گەدە هاتبوو، ئەمەش بە هۆی ئاستی دوژمنکارانەی بەرزو هەستکردن بەرق‌و کینە. لە ئەنجامی ئەمەشدا لە کێڵگەکەیدا بەرنامەی بەهێز بۆ تێکشانی کەسانی تر پێکاتبوو، بەمجۆرە پێکهاتە کێڵگەییەکانی شێواو بون.

پاش کارپێکردنیئامێرەکەو کارکردنی بۆ سەر نەخۆشەکە کێڵگەکەی پاکژ کردبۆوەو شێواویەکان دیارنەمابون بارودۆخی فیزیکی باش بووبوو. کەوتمە تەماشاکردنی وردترینی چینەکانی لەوزەی ئەندامەکانیداو بینیم وزەی مەڵبەندی کوێرەلوو وزەی ناوچەیسێبەنگە خراپتر بووە لەوەی کاتی پێش چارەسەرکردنەکە. تەماشای هۆکارەکانی رۆحانیو خۆشەویستیو دەستدرێژیم کردو تێگەیشتم کەسوتاوییەکەی گەدە سارێژ بووەو بەشێوەیەکی توندو کەفو کوڵی دەستدرێژی ناوخۆیی نیشتۆتەوە، بەڵام یەکەی دەستدرێژیی ویژدانی زۆر تر بەرز بۆتەوە دەرکەوت کە سوتانەوەی گەدە لە کاردا بوو بۆ ڕێگە گرتن لە بڵاوبونەوەی بەرنامەی چینە قوڵەکانی ویژدان. پاش چارەسەرکردنیش دەستدرێژییەکە لە هەستە گواستراوەیەوە بۆ ویژدان. هۆکارەکانی رۆحو رۆحانیەتیش نیشتونەوە، هەروا زۆرترین هۆکارەکانی سەقامگیر بوون، واتە هۆکارەکانی پڕبوون لە خۆشەویستی کە زامنی تەندروستی منداڵانو تەندروستی خۆشمانە لەدوارۆژدا، تەماشام کرد تا رادەیەکی زۆر هاتونە خوارەوە. بەشێوەی گشتی لای ئەو پیاوە تابلۆیەکم دی کە لە گشت جیهاندا سەرنجی دەدەین: وێرانکردنی سەرچاوە ستراتیژییەکانی لەش لەگەڵ وێرانکردنی جەستەی فیزیکی. جا ئەم ئامێرەو زۆری تری وەك ئەمەش، باشترین داهێنانە لە پزیشکیی نوێی ئەمڕۆدا ئەوەیە گشت پێداویستەکانی پزیشکی دابین دەکاتو فەلسەفەکەشی دێنێتەدی کە رزگاربوونە لە شوێنەوارەکان بەبێ ئەوەی بەهیچ شێوەیەك لە شێوەکان تەماشای هۆیەکانی نەخۆشییەکان بکات. ئەم ئامێرانە دەتوانن شێواوترین پێکهاتەی KARMA راست بکەنەوەو نەخۆشییەکە بۆ ناوەوە دەبەن بێ ئەوەی لەناوی ببەن. ئەو نەخۆشییەش کەلە ناخدا جێگیر دەبێ بەشێك یان ئەندامێك لە ئەندامەکانی جەستە وێران دەکاتو تەواوی جەستە دەهاڕێ. بەم شێوەیە پزیشکی بە سەرکەوتنی بەسەر نەخۆشیەکی





دیاریکراودا لەسەرخۆ مرۆڤایەتی دەباتە ئازار چەشتنو مردنێکی لەسەرخۆ.لەبەرئەوەش کە نەخۆشی دێت تا رەفتاروبیری ویژدانی گەمارۆبدات، دەرکێشانی ئەم گەمارۆ دانە دەبێتە هۆی خێراکردنی پرۆسەی داتەپینو داڕمان.

جا بەشیکردنەوەی پێکهاتە کێڵگەییەکانی کۆمەڵگاو مرۆڤایەتیو بە شیکردنەوەی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەی جۆربەجۆرەوە دەستخراون گەیشتمە ئەم دەرئەنجامە: ئاستی دەستدرێژی لای مرۆڤایەتی هێشتا لە سەدو پەنجا ساڵەوە هەرلە بەرزبوونەوەیەکی بەردەوامدایەو، چونکە هۆیەکانی گەمارۆدانی ئەم دەستدرێژییە تێکشکاوە (واتە هەستو ویژدان) ئێستا هەڵاوسانێکی گەورەی ئاستی دەستدرێژیی ویژدانی روودەدات. ئێستاکە دەستدرێژییەکەمان دەگواسترێتەوە بۆ ئاستی کێڵگەییو بۆ گەردوون.

جا بۆ راگرتنی ئەم پرۆسەیەو بە پێی تۆژینەوەکانم لە پاییزیساڵی ١٩٩٥ دا بەرنامەیەك بۆ خۆ وێرانکردن لای مرۆڤایەتی کاردەکات. ئیتر لە هەلومەرجێکی ئاوادا لە کەسانێکی خاوەن پێکهاتەی کێڵگەیی هاوسەنگ بەدەر کەسی تر ناتوانن بژین.

هیوادارم ئەم پێشبینیەم هەڵەبێتو ساڵانی ئایندەش جەختی لەسەر نەکەنەوە، بەڵام ڕۆژانی ئێستامان ئاماژە بۆ ئاواتی زۆر ناکات.

ئەو ئامێرانەش کەلە ئایندەدا کاریگەرو بڵاو دەبن لەرینکارە دەروونییەکانو، وا پێدەچێ ئەم ئامێرانە لە کاتێکی نزیکدا زۆربەی نەخۆشییەکان چارەسەردەکەن. ئەو تۆژینەوانەش کەمن خۆم کردوومن ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو پێکهاتە کێڵگەییانەی زانیاریی میراتییان تێدایە بە پارێزەرێکی چاك دادەنرێنو زۆرگرانە بە ڕێگەی کارتێکردنی وزەیی بیانگەێنیو، ئەمەش جگە لە مرۆڤ خاوەن توانای باڵاو ئامێری لەرینکارە دەرونییەکان. تۆێژەرەوەکان دەتوانن زۆرتر بە قوڵی بەناو پێکهاتەکانی

KARMA دا رۆبچن لە پێناو نەهێشتنی نەخۆشیدا لەوناوچانەی ئەو بەرنامانەیان تێدایە کە کۆدی میراتگری لەلای رووەكو ئاژەڵو لای مرۆڤ دیاری دەکەنو، دەشێ ئەم پرۆسەیەش لە ژێر چاودێری دەربازبێتو ئە کاتە پرۆسەی لادانو تێکەڵبوونی میراتگیری KARMA یەکەمجار لە بەرنامە نزیکەکاندا دەستپێدەکات، واتە لای مرۆڤو ئاژەڵو، پاشان رامالینێکی تەواوی بەرنامەی گشتبوونەوەرە ژیاندارەکان روودەدات.پێشبینی ئەوەش دەکرێ کەلە کاتێکی نزیکدا ئاڵوگۆڕی لەناکاو دەربکەونو ئەمانەش لە یەك کاتدا پێکهاتەی میراتگیری مرۆڤایەتیو ئاژەڵییان هەبێت. هەندێ جار ئەم ئاڵوگۆڕە لە ناکاوانە لە سروشتیشدا روودەدەن بەڵام پاش ئەنجامدانێ کارتێکردنی زانیاری وزەیی چەندایەتی ئەو ئاڵوگۆڕانە زۆر زیاتر دەبن. ئەو تاقیکردنەوانەش کە بەڕێز ((تسییان کانچدژین)) لە شاری ((خەباروفسك)) ئەنجامیدان ئاماژەیان بەوەکرد کە دەتوانرێ بەهۆی هەندێ ئامێری سادەوە کۆدەکانی میراتگیری لای ئاژەڵو رووەکی جۆربەجۆر پێکبگەیەندرێن. ئەوەش رەتناکەینەوە کە توێژەرەوەکان بە لێکۆڵینەوەی مەسەلەکانی خۆکوشتن هەوڵدەدەن کۆدە میراتگیریەکانی مرۆڤو ئاژەڵ بپشکنن‌و تاقیبکەنەوە.مەترسی ئەم چەشنە تاقیکردنەوانەش لەوەدایە کە بەرنامەی کوێرکردنەوەی ئەم کۆدانە KARMA لای مرۆڤو ئاژەڵ لە پاشدا لە پێکهاتەی زانیاریی چینە بیۆلۆژییەکەدا خۆی دەبینێتەوە، هەر لەوێشدا لەسەر پەرەسەندن درێژە دەدات. تۆژینەوەکان ئاماژە بەوەش دەکەن کە تاوانو کردەوە خراپەکانی ئاراستەکراو لە دژی مرۆڤ وەك بەرنامە دەگوێزرێنەوە بۆ زۆر لە نەوەکانی ئایندە. سیستەمی دیسپلینی خۆبەخۆی کێڵگەیی دەست بە پاراستنی کێڵگەی زانیاری دەکات. جا ئەگەر سەرپێچییەکان لە پێکهاتە کێڵگەییەکانی رۆحانی وردا گەمارۆ نەدات ئەو کاتە کاریگەرترین میکانیزم لە گەمارۆی کاردا دەستبەکاردەبێ کە ئەویش – مردنە.





رووداوێکی پڕ لە پەند منی گەیاندە هۆکارێکی نوێ لە سیستەمی دیسپلینی خۆبەخۆدا، کە ئەویش خۆ خۆشویستنە. ئەو ژنەی هاتە سەردانم تەندروستیی زۆر باش بوو، پاشان هەندێ وردە گیروگرفت دەرکەوتن.لەساڵی ١٩٧٨ دا هەستی کینەی لاپەیدا بوو زۆر هەوڵیدا ئەو هەستانەی وەبیربێتەوە، بەڵام بێ ئەنجام بوو. ناچار بووم بە قووڵی بیدۆزمەوە وبۆم دەرکەوت کە کینەکەی بەرانبەر بە خۆی بووە.

بەڵام ئاخۆ چۆن دەکرێ مرۆڤ رقو کینەی لە خۆی بێت؟ ئایا ئەمە بیرۆکەیەکی خۆکوژی بووە؟ لە کاتێکدا ئەمەم گوت کەلە سەر تۆژینەوە بەردەوام بووم. بەڵام ژنەکە ئەمەی بە نا وەڵامدایەوەو گوتی هەستێکی هەمیشەیی دایگرتووە کە حەزلە ژیان ناکات. حەز نەکردنیش لە ژیان شتێك نییە جگە لەوێرانکردنی پاشەوەی ژیانو، لە بارودۆخێکی واشدا پەیدابوونی چەند گیروگرفتێکی کەم بەسە بۆ پەیدا بوونی بیرۆکەی خۆکوشتن.لەوەبەر باوەڕم وابوو کە ئەمە هۆیەکەیە، بەڵام دواجار دەرکەوت کە وێرانکردنی پاشینەی ژیان بە یەکێك لەو شوێنەوارانەدادەنرێ کە KARMA یخێزانی دیاری دەکات لای مرۆڤێك کە بابوباپیرانی هەندێ گوناهکاریو سەرپێچیی یاساییان ئەنجام دابێت. لەم بارودۆخەماندا دایکی ئەم ژنە کینەی بەرانبەر کەسێکی تر بووەوهیوای شەروخراپەی بۆ خواستووە. ئەمەشی لە بەرنامەیەکدا بۆ وێرانکاری داڕشتووەو، ئەمەی لە کێڵگەی خۆیدا پاراستووەو گواستراونەتەوە بۆ کورەکانیو، ئێستاش ئەم بەرنامەیە دەبێتە هۆی وێرانکارییەکی لەسەرخۆی رەگەزی ئەم خێزانە، ئەم بەرنامەیە لەسەرخۆو بە نادیاری کاردەکاتو هەستێك بە کلۆڵیو بەدبەختیو حەز نەکردن لە ژیان دەخولقێنێو، دەشێ هەندێ جار روونو هەندێ جاریش نادیار بێت بەڵام بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە کاردایە بۆ بڕینی رەگو ریشەی رەگەزو، مرۆڤی تووشبووی ئەم بەرنامەیە بە ئاسانی

دەتوانێ زۆر لەو کارانە جێبەجێ بکات کە زۆر مەترسییان بۆی هەیەو، لە هەڵسەنگاندنی ژیانی خۆیو ژیانی کەسانی تر رادەوەستێو دەکرێ ببێتە مایەی ئازارو زیان گەیاندن بەزۆر کەسی تر، بە تایبەتی ئەگەر پەیوەندییەکی هەبێ بەوکەسانەوە بیبەستێتەوە. پاشان لە کێڵگەی کوڕی ئەم ژنە کۆڵیمەوەو تەماشام کرد لە هەمان بارودۆخدایە وێڕای خوارییەکی گەورە لە کێڵگەکەدا بە هۆی پیش خواردنەوەوکوشتنی خۆ خۆشەویستی لە دەروونـدا واتە میکانیزمی بەرنامەکە بەردەوام بەرەو پێشەوەپەرە دەستێنێ.

جا وێرای ئەوەی ئەم لاوە ئێستا تەندروستی باشەو بارودۆخی ورەی زۆر بەرزە لە هەموو لایەکەوە مەترسی هەرەشەی لێدەکاتو دەوری داوە، چونکە بەرنامەی کاولکاریی میراتی باووباپیران هێشتا لە کرداری رەشیدا بەردەوامەو دوورنییە ئەنجامەکانی بە چەشنێکی توندو لە ناکاو دەرکەوێت.

پاشان ژنەکە جارێکی تر هاتە سەردانم، لەدانیشتنی یەکەمدا یارمەتی خۆیو مێردەکەیم داو، لەو پەڕی قایلبووندا بوو لە ئاست ئەنجامەکانی چارەسەرکردنەکەدا، بەڵام لە ناخی خۆیدا باوەڕی نەدەکرد کە چۆن دەتوانرێ یارمەتی مێردەکەی بدرێو لە دورەوەو بەبێ بینینی یان قسە لەگەڵ کردنی کاری تێبکرێت، ئیتر بڕیاریدا تاقیم بکاتەوەو وێنەیەکی بە کۆمەڵی لە جانتاکەی دەستی دەرهێناو داوای لێکردم کە لە وێنەکەدا مێردەکەی دەستنیشان بکەم.پاش ئەوەی بە پەنجەم ئاماژەم بۆ مێردەکەی کرد گوتی: راستە، ئەوەیە مێردەکەم، بەڵام ئایا دەتوانیت لە وێنەکەدا ئەو کەسە ببینیتەوە کە دوای پێنج ساڵ لە گرتنی ئەم وێنەیە کۆچی دوایی کرد؟ راستەوخۆ کەسێکم دیتەوە کە لە هۆکارەکانی چارەنوسدا تووشی شێواوی لە ناکاو وتیژ هاتبوو ئاماژەم بۆ کرد، ژنەکە بە سەرسامی تەماشای کردمو گووتی: بەڵام چۆنت زانی؟ وەڵامدامەوە بە دەستیش ئاماژەم دەکرد کە ئەوە پسپۆریی کارەکەمەو، هیچ سەرسوڕمانێکی





ناوێو، ئەمە ئەنجامی کارێکی درێژ خایەنو بەردەوامە بۆ پەرەپێدانو شارەزابوون لە توانا خۆییەکاندا.

چەند مانگێك لەمەوبەر ژنێکی ناسیاوم هاتە لامو گوتی: من لە کاری خۆم سەرم سوڕماوەو ئافرەتێکی دۆستی دێرینم هەیەو ئەمڕۆ هاتە لام بۆ ئەوەی بۆم بدرکێنێ کە خۆشیدەوێمو هەندێ هەستی سەیری بەرانبەرم هەیە. جا ئایا ئەمە لە شتێکدا لەڕێ لادانێکی تێدایە؟کەوتمە تاقیکردنەوەی کێڵگەکەو تەماشام کرد هەندێ لەڕێ لادانی تێدایە، کاتێك لەوە ئاگادارم کرد گوتی:

ئاخۆ ناکرێ ئەم لەڕێ لادانە راست بکرێتەوە؟ من بۆ خۆم نازانم چی بکەم، خوشکەدەرەکەم هێندەی نەماوە شێت بێت.

لەراستیدا ئەمە بارودۆخێکی خۆشو سەیر بوو کەوتمە تۆژینەوە لەم بابەتە، ئاخۆ دەکرێ لە ڕێ لادان لە پلانی سێکسدا رووبداتو لەسەر KARMA راوەستابێ؟ لەڕێ لادانی سێکسی لە زۆر وڵاتانی دنیادا دیاردەیەکی سروشتییەو، بەپێی یاسایانەو شوێنی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە، بەڵام ئەگەر ئەمە ئەنجامی شێواندنەکانی KARMA بێت پێویستە بۆ راستکردنەوەی کاربکرێتو، دواجار دەبێ باس لە دیاردەیەکی نەخۆشی بکرێت نەك دیاردەیەکی سروشتی.کەوتمە پشکنینی پێکهاتەکانی KARMA لای ژنەکەو سەرنجمدا هۆی دەرکەوتنی ئەم لەڕێ دەرچوونە هاوپەیوەندە بەوەی لەگەڵ داپیرەیدا رووی داوەو، لە لایەن ئافرەتێکەوە کە زۆر ڕێزی لێدەگرتو زۆری پێوە هاوپەیوەندبوو سوکایەتییەکی گەورەی پێکراوە.

ئەو دۆستەی داپیرە بە قسەکانیو بەکردارێکی بووە هۆی تێکدانی ئەو دۆستایەتتیەو لە ئەنجامی ئەوەشدا ماندووبونێکی هەڵچونداری بەهێز پەیدا بوو بەرنامەی تێکدانی خۆشەویستی لای ئەو ژنە بە ڕێگەی میراتگری گواسترایەوە بۆ نەوەکەیو، بۆ پاداشتی ئەم کەمایەتیەش وێژدان کەوتە بەرزکردنەوەی پلەی

پەیوەندیو پەیوەستبوون بە ئافرەتەوەو، ئەم هاوپەیوەستیەیەش لەو لەڕێ دەرچوونە سێکسییەدا رەنگی دایەوە. لە دورەوە ئەو پێکهاتەیەم راستکردەوەو، بینیم چۆن ئەو ژنە گەڕایەوە بۆ بارودۆخی ئاسایی خۆیو، گوتم:

- ئێستا هەموو شت دەگەڕێتەوە بۆ باری سروشتی خۆی، ئیتر هیچ لە سنور دەرچونێك روونادات‌و دۆستەکەش دەگەڕێتەوە سەر رەفتاری راست‌و دروستی خۆی.

لە راستیدا هەر واشبوو، بۆ رۆژی دوایی دۆستەکە هات‌و گوتیـ نازانیـ دوێنیـ چی روویداوەو چۆن توانیویەتی بەوەی گوتویەتی زمانی بجولێنیـ.

ئێمە لە راستیدا ناتوانین لە بیری خۆماندا بزانین تاچ رادەیەك شێواندن لە باری سەرنجماندا بۆ ئەم دنیایە روویداوە. دەشیـ لەڕێ دەرچونی سێکسی وەك هەوڵدانێك پەیدابیـ بۆ قەرەبووکردنەوەی خۆشەویستی کوژراو وبۆ قەرە بوو کردنەوەی پەیوەندیی کەسێك بە کەسێکی ترەوە.لەسەر مرۆڤ پێویستە هەموو مرۆڤەکانی خۆشبووێت‌و، خۆشەویستیی سێکسی نابیـ لە بەشێکی سادەی خۆشەویستی بە کۆمەڵو، خۆشەویستی پەروەردگارو خۆشەویستی گەردون تێپەربکات. دەربڕینی خۆشەویستی مرۆڤانە بۆ مرۆڤ وەك هەوڵدانێکە بۆ قەرەبووکردنەوەی خۆشەویستییەکی ونبوو کە دوورنییە ببێتە پەیدا بوونی لەڕێ دەرچوونی سێکسی، ئەمەش نەخۆشییەکە لە ئەنجامی مردن یان کوشتنی خۆشەویستی لە دەروونداو، لە دەرچوون لە پێوانە سروشتییەکاندا دەنگدەداتەوە. ساردبوونەوەی خۆشەویستی لای مرۆڤ دەبێتە هۆی زۆر بوونی ژمارەی لەڕێ دەرچوونی سێکسیو ئەمەش خۆی لە خۆیدا کوشتنی خۆشەویستییە لە ئایندەدا وێرانبوون‌و داڕمانی پێکهاتەکانی فیزیکیو رۆحانییە. ئەو ژنەی رەفتاری بیۆلۆژیی تێکدەدا بەو کارەی هەڵوەشاندنەوەو رەوشت خراپی لای رۆڵەو نەوەکانی لە ئاستی رەفتاردا دەوروژێنیـو، ئەو پیاوەش کەلە ڕێ دەرچوونی





سێکسی پەیڕەو دەکات تووشی داڕمانی رۆحیو دەروونی چارەنووس دەبیـو، ئاستی وزەی نزم دەبێتەوە. هەڵوەشانەوەی پێکهاتەکانی KARMA لای پیاوان کەمترە وەك لای ژنان‌و بە شێوەی گشتی لەڕێ دەرچوونی سێکسی ئەو پێکهاتە کێڵگەییانەی مرۆڤ وێراندەکات کە بەرپرسن لە بەرگریو، لە بەربەستیی نەخۆشی دوومەڵو هەلاوسانەکان‌و لە تەندروستی رۆڵەکان‌و نەوەکان. لەڕێ دەرچووە پۆزەتیڤەکەیان دەکوژن‌و سێکسی خۆشەویستیو ژیان لای هاوسەرە نێگاتیڤەکەیان دەکوژن‌و دەخنکێنن‌و دواجار دوورنییە رۆڵەکانیان حەزیان لەسەرپێشۆڕکردن‌و زەوتکردنی بەزەبری هێزو دڵرەقی کەسانی تر بێت، بەڵام لە ڕێ دەرچووە نێگاتیڤەکان خۆشەویستیو ژیان لە دەروونی خۆیاندا دەکوژن‌و دوورنییە رۆڵەکانیان ببنە قوربانیی تاوانی جۆربەجۆر بەڕێگەی بوونی بەرنامەی وێرانکاریی خۆبەخۆ لە پێکهاتە کێڵگەییەکاندا. بۆ بەراوردکردنیش هۆکارەکانی کەسانی خاوەن خۆشەویستی دەخەمە بەرچاو. هۆکارەکانی رۆحانی، دەروون‌و پڕ لە خۆشەویستی نرخ‌و بەهایەکی بەرزیان هەیە، لە کاتێکدا هۆکاری دەستدرێژییو ویژدانی کەمترین بەهای هەیە. ئەو پیاو وژنەی یەکتریان خۆش دەویـ KARMAباشتر دەکەن‌و یەکتری چارەسەردەکەن‌و هەروا رۆڵەکانیان‌و نەوەکانیش کەلە ئایندەدا دێن چارەسەر دەکەن.

## هۆی سێیەم

هەر وشەیەك بە پارچەیەکی زانیاری دادەنرێ، بەڵام بەرنامەو جەستە لە ئاڵوگۆڕی کارلێکردنی هاوبەشدا لە کێڵگەیدا لەگەڵ بەرنامەکانی تردا کاردەکەن. کاتێك لە فەلسەفەی کۆندا خوێندمەوە کە رۆح بە پتەوترین شت دادەنرێ، لە کاتێکدا جەستە شتێك نییە لە واهیمە بەدەر، نەمتوانی باوەڕ بکەم. هەروا بیرۆکەی (کیودزی) لەوەدا کە هەر شتێکی لاواز دەتوانێ بەسەر پتەو وبەهێزدا زاڵ بێتو ئەم بیرۆکەیە لە سەرەتادا زۆر هیچ وپووچ دەردەکەوت.

لە رێگەی کاری رێوشوێنی چارەسەرکردنی رۆحانی دەکرێ جەخت بکرێتەوە لەسەر پەیوەندیی پتەوی جەستە بە رۆحەوەو بە پێکهاتە کێڵگەییەکانی بیۆلۆژییەوە. ئێمە هەمیشە رێگە بە خۆمان دەدەین باسی خۆمانو قسە لەسەر کەسانی ترو لە سەر چارەنووسی خۆمان بە شێوەیەکی خراپ بکەین. دەرکەوتووە کە ئەم عادەتە دەبێتە هۆی تێکدانی دانەکانی مرۆڤ، منیش بەدواداچوونو توێژینەوەم لەسەر دەیان بارودۆخی واکردو بۆم دەرکەوت کە زۆربەی مەترسیەکان لە قسەی خراپدان کە دژی خزمەکان دەگوترێنو هیواداریی شەڕو خراپە بۆ کەسانی نزیك. بەرنامەکانی کەسوکاریش KARMA دەچنە پاڵ ئەم سەرپێچییانە، هەروا بەرنامەکانی ئاژەڵە بەرگپۆشەکانی پێشوو، بەڵام لەمانەی هەموویان مەترسیدارتر ناقایلبوونە لە خۆ. بەڵام هۆی کلۆربونی دانەکان دەگەڕێتەوە بۆ لە پاشملە باسکردنو قسەی خراپ گوتن بە باوكو بارگرانکردنی KARMAو بۆ خراپی خواردەمەنی. بۆ یەکیش خواردنی هەمیشەیی سەوزە لەگەڵ خۆراکدا بە باش دەزانرێ تا پارسەنگی هەڵچوون رابگرێتو توندوتیژی دەستدرێژکارانەی ویژدان کەمبکاتەوە.

بەڵام مەترسی قسەی پاشملەو مەترسیی بیری رق وکینە لە چیدایە؟ کاتێك





بیر لە کەسێك دەکەینەوە پردێکی وزەیی لە نێوان ئێمەو ئەو کەسەدا دروست دەبێ کە بیری لێدەکەینەوەو، ئاڵوگۆڕی زانیاریو وزە پێکدێ، لەبەر ئەوە بیری خراپ بە هێرشێکی وزە دادەنرێو دەشێ زیانو ئازار بگەیەنێت. تەنانەت رێکەوتنی ناوخۆیی لەگەڵ مرۆڤێکی دڵپڕ لە کینەدا دەشێ پڕ مەترسی بێت. پاشملە قسەکردنو بیروڕای خراپ لەسەر خەڵك بریتییە لە پێداکێشانو تووشکردنی بەرەو رووی ئەو کەسەی قسەی لەسەر دەکەین یان بیری لێدەکەینەوەو، دواجار ئەوە پێچەوانەش دەبێتەوە بۆ سەر قسەکەرەکەو پێکهاتەی KARMA ی وێراندەکات.

وشە هەر بەرنامەیەك پتەووبەهێز دەکاتو وزەی زەمینیش لە کاتی ئێستاداو بە شێوەی خۆی لەتوانایدایە زیانو ئازار بۆ خەڵك بنێرێت، ئەمەش لە ئەنجامی هەر بیرۆکەیەکی خراپدا. بەشیکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە هۆکارەکان گەیشتمە دەرئەنجامێك ناوەرۆکەکەی ئەمەیە: مرۆڤایەتی لە چەندان سەدەوە بە چالاکیو خێرایی کەوتۆتە دوورکەوتنەوە لە باوەڕەکانی هارمۆنیای جیهانو، لەم رۆژەدا کێڵگەی زانیاریی زەمینی بە چەندان بەرنامەی نێگاتیف دەورەی دراوە. کاتێکیش کەسێك بە خراپە لەسەر کەسێکی تر بیر دەکاتەوە ئەوا وشەکانی KARMA ی نێگاتیف بە گشتی دەخاتە کار، تەنانەت بە تەنیا بیرکردنەوەی خراپ بەبێ ئاواتە خوازیی شەڕ دەشێ ببێتە هۆی زیانو ئازار. ئێمە لە ویژدانەوە هێرش دەبەینو یەکتر دەکوژینو بەبێئەوەی زۆر جاران هەست پێبکەین. دواجار پرۆسەیەکی خۆ وێرانکردنی جۆربەجۆرو جیاواز لە شێوەدا بەرێوەدەچێو پێویستی بە خستنە کاری هەڵچونە نێگاتیڤەکان نابێ بۆ ئەمەش مرۆڤێك بەسە کە پڕاوپڕ بێ لە خەمێکی شاراوەی نێگاتیف. لەبەر ئەوە هێندە بەس نییە کە مرۆڤ لە رۆژگاری ئێستاماندا باش بێت وئازاری کەس نەدات، ویژدان لە لامان تارادەیەك شێواوە کە لەگەڵیدا دەستبەرداربوونی ئازارو زیان

بەس نییە بۆ پاراستنی دەروون‌و جەستە.ئێستا مەرجی بنچینەیی ژیان کار کردنی بەردەوامی ویژدانییە بۆ گۆڕینی دەروون وخۆ. بە سادەیی هێندە بەس نییە باش بیت بەڵکو دەبێ مرۆڤێکی باش‌و کاریگەرو چالاك بیت. هەموو مرۆڤێك.بە مرۆڤی چاك‌و وابەستەشەوە ئێستا کەوتۆتە بەر هێرش‌و ئازاردانەوە لەم ڕۆژگارەماندا تەواوی ئەو ئایدیالیزم‌و ئامۆژگاییانە لە بیر چونەتەوە کە بە درێژایی هەزاران ساڵ مرۆڤ تێیاندا ژیاون. لە باشترن بارودۆخیدا ئەم کاروبارانە بەرزکراونەوە تالەپلەی دووەمین دابنرێن، بۆیە لەسەر مرۆڤ پێویستە بە شێوەی جیدی هەوڵ بدات بۆ گێڕانەوەی ڕۆحانیەت‌و مرۆڤایەتی‌و کاتێگۆریی هارمۆنیای جیهان. چاکترین شتێك کەلەم بوارەدا پێویستە بکرێت جێبەجێکردنی ئەو ئامۆژگارییەیەکە دەڵێت: ((وەرن با دوژمنەکانیشمان خۆشبوێن)) ئەمە بانگێکە بۆ راستیی ڕۆحانیەتی مرۆڤ، بەرپەچی لێدانەکانی وزەیی بەلێدان مەدەرەوە.

فەرمانی ڕەفتاریی لای مرۆڤی هۆشمەند لەوەدا دەردەکەوێت کە ڕێگە نەدرێ هەستە نێگاتیڤەکان بگەنە ناو ویژدانەوە. ئەو مرۆڤەی ڕۆژەکەی بەم نزایە دەست پێدەکات کە دەڵێ: ((خودایە تەندروستی بەکەس وکارو خزمەکانم ببەخشە، نیعمەتی ئارامم بدەرێ)) بەمە خۆی دەپارێزێ‌و زۆر لەسەر پێچپیەکان گەمارۆ دەدات.ئەمە نمونەیەکی سادەیە لە بارەی چۆنیەتی کاری ڕستەیەکی سادەوە. لاوێك سووکایەتی بە کچە دۆستەکەی کردو خراپەی بەرامبەر کرد. کچەکە پێیگوت: ((هیچ کاتێك ئەمەتم لە یاد ناچێتەوە))، منیش ئەوەم شیکردەوە کە ئاخۆ لە ئەنجامی ئەوەدا چی ڕوویدات تەماشام کرد بەرنامەیەك دارێژراوە یان بۆ وێرانکردن، یاخود جیابوونەوە، واتە ئەوەی لە وزەی بیۆلۆژیدا پێی دەگوترێ بە چاوەوەبوون. دواجار هەر بڕگەیەکی سەخت‌و ناڕەوا دەشێ بەداخەوە ئەمرۆ ببێتە زیان‌و ئازاردانی ئەو کەسە خۆی‌و بۆ کەسانی تریش.





پاش تاقیکردنەوەی پیاوێك کە دووچاری لاوازی سستی گشتی بوو بوو وا دەرکەوت کە وزەکەی زۆر نزمە، تاقیکردنەوەکانیش بواریاندا بە دوای هۆیەکەدا بگەڕێین:

- لە نزیك ماڵەکەتەوە دراوسێیەکی ژن نیشتەجێییە کە بەردەوام لەگەڵیدا بە شەردێیت،جا وانییە؟
- بەڵێ.
- تۆ بە دەستیەوە تووشی ئازاردەبیت‌و توڕەدەبیت، ئەمەشە کێڵگەکەت دەشێوێنێت، لەبەر ئەمەش ئاستی وزەکە دێتە خوارەوە، بەڵام هۆی لەمە گرنگتر ئەوەیە تۆ لە پاشملەو بەشێوەیەکی خراپ باسی دەکەیت. تەنیا بە دەستبەردانت لە کینەو پاشملە باس کردن، هەموو لاوازی ماندوبونێکت لە ناو دەچێت‌و نامێنێت‌و، هەروا کێڵگەکەت هاوسەنگ‌و مامناوەند دەبێتەوە.

دەربڕینی بیروڕای نێگاتیڤ لە کاتی گفتوگۆدا لەگەڵ یەکێکدا، دەبێتە نزمبوونەوەیەکی زۆری وزە. ئەو مرۆڤەش کە لە پاشملە باس لە یەکێك دەکات، دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە خۆی‌و بەو کەسەش کە لە پاشملە ناوی دەبات، دواجار شێواوی سەرپێچی زۆر لە پێکهاتە کێڵگەییەکەدا پەیدا دەبێ‌و زۆر لە وزەش لە دەست دەدا.وەنەبێ وەك پێویست بێ ئەو توشبوونانە لەسەر ئاستی فیزیکی بەهۆی لە پاشملە قسەکردنەوە دەرکەون یان وەك پێویست ئەوە راستەوخۆ بە دەرکەوتنی هەندێ نەخۆشی دیاریکراوبێت. دەشێ داڕمان‌و نزمبونەوەلە پێکهاتە وردەکاندا رووبدەن‌و، وێڕای ئەوەش کە مرۆڤ هەست بە خراپبوون ناکات، بەڵکو هەست دەکا تەندروستی چاك‌و زۆر باشە بەڵام لە پاشدا شێواندن لەپێکهاتە ڕۆحانییەکانیدا روو دەدات کە یەکجار فراوانن‌و، ناکرێ راستەوخۆ بدۆزرێنەوە. دوای ئەوەش، واتە کاتێك کلۆڵی‌و کارەساتەکان لای ئەو مرۆڤە دەست پێدەکەن نەخۆشییەکانیش دەست بە دەرکەوتن دەکەن چ لە لای

خۆی یان لەلای کوڕەکانو خزمەکانی، ئەو کاتە زۆر گران دەبێ بۆی کە پێشبینی ئەوە بکات کە هۆی گشت ئەمانە لە پاشملە قسەکردنە.

ئێمە خۆمان دەکوژین بێ ئەوەی ئەوە ببینین. لە پاشملە باس کردن بۆکورتکردنەوەی ژیانمان کاردەکاتو لە بواری فیزیکیو ڕۆحانیدا وێرانمان دەکاتو، کارتێکردنەکەشی دەگاتە چەندان ساڵی دوورو درێژ.

پاشان دەستمدایە لێکۆڵینەوەو بە دواداچوونی خاسیەتی سەرەکی کۆکردنەوەو یەکخستنی نێوان گشت بە تەمەنەکانی دنیا، تەماشام کرد خۆراکیان جۆربەجۆرو زۆر جیاوازە، هەروا ڕەفتاری گشتیان جیاوازە بەڵام هەموویان ڕۆحێکی باشیان هەبوو، واشدەرکەوت کە ڕۆحی باش مانای نەبوونی هێرش کردنی وزەییە بۆ سەر کەسانی ترو، بێگومان مەبەست هێرش نەبردنێکی ڕاستەقینەیە. مرۆڤ زوو دەمرێ چونکە بە شێوەیەکی هەمیشەیی خۆیو جەستەی وێراندەکات. ژاپۆنەکان بە گەلێکی تەمەن درێژ دادەنرێنو هەر لەو کاتەشدا بە باشترین وبەرەوشترین گەلانی دنیا دادەنرێن.

لە هەموو ئەمانەش مەترسیدارتر لە پاشملە باسکردنە دژی مرۆڤێکی نزیكو خۆشەویست. پلەی یەکێتی لە ئاستی کێڵگەییدا دەشێ جیاواز بێت، ئەم پلەیە لە ناو کەسانی خۆشەویستدا زۆر بەرزە. هەستکردن بە خۆشەویستی مرۆڤ پێش دەخات، ئاستی وزە لای مرۆڤی خۆشەویست زۆر بڵندە، لەبەر ئەوە هەر کارتێکردنێکی نێگاتیڤ زۆر مەترسیدار دەبێت.

لەسەرو بەندی ئامادە کردنی ئەم کتێبەدا زۆرجار لە خانەی بڵاوکردنەوەی کۆدەبوینەوە، لە دیدارێکیاندا نووسەرێکی لاو لە مۆسکۆ بە ناوی ((سلاڤ)) ئامادەبوو. زانیاریمان ئاڵوگۆڕ کردو گفتوگۆمان لەسەر کتێبەتازەکە کرد کە هێنابووی بۆ خانەی بڵاوکردنەوەو لاپەڕەکانیمان هەڵدانەوە. بەڕێز ((سلاڤ)) گوتی لە یەکێك لە سەفەرەکانیدا لەگەڵ ژنێکی ئەستێرەگرەوەکە زۆر شارەزاو





خاوەن توانایەکی بەرز بووە یەکتریان ناسیوەو ناوبراو پێی گوتوە:

بگەڕێوە بۆ ماڵەوە، لە یەخەی چەپی پاڵتۆیەکەتدا مەقەستێك لەگەڵ نەخشێك شاردراونەوە. کاتێك لە شوێنەکەی دەریدێنیت هەموو شتێك زۆر باش دەبێت. ئینجا ((سلاڤ)) بۆ ماڵ گەڕاوەتەوە مەقەستەکەی دەرهێناوە.لە کاتی گفتوگۆکردن لەگەڵیدا لەسەر کتێبەتازەکەی بۆم دەرکەوت کە ژنەئەستێرەگرەوە کە نەیتوانیوە کاری بکاتە سەر، پێی گوتووە:

تۆ فریشتەیەکی پارێزەری بەهێزت هەیە، من ناتوانم چارەسەرت بکەم.

ئیتر دانیشتبووینو قسەو باسمان بۆ یەکتر دەکرد. هەستم کرد یەکێك وزەکە لە من رادەکێشێت. تاقیکردنەوەکان سەلماندیان کە ئەوە بە هۆی سلاڤەوە بووە، هەروا سەرنجمدا بارودۆخی ئەو ئافرەتانەی لامان دانیشتبوون بەرەو خراپی دەچوو، دەستم بە تاقیکردنەوەی هۆکارەکانی سلاڤ کردو، بۆم دەرکەوت کەلە ویژدانیدا بەرنامەیەکی هەیە بۆ داڕمانی ئافرەتان. ئەمە بۆ من چاوەڕوانکراو نەبوو، پێمگوت:

- بێزەحمەت ئەگەر دەتوانی پێمبڵێ، ژیانی خۆت چۆن دەڕوات؟

- وەك پێویست نییە، هەشت ساڵە لە ژنەکەم جیابوومەتەوە،لەو کاتەشەوە حەزم لە ژن هێنان نییە.

بۆم روونکردەوە کە هۆی ئەو ژنهێنانە ناخۆشەی ئەو بەرنامەیە بووە کە لە ویژدانیداو لەلایەن باوکییەوە پێش لە دایکبوونی دارێژراوەو، بەرەو داڕمانی ئافرەتان ئاڕاستە کراوە. پاش راستکردنەوەی کێڵگە بیۆلۆژییەکەی هارمۆنیاکەی کەوتەوە بوژاندنەوە.

ماوەیەك لەمەوبەر لە کارگەیەکدا دەستم بە پشکنینو چارەسەرکردنی نەخۆشەکان کرد، دوای دووسەعات لە دیدارێکمان یەکێك لە ژنە کرێکارەکان هاتەوە لامو سکاڵای کرد کە لە ناوچەی چاوی سێیەمدا ئازارێکی زۆری هەیە.

پاش پشکنینی کێڵگەکەی تەماشام کرد هۆیەکە بریتییە لە کێڵگەی وزە – هیواداریی شەڕو خراپەو، بەرنامەیەك بۆ دارمان، پێمگوت:

- بە خراپە قسەت کردووەو پاش دەرچونت لە دیداریەکەممان لە پاشملە باست کرددوم.

- چ دەڵێی، من نەبیرێکی وام کردۆتەوەو نە بەخراپە قسەم کردووە.

- تۆ بە بەزەیی پێدا هاتنەوەم ئازارت داوم.

- لەوە مەبەستت چییە؟ بۆچی ناتوانم ئاواتی هەر شتێك بۆ مرۆڤ بخوازم؟

- دەکرێ بەکارتێکردن‌و هەڵچوون یارمەتی مرۆڤ بدرێ، بەڵام بەزەیی قەدەغەیە، چونکە بۆ جەستە دەگەڕێتەوەو دەشێ ببێتە هۆی ئازاردانی گیان‌و دەروونی مرۆڤ. یەکێك لە نەخۆشەکانم کاتی دیدارمان ئاواتی خراپەی خواست، دوای دوو مانگ نەخۆشیی وای لێدیاریدا وەك ئەوەی بە ئاواتی

خواستبوو، ناچار بوو نەشتەرگەری بکات. تۆ نازانیت هەموو خەڵك لەم ڕۆژگارەماندا ئاستێکی بەرزی وزەیان هەیە، لەبەر ئەمە هەر هەڵەیەك بۆ شێواندنێکی بە هێزی پێکهاتە کێڵگەییەکان پێچەوانە دەبێتەوە چ،جای ئەو ئەنجامو نەخۆشیانەی بە دەردەکەون.

نەخۆشی لە سروشتی خۆیدا شەڕ نییە، بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ پێکهێنانی بەرنامەی دارمان‌و وێرانبوونی ڕۆح. کاتێك هیوای شتێك بۆ کەسێك دەخوازین، ئەوا ئێمە لەگەڵ نەخۆشی‌و کلۆڵییەکانی ڕێکەوتوو نین، دوا جار ئێمە تەنیابیر لە ئەنجامەکان دەکەینەوەو، هۆیەکە پشتگوێ دەخەین، ئابەم شێوەیە یاریدەی دارمان‌و وێرانبوونی ڕۆحەکە دەدەین. لێرەشدا چینێکی یەکجار وردونەرم هەیە، کاتێك هەستەکانی دەرەکی‌و هیواداریی یارمەتیدان ڕۆدەچنە ناوەوە دەتوانن ئاڕاستەیان پێچەوانەو ئەرکیان بگۆڕین، پێویستە لە ناخەوە دان بەوەدا بنرێت کە نەخۆشییەکان وەك باڵێك هەن بۆ پەرەپێدانی ڕۆح‌و مامەڵە کردن لە تەکیدا





بە شێوەیەکی ئاشتیانە. ئەمەش پەیوەندییەکی دوو هێندەیی‌و ئاشتییانەی ناوخۆیی‌و یارمەتییەکی دەرەکییەو، کارتێکردنێکی هەڵچونانەیەو دەتوانێ هارمۆنیای لەگەڵ گەردوون بپارێزێت، بەبێ ئاراستەکردنی خولیاکان. نەخۆشیەکە هەمیشە لە یەك کاتدا خێرو شەڕ نەبووە.

## هۆی چوارەم

بەپێی بە دواداچوون‌و تۆژینەوە لە مەسەلەی مژین‌و ڕاکێشانی وزە هەوڵدەدەم ئەم هۆیە ڕوون بکەمەوە کە مرۆڤ بۆتە مژەری وزە.

بۆم دەرکەوت کە پرۆسەی مژین خاڵی نەبووە لە شوێنەواری خراپە یان سوکایەتی پێکردنی ئاڵوگۆڕی نێوان خەڵك لەسەر ئاستی کێڵگەیی وردو ئاڵۆزتر لەوەی بیری لێدەکەینەوە. مژینەکەش تەنیا ڕاکێشانی چەندایەتییەکی دیاریکراوی وزە نییە، تێکدانی چینی کێڵگەیی‌و پێکهێنانی هەلومەرجی لە بارنییە لە پێناو لە دەستدانی ئایندەی وزەدا بەڵکو پەکخستن‌و کاولکردنی پێکهاتە کێڵگەییە وردەکانە، کە دەشێ ببێتە شێواندنی هێڵەکانی چارەنووس‌و تەندروستی‌و بارودۆخی دەروونی KARMA. چەندان جار سەرنجمداوە چۆن لە ڕێ لادانی دەرونیی تیژ دەردەکەوێ پاش ونکردنی چەندایەتییەکی زۆری وزە. لای ئەو کەسەی دەست بە بەکارهێنانی چەندایەتییەکی وزەی غەریب دەکات کەناڵی هاوپەیوەندی لەگەڵ بۆشایی دادەخرێت، بەمەش ناچار دەبێ زۆرتر زۆرتر وزە رابکێشێت‌و ئەگەر وا نەبێ تووشی نەخۆشی زۆر سەخت دەبێ‌و دووریش نییە ئەوە ببێتە هۆی مردن.سەرەتای ئەم پرۆسەیە لە هەستێکی بەرزو پەرەسەندودایە بە خۆپەرستیی (ئەنانیەت)، کە لە بیرو بۆچون‌و هەڵچونەکان‌و کردەوەکاندا دەردەکەوێت، هەروا لە تێنەگەیشتنی کاتێگۆریی یەکێتی دنیادا. ئەم تێنەگەیشتنە دەبێتە داخستنی کەناڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ

بۆشاییدا (فەزا)و دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی وزە. زۆریش گرانە ئەم پرۆسەیە رابگیرێت، لەکاتێکدا بە میرات بۆ منداڵان هاتووەو، کەناڵەکانی پەیوەندییان لەگەڵ بۆشایی داخراونو بە خێرایی نەخۆشی سەختیان لادەردەکەوێو دەکەونە بەرمژینی وزە، کە هەر لە پێشەوە لای ئەوان نزمە، یان پرۆسەی هەڵمژین ئەنجام دەدەنو درێژەپێدانی ئەم پرۆسەیە دەروونو خودی مرۆڤ دادەڕمێنێ. ئەوا لێرەدا هەندێ نمونەش لەسەر وزە هەڵمژین باس دەکەم.

ئەم ژنە بۆ جاری سێیەم هاتەوە لامو، پرۆسەی دۆزینەوەی نەخۆشیی کچەکەی لە دوورەوە پیشانی دەدا کە یەکێك لە مامۆستاکانی لە قوتابخانەی مۆسیقا وزەی لێ هەڵدەمژێ.هۆیەکەشی KARMA یە ئەم کەسە لە باوکییەوە بەرنامەی مژینی بۆ هاتووەو، هەڵبژاردنەکەش ئەو کچەی گرتۆتەوە چونکە هەردوو گوێی سمراون. پاشان باوکی ئەو کەسەم پشکنی دەرکەوت کە ئەویش وزەی هەڵدەمژێ، بەڵام گوناهبار باوکەکەی بوو کەلە رەفتاریدا لەگەڵ ژنەکەیدا زۆر خۆپەرست بوو، زۆر چەشنە زەبری دەخستە سەر ژنەکەیو لە هەموو شتێکدا بەرهەڵستکاری بوو، بەڵام ژنەکەی وزەی بۆ دەهاویشت تاوەکو قایلی بکات.

خۆپەرستییو دڵرەقی دەبنە مایەی جیابوونەوەلە بۆشاییو ئەو کاتە مرۆڤ ناچار دەبێ لە کەسانی تر وزە راکێشێت، ئەمەش سیستەمی پاراستن لای منداڵانی ئەو کەسە پەکدەخاتو، تووشی نەخۆشیی سەخت دەبنو، دەشی تووشی تێکچونی دەروونی یان گیروگرفتی تر ببن. لەم نمونەیەماندا باپیرەکە بەشێك لە KARMA –ی کوڕەکەیو نەوەکەی هەڵمژی.

ئەمە لاوێکی تر دەپەیڤێو دەڵێ:

کەسێکی تاوانکارو راهاتووی بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکانو حەشیشە هاتوچۆی ماڵەکەمانی دەکردو هەوڵی دەدا دەرگاکەمان دەرکێشێو گڵۆپەکانی





دەرەوە بشکێنێو وایەری تەلەفۆنەکە بپچڕێنێو، لەم جارەی دواییدا هاتو دەستی بە دەرکێشانی دەرگاکەمان کرد، منیش لە پشت دەرگاکەوە راوەستامو دەستم بە پاڕانەوە لە یەزدان کردو نزام بۆی دەکرد، پاش کەمێك گوێم لێی بوو هێدی هێدی بۆوەو ئینجا ڕۆیشتو دوورکەوتەوە، ئەمەش رەفتارێکی ئاسایی ئەو نەبوو. هەموو جارێك کە دەریش دەچوو دەکەوتە لێدانی دەرگای دراوسێکانو شکاندنی گڵۆپەکان. ئەمجارە چی لێی روودا؟

تاقیکردنەوەکانی وایدەردەخەن کە نزاکردن کارێکی پۆزەتیڤو باشو بەهێز دەکاتە سەر رۆحانیەتو چارەنووسو رەفتارو بارودۆخی دەروونیی تاوانبار. وادەرکەوتووە کە مرۆڤی ئاسایی بە نزاکردنی لەپێناو کەسێکی تردا بەهێز تر کارتێکردنی دەبێ وەك لەوەی ئەگەر کەسێکی شارەزا لە بواری هەستو دواوەی هەستی میتافیزیکی بیکات، لەبەر ئەوە نزا کاردەکاتە سەر پێکهاتەی کێڵگەییی ورد.

تاقی کردنەوەکانی هۆکاری وزەیی لای تاوانبارەکە لە پێش نزاکەیەدا ئەوە پیشاندەدا کە ئاستێکی دەستدرێژکارانەی بەرزو لە رێ لادانی دەروونی هەیەو دارمانێکی توند لە ئاستی پەیوەندی لەگەڵ بۆشاییدا هەیە. بەڵام رەفتاری ئەو کەسە بە چی دیاریدەکرێت؟

هەستکردن لە باری ویژدانەوە بە ئاستی وزە لای لاوەکە، بووە تەقاندنەوەی دوژمنایەتیو شەڕو تێکچوون، بەم رێگەیەش وزەیەکی سەیری دەستکەوت، پاش دەستدرێژیو شەڕو تێکچوون بە شێوەیەکی یەکجار زۆر ئاستی وزەکەی بەرز بۆوە. جارێکی تریش دوای نزاکردنەکە وزەیەکی دەستکەوت، بەڵام لە چەشنێکی تر بوو، وزەیەك کەوتە کار بۆ گۆڕینی. وا پێدەچێ ئەمە لای ئەو چاوەڕوان نەکراوبوو، روون نەبوو لەبەرئەوە بەهێمنی جێگەکەی بە جێهێشت، شتێکی نائاسایی روویدا،بەمەش نەیتوانی بارودۆخە تازەکەی هەڵسەنگێنێ. بەڵام

تاقیکردنەوەکانی دوای نزاکردنەکە وایدەردەخات کە گۆڕینی رۆحانیەتەکە کەم بووە، هەرچەندە کارتێکردنەکە رۆحانی بووە. ئەمەش مانای وایە کارتێکردنەکە رۆیشتۆتە سەرهۆکاری تر. بە تایبەتی بۆ رەفتارو باری دەروونی. بە کردەوە مرۆڤەکە لە باری دەروونیەوە ساغلەم بووە، بەڵام هۆکاری جەستەیی‌و بارودۆخی فیزیکی زۆر خراپ بووە. نزاکردنی هەندێ جار هۆکاری جەستە خراپتر دەکات، ئەمە ئەگەر جەستەو پێکهاتە رۆحانییەکان دژ بە یەکتر بن. کاتێکیش رۆح پێشدەکەوێ‌و بەرز دەبێتەوە، ئەوا جەستە بۆ کاتێك لاواز دەبێ. بەڵام رەفتاری‌و سروشتی لە سنورێکی ئاسایدا دەبن.

هۆی سەرەکی تێکدانی باری دەروونی‌و، ئاستی نزمی پەیوەندی لەگەڵ بۆشایی‌و رەفتاری دەستدرێژکارانە لای ئەو کەسە، رەفتاری باوکەکەی بووە کە چەند جارێکیش هەوڵی خۆکوشتنی داوە.بەرنامەی خۆ وێرانکردن کە باوکەکەی خستبویە کار چارەنووسی پڕ لە تراژیدیای کوڕەکەی دیاری کرد. پاش راستکردنەوەی. پێکهاتەی KARMA -ی باوکەکە بە شێوەیەکی توند پلەی پەیوەندیی کوڕەکە بە بۆشاییەوە بەرز بۆوە. نزاکردنی ئەولاوە بووە هۆی گۆڕینی رەفتاری ئەو ئاژاوەگێڕە سەرەڕۆیە، بەڵام باشبوونی پەیوەندی لەگەڵ بۆشاییدا پێویستیی بە راستکردنەوەیەکی قوڵتر بوو. کارێکی پڕ لە خۆشییە لەسەردرێژە پێدانی تۆژینەوەکە بەرەو پێش بچین:

- چ کاتێك ئەو کابرایە هەموو جار دەهات؟

- سەیر لەوەدا بوو کاتێك دەهات کەمن لە ئەو پەڕی خۆشیی‌و بەختیاریی ژیاندا دەبووم‌و، لە کاتێکی زۆر نادروستدا، لە راستیدا ئەمە زۆر وەرستکارو ترسناك بوو.

- جا ئایا ئەوە هەر بە رێکەوت بوو؟

- نەخێر، لە بەختیارترین کاتدا پەیدادەبوو، چونکە بوژاندنەوەی رۆحانی





لەو کاتانەدا هەموو لەشی مرۆڤی پڕ لە وزە دەکرد. واپێدەچێ ئەو کابرایەی ئەمەی لە رووی ویژدانییەوە هەستی پێدەکردو، حەزی دەکرد ئەو وزەیەی دەستکەوێ.ئەو کەسانەی پێویستیان بە وزە هەیە بەمشێوەیە دەجولێنەوە، ئەوانە هێرش دەبەن‌و قوربانییەکە ئازار دەدەن‌و، بە دوای رێوشوێنی جۆراوجۆردا دەگەڕێن بۆ وەرسکردنی مرۆڤی قوربانی.جا لەبەر چی بۆ نمونە مرۆڤ دەبێتە دژ کار؟ چونکە دایك‌و باوکیان دەستبەرداری یەکێتی لەگەڵ دنیا دەبن‌و، لە هەستەکانی باڵا دوور دەکەونەوەو، ئەمەش دەبێتە هۆی داخستنی تەواویی ئەو کەناڵانەی لەگەڵ بۆشایی هاوپەیوەندن‌و، ئینجا دارمان‌و هەڵدێربونەوەی پێکهاتە کێڵگەییەکان دەست پێدەکەن، بە جۆرێك ناتوانرێ لە هیچ شوێنێك وزەیەکە پەیدابکرێت. ئەگەر ئەو کەسە منداڵێك بێت ئەوا دەبێتە مایەی تورەبوون‌و تەقاندنەوەی دایکەکە.هەردەم هاوارو تورەبوونی دەبێ‌و بۆ ئەویش واز لە وزەکە دێنێ.یان سەردەکاتە سەر ئەوەی لای دادەنیشێ‌و هەمان رەفتاری وەرستکردن‌و بەلەسەبوونی لەگەڵ پەیڕەودەکات تا گەورە تورەو بێزاردەکات، دواجار ناچاری دەستبەرداربونی وزەی بۆ دەبێ. واتە گەیاندنی قوربانییەکە بۆ ئاستی وەرسبوون‌و ئازاری فیزیکی یان رۆحانی، ئەمەش یەکێکە لە رێگەکانی هەڵمژینی وزە.

دەشێ دایکەکە هۆیەك بێ بۆ پەیدا بوونی هەلومەرجی لە بار بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی هەڵمژینن لای منداڵەکە، بە تەواوکردنی کۆرسێکی خێرای فێربوونی شێلان بەبێ دەستلێدان، هەوڵدەدا لە کاتی هەر تووشبونێکی کەمی نەخۆشیدا چارەی منداڵەکە بە جولاندنی دەست بکات، بەو شێوەیە وزەیەکی فیزیکی لابەلای بداتی نەك وزەیەکی رۆحانی، یاخود تورەبوون‌و هاواری گریانی زۆر دەبێ‌و لە بۆ ئەو دەستبەردانی هەندێ وزەی فیزیکی دەبێ‌و، دایکەکە بەم کارەشی منداڵەکە فێردەکات‌و یاریدەی دەدات کە ببێتە بەکاربەر.

ئەو دایکەش کە بۆ نزاو پاڕانەوە روو لە خودا دەکات بۆ ئەوەی منداڵەکەی چاکبێتەوە، ئەویش وزەیەك دەدات، بەڵام وزەیەکە رۆحانییە، بەوکارەشی منداڵەکەی چار دەکاتو یارمەتی پێگەیشتنو پەرەسەندنی ساغڵەمانەی دەدات. دەشێ هەڵمژینی وزە بە پێی مەبەستێکی پێشەکی بێت. واتە هەڵمژینی راستەوخۆو بەڵام ئەم رێگەیە پێویستی بە زانینی وزەی بیۆلۆژی هەیەو بە هەستکردن بە چلونایەتی وزە.

ئەو مرۆڤەی پێکهاتەی کێڵگەیی رۆحی نزمی هەبێت دووچاری قورسیو گرانی پەیوەندی بووە لەگەڵ بۆشایی بۆ دەستکەوتنی وزە. لەبەرئەوە پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی وزەیەکی غەریب، بەمجۆرە پرۆسەی هەڵمژینو جیابونەوەلە بۆشایی دەست پێدەکات کەهەموو جارێك بە نەخۆشییەکی توندو ترسناك کۆتایی دێت، هەڵمژی وزە لە راهاتوو لەسەر بەکارهێنانی مادە بێهۆشکەرەکان دەچێت کە ئەمرۆ قایلبوونو بەختیاریی دەستدەکەوێ بۆ سبەینێش ناچار دەبێ نرخێکی گران بدات. هەندێ جاریش شارەزایانی بواری هەستو دواوەی هەستی میتافیزیکی کە بە شێوەیەکی باش رانەهێندراون دەبنە هۆی مژینی وزە، بێئەوەیبەوە بزانن، ئیتر نەخۆشی هێرش دەباتە سەر رۆلەکانیانو خزمەکانیان بێئەوەی بزانن هۆکارەکەی چییە.

چارەکردنەکە دەبێ رۆحانی بێت، بە هیواداریی خێرو چاکەو بە وردی دۆزینەوەی نەخۆشییەکە، نەك هەڵهێنجانی وزە. ویژدانی نەخۆش هەردەم هەوڵدەدات هۆی نەخۆشییەکە دەرکێشێت، بەڵام کارتێکردنی وزەیی دەبێتە رێگریی ئەم پرۆسەیەی. زۆر کەم کەس ئاستی مەترسیی ئەو سزایە دەزانن کە مرۆڤ وەریدەگرێ. ئەمەش بە هۆی پەیڕەکردنی پرۆسەی هەڵمژینی وزەوەو، چۆن بەختی دەرچوون لەم بارودۆخەش زۆر کەمە. ئەو کاتەی کارتێکردنی بیۆوزەیی لەگەڵ هەڵمژینی وزەدا روودەدات، پێکهاتەکانی کێڵگەیی لای





قوربانییەکە دەشێوێندرێنو، ئەم شێواندنانەش توانایەکی گەورەیان بۆ پاراستنیان هەیەو، لە ئەنجامدا دەبنە هۆی دەرکەوتنی گەلێك نەخۆشیی توندو، دەستدرێژکارەکە خۆیو منداڵەکانیو نەوەکانی جارێکی تر نرخەکە دەدەن. باشترین رێگە بۆ پاراستن لە کارتێکردنی مرۆڤی بێرەوشت کە هەوڵی هەڵمژینی وزە دەدات بریتییە لە: پاڕانەوەلە یەزدانو، نزاکردن بۆ ئەو کەسەو، هەر لەو کاتەشدا یارمەتیدانی بۆ گۆڕینی پێکهاتە رۆحیە شێواوەکانی.

ئەمەش نمونەیەکی ترە لەسەر هەڵمژینی وزە، ژنێك هاتە لام داوای یارمەتی لێکردم بۆ کچە گچکەکەیو بۆ کچی نەوەکەیو بۆ کچی کوڕە گەورەکەی. منیش کچەکەی ژنەکەم تاقیکردەوە. کچەکە تەمەنی چواردەساڵان بوو لە قوتابخانە دەیخوێند، دووچاری شێواندنی توند بوو لە پێکهاتە کێڵگەییەکانی نزیك سەریدا هۆیەکەی ئەمەش ئەوەبوو کەوتبووە بەر هەڵمژینی وزەکەی.

- ئایا کچەکەت هەستی بەسەر یەشەوئازاری هەمیشەیی لە سەریدا دەکرد؟
- بەڵێ.
- ئاخۆ دووچاری لاوازیو ماندووبوون بووەو، هەمیشە رەنگی زەردە؟
- بەڵێ، زۆر ماندووە، هەروا لە خوێندندا دوادەکەوێت، بە تایبەتی لە دەرسی بیرکاریدا.
- مەسەلەکە بیرکاری نییە بەڵکو پیاوێك وزەکەی هەڵدەمژێ، دوورنییە مامۆستاکەی بێت. هۆی ئەمەش، خانمەکەم ئەوەیە باوکی کچەکە وزەکەی تۆی هەڵدەمژێ. لەبەر ئەوە سیستەمی پاراستنی کچەکە کونی تێدایەو، دواجار دەبێتە قوربانییەکی ئاسان بۆ هەڵمژینی وزەکەی.

پاشان کەوتمە تەماشای کێڵگەی نەوەکەی، تەماشام کرد ئەویش بۆتە قوربانیی هەڵمژینی لەو چەشنە. گوناهکاریش لەمەدا باوکەکەیە، ئەویش وزەی

له ژنەکەیەوە هەڵمژیوە.بەڵام زنجیرەکە لەم سنورەدا کۆتایی نایەت. باوکەکە ناچاری هەڵمژینی وزەیە چونکە داپیرەکە کە هاتۆتە لام ساڵی (١٩٦٢) وزەی لە پیاوێکی تر هەڵدەمژی، پاش پێنج ساڵ مێردەکەی کەوتە هەڵمژینی وزەی ژنەکە، لەبەر ئەمەیە سیستەمی پاراستنیشی کون بووە. هەر لەمەشەوە، پرۆسەیەك پەیدا بوو کەلەوەدا قوربانییەکە تاوانکارەکە دەوروژێنێو، داپیرەکە لە سیستەمی پاراستنەکەی دەرچووەو، ئێستاش زنجیرەیەك کاردانەوەی لە کاردایەو کوڕەکەیو کچەکەیو نەوەکەی دووچاری ئەو ئەنجامە بوون.ئێستاش فەرمانی هەڵمژین یان وزە دانیان بەسەر دا دراوەو، بەمەش بوونەتە هۆی هەڵخزانو دارمانی پێکهاتە کێڵگەییە وردەکانو، دارمانی فیزیکی بەرەبەرەی جەستە. بەمجۆرە دەبینین چۆن تاقە کارێکی نارەوشتانەی داپیرەکە دەبێتە هۆی سزای تەواوی خێزانەکەو، هەمیشە سەرەڕۆییو کەم هەستکردن بە بەرپرسیی لەسەر ئاستی وزەیی بە کارەساتێکی گەورە کۆتایی دێت.

نمونەیەکی تر ئەمەتە: کچێکی گەنج گەلێك گیروگرفتی جۆربەجۆری هەیە، منیش بۆم روندەکردەوە چۆن بەسەرپێچیکردنی یاسایەکانی بالا کاردەکاتە سەر سروشتو چارەنووسو تەندروستیی خۆی.ئەو کچە تووشی پچڕاندنی کەناڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ بۆشاییدا هاتووەو، لەمەشدا باوکی گوناهبارە چونکە دەستبەرداری یەکێتی لەگەڵ گەردوون بووەو، لە ئەنجامی ئەمەشدا نزمبونەوەیەکی توند لە ئاستی وزەیی پێکهاتەکانیدا روویداوەو خۆشی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە باوکی مولحیدو مادی بووە.

- مەسەلەکە لەوەدا نییە مرۆڤ باوەڕی بە خودا هەبێ یان نەبێ، چونکە مرۆڤ شانەیەکی گچەکەیە لە جەستەیەکی یەکگرتوو، دەبێ بەپێی یاسایەکانی ئەم لەشە بژی. جائەگەر مرۆڤ ئەمە تێنەگات ئەوا منداڵەکانی دووچاری هەڵوەشانەوەو خراپەکاری رۆحانی دەبنو، دوای ئەوەش تووشی هەڵوەشانەوەی





جەستەیی دەبن. ئینجا کەوتمە پشکنینی پێکهاتە کێڵگەییەکانی ئەم کچە تەماشام کرد بە هۆی ئاستی نزمی وزەیەوەو بە هۆی لاوازیی پەیوەندییەوە لەگەڵ بۆشاییدا خەریکی هەڵمژینی وزەی منە. خۆشی هەست بەوە ناکات، بەڵام سەرنجیدا منداڵان حەز ناکەن لە باوەشیدا دانیشن.کێڵگەی منداڵ هەردەم بێ پاراستنەو بە ئاسانی وزەی لێ هەڵدەمژرێ، بەڵام بەبێگومانو بە خۆڕسکی هەوڵی پاراستنی دەدەن. ئێمە لە یادمانە چۆن لە کۆندا منداڵە گچکەکانیان لە چاوی کەسانی بیانی دەشاردەوە تا لە مرۆڤی بێرەوشت بیانپارێزن کەلەوانەبوون ببنە هۆی ئازاردانیان.

ڕۆژێکیان لە کاتی دەرس گوتنەوەمدا لە بارەی هەڵمژینی وزەوە گفتوگۆ گەرم بوو. منیش دەستم کردە روونکردنەوەی ئەو میکانیزمەی خۆدارمانی مرۆڤی لێدەکەوێتەوە ئەگەر وزەی کەسانی تر هەڵمژێ.لەناو ئامادەبوواندا کەسانی پسپۆری هەستو دواوەی هەستی میتافیزیکی ئامادەبوون.پاشان لاوێك لە ئامادەبووان کە دیاربوو زۆر باوەڕی بەخۆی بەرز بوو رایگەیاند کە رێگەیەکی باشی بۆ چاری هەڵمژینی وزە دۆزیوەتەوە. داوام لێکرد کە قسە بکات چونکە ئەوە یەکجار گرنگە، گوتی:

- کاتێك مرۆڤ وزە هەڵدەمژی، دەبێ وەك برینێکی گەنیوی کیمکردوو تەماشای بکرێو، رێگەی بردنی وزەکەی پێبدرێ.

- بەڵام ئەی چی دەبێ ئەگەر بە شێوەیەکی هەمیشەیی لەلایەن مرۆڤێکی وزە مژەوە هێرشت بکرێتە سەر، پاراستنێکی لەم چەشنە هەروا تۆش دەکاتە برینێکی کێمکردوو. ئێمەش وامان لێدێت وەك بە خەیاڵماندا بێت وا تەماشای خۆمان بکەین. من ڕاوێژی بەکارهێنانی ئەم ئامۆژگارییە ناکەم.بەڵکو باشتر وایە ئەگەر هەست بکەن کەسێك وزەتان هەڵدەمژێ نزا بکەنو لە خودا بپارێنەوە تا خۆشەویستیو وزەی یەزدانی بهاوێژێتە دڵییەوە. هەرئەوەش دەتوانێ بیگۆڕێو

دەروونی پاکژبکاتەوەو لەگەڵ بۆشایی هاوپەیوەندی بکات.

پاش کۆتایی دەرسەکەو گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە کەوتمە تاقیکردنەوەی ئامۆژگارییەکەی ئەو لاوەو تەماشام کرد رۆحانیەتەکەی‌و دەروونی‌و رەفتاری خاوەنی بەهای نەگاتیڤە،ئەمەش بە دارمانێکی تەواوی پێکهاتە رۆحانیە وردەکەی دادەنرێ.جا ئەگەر لە خودا پاڕاینەوە کە خۆشەویستی‌و وزەی یەزدانی بە هەڵمژی وزە ببەخشێ، ئەوا بەهادارییی هۆکارە رۆحانییەکەی باشتر دەبن‌و پتەوتر دەبن. یاریدەدانی ویژدانی هەموو ئەوانە رزگاردەکات کە وزە دەمژن جا چ بە خواستی خۆیان بێ یان بێ خواستی خۆیان. ئەم بارودۆخەش دەیسەلمێنێ کە میکانیزمی زۆرو جەورو ناچارکردن، کە ئێستاکە بە شێوەیەکی میکانیزمی لە جیهانی فیزیکیەوە بۆ جیهانی رۆحانی‌و بۆ جیهانی بێوزەیی دەگوێزرێتەوە شتێك نییە جگە لە پرۆسەیەکی خۆکوژی. مرۆڤ هیچ کات هەست بە تێکشکان‌و پاشەکشەی ناکات. بە چەند جارێك ئەنجامدانی پرۆسەی هێرش بردن‌و دەستدرێژی لەسەر ئاستی رۆحانی مرۆڤ هەست ناکات چۆن خۆی گلۆر دەبێتەوەو تێکدەشکێ، چونکە وا راهاتووە کەلە پلەی یەکەمدا ئەوە ببینێ کە تەنیا لە جەستەی خۆیدا روودەدات.

## هۆی پێنجەم

هەمووومان ئەو پەندە دەزانین یان بیستومانە کە دەڵێ:

((بە خراپە باسی مردوو مەکە)) ئەمە چی دەگەیەنێ؟ لە راستیدا دوورنییە جیهانی وردی مردوان لەگەڵ دنیای فیزیکماندا بە پەیوەندیی دیاریکراو پێکەوە هاوپەیوەندبن‌و، ئەگەر ئەم پەیوەندییانە دەربکەون ئەوا زیانی بۆ هەردوو دنیاکەمان دەبێ.

نابینایی کێڵگەیی لای مرۆڤی زیندوو مرۆڤی مردوو ئەو کاتە روودەدات





کەسەر پێچی کردنی یاسا باڵاکان لە ئارادابێت. ئاین‌و نەریت‌و مەراسیمەکانی مردوو ناشتن لای زۆربەی گەلانی دنیا بۆ ئەوە ئاڕاستەیە کە کێڵگەکانی مردووان لە کێڵگەکانی زیندووان جودا بکرێنەوە: ئەمەش لای فەلەکان لە پێکهێنانی قەداسدا دەردەکەوێت‌و لای هیندۆسەکان بە سووتاندنی تەرمو....ئیتر بەمجۆرە – هەموو ئەمانەش توانای جیاکردنەوەی کێڵگەکان دەدات‌و یاریدە دەدات بۆ گواستنەوەی پێکهاتە کێڵگەییەکانی مردوو بۆ ئاستە گونجاوەکان لە گەردووندا. جا ئەگەر مرۆڤ رق وکینەو تووڕەیی بەرانبەر مردووەکان پاراست ئەوا ئەمە بە جۆرێکی نەگەتیڤ کاری دەکاتە سەرو دەبێتە هۆی ئەوەی تووشی نەخۆشیی جۆربەجۆر بێت‌و، لە بارودۆخی دەروونیدا تێکچوون رووبدات‌و ئاڵوگۆری جۆربەجۆر لە خاسیەتیدا رووبدات.هەروا سووکایەتی کردن بە مردوو لە پێش مردنەکەیدا دەبێتە نابینایی کێڵگەکان‌و واشدەردەکەوێ لە پێناوی ئەمەدا واباشترە دوا حەزی مردووەکە جێبەجێ بکرێت. خۆ ئەگەر ژنەکە منداڵی لەبارخۆی برد ئەو کاتە کێڵگەی کۆرپەلە مردووەکە لە پاشدا لەگەڵ کێڵگەی منداڵە تازە لە دایکبووەکەدا یەکدەگرێتەوەو، دەشێ ئەم کێڵگەیە زۆر نەخۆش بێت‌و دووچاری هەستێکی هەمیشەیی‌و ترس‌و بارودۆخی وەرس بوون‌و هەستکردن بەتەنیایی بێت. کاتێك لەگەڵ خێزانەکەم کاتێکی حەسانەوەم لەسەر دەریا بەسەر دەبرد خێزانێکمان ناسی کە دوو منداڵیان هەبوو، کچە منداڵەکەی ئەم خێزانە زۆر لە بەرزایی دەترساو هەمیشە لە شەودا هاواری دەکرد.منیش پشکنیم‌و تەماشام کرد دایکەکەی نەشتەرگەریی منداڵ لەباربردنی لە پێش لە دایکبوونیدا کردووەو، کێڵگەی کۆرپەلە لەباربراوەکە لەگەڵ کێڵگەی منداڵەکەدا پەیوەندیی کردووە، بۆ دایکەکە هەڵەکەیم روونکردەوەو دانیپێداناو رۆیشت بۆ کەنیسەو داوای لێبوردن‌و لێخۆش بوونی بەرانبەر گوناهەکەی کرد دەرهەق بەو کۆرپەلەیە. پاش ئەوە کێڵگەی منداڵەکە هاتەوە سەرخۆی‌و لە قیژەو هاواری

شەوانە کەوت. ئەمەش یەکەمین بارودۆخ بوو کە هەستی تێدا بکەم وشەی بەهێزی راستگۆیی دەتوانێ چاری نەخۆشی بکات. کاتێکی پێش ئێستا ژنێك هاتە سەردانم لە ئەنجامی بە چاوەوەبوونو حەسوودییەوە دووچاری لەڕێ لادانێکی گەورە هاتبوو لە کێڵگەکەیدا وا دەرکەوت کە ئەو ئافرەتە خۆی حەسوودیی بردووەو بە خراپە باسی باپیرەی خۆی کردوووە کەلە دەمێکەوە کۆچی دوایی کردبوو، جا لەبەر ئەوەی کێڵگەی مرۆڤ زانیاریی لەسەر گشت خزمەکانی تێدایە ئەو هەڵچوونە نێگاتیڤانەی ئاڕاستەی باپیرە کۆچ کردووەکە کرابوو لە کێڵگەی ژنەکەدا هەبوو، هەر ئەوەی بووبووە هۆی شێواندنەکانی، واتە سووکایەتی کردنی ژنەکە بە باپیری خۆی دەرکەوت کە بەرەو رووی خۆی ئاراستەیە. کارێکی زۆر پڕ مەترسییە خراپەکاری یان کینە دەرهەق بەو کەسانە بێ کە هاوپەیوەندیی توندی وزەیین لەگەڵیاندا وەك کەسوکارو منداڵەکانو خزمانو مرۆڤە خۆشەویستەکان. چەند خۆشەویستیو پەیوەندی بەهێز بێت ئەوەندە مەترسیی هەر هەستێکی نێگاتیڤ بەرانبەر مرۆڤی خۆشەویست زۆرتر دەبێت.

لە (مۆسکۆ) داوام لێکرا ئافرەتێك بپشکنم کە تەندروستییەکەی زۆر بەتوندی تێکچووبوو، وایدەبینی کە سەرەتای نەخۆشی شەکرەی هەیە، بەڵام دکتۆرەکان نکۆڵییان لەمە دەکردو نەشیاندەتوانی هۆی تێکچوونی تەندروستی ئەم ژنە بدۆزنەوە. منیش کەوتمە پشکنینی کێڵگەکە لە ناوچەی پەلکە زێڕینەدا تەماشام کرد ونردابوونێك لە وزەکەیدا هەیە. ئیتر کەوتمە گەڕان بە دوای هۆی ئەمەدا.

ژنەکە کە گێڕایەوە داپیرەکەی مانگێکە مردووە، ناوبراو جادوگەرو فریودەرێکی شارەزا بووە. لە پێش مردنەکەیدا زۆر حەزی کردووە چاوی بە نەوەکەی بکەوێت، پاشان هاتنی کچەکە یان نەوەکەی کە پاڵەوانی ئەم چیرۆکە





یە درەنگ بووەو، داپیرە مردووە بێ ئەوەی نەوەکەی ببینێت.ژنەکە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئەستێرەگرتنەوەدا بووە لەبەرئەوەیە ئەم دووچاری ونروندابوونی وزە هاتووە. هەروا هەستکردنی هەمیشەیی بە ترسو بیم یەکێکە لە هۆیەکانی ئەم پێداچوونە.ئیتر دەستم کردە بیرکردنەوە لە ڕێگەیەك کە بتوانم ئەوەی لێدامالم. پێشنیازم کرد بڕواتە کلێساو مۆمێك بۆ داپیرەی کۆچ کردوو داگیرسێنێت.بەڵام دەرکەوت ژنەکە چەندان جارئەوەشی کردووە.ئیتر بڕیارمدا ئەم تاقیکردنەوەیە ئەنجام بدەم. من دەتوانم سەرپێچیو هاوژینی لەگەڵ رۆحی مردووەکان بکەمو هەستی سروشتی پەیوەندییان لەگەڵ زیندوان بکەم. بیرم لەوە کردەوە کە داپیرەکەی حەزی کردووە شتێك بە نەوەکەی بدات لەبەر ئەوە بڕیارمدا دیدارێکیان لە نێواندا ڕێکخەم. ئاگاداریی خۆم کۆ کردەوەو ئاڕاستەم کردو رۆحی داپیرەی مردووم بانگ کردو لە باری وزەوە پەیوەندییەکم لە نێوانیاندا ساز کردو لە ژوورەکە دەرچووم.

کاتێك دوای چەند خولەکێك گەڕامەوە ژنەکەی بۆی باسکردم کە هەردوو دەستی بۆ سەرەوە بەرز بونەتەوەو لەپی دەستیان بەرانبەر یەك بوونو شتێك رووی‌داوە. تەماشای کێڵگەکەم کردو بینیم گەڕاوەتەوە بۆ بارودۆخێکی مامناوەندیو هەستی بەترس نەماوە. واتە داپیرە ئەوەی کردووە کە حەزی لێدەکردو مەبەستی بوو. پاش تێپەڕبوونی کاتێك سەرنجمدا ژنەکە دوای ئەو رووداوە باری تەندروستی بەرەو باشتر چووە.هەروا هەستی خۆیو پەیوەندیی لەگەڵ کەسانی تر گۆڕدراوەو، دەتوانین وایدابنێین کە پرۆسەی ناردنی زانیاریو گەیاندنی شارەزایی روویداوە. بەڵام ئەم تاقیکردنەوەیە یەکەمو دواجار بوو ئیتر هیچ تاقیکردنەوەیەکی ترم نەکرد.

دوای ئەوە ژنێکی تر هاتە سەردانمو داوای یارمەتی بۆ کچەکەی لێکردم کەلە نوستنیدا خەوی سەیر دەبینێو، لە گشت ئەو مێردەزمانەدا نەنکەکەی

خۆی دەبینیو، کە ساڵ ونیویك بوو مردبوو. نەنکەکە بۆ نەوەکەی لەم خەوانەدا قسەی دەکردو هەندێ ئامۆژگاریی دەدایەو لە بارەی هەندێ رووداو وبەسەرهاتەوە کە دوای مردنی ئەو روویانداوە گفتوگۆی لەگەڵ دەکرد. پێش ئەوەی ڕۆژی چلەی مەرگی داپیرە دابێت لە خەودا داوای لە نەوەکەی کردبوو گوتبووی:

- باسی چۆنیەتی ناشتنی خۆم بۆ بکە من هیچم لەو بارەیەوە لەبیر نەماوە.پاشان کاتێك شتومەکە تایبەتییەکانی داپیرەیان بردبو بۆ کێڵگەکەیان داپیرە لە خەودا سزای نەوەکەی دابوو گوتبووی:

- بۆچی شتومەك‌و جلەکانی منتان بۆ کێڵگەکە بردووە؟

نەوەکە بۆ نەنکەکەی روونکردبۆوە کە لەبەر ئەوەی خۆی لێرە نەماوە ئیتر چ پێویست دەکات شتەکانی لەماڵەوە بن، بەڵام داپیرەکە گوتبووی:

- نەخێر، من هێشتا نەمردووم.

ئەمە نمونەیەکی چلۆنایەتییە لەسەر پەیوەندیی کێڵگەیی نەنکە مردووەکە لەگەڵ کێڵگەی نەوەکەی‌و، هۆی ئەمەش بێزاریی نەوەکە لە داپیرەی بووە، بێزاربوون لە مردوان یەکێکە لەو هۆیانەی دەبێتە مایەی تێکدانی گەمارۆدان‌و قایل نەبوونی ئاسایی کێڵگەکان.کەسی مردوو هەندێ زانیاری لەسەر رووداوەکانی دنیای مادی هەیەو تەنانەت بە ڕێگایەکیش دەکارێ کاربکاتە سەر رەوتی رووداوەکان.

ماوەیەك لەمەبەر رووداوێکی خۆشم بەسەر هات، لەگەڵ ژنێکدا یەکترمان ناسی کەلە بواری وزەی بیۆلۆژیدا توانای یەکجار جوانی هەبوو. ساڵانێکی درێژ بوو باوکەکەی کۆچی دوایی کردبوو بەڵام لە ناکاوداو لە کاتێکی دیاریکراودا دەهاتە خەوی. ژنەکە لە سەرەتادا دەترسا بەڵام پاشان راهات‌و قسەی لەگەڵ دەکرد، هەمیشە لە هەندێ مەسەلەو گیروگرفتی ناخۆش کچەکەی وریا





دەکردەوەو چارەسەرو ئامۆژگاریی پێشکەش دەکرد. ئیتر من بڕیارمدا بۆ گەڕان‌و حەسانەوە سەفەر بۆ باشوربکەم، لە باشترین بارودۆخمدا نەبووم هەستم کرد بوو کە شتێکم لێ روودەدات، لەگەڵ ژنەکە قسەم کردو داوام لێکردکە لە خەودا رووله باوکی بنیو داوای لێبکات ئەگەر شتێکی خراپم بەسەر هات یارمەتیم بدات‌و بمپارێزێ.

چەند ڕۆژێك لەسەر دەریا بە خۆشی تێپەڕبوو، رۆژێکیان مەلەم دەکردو لە کەنارەکە زۆر دوور کەوتمەوە لە ناکاو هەستم بە ئازارێکی توند کرد لە ئەژنۆمداو، زۆر لام گران بوو بزانم چۆن دەتوانم بۆ کەناری دەریاکە بگەڕێمەوە، چونکە بڕگەی ئەژنۆی لای راستم بە گیروەستا. پاشان کاتێك هەندێ تاقیکرنەوەم کرد بۆم دەرکەوت لە سایەی یارمەتی راستەوخۆی باوکی کچەکەوە توانیم لەو کارەساتەی گەمارۆی دابوم دەربازبم.هۆی ئەم کارەساتەش ئەوەبوو لە پێش سەفەرەکەمدا زۆر لە ژنەکەم توڕەبوم، بەپێی لۆژیکی راهاتوومان کارێکی ناپەسەندی کرد، ئەمەش تاقیکردنەوەیەك بوو کە نەمتوانی ئارامی لەسەربگرم‌و، دواجار هەردەبوو کارەساتێك یان تووشبونێك یان نەخۆشیەکم لێ رووبدات. کاتێك گەرامەوە ئەو خانمە ئاگاداری کردم کە جارێکی تر لە خەودا باوکی دیوەولە نزیك منەوە دانیشتووە. پاشان تەماشایەکی کردم‌و زەردەخەنەیەك گرتی‌و منیش هەروا زەردەخەنەیەك لە رووم دەرکەوت، بەڵام قاچی راستم خرابووە لاوە وەك شتێکی تووش بووبێت. پاش ئەوەو بە شیکردنەوەی کێڵگەکانی KARMA بۆم دەرکەوت کە باوکی ئەو ژنە توانیویەتی ئەو سزایە بەسەرمدا درابوو بگوازێتەوەو بیگۆڕێت بۆ کارەساتێکی سووکتر کەبەسەر خزمەکانم هاتبون، واتە سزایەکە بە کەمترین زیانێك لە تواناداب‌ێ جێبەجێ کرابوو، بەمجۆرە یارمەتی پێشکەش کردم کە ئەو کاتەم نەمتوانی شی بکەمەوە.

هۆی ئەم تووشبوونە ئەو سووکایەتی پێکردنەی ژنەکەبوو کە نەمدەتوانی لێی رزگار بم‌و، پێگەیشتبوو گۆڕدرابووە رق‌و کینەو، لەپلەی یەکەمدا خزمە نزیکەکانم دووچاری بوون، هەستێکی وام هەبوو کە شتێکی سەیرم پێدا رۆچووەو کینەیەکی هەڵگیرساند کە هێندەی نەبرد لە دەروونمدا رەگی داکوتا.

بە هۆی ئەم سەرپێچییەی یاسایەکانەوە دەبوو حیسابم لەگەڵ بکرێ‌و تووشی کارەساتێکی گەورەبم، بەڵام یارمەتی باوکی ئەو ژنە بە فریام کەوت تا لەو مەینەتییە رزگارم بکات.

## هۆی شەشەم

لەکاتی کارکردنم ماوەیەك لەمەوبەر لەگەڵ یەکێك لە نەخۆشەکانم توانیم هۆکارێکی تر دەربخەم کە دەتوانێ کاربکاتە سەر تەندروستی‌و چارەنوسی زۆر لە نەوەکان. واپێدەچی کێڵگەکەم KARMA لە پێشدا بەو پلەیە پوختو خاوێن نەبووە، لەبەرئەوە نەمتوانیوە ئەم زانیارییانەم دەستکەوێ، کە راستییەکەی بەمەی لای خوارەوە چڕ دەکرێتەوە: هەر بیرۆکەیەکی خۆکوژی هێندە مەترسیدارە کە دەتوانێ مرۆڤ تێکبشکێنێ‌و رۆڵەکان‌و نەوەکانیشی دابڕوخێنێ.

ئافرەتێکم چارەسەرکرد کە ئازارێکی زۆر لە سەریدا هەبوو، سەریەشەیەك بوو بە هیچ داوودەرمانێکی جۆربەجۆری دکتۆریی توانای راگرتنی نەبوو. دکتۆرەکان لە ناسینی نەخۆشییەکە دڵنیا نەبوون، پاشان ژنەکە پەنای هێنا بۆ یارمەتیدانی بە وزەی بیۆلۆژی. کاتێك هێڵەکانیم پشکنی KARMA دیتم باوکەکەی گوناهێکی کردووە پەیوەندیی بە خۆکوژییەوە هەیە. بەرنامەی خۆکوژییەکە گواستراوەتەوە تا لە کێڵگەی ژنەکەدا بکەوێتە کارو شێواندنی بەهێزی تێدا ئەنجام بدات. دەشێ بەرنامەی حەزنەکردن لە ژیان‌و هەوڵدان بۆ





داڕوخاندن بۆ ساڵانێکی درێژ لە ویژدانی مرۆڤدا بمێنێتەوە. ئەم خانمە لە مێردەکەیەوە بەرنامەیەکی بەهێزی خۆ داڕوخانی وەرگرتبوو کە جەستەش بۆ گەمارۆدانی بە ناچاری سەریەشەیەکی توندو ئازاری زۆری لە سەریدا بەکارهێنا بوو. پاش دوو دانیشتن کارکردن بۆ راستکردنەوەی پێکهاتەکێڵگەییەکانی. ئازارەکانی سەری کەمتر بۆوە.

دوای ئەم رووداوە بڕیارمدا ئەوە ساغ بکەمەوە کە ئایا ئەم جۆرە بەرنامەیە بە زۆری لای خەڵك هەن، دوای پشکنین دیتم بە داخەوە نیوەی نەخۆشەکان لە کێڵگەکەیاندا بەرنامەی ویژدانیی سویتسیدیان هەیە. ئەمەش لەسەر شێوەی تەمەڵی‌و خەمۆکی‌و گوێ پێنەدان‌و هەندێ جار لە شێوازی بروسکەی دەستدرێژکارانەدا دەردەکەوێت کە مرۆڤ ناتوانێ جڵەوگیری بکات. ئەو بارودۆخەش کە پزیشکەکان بە خەمۆکی ناوی دەبەن لە راستیدا شتێك نییە جگە لە حەز کردن لە نەژیان کە دەتوانێ چەندان نەخۆشی بوروژێنێت‌و، هەروا دەشێ بشبێتە شێواندنی جۆربەجۆر لە هەردوو هۆکاری چارەنووس‌و خوپێوەگرتن‌و ئالۆزتربوونی ژیانی مرۆڤیش. بەڵام ئایا چی دەبێتە هۆی پەیدابونی حەزکردن لە نەژیان؟ هۆی ئەمە لە پلەی یەکەمدا بەرنامەی خۆ دارمانە، کە ئەو کاتە لە کێڵگەدا پێکدێت ئەگەر یەکێك لەباپیران‌و بۆ ماوەیەکی درێژ حەزی لە ژیان نەکردبێ‌و یان رێگەی بەخۆی دابێت کە هەوڵی خۆکوشتن بدات. تەنانەت ئەگەر سێ یان چوار نەوەش بەسەریدا تێپەڕبووبێت، چونکە بەرنامەکە زۆر جێگیرەوبۆ منداڵان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێتەوە.

دەشێ ئەم بەرنامەیە وەك ئەنجامێکی ئەوە دروست بێ کە دایك‌و باوکەکە حەز لە منداڵبوون نەکەن.

کێڵگەی مرۆڤ خاوەنی پاراستنە لە دنیای دەوروپشت، بەڵام ئەم پاراستنە

لە رووی کارتێکردنی کەسوکاردا ئاوالەیە. بچوکترین ناتەواوییەك لە دایكو باوکەکانەوە لە کاتی سکپڕییەکەدا لە پەیوەندییاندا لەگەڵ منداڵەکە کەلە هاتندایە لە کێڵگەکەیدا بەرنامەیەك بۆ دارمان پێکدێنێ.

ئەم بەرنامەیەش هێندە بەهێزو سەقامگیرەکە دەتوانێ بۆ چەند ساڵێکی درێژ بەردەوام بێت، چونکە دایك وباوکەکە دایانڕشتووە.

ئازارو دڵگیریش لەوەوەدێت کە منداڵەکە بچوكو لاوازەو هەمیشە نەخۆشەو، جێگیر بوونی درێژ خایەنی منداڵەکە لەسەر هەڵچوونە نێگاتیڤەکان لە ویژداناو هەر لە خۆراش دەست بە پەرەسەندن دەکات. واتە هەستو ژیری توانای ئەوەیان نامێنێ چاودێریی ئەم هەڵچوونانە بکەنو لە تواناییاندا نابێ لە ئاستی مەترسیی بوونی ئەو هەڵچوونانە تێبگەن.

کێڵگەی دایك وباوك دەست بەدارمانی کێڵگەی منداڵەکە دەکەنو، ئەو منداڵە راستەوخۆ دوو بەرنامەی وەڵامدانەوەی لا پەیدا دەبێ: بەرنامەیەکی وەڵامدانەوە بۆ دارمانی دایكو باوکەکەوبەرنامەیەکیش بۆ خۆ دارماندن. دووریش نییە داخو دڵگیریی باوکەکە بۆ ئەوەی کە کچیان بووە نەك کوڕ، جا ئەگەر بۆ ماوەی ڕۆژێك یان چەند سەعاتێکیش بێت هیچ دوورنییە ببێتە هۆی ئەوەی کچەکەی لە ساڵانی دوورو درێژدا هەوڵی خۆکوشتن بداتو ئەمەش بۆ منداڵەکانو نەوەکانی بگوێزرێتەوە.بەرنامەکانی ویژدانی بۆ کاتێکی درێژ لە کێڵگەی منداڵەکاندا دەمێنێتەوە بەڵام لە قۆناغی پێگەیشتنی سێکسیدا دەگوێزرێتەوە بۆ هەستو دەکەوێتە کارکردن بۆ تێکدانی پەیوەندیی نێوان منداڵەکەو دایكو باوك. تەنیا پێنج دەقیقە پاکانە کردن لە منداڵ دەشێ ببێتە ساڵانێکی زۆری رق وکینەو تورەبوونو دابڕانو گلەیی. هەرلێرەشەوە بایەخی پاراستنی پێوانەکانی رەفتارو رەوشتو رۆحانی دەردەکەون.یەك خاسیەتی گرنگ دەمێنێتەوە، بەرنامەی سویتسید دەشێ لەلایەن هەر بەرنامەیەکی لاوەکی





بەهێزەوە بخرێتە کارو ئاڕاستە کرابێ بۆ گۆڕینی رەفتاری مرۆڤ. هەروا جەستە پشت بەهێز دەبەستێ بۆ حەز نەکردن لە ژیان. لەوەش تۆژیمەوە کە ئایا بەرنامەی دەرەکی، ئەوەی بە شێوەی تایبەتی لەسەر ویژدان نێردراوە دەتوانێ بە چەشنێکی نێگاتیڤ کاربکاتە سەر مرۆڤو دیاردەی سەیر پیشان بدات. دەرکەوت کە ئەمە دەتوانرێو، هەر بەرنامەیەکی بەهێز لە تواناییدایە کاریگەریی نێگاتیڤی هەبێت. بەڵام ئاخۆ چۆن دەتوانرێ کێڵگەکان بکرێنە شفرە بۆ رزگاربوون لە عادەتی جگەرەکێشانو راهاتن لەسەر مەی خواردنەوە؟

- ئافرەتە یاریدەرەکەم لێی پرسیم. چەند کەسانێکی بە شفرەکراوم تاقیکردنەوەو، بوونی بەرنامەکانی سویستیدم لە کێڵگەکەیاندا دۆزییەوە. هەر لە کاتی بە شفرەکردنیانەوە پەیدا بوون. سویستید لە شێوەی رق وکینە کانداو لە بەرزبوونەوەی توندیی ئالۆزبووونداو لە دەرکەوتنی بیروڕای خۆکوژیداو لە زۆر ئالوگۆڕی نێگاتیڤ لە رەفتاری مرۆڤدا دەردەکەوێت. ئەمەش خانمێکی ترە هاتووە داوای راوێژ دەکات لە چوونیدا بۆ دەورەیەکی چڕوپڕی فێر بوونی زمانی ئینگلیزیو، گوتی: دەبێ سەفەری ئەمریکا بکەم، لەبەرئەوە ناچاربووم بچمە دەورەیەکەوە بۆ فێر بوونی زمانی ئینگلیزی بە رێگای کارتێکردنی خەو لێخستن.بەڵام پاش چەند دەرسێك باری تەندروستیم خراپ بوو. جا ئایا دەتوانیت ئەوەم بۆ دەربخەیت کە ئایا دەتوانم لەسەرتەواوکردنی دەورەکە بڕۆم؟

پاش پشکنینی پێکهاتە کێڵگەییەکانی تەماشام کرد شێواندنەکان زۆر لە بەهای ئەو دیاریکردنە زۆرترن، ئەم مەترسییە ئەوە دەردەخات کە توانای تووشبوونی نەخۆشییەکی سەخت لە ئارادایە. پاشان کێڵگەکەم پێش دەستکردن بە دەورەکە تاقیکردەوە تەماشام کرد بەهای شێواندنەکان دنیاییە. لە دڵی خۆمدا پرسیم:

- کێ بۆتە هۆی ئەم شێواندنە توندانە لای ئەم خانمە؟ دوای بەردەوام

بوونی تاقیکردنەوەکانم هۆیەکەم دیتەوە کە سەرپێچی کردنی یاسای زانیاریی بەرنامەییە.

کاتێك بە زۆر زانیاریی دەپەستێندرێتە ویژدانی مرۆڤەوە.ئەو کات شێواندن لە پێکهاتە کێڵگەییەکاندا روودەدەن‌و، پاش ماوەیەك لەسەر شێوەی نەخۆشی لە ئاستی فیزیکی‌دا دەردەکەون. هەموان ئەوەیان زانیوە یان بیستوویانە کەلەبولغاریا بۆ فێربوون لە شاشەی تەلەفیزیۆنەوەو لە ژێر کارتێکردنی خەولێخستندا تاقیکرایەوە،خەڵکی زانیارییەکی زۆرتریان دەستکەوت، بەڵام ئەو کەسانەی بۆ ئامادەبوونی ئەو تاقیکردنەوەیە خۆیان تەرخان کردبوو، دوای سێ چوار ساڵ زۆریان تووشی لە بیر چوونەوەبوون‌و بەرگرییان یەکجار داکەوت وزۆر چەشنە دیاردەی نێگاتیڤیان لێ دەرکەوت. ئافرەتێکی گەنج بۆی باسکردم کە حەز دەکات خۆی پیشانی شارەزاییەکی بواری هەست‌و دواوەی هەستی میتافیزیکی بدات‌و داوای یارمەتی لێ بکات، چونکە شەیدای کورێکی جوان بووەوتارادەی دێوانەیی خۆشی دەوێ.بەڵام ئەو لای خۆیەوە هیچ گوێی ناداتێ‌و، لەم دواییەدا کچەکە هەستی کردووە بارودۆخی تەندروستی گشتیی بەرەو دواوە دەچێ. دەستم بە شیکردنەوەی پێکهاتە کێڵگەییەکانی کردو شتی زۆر سەر سوڕهێنەرم دی، ناوی خۆی لەسەرەی لای شارەزایەکی بواری هەست‌و دواوەی هەستی میتافیزیکی تۆمارکردبوو، پەیوەندی لەگەڵ پێکهاتە کێڵگەییەکان‌و پاشان زانیاری ناردن ئەنجام درابوون. ویژدانی پسپۆڕی ناوبراو کاری کردبووە سەر کوڕە گەنجەکەو هەوڵی پاڵپێوەنانی دابوو بۆ دیداری لەگەڵ ئەو ئافرەتە دڵدارە. هیچ کامێکیان نەیاندەزانی لەسەر ئاستی ویژدان چی روودەدات، هێشتا هیچ ئاڵوگۆڕیك لەسەر ئاستی فیزیکی رووی‌نەدابوو جگە لەو بیروراوحەزکردنەی بەبیری ئافرەتەکەدا دەهات، بەڵام پێکهاتە کێڵگەییەکانی هەر سێ کەسەکە دەستیان بەکارلێککردن کردو، پرۆسەی





راکێشانی لاوەکە لەگەڵ بردنە ژوورەوەی بەرنامەیەکی سەخت بۆ ناو ویژدانی دەستی پێ کردبوو، ئەمەش بووبووە هۆی روودانی شێواندن لە پێکهاتە کێڵگەییەکاندا، جا لەبەر ئەوەی جادوگەری‌و لە دەستدانی ژیری لە پێشاندا بەرنامەی نامۆ بوون، بوونە هۆی بەگەڕخستنی بەرنامەیەکی خۆ دارِمان.

هەروا خانمە دڵدارەکەش شێواندن لە پێکهاتەکەیدا روویدابوو، هەستیشی بەئازاردەکرد.دیسان لە لای پسپۆرەکەش شێواوی توند لە کێڵگەکەیدا روویدابوو. بەمجۆرە سەرنج دەدەین کە کردەوەیەکی بێ رەوشتانە دەبێتەهۆی پەیدا بوونی گیروگرفتێکی تراژیدی کە هیچ کەس هۆیەکەی نازانێت. هێز بەکارهێنان‌و دەستدرێژی کردنە سەر نامووس دەبێتە هۆی هەمان شت، لە نەخۆشەکانی ((کشبیرۆفسکی)) م پرسی‌و بەداخەوە ئەو. تاقیکردنەوانەش کە ئەنجاممدان جارێکی‌تر راستی ئەو قسەیەیان دەرخست. هەربەرنامەیەکی سەخت کەلە ژێر کارتێکردنی خەو لێخستن یان پێگوتنەوەو سروشکاری لەناو مرۆڤدا بچێندرێ دەبێتە هۆی پەیدابوونی بەرنامەیەکی وێرانکردن.

ئاشکرایە کە لە بارودۆخی ئێستاماندا زۆر گرانە بگوترێ پێویستە گشت جۆرێکی بەرنامەداریی مرۆڤ قەدەغە بکرێت. نابێ کۆنە بگوردرێ ئەگەر شتێکی نوێ نەبێت.دیارە قسەمان لەوەنییە کە گشت دەرمانە کەم گاریگەرەکان کە کاردەکەنە سەر KARMA ی مرۆڤایەتی قەدەغە بکرێن. هەروا قسە لە پێویستی گۆرینی سیستەمی شفرەدانان نییە. بەڵکو پێویستە هێز بەرەو گۆڕینی بەرەبەرەی هێزەکانی دەستدرێژی کردنە سەر ناموس ئاراستە بکرێ، کە پزیشکی تازەش بەرەو رووی ئەوە وەردەچەرخێ‌و ئەمەش بە رێگەی پەرەپێدانی خۆبەخۆی رۆحانییەتی مرۆڤ‌و گێڕانەوەی هارمۆنیاکەی لەگەڵ جیهاندا.

نزیکەی ساڵێك دەبێ دەستم بە هەندێ تۆژینەوەکردو مەبەستم ئەوەبوو بزانم ئایا دەتوانرێ بەرێگەیەکی ئاسایی لە حەزو ئارەزووی مەیخواردنەوە

رزگاربوون ئەنجام بدرێ.

داوام لێکرا یاریدەی مرۆڤێکی لێهاتوو زیرەك بدەم، کە وای لێهاتووە ناتوانێ یارمەتی خۆی بدات لە مەیخواردنەوە رزگاربێت دوای ئەوەی گەیشتۆتە ئاستی راهاتن، تەنانەت باوەڕیش ناکات کەسێك هەبێ بتوانێ یارمەتی بدات. پاش دیدارمان پێمگووت:

- ئایا دەزانی مرۆڤ لەبەر چی مەی دەخواتەوە؟ مرۆڤ ناچارە جیهانی دەوروپشتی خۆشبوێت، جا ئەگەر ئەوەی نەتوانی ئەوکاتە خۆی بە گوێرەی بەرنامەیەکی دەستدرێژکارانە پەرەدەستێنێو، مرۆڤ هەوڵدەدات هەرچی ئازارێکی دەرونی هەیە بە یارمەتی هەر رێگەیەك نەیهێڵێت. هەرئەمەشە دەبێتە هۆی راهاتن لەسەر مادە بێهۆشکەرەکان یان مەیخواردنەوە، یان راهاتن لەسەر بەکارهێنانی جۆرەها مادەی ژاراوی. هۆی راستەقینەی راهاتن لەسەر مادە بێهۆشکەرەوەکانو مەیخواردنەوە نزمبونەوەی ئاستی خۆشەویستییە لە دەرووندا. بارودۆخێکی تایبەتی بەهۆی سووکایەتی پێکرانو بێزاربوونی گەورەو خنکاندنی خۆشەویستی کەسانی تر پەیدا دەبێ. پاشان من لە هۆکارەکانی خۆشەویستی کوشتن کە دایكو باوکی بەکاری هێنابوون ئاگادارم کرد.

پاش راستکردنەوە شێواندنە گەورەکان لە کێڵگەکەیدا ونبونو، پاش چەند رۆژێك پرۆسەی چاودێری پیشانیدا کە کێڵگەکەی پاکژبۆتەوەو هێزی پەنا بردنە بەر مەیخواردنەوە تا ئەو پەڕی ئاستی نزمبۆتەوە. پاش شەش مانگ تاقیکردنەوەیەکەم دووبارە کردەوە تەماشام کرد پیاوەکە بە تەواوی دەستی لە خواردنەوە هەڵگرتووەو لە گشت نەخۆشیەکانی رزگاربووە.

پاشان رووداوێکی سەیر لە شاری یالتا رووی‌دا. پاش ئەوەی لەوێ دەرسێکی تایبەتیم لەسەر ئەو بابەتە خوێندەوە.پیاوێك هاتە پێشەوەو گوتی دراوسێیەکەم تووشی شێتگیرییەکی هەمیشەیی هاتووەو، بە هیچ شێوەیەك





ناتوانێ لێی دەرچێ.

پاشان پیاوەکە ئاگاداری کردمو گوتی:

- رۆیشتم بۆ لایو بڕیارمدا رێگەکەی تۆ بەکاربهێنم، پێمگوت:

((بڵێ پێم لە پێش شێتگیرییەکەدا چیت هەبوو، چیت لە یاد ماوە؟))

((بەڵێ، پەتاتە دابەشکراو، بەشی منیان هیچ نەدا، زۆر تووڕەو زویربووم))

پێمگوت ((داوای لێبوردن بکە چونکە توڕەو زویر بویت))، ئەوە بوو هەرکە وایکرد لەو شێتگیرییە رزگاری بوو. ئەم بارودۆخە نمونەیەکی راستە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ دەبێ لە باری وادا بیکات. پێش هەرچی دەبێ دەستبەرداری توڕەبوونو هەستکردن بە سووکایەتیو زویر بوون لە دنیای دەوروپشت بێتو، پاشان دەبێ لە تەکیاندا بچیتە هارمۆنیایەکەوەو بە راستی ئێستات خۆشبووێ.

هارمۆنیاش شتێك نییە جگە لە خۆشەویستی رابوردوو ئێستاو ئایندەو، پێویستە لەسەر مرۆڤ کە هەوڵبداتو چاوی لەوە بێ هەستی خۆشەویستی لە دەروونیدا پەیدا بێتو، ئەو کاتەش دەستبەرداری مەیخواردنەوەکە بێت.

ئەم بارودۆخەی دنیای ئەمڕۆی گەیشتۆتێ لەگەڵ ئاستی رۆحی تازەی مرۆڤایەتیدا جووتە. ئەو پارەو پوولەش کە بۆ بەگژاچوونی مادەبێهۆشکەرەکانو بەربەرەکانی کردنیان خەرج دەکرێن رۆژ بەرۆژ رووله زیادییە، بەڵام بێ ئەوەی ئەنجامێکی هەبێت پانتایی مادە بێهۆشکەرەکان زیاتر وزیاتر دەبێ. ئەمەش لە ئەنجامی تێنەگەیشتنی راستیی کێشەکەیە کە پێویستە بۆ بەرەبەرەکانی بازرگانانو راهاتوان لەسەر وەرگرتنی مادە بێهۆشکەرەکان ئاراستە نەکرێت، بەڵکو بۆ نەهێشتنی هۆی پەیدا بوونی حەزو ئارەزووی بەکارهێنانی مادە بێهۆشکەرەکانو راهاتن لەسەریان، کە ئەویش نزمبوونەوەی ئاستی ناوخۆیی خۆشەویستییە لای مرۆڤایەتیو، سەرپێچی کردنی زۆر لەو یاسایانەی دەبنە هۆی ساردبوونەوەی خۆشەویستی لای مرۆڤ. دەستبەرداربونی خۆشەویستی

یەزدانو دوورکەوتنەوە لە هەستی خودایی، لە خۆشەویستیی کەسوکارو، منداڵان، لە خۆشەویستی سروشتو تێکۆشانو، دنیای دەورو پشت، بۆتە شتێکی ئاسایی لە ژیانی ڕۆژانەماندا. هەموو ئەم سەرپێچییانە بەرنامەی کوشتنی خۆشەویستی دەخەنە کارو، لەمەشەوە پەرەسەندنی توندوتیژی دڵرەقی بەرهەم دێت کە بەرێگەی مەی یان مادە بێهۆشکەرەکان توانای کوژانەوە یان نییەو دەرچوون نابێ لەو گێژاوەی ئەمرۆ مرۆڤایەتی دووچاری بووەو دەست هەڵگرتن لە نەخۆشییەکانی ئێستا، لەسەر مرۆڤایەتی پێویستە فێربێت چۆن خودای خۆشبوێت یەکترییان خۆشبوێتو هەروا گەردونو دنیای دەوروپشتو مرۆڤایەتی رابوردوو ئێستاو ئایندەشی خۆشبوێت، هەندێك دەڵێن خۆشەویستی مەسەلەیەکی ئاسانە، بەڵام من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە خۆشەویستی هونەرێکی ئاڵۆزەو فێربوونی بڕەخسێت، پاراستنیشی مانای بەردەوام بونی ئەم تەقەلاو کۆششەیە.هەر شانەیەکی جەستەمان لەپێناو بوونێکی تەواودا پێویستە بەردەوام کاربکات لەگەڵ پاراستنی یاسایەکانی کارکردن لەگەڵ گشت جەستەدا. مرۆڤ بە شانەیەکی بچوك لەم دنیایەدا دادەنرێتو فەرمانەکەشی بە تەنیا جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە نییە کەپێی سپێدراوە بە چەشنێکی راست بەڵکو هەوڵدانی هەمیشەییەو یەکگرتنە لەگەڵ گەردوونو خۆشەویستی یەزدان. پەیوەندیمان لەگەڵ خودا مەرجەکەی تەنیا حەزو بڕواداری نییە بەڵکو هەروا پاکژی رۆحو جەستەیشە.هەمووومان پەیوەندیمان لەگەڵ یەزدان هەیە، بەڵام پلەی ئەم پەیوەندییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە. چەند مرۆڤ پاکژ بێت هێندە ئەو پەیوەندییەش قووڵتروگەورەتر ە. منداڵێکی تەمەن شەش ساڵان هاتە لامو لە دەست ئازارێك لە قاچیدا سکاڵای بوو، پێمگووت:

- دەزانی خودا مانای چییە؟ دەستت بخەرە سەر ئەژنۆتو داوای لێبوردنو لێخۆش بوون بۆ باوکت بکە، چونکە ئەو کە تەمەنی هەژدە ساڵان بوو حەزی لە





خۆکوشتن بوو، ئەو حەزەی هۆی ئازاری قاچتە کە توشی بوویت.ئیتر دەستی بە نزاو داوای لێبوردن کردو، منیش تەماشام دەکرد چۆن کێڵگەکەی دەگەڕاوە بۆ باری ئاسایی خۆی. کاتێك لەمەوبەر بۆ نەخۆشەکانم روونەدەکردەوە کە KARMA تەنیا لای باڵغەکان روودەدات، منداڵان تا تەمەنی سیانزەو پانزە ساڵان پارێزراونو، ئەو سوکایەتییەی دەبنە هۆیان کارناکاتە سەر KARMAو تەنیا دوای پێگەیشتنی سێکسی منداڵ لە کارو کردەوەکانی خۆی بەرپرس دەبێت، بەڵام لەم ساڵەی دواییدا وزەی زەوی گۆڕانی بەسەرداهاتووە تا ئەو سنوورەی لێدانی وزەیی لای منداڵانی کەمتر لە تەمەنی حەوتو هەشت ساڵان. بەڵکو تەنانەت لە ساڵی یەکەم یان سێیەمی تەمەندا کاردەکەنە سەریەکترو یەکتریش وێران دەکەن، بەتەواوی هەروەك ئەوەی لای باڵغ بووەکان روودەدات.

ماوەیەك لەمەوبەر کێڵگەی کیژێکی گچکەم پشکنی تەماشام کرد بە چاوی پیاوێکی قژ زەردەوە بووە کە تەمەنی دە ساڵانەو لە قوتابخانە برادەرێتی.جا ئایا رۆڵەکانمان کە گەورە دەبن چییان بەسەر دێ،ئێمە سنوری پاراستنمان تیکداوەو، بەم هۆیەشەوە منداڵەکانمان بەرێگای میراتی پێکهاتەی کێڵگەی شێوایان بە دەست کەوتووە. جائایا کام نەخۆشییانە چاوەڕوانیانەو چی بەسەر بارودۆخی دەروونیاندا دێت، چی چاوەڕوانی منداڵەکانیان دەکات، ئەگەر ئەوان ئێستا لە دە ساڵیدا بە رێگای وزە هێرش دەبەنە سەر یەکتر.

هەمیشە کەبە کچێك یان کوڕێك دەڵێم، تۆ خۆشەویستیت لە دەروونی ختداو خنکاندووە لە وەڵامدا دەڵێ: ((بەڵێ وایە من خۆشم نەدەویست)) هەموو جارێکیش دەمبینی ناچارم مانای خۆشەویستی روونبکەمەوەو بڵێم خۆشەویستی هەستێکی مەزنە، کە دەبێ تێیدا بژینو دەبێ بە گشت لایەکی دنیادا بلاوبێتەوە. گرنگترین ئامۆژگارییەکانی ئینجیل لە یاسا رۆحیەکانی ئەم جیهانەداو لە کارتێکردنی ئاڵوگۆڕی بواری وزەی نێوان خەڵکەکاندا،

ڕەنگدەداتەوە. ئێستاش کاتێك دایکەکە بەوشە یان تەماشایەك یان ئاماژەیەك منداڵەکەی دادەڕمێنێ بێ ئەوەی کارێك یان گوناهێکی کردبێ، ئەو دایکە ئەوە نازانی کە بەرنامەیەك دەداتە منداڵەکەی کە ڕەنگە دوای ساڵێك یان دووساڵ وای لێبکات بکەوێتە ژێر ئۆتۆمبێلێکی خێراوە یان بۆی ببێتە هۆی نەخۆشیەکی گران.

ئەگەر ئەڵقەکانی سیستەمێك کەوتنە بەربەرەکانی لەگەڵ یەکتر بەبێ پێکڕاڵکانو هەڵسوکەوت لەگەڵ ناوەند ئەو کاتە سیستەمەکە لەبەر یەك هەڵدەوەشێتەوەو دادەڕمێ.کاتێك لای مرۆڤێك هەستی خۆشەویستی وندەبێو جۆرە هەڵچونێکی تر جێگەی دەگرێتەوە ئەو دەم سەرپێچییەکی پرۆسەی یەك پارچەیی ڕوودەدەتو ڕێگا لەبەر دەم هەستو شعوری نێگاتیڤدا ئاواڵە دەبێتەوە تا کاری تێکدەرانەی دەست پێبکات.

با ئەم چیرۆکەمان بیر بێتەوە: جارێکیان قەشەیەك دەچێتە ماڵێکی دوورو لەوێ ژنێك دەبینێ، داوای لێ دەکات ڕێگە بدا ئەو شەوە لای ئەو بەسەر بەرێت. ژنەکە دەڵێ: ((من بەو مەرجە ڕێگەت دەدەم یان بزنەکەمان سەربڕیت، یان لەگەڵمدا بنویت یاخود شەراب نۆش بکەیت. بە ئارەزووی خۆت لەوسێیە یەکێکیان هەڵبژێرە)).

قەشەکە بە چاکی بیری کردەوەو، پاشان لە دڵی خۆیدا گوتی: ((ناتوانم بزنەکە سەر ببڕم، چونکە ئەمە تاوانی کوشتنە، لەگەڵ ژنەکەشدا نانوم چونکە ئەمە زینایە، تەنیا مەیخواردنەوەکە دەمێنێتەوە، ئەمە لەوانی تر گوناهی کەمترە)). پاش مەیخواردنەوە سەرخۆش بوو هەرچییەك ئافرەتەکە داوای کرد بۆی جێبەجێکردو بزنەکەی سەربڕیو لەگەڵ ئافرەتەکەش نووست.

بەمجۆرە خۆشەویستی گرنگترین پێکهاتەیە جا ئەگەر ئەو تەواوبێ سەرپێچیەکانی تر هیچ ئەنجامێکی کارەساتباریان نابێت. مرۆڤ لەسەر ئەو





باوەڕە ڕاهاتووە کە خۆشەویستی تەنیا بەشێکە لە هەڵچوونەکانیو، بەپێی خواستو گۆشە نیگای خۆی بەسیەتی. ئەمەش بێگومان بیرۆکەیەکی هەڵەیە، خۆشەویستی ئەوبەشەیە کە گشت جیهان دادەپۆشێو، ئێمەی مرۆڤیش بەشێکین لە پێکهاتەکانی، خۆشەویستیو ژیان خەلاتێکە لە خوداوەو ئێمەش توانای لەناوبردنیمان نییە،کاتێك هەستێکمان پێ دەبەخشنو ئێمە خۆمان دەست بە کوشتنی خۆشەویستی دەکەین، بەم کارە پێکهاتەی ڕۆحانی بالا کەلەگەڵ گەردوون هاوپەیوەندی کردووین دەڕوخێینو، ڕەفتار بەشتێکەوە دەکەین کە هی ئێمە نییە.

## هۆی حەوتەم

لەم دە ساڵەی دواییدا مێژووی خۆمان فەرامۆش کردو ئێستاش ئێمە گرنگترین زانیارییە سەرەتاییە ئاسانەکان نازانین. ژمارەی ئەو کەسانە چەندە کە ئێستا دەتوانن وەڵامی ئەم پرسیارەی لای خوارەوە بدەنەوە: ((چێشت یان خۆراك چییەو مانای چییە؟)).

خۆراك یەکەمین جار کاردەکاتە سەر پێکهاتەی کێڵگەیی لە مرۆڤدا ئەم کارتێکردنەش لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر دەگۆڕدرێ وجیاوازە. هەرچی لەگەڵ وزە لە کاتی نانخواردندا ڕوودەدات تاقیمکردەوە. زۆر سەرسام بووم کە زانیم خۆراکی ڕاستو دروست چارەسەری نەخۆشییە جۆربەجۆرەکان دەکاتو خۆراکی ناراستو نادروست مرۆڤ دەکوژێ، ئەمەش بەهێزێك کەلە هێزو توانای ڕەفتاری بێڕەوشتی کەمتر نیە.

هیندۆسەکان گۆشت ناخۆن چونکە خوێنی تێدایە. بەڕای ئەوان خوێن گشت شتێکی ژیانی جەستەی فیزیکی دەپارێزێت. ئەم شتانەش هەموو ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە کەلە بارەی نەخۆشییەکانی ئەو جەستەیەو هەستەکانی

بێت، وێڕای هەڵچوونەکانی زیندەوەرەکە لە کاتی سەر بڕینیدا. ڕۆژێکیان ژنێك داوای لێکردم ڕەفتاری سەیری کوڕی خزمێکیان شیبکەمەوە، ئەم منداڵە هێشتا هەشت ساڵی تەواونەکردبوو. جگەرەی دەکێشاو زۆری حەز لە خواردنەوەی مەی بوو، هەوڵی دەدا گەمەو گاڵتە لەگەڵ ژنان بکات. هیچ شتێکی منداڵانەی تێدا نەبوو، تەواوی ڕەفتارەکانی هاوپەیوەندی توند بوون لەگەڵ خاك بە بێزەوەرترین دیاردەکانییەوە.پاش ئەوەی کێڵگە بیۆلۆژییەکەیم شیکردەوە تەماشام کرد هۆکارە ڕۆحانییەکانی لە نزمترین بەهاو ئاستەکانیاندان، بارودۆخێکی ئاواش لە ناو خەڵکدا پێی دەگوترێ منداڵەکە ((جندۆکەی تێدایە)) گوناهباریش لەهەموو ئەمانەدا باوکەکە بووە، نەك بە ڕەفتارەکەی KARMA بەڵکو بەرێو شوێنی ژیانی. هۆکارەکانی بیر کردنەوەو ڕەفتارو خۆراك لای باوکەکە زۆر نزمبوونو، کارێکی گرانیشە بە بیرماندا بێت چۆن دەتوانرێ مرۆڤ خاوەنی ئەم هۆکارە نێگاتیڤانە بێتو، دەتوانرێ چی بکرێت بۆ دارمانی کێڵگەی منداڵەکە بەم شێوەیە.

لە ژنەکەم پرسی:

- پیشەی باوکەکە چییەو، چی دەکات؟

- لەلادێ دەژیو قەسابی دەکات، بەراز سەر دەبڕێ.

ئاستی دەستدرێژکارانەی ویژدانی منداڵەکەم تاقیکردەوە، تەماشام کرد هیچ نییە، واتە باوکەکە لەگەڵ کارەکەیدا بە شێوەیەکی هەڵچوون پێکرالکانی لەگەڵ کارەکەیدا نییە.

ئافرەتەکە گوتی:

- بەڵام حەز بە خواردنەوەی خوێنی ئاژەڵ دەکات.

بەم وشەیەی ژنەکە هەموو شتێك ڕوونبۆوە، پێکهاتەکانی کێڵگەیی لای باوکی منداڵەکە بەرێگەی خوێنی ئاژەڵ زانیاریی دەستدەکەوێ سەبارەت بە





ئازاری ئەو ئاژەڵانە لە کاتی سەربڕیندا.

پێدەچێ باپیرانمان هۆشمەندترو زاناتر بووبن لە ئێستای ئێمە، ئەوان پێش سەربڕینی هەر ئاژەڵێك لەخودا دەپاڕانەوەو نوێژی داوای لێخۆش بوونیان دەکرد، بەم کارەش هەموو ئەنجامێکی نێگاتیڤیان گەمارۆ دەدا، لە کاتێکدا ئێمە ئێستا بەبێ هیچ بیر کردنەوەیەك قووتی دەدەین.

پێشان تێنەدەگەیشتم بۆچی گەلانی دێرین ڕێگەیان نەدەدا لە کاتی نانخواردندا کتێب بخوێندرێتەوەو دەرکەوت کە لە کاتی نانخواردنداو کتێب بەدەستەوە بێ و یان لەگەڵ خواردندا تەماشای تەلەفزیۆن بکرێت یان گفتوگۆ لەسەر بابەتی سیاسی ویان خێزانی بکرێت بەر دەروونی مرۆڤ دەکەوێتو ئازاری دەدات، چونکە لە کاتی نانخواردندا زانیارییەکان زۆر بە ئاسانی دەچنە ناو ویژدانەوە. هەر لەسەر ئەم بڕوایەش نەرێتی قوربانی پەیدا بووە.

بەڵام ئەگەر قەشەکان لە کاتی پێشکەش کردنی قوربانیدا بیر لە کارو بارو گیروگرفتە زەمینییەکانی بکاتەوە ئیتر ئەو قوربانییە بە هیچ جۆرێك قبوڵ نابێت.

لە هەموو مرۆڤێکدا دەروونو خۆرسکی هەیە شتێکی مرۆڤیو ئاژەڵی هەیە، دەبێ جەستە لە بارودۆخی ئاساییدا خۆراکی لە دەروونو، دەروون لە ڕۆح، ڕۆحی لە یەزدان وەربگرێت. ڕێگە نادرێ هیچ ئەڵقەیەك لەم زنجیرەیەدا لابدرێ، ژیان بە پێی باوەڕی سەرەتایی دانراوە تەنیا بە تێر کردنی جەستە بە خۆراك بەبێ بیر کردنەوە لە شتەکانی تر ئەمە چاکترین ڕێگەیەکی سەرکەوتووە بۆ جڵەو گیریو پاشەکشەو گەڕانە دواوە.

# بەشی چوارەم

## دەستنیشانکردن بە تەکنیك

لە کاتی ئێستادا چەندایەتیەکی گەورەی راستییەکانو وتاری جۆربەجۆر لە بارەی رووداوە گەرمەکانو رەفتارەکانی بوونەوەرە زیندووەکانو بێگیانەکان کەلەکە بوون. لە هەمووشیان گرنگتر ئەوانەن کە پەیوەندییان بە بوونەوەرە زیندووەکانەوە هەیەو، دەکرێ بە رێگای پێکرالکان لەگەڵ پەیدا بوونی پێشهاتە یەکجار وردەکاندا رەفتارەکانیان شی بکرێنەوە.بەڵام لە پێناو مادە بێگیانەکاندا ئەم رێگەیە بەکارنایەت، چونکە هەر لە سەرنجی یەکەمەوە، هیچ رەفتارێك یان بەرنامەیەك لە ئارادا نییە بۆ دارشتنی ئاڵوگۆرەکانی پێکهاتەکان لە دنیای مادە بێگیانە فیزیکییەکانداو، هەروا لەبەر نەبوونی هیچ جۆرە پەرەسەندنێك، بارودۆخی ئەم مادانەش ئەنجامێکی کارتێکردنی فیزیکییە لەسەر مادەکانی تر. ئەو تۆژینەوانەی ئەنجامدراون پیشانی دەدەن کە مەسەلەکە بە تەواوی بەو چەشنە نییە: هەروا ئەو بەرنامانەی چارەنووسی مادە بێگیانەکان دیاری دەکەن هەنو، ئەوانیش وەك ئەنجامی کارتێکردنی بەرنامەی کێڵگەی تاقەکەسی مادە لەگەڵ کێڵگەکانی مادەکانی تردا. دیارکەوتنی بەرنامەکانی میراتیو پەرەسەندنی کۆ ئەندامی مێشك وەك کۆمەڵە بەرنامەیەکی سەقامگیر لای بوونەوەرە زیندووەکان بووە هۆی خێرا دارشتنی بەرنامەکانی کێڵگەیی لە سەر ئاستی فیزیکی.

رەفتاری بوونەوەرە زیندووەکان بەوە لە رەفتاری مادە بێگیانەکان جودا دەکرێنەوە کە بەرنامەی کاتێکیان هەیەو ئەمەش بۆ کاتێکی درێژ خایەن دەبێو، ئەم جیاوازییەش لە رێگەدا یە بەرەو نەمان.





جا ئەگەر پرۆسەی بەرزبوونەوەو پەرەسەندنی بوونەوەری زیندومان لەسەر زەوی شیکردەوە دەبینین خێرایی دارشتنی بەرنامەکانو جیاکاریی بونەوەرەکان لە زەمەندا وەك خێرایی دارشتنی کەسایەتی کەلە دەوروبەرەوە جیابووبێتەوە وایە لە کاتی پتەوکردنی یەکێتی کێڵگەییدا.

بەرنامە بنچینەییەکان کە بایەخ بە بارودۆخی فیزیکی لای بوونەوەرە زیندووەکانو بێگیانەکان دەدەن، بە پێکهاتەی زانیاریی وزەیی دادەنرێنو، شیکردنەوەی ئەم پێکهاتانە دەبێتە مایەی دانانی بەرنامەی ورد بۆ دوارۆژ. بوونەوەرە زیندووەکانو بێگیانەکان دووچەشنە جەستەیان هەیە: جەستەی فیزیکیو جەستەی زەمەنی. جەستە زەمەنییەکان دارشتنو پێکهاتنیان لە کێڵگە زانیارییەکانی وزەدا دەبێ، لەبەر ئەوە دەتوانرێ بگوترێ بەرنامەی زانیاری لای بوونەوەرە بێگیانەکان هەیەو کارلێکردنی کێڵگەییو بەرنامەکانی میراتی لای بونەوەرە بێگیانەکان هەن. دەتواندرێ بەکارکردنە سەر پێکهاتە زانیارییەکانی وزەیی بارودۆخی فیزیکی بگۆردرێو رەفتاری هەرمادەیەك بگۆردرێ.هەروا دەتواندرێ لە ئایندەی ئەو مادەیە بکۆڵدرێتەوە.دەستنیشانکردن لە دوورەوەو راستکردنەوەی مادەکانو بوونەوەرە گیاندارەکانو بێگیانەکان مەرجداری ئەو میکانیزمانەن کەلە مەوبەر باسمان کردن، بەمجۆرە بەرنامەی زانیاریی دارشتن لەسە ر ئاستی فیزیکی پێویستە لە کێڵگەی مادەکەدا لەگەڵ میکانیزمی پێچەوانە هەبێت، ئەمەش بە مەرجێکی پێویستی بوونی گەردوون دادەنرێت. دوا جار دەتوانرێ هەر مادەیەك بگۆردرێو بۆ کێڵگەکانی زانیاریی وزەیی بنێردرێتو بخرێتە خاڵێکەوە لەم گەردونەدا (ئەمەش لەبەر نەبونی بواری بۆشایی لەناو کێڵگە زانیارییەکاندا)و، سەرلەنوێ لەسەر ئاستی فیزیکی دادەرێژرێتەوە.

لەبەر ئەوەی خاسیەتەکانی ئاووهەواو کیمیای بیۆلۆژیو جیۆلۆژی زەوی بە

مەرجداری بەستراونەتەوە بە پرۆسەکانی زانیاری وزەوە، توانای ئەوە هەیە راستەوخۆ کێڵگەکانی مرۆڤی کاربکەنە سەر رووداوەکانو مادەکانی دنیای دەوروپشت. بەڵام گوزەری جوڵاوەی هێرشبەری شایەتی دەدەن نەك تەنیا لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی دەوروبەر، بەڵام لەسەر ئەو شێواندنانەی کە توشی پێکهاتە زانیارییەکانی وزەیی زەوی دەبن. ئەو مرۆڤەی ئەمڕۆ لەم کاتەدا هەوڵدەدات دەسەڵات بەسەر ئاووهەوادا بگرێو کاربکاتە سەر مادە بێگیانەکانو. هەڵگری کارلێکردنە نێگاتیڤەکانی ناو سیستەمی دیسپلینی خۆبەخۆبێت لەناو چینی بیۆلۆژیداو ئەو مرۆڤە بەم کارەش پێکهاتەکانی زانیاریی وزەیی لای زەوی دەشێوێنێ. تاقیکردنەوەکانیش ئاماژەدەکەن کە تورەیی ئاووهەوا بە چەشنێکی نێگاتیڤ کاردەکاتە سەر پێکهاتە کێڵگەییەکانی بۆشاییو دواجاریش هەروا کاردەکاتە سەر مرۆڤ.

پێویستە لە گشت تۆژینەوەکاندا کە سەبارەت بوونەوەری زیندوو بێگیانو، پرۆسەی دەستنیشانکردنێکی وردو شیکردنەوەیەکی قووڵو دوبارەکراوی ئەو ئەنجامانەی لە تواناداو دەشێ لەم کارلێکردنەوەیە پەیدا بن لە ئارادابن.

ڕێگە ئاساییەکانی دەستنیشانکردنی تەکنیکی پشت بە دۆزینەوەی ئەو شێواندنانە دەبەستن کەپێشەکی هەنو لەبەر هەر هۆیەك بێ شاراوەنو سەرنج نادرێنو یان لە توانای ئامێرەکان بەدەرن. ئەنجامدانی تۆژینەوە لەسەر پێکهاتە کێلگەییەکان ئەو توانایە دەدەن کە پێشبینی شێواندنەکانی فیزیکی لە دوا ڕۆژدا بکەن کەلای بونەوەرەکان روودەدەن چونکە زنجیرەی رووداوەکانی ئاستی فیزیکی لەناو بەرنامەی کێڵگەییدا هەن. شیکردنەوەی ئاستە جۆربەجۆرەکانی بەرنامەکانی کێڵگەیی دەبنە زامنی وردبینیەکی بەرز لە پێشبینیو دەستنیشانکردندا. بەڵام پرۆسەی دەستنیشانکردن هەمیشە بە پرۆسەیەکی کارلێکردنی ئاڵوگۆڕدەبێ لە کێڵگەکانی بوونەوەراندا، دەستنیشانکاریش بەوەی





خاوەنی بەرنامەکانی وێرانکارییە لە کێڵگەکەیداو بەرنامەکانی خۆ وێرانکردنی هەیە دەتوانێ بیانگوێزێتەوە بۆ کێڵگەی مادەی بێگیانو هەلومەرجی گونجاو دابڕێژێ بۆ دارماندنی ئەم مادەیە.میکانیزمی دیسپلینی خۆبەخۆی کێڵگەیی بەرنامەیەکی وەڵامدانەوە دەخاتە کار بۆ دارمانی دەستنیشانکارەکە، لەبەر ئەوە کارکردنە سەر مادە بێگیانەکان بە ڕێگەی پێکهاتەکانی زانیاریی وزەیی دەشێ بۆ سەر مرۆڤایەتی بە گشتی زۆر مەترسیدار بێ چونکە هەموو خەڵکەکە لە ئاستێکی ناسکدا یەکگرتوون.

ڕەفتاری دەستنیشانکارو پاکژی پێکهاتەی ویژدانیی KARMA یەکێکە لەو کاروبارە پێویستانەی کە دەبێ لە بواری دەستنیشانکردنی تەکنیکییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، پێداویستی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێداویستی چۆنیەتی لێکۆڵینەوەی چارەسەرکردنی مرۆڤ زۆرترە.لەوانەشە ئاستی بەرزی دەستدرێژیی ویژدانیی لە پێکهاتەکانی زانیارییدا لای مرۆڤ لە کاتێکی نزیکدا ببێتە هۆی کارەساتی گەورە کە ناتوانرێ بووە ستێنرێو بە بەرزکردنەوەی ئاستی تەکنیکی لای دەستەی چارەسەرکاربەربەست بکرێ. مەسەلەی پاکژیی ڕۆح بەیەکەمین دادەنرێ چونکە بارودۆخی دەوروبەر دیاری دەکات.

یەکەمین تاقیکردنەوە لەسەر ڕێگەی هەستو دواوەی هەستی میتافیزیکی لەپێناودەستنیشانکردنی مادە بێگیانەکان لە پایزی ساڵی ١٩٩١ دا لە شاری یالتا ئەنجامدرا، منیش بریارمدا کاریگەریی تاقیکردنەوەکە لە بوارێکی تازەدا بەلای منەوە شیبکەمەوە، رایانسپاردم کە خاکێکی باش بدۆزمەوە کەبۆ چاندنی مێو لە دورگەی قرم دا بەکاربێت، ئەمەش بە تەماشاکردنی نەخشەی ئەو دورگەیە.منیش نەخشەکەم لە چوارچێوەدا پشکنی، تەماشام کرد ئەو شوێنانە بە درێژایی بەندەرەکە بڵاوبوونەتەوە، هەروا بینیم کە زۆربەی ئەو ناوچانەی بۆ بەرهەمهێنانی سێو بەکاردێن کەوتوونەتە ناوەندی دورگەکەوە، ئەوجا

کەوتمە گەڕان بەشوێن باشترین جێگەدا کە لە رووی تەندروستیەوە بۆ ژیانی خەڵك باشتربن، واتە لەوشوێنانەی کە ئاووهەواکەی پاكو دووربن لە پیسبوون، بتوانرێ شوێنی حەسانەوەو پشوی تەندروستیی تێدادروستبکرێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم چەشنە نەخۆشییانە. ئەنجامی زۆر گرنگیشم دەستکەوت، هەموو خانووە کۆنەکان لە پێناو تەندروستیو چارەنووسی مرۆڤدا لە شوێنی باشو چاك دروستکراون. لە کاتێکدا تەماشام کرد زۆربەی خانووە تازەکان لە شوێنی خراپو ناباشن.واپێدەچێ مرۆڤی پێشینان لە باری ویژدانییەوە هەستیان بەو شوێنانە دەکرد کە بۆ دروست کردنی شارەکان باشن، بەڵام شوێنە خراپەکان کە بۆ دانیشتن باش نین تەرخانکراون بۆ گۆڕستان یان باخچە یان ناوچە ئەدەبییەکانی میللی. ئەو شوێنانەش کە بۆ ژیانی هەمیشەیی تەرخانکراون دەبێ ڕێژەیەکی بەرزتریان لە کەمالیاتی کێڵگە بیۆلۆژییەکانن هەبێت.بڕیارمدا بە هۆی خەخشەوە ئەو شوێنانە بدۆزمەوە کە زۆربەی ڕێژەی نەخۆشی دێنن بەو نەخۆشیانەوە کە ئاسایین. ئەوەبوو ئەو شوێنانەم دیتەوە. ئەو تۆژینەوانەی ئەنجاممدان گەیشتنە ئەوبیرۆکەیەی کە پانتایی زەوی بۆ ژیانی مرۆڤ وەك یەك نین: شوێنی باش هەنو شوێنی خراپیش هەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم شوێنانە هاوپەیوەند نین لەگەڵ هیچ کام لە پێکهاتە جیۆکیمیاییەکانو جیۆ ئاوی. هێشتا ئەم میکانیزمە روون نییە، بەڵام هەیەو کاریش دەکاتە سەرژیانی مرۆڤ.

ناوچە باشەکان لە دورگەی قرم کە بۆ ژیان باشن هەروەك پەڵە بڵاوبوونەتەوە، بەڵام لە شاری (پیتر سبۆرگ) بارودۆخەکە بە تەواوی جیاوازە.

ساڵی ١٩٩١ پرۆفیسۆرێك لە ئینستیتووی زانستە تەکنیکیەکان هاتە سەردانمو، بایەخی بەو رێ وشوێنە دەدا کە من لە سەری دەڕۆمو، پێشنیازی بەکارهێنانی ئەم رێگەیەی کرد لە پێناو پرۆسەی دەستنیشانکردنی تەکنیکیدا، پرۆفیسۆرەکە تۆژینەوەی ژینگەی ئەنجام دەداو حەزی دەکرد زنجیرەیەك





تاقیکردنەوە بکات بۆ جەخت کردنەوە لەسەر توانای هەستو دواوەی هەستی میتافیزکی لە لێکۆڵینەوەی پانتاییە ئاوییەکاندا، ئەم چەشنە تۆژینەوانە بۆیە کران تا ئەو شوێنانە بدۆزنەوە کە سامانەکانی کانزایان تێدا کەڵەکە بووە، ئەمەش بە فرین بەسەر چەند شوێنێکی دیاریکراودا، وەك چۆن ((یوری گلیر)) ئەنجامی دا.هەروا بەڕێگەی لێکۆڵینەوەی نەخشەکان.ئێمەش لەگەڵ پرۆفیسۆر نەخشەکانی ناوچەکەمان وەرگرتو دەستمان بەکارکرد.دەستمان کرد بە باسی پلەی پیسبوونی ((روباری نیڤا)) بە فۆسفۆر.لەسەر ئەو باوەڕە بوومو توانیم ڕێژەی بەرزی پیسبوون لە کۆتایی جۆگەو رێژگەی رووبارەکەدا بدۆزمەوە، بەڵام ئێمە لەسەررووی رووبارەکەوە دیتمانەوە. هەروا لەگەڕان بە دوای ئەو شوێنانەی بە ئازۆت پیسبوون گەیشتینە هەمان ئەنجام. هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە فۆسفۆرو ئازۆت لەسەر رووی ((رووباری نیڤا)) لە کێڵگەکاندا دەشۆرانەوەو، هەر لەویش کشتوکاڵ دەکراو چالاك بوو. بەڵام لە کۆتاییو لە ڕێژگەی رووبارەکەدا شوێنی واهەبوون ئاستی پیس بوون بە فۆسفۆرو ئازۆت نزم دەبۆوە دەگەیشتە پلەی سفر ئەم ڕێژەیە جارێکی تر بەرز دەبۆوە ودیسان بەرەبەرە نزم دەبۆوە،واتە ناوچەی وا هەبون بە تەواوی پاکبوونو بە شێوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ جۆگەی رووبارەکەدا دابەشدەبوون. ئەم چەشنە ناوچانەش لەلایەن شارەزایانەوە ناسراوبوون، بەڵام هۆی دەرکەوتنی ئەم ناوچانە تا ئێستا نەزانراونو تۆژینەوەکان لە وڵاتانی تریش هەروا دەریانخستووە کە دیاردەی ئاوی پاك لەو شوێنانە هەن کە گشت حیسابەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد رێژەیەکی بەرزی پیسبوونیان تێدابێ. پاشان کەوتمە لێکۆڵینەوەی کەنارەکانی رووبارەکە، تەماشامکرد ئاوی پاك لە شوێنانێك هەن نزیك جۆگەی رووبارەکە لەسەر شێوەی ئەڵقەو، بۆمدەرکەوت ئەو شوێنانە لەباری تەندروستیەوە باشترین جێگەن بۆ ژیانی مرۆڤ. لە پێکهاتەی وزەیی شارەکەدا ئامێری تایبەتی

هەن بۆ پاراستنی پاکژی ئاوەکە بەڵام ناوچە هەن کەمتر بەکەڵکی ژیانی خەڵك دێن.لەشاری (پیتەرسبۆرگ)و بەپێچەوانەی شارەکانی ترەوە، ئەوەم دۆزییەوە کە پێکهاتەکانی وزەیی ئەڵقەیی هەن‌و زۆر بە توندی لە ناو یەکدا هاوپەیوەندن.

ئێستا ئەم چەشنە تۆژینەوانە زۆر باش وبەسوودن، نەك تەنیا لە پێناو دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێ بووندا، بەڵکو لە پێناو نەخشەکێشان بۆ دروستکردنی پرۆژەکانی تەکنیکی ئەوتۆ کە مەترسییان یەکجار بەرزە.

قۆناغی دوایی تۆژینەوەکانم بۆ لێکۆڵینەوەی دەریاچەی ((لودوج)) تەرخانکرد، تەماشام کرد ئەو پەڵانەی بە ئازۆت پیسبوون لەسەر شێوەی زمانن کە درێژو خواربوونەتەوە بەرەوژوورو لە کۆتاییدا بەرەو دواوە، بەڵام ئەو شوێنانەی بە فۆسفۆر پیسبوون دیتم لە ناوەندی دەریاچەکەدان لەسەر شێوەی پەڵەو پەڵۆکە.

- بەڵێ، پرۆفیسۆر دەڵێ ئەو زمانەی وێنەکێشراوە زۆر راستە، لەسەر کەناری دەریاچەکەو لەو ناوچەیەدا کارگەیەکی مەزن دروستکراوە بۆ بەرهەم هێنانی قووتووکردنی پرۆتین‌و مادە زولالیەکان‌و، زۆر لە پاشماوەکانیش فڕێ دەدرێنە ناو دەریاچەکەوە کە پڕن لە ئازۆت، بەڵام هەروا ئازۆتیش دەبێ لەسەر شێوەی زمان دابنرێت.

جارێکی تریش تۆژینەوەم ئەنجام دا تەماشامکرد ئەو پەڵەیانەی بە فۆسفۆر پیسبوون لە ناوەندی دەریاچەکەدان. بەرنامەیەکمان دانا بۆماوەی دوومانگی بەردەوام بۆ چارەسەر ی ئەو بارودۆخە کارمان درێژەی کێشا. ئەو کارەی لە ماوەی دوویان سێ سەعاتدا ئەنجاممدا پێویستی یە چەندان مانگ لە تۆژینەوەی ئاسایی هەیە، کاتێك لەگەڵ پرۆفیسفۆر لەسەر نەخشە پێکەوە کارمان دەکرد هێشتا ئەو تۆژینەوانەم نەکردبوو بۆ دیاریکردنی شوێن‌و رێژەی پیسبوون بە فۆسفۆر.پاشان تۆژینەوەی زانستی لە لودوج لەلایەن کۆمیتەیەکی زانستیی





تایبەتییەوە دەسپێکرا بۆ دەستنیشانکردنی ئەو شوێنانەی بە فۆسفۆر پیسکراون‌و پاشان ئەنجامەکانی ئەم تۆژینەوانە دەریانخست کە مەزنترین شوێنی پیسبوون بە فۆسفۆر لەو جێگەیانەدان کەلەسەرنەخشەکە ئاماژەم بۆ کردبوون‌و، نەشمتوانی زانیارییەکان بخوێنمەوە چونکە هێشتا بڵاونەکرابوونەوە.بەڵام پەنامبردە بەر هەست پێکردن لە دوورەوە تەماشامکرد رێژەی وێکچوون دەگاتە پتر لە هەشتا لە سەدا.

ئەو ئەنجامانەی زۆر تر بایەخداربوون لەو کاتەدا بە دەستکەوتن کە شوێنی ئاودزە بۆ هۆڵی (ئەکتیابەرسکی) دەستنیشانکرابوو، ئەوەبوو داوای نەخشەی خانووەکەم کردو ئەو شوێنانەم بینیەوە کە تووشی ئاودزە بوون.لە هەندێ شوێندا کە ئاماژەم بۆ کرد بوون دەستکرا بە کاروباری پاراستن‌و چاکردنەوە، بەشێك لەو ناوچە نائاساییانەم دیتەوە پێش ئەوەی دەست بە ئاو دزە بکەن، پرسییان:

لە کوێوە ئاودێت؟لەسەرەوە یان لە ژێرەوە؟ کەوتمە هەست پێکردن تەماشامکرد ئاوەکە لە دەرەوە دێت. لەو بۆرییەوە دزە دەکات کەلە دووریی دەیان مەترەوە لە هۆڵەکە تێپەڕدەبێت. بۆرییەکانی گواستنەوەی ئاوم تاقیکردەوە تەماشامکرد بە روونی دیارە چۆن ئاوەکە دزە دەکات‌و، بارودۆخی تێکچووی بۆرییەکانم دی‌و، لە باری فیزیکیەوە هەستم بە تێپەڕبوونی ئاوکرد بەناو بۆرییەکانی دابەشکردندا.تەنانەت دەتوانرێ جۆری ئەو کانزادیە دیاری بکرێت کەلە داڕشتنی بۆرییەکاندا بەکارهاتووە.

ئەمانە بۆ من تۆژینەوەی نوێ بوون‌و تێگەیشتم چۆن بە سادەیی مرۆڤی شارەزای رێگەی تاقیکردنەوە بەهەست‌و دواوەی هەستی میتافیزیکی دەتوانرێ وەرچەرخان لە دەستنیشانکردنی پزیشکییەوە بۆ دەستنیشانکردنی تەکنیکی پێك بێت.

خاسیەتی بنچینەیی لە پرۆسەی دەستنیشانکردندا بەبەکارهێنانی ڕێگەی دواوەی هەستی میتافیزیکی لەوەدا چڕ دەبێتەوە کەمن لەگەڵ مادەی فیزیکیدا کارناکەم، بەڵکو لەگەڵ کێڵگەکانی ئەم مادانەداو، کێڵگەش گەلێك زۆرتر زانیاریی تێدایە وەك لەوەی مادەی فیزیکی خۆی دەریدەخات.

ئەمەش مانای وایە دەتوانرا ئەوەی لە ئایندەدا ڕوودەدات دیاریبکرێت؟ ئەوانەی بایەخیان بە بابەتەکە دەدا ئەو پرسیارەیان لێکردم.تاقیکردنەوەکان ئەوە دەردەخەن کە دەتوانرێ پێش دووساڵ لە ڕووداوەکە شێوازییەکانی کێڵگەیی کە دەبنە هۆی ئەو ڕووداوە هەست پێ بکرێ.

ئایا ئێستا دەتوانرێ ڕوودانی کارەساتێك لە هەر وێستگەیەکی نوکلیاردا دەستنیشان بکرێ؟

بەڵێ، بەڵام ناتوانم هەر وێستگەیەکی نوکلیناربپشکنم، چونکە KARMA بەتەواوی پاکژ نییە. ئەوە بۆ نزیکەی ساڵێك دەچێ من هەوڵدەدەم خۆم بگۆڕم، بەڵام ئاستی ڕەفتاری ناوخۆی ویژدانی من هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە بڵندییەی پێویستە.

لە کاتی بە جێگەیاندنی پرۆسەی دەستنیشانکردنی هەر مادەیەکدا پێویستە لەسەر ئاستی کێڵگەیی پەیوەندی لەگەڵ بکرێت. لەبەرئەوەی کێڵگەکانی زانیاریی وزەیی وەکوویەك نینو ئاستەکانی لقی جۆربەجۆریان هەن، لە کاتی دەستنیشانکردنی هەرمادەیەکدا ئەگەر KARMA زۆر پاکژ نەبێت دوور نییە زیانی لێ بکەوێتەوەو پێکهاتەکانی کێڵگەیی ئەو مادە دەستنیشانکراوە دارمێنێ.

بەڕێوەبەرێتی یەکێك لە ڕێکخراوەکان داوای لێکردم ئاستی هونەریی پسپۆری هەر یەکێك لەوانەی کاریان لادەکەن تاقیبکەمەوە، ئەمەش بە هۆی کارتەکانی ئەو کرێکارانە خۆیانەوە. وزەی بیۆلۆژی بەهۆی وێنەو یان دەستنووسەوە بواری ئەوە دەدا خاسییەتە هونەرییە کردارییەکانو، هەروا





تەندروستیو چارەنووسی مرۆڤ دیاری بکەن، هەروا تەماشای هەموو ئەو زانیارییانە بکرێ کە لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا هاوپەیوەندن.

دەستم بە تۆژینەوە کردو هەر زانیارییەکی دەستم دەکەوتن بە تەواویو ڕێکوپێکی پێشکەشم دەکردن وێرای پێکهێنانی تاقمی هونەریی خاوەن شارەزاییەکی بەرز. ئەنجامێکی چاوەڕوان نەکراو ئەوەبوو، خۆبەستنەوەی کرێکاران بەکارەوە زۆرتر بوو تا ئەو ئاستەی کە دەستیان هەڵنەدەگرتو بۆ ماڵەوە بڕۆن، تەنانەت شەویشیان لە کاردا بەسەر دەبردو، بەمەش خۆیان خستە بەرتوڕەیی ژنو خێزانەکانیان.هەروا لە دامەزراوەیەکی تردا کاری دەستنیشانکردن سەرکەوتوو بوو، ئاستی دەستەی هونەری باشتر بوو، بەڵام دەرکەوت کە سەرنەکەوتنی دامەزراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ژێر کەوتنی بەڕێوەبەرەکەو شارەزانەبوونی لە بەڕێوەبردن، لەبەرئەوەداوای دەستکێشانەوەو وازهێنانی لە کارکردن لێکرا.

لە ئاستی باڵای کێڵگەکانی بوونەوەرە زیندووەکانو بێگیانەکاندا خاسیەتی لە یەکچوو هەن کەلە ناو خۆیاندا کارلێك دەکەنو پێکڕادەلکێن، لەبەرئەوە هەر بیرۆکەیەك یان هەڵچوونێکی نێگاتیف، یان هەر ڕەفتارێکی نەراست کاردەکاتە سەر مادەی بێگیانو دەبێتە هۆی زیان پێگەیاندنیان.

دوورنییە بەرنامەکانی وێرانکاری لە کاتی ڕوودانی پێکرالکان یان کارلێکردن لە نێوان مرۆڤەکانو مادەی بێگیاندا بگوێزرێنەوە لە کێڵگە بیۆلۆژییەکانیمرۆڤەوە بۆ کێڵگەکانی مادەی بێگیان، لەبەر ئەوە پێویستە فرۆکەوانەکانو ئەو کارگەرانەی وێستگەی نوکلیاری دەخەنەکارو پسپۆران کەلە شوێنە حەساسەکان کاردەکەن خاوەنی تەبیعەتێکی ناوخۆیی باشبنو، پێویستە ئاستی دەستدرێژیی ویژدانی خاوەن بەهایەکی نێگاتیف بێت، ئەگەر نا لەوانەیە ببنە هۆی ڕوودانی بارودۆخی نائاسایی.

بەرزبوونەوەی ئاستی دەستدرێژی لە پێکهاتەکانی کێڵگەیی ویژدانییدا لای مرۆڤایەتی کاردەکاتە سەر وزەی زەوی‌و دەشێ هەلومەرجی گونجاو برەخسێنێ بۆ پەیدا بوونی کارەساتو بارودۆخی نائاسایی جۆربەجۆر.

هەموو شارەزایانی بواری هەستو دواوەی هەستی میتافیزیکی لە پلەی زۆرباشدا خاوەنی ئاستێکی نزمن لە دەستدرێژیی ویژدانیدا، ئەگەر وانەبوایە ئەودەم دەرچوون بۆ کێڵگەی زانیاریی (گەردوون) لەو پەڕی مەترسیدا دەبوو. هەوڵدان بۆ ئامادەکردنی شارەزایانی لە بواری هەستو دواوەی هەستی میتافیزیکی بە شێوەیەکی چڕوپڕو خێرا، بێئەوەی سەرنجی مەرجەکانی رەفتارو رەوشتیان بدرێ دوور نییە ئەنجامەکانی نێگاتیڤ بێت.

ویژدانی مرۆڤ چاودێری ((تەواوی گەردون)) دەکات، بەڵام کاریگەریی ئەم چاودێرییە لە جوغزێکیوادا دەبێ کە نیوەتیرەکەی لە ٦٠ مەتر زیاتر نەبێ‌و لە مرۆڤەکە خۆیەوە حیساب دەکرێ‌و، لەناو ئەمجوغزەدا پێکرالکان‌و کار تێکردنی هاوبەش لەگەڵ گشت بوونەوەرە زیندووەکان‌و بێگیانەکاندا روودەدات.تەنانەت ئەو کتێبانەی بە هەمیشەیی لەناو مەکتەبەدا دانراون خوێندنەوەیەکی ویژدانی ناوەرۆکی زانیارییان لە لایەن مرۆڤەوە دابین دەکەن‌و، ئەم پرۆسەی خوێندنەوە ویژدانییە لە شەودا کە مرۆڤ نووستووە چالاکتر دەبێ، لەبەر ئەوە باش نییە زنجیرە کتێبەکان‌و چیرۆکە پۆلیسیەکان لە نزیک سەری منداڵی نووستوو دابنرێن.

کێڵگەی هەر بوونەوەرێکی زیندوویان بێگیان زانیارییەکانی تێدایە نەك تەنیا لە بارەی خۆیەوە، بەڵکو هەروا لە رووداوەکانی دەوروبەری خۆی. پێکهاتەکە بۆ هەر شوێنێك بێت دەست بە کۆکردنەوەی زانیارییەکان دەکات‌و لەگەڵ کێڵگەکانماندا پێکرالکانیان دەبێ‌و کاریان تێدەکات‌و کاریان تێدەکرێ.ئەو مرۆڤەی شەڕ دەکات‌و لە ژوورەکەدا دەنگی بەرز دەکاتەوە کار دەکاتە سەر





تەندروستی هەموو کەسانی ناو ژوورەکە، چونکە کەڵەکە بوونێك لەوزەکەدا لای پێکهاتەکانی زانیاریی شوێنەکە روودەدات.

کاتێکیش مرۆڤ بە هەڵچوونەکانی پێکهاتە کێڵگەییەکانی مادەیەك دادەڕمێنێ، هێرشێکی بەراوەژوی بۆ دەگەڕێتەوە. چەند پێکهاتەی کێڵگەیی لای بوونەوەری زیندوو سەربەخۆو خۆبەخۆیە هێندەش لای مادەی بێگیان هەروا سەربەخۆ وخۆبەخۆیە. مادە بێگیانەکان دەتوانن بە چەشنێکی چالاك کاربکەنە سەر بوونەوەرو لەگەڵیدا پێکرابێن‌و بە گورجی‌و چالاکی زانیارییەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن.

پاش پێشوازی کردنم لە نەخۆشەکان سەعاتی دەستییەکە راوەستا هەرچەندە کاری دەکرد. ((یوراگلیر))م هاتەوە یادو سەعاتەکەم کردەوە دەست پاش کەمێك کەوتەوەکار.میکانیزمی کارکردن هەیە، بەڵام ئەم میکانیزمە چۆن کاردەکات؟ دەستم بە لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی کێڵگەیی دەوری سەعاتەکە کرد ئەوەم دۆزییەوە کە ناوچەیەك لە کێڵگەکە هەیە خاوەن توانایەکی گەورەیە. دواجار هەڵچونەکانمان لە توانایاندایە پێکهاتەکانی کێڵگەیی مادە بێگیانەکان بشێوێنن، چونکە بە شێوەیەکی کاریگەر کاریان لێدەکەن.

پێش کاتێکی کەم یاریدەدەرەکەم پەیوەندیی لەگەڵ کردم‌و گوتی تەلەفزیۆنەکەی باوك ودایکی لەکارکەوتووە.باوکەکەی بەشێوەیەکی هەمیشەیی تەماشای بەرنامەی جۆربەجۆری دەکرد،لەم دواییەدا بە شێوەیەکی توند لەگەڵ بارودۆخی گشتی وڵاتدا لەگەڵ رووداوە سیاسی‌و ئابوورییەکاندا پێکراڵکابوو. کێڵگەی تەلەفزیۆنەکەم تاقیکردەوە تەماشام کرد بەبەرنامەی توڕەیی رق وکینە شوێندراوە.

یاریدەدەرەکەم بە باوکەکەی گوت:

- باوکە بزانە هەرچی شتێکی دەوروپشتت هەن زیندون.تەلەفزیۆن، ساردگە

(سەلاجە)و هەموو پارچەو ئەو مادانەی لە ماڵەکەدا هەن زیندون. جا ئەگەر بە دڵرەقی لەگەڵیاندا جوڵایتەوەو خراپەت پێکردن ئەوانیش هەر بەو چەشنە وەڵامت دەدەنەوە.

- ئایا مەبەستت وایە هێندە توانایەکی گەورەم هەیە.بتوانم کاربکەمە سەر تەلەفزیۆنەکە؟

- هەموان لەکاتی ئێستاماندا خاوەنی توانای گەورەن، ئەمەش نەبەستراوە بەهەر یەکێکمان خۆیەوە بەڵکو بەوەی لەسەر زەوییەکە روودەدات.

- جا چی پێویستە بکرێ؟

- بگەڕێوە سەرخۆتو دان بە گوناهەکەتدا بنێو، داوای لێبوردنو لێخۆشبوون بکەو لەو هەڵچونە نێگاتیڤانەی لەم کاتانەی دواییدا تێیدا ژیاویت.پاش نیو سەعات باوکەکە لەم زانیارییە تازانە تێگەیشتو دانی بە هەڵەی خۆیدا ناو تەلەفزیۆنەکە بە باشی دەستی بەکارکردەوە. کەلوپەلەکانمان وپارچەی موبیلیای ناوماڵو پێداویستەکانی ناو چێشتخانەو توالێتو جلوبەرگەکانمان زانیارییەکان کۆدەکەنەوەو دەیانپارێزن.ئەگەر کەسێك حەسوودی پێبردینو بە چاوی تەماعو ئێرەییەوە تەماشای شتێکی کردین، ئەو ئێرەییو حەسودییە پاشماوەیەك لەسەر ئەو پارچەیە جێدەهێڵێو ئەگەر خۆمان بە خاسیەتی باشی وئەمانەتی ناوخۆیی نەپاراستبێ بۆمان دەبێتە مایەی زیانو ئازار.

ماوەیەك لەمەوبەر ژنێك هاتە لامو داوای یارمەتی لێکردم بۆ دۆزینەوەی زنجیرە زێڕەکەی کەلێی ونبووە.زنجیرەکە یەکجار جوان بوو، ژنەکەش زۆری حەز لێدەکردو لە ناکاو ونیکردو ناشزانێ چۆن ولە کوێ ونیکردووە.

وەڵامی ژنەکەم دایەوە:

- من ئەو جۆرە کارانە ناکەم، بەڵام پێویست بوو ئەو زنجیرە ونبکەیت





ئەگەر وانەبوایە بۆت دەبووە هۆی زۆر دەردەسەری.لە کێڵگەی زنجیرەکەدا بەرنامەیەکی بەهێزی خۆدارمان هەیەو دەشێ لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا دەرپەڕێو ببێتە هۆی زیانو ئازار.

خانمەکە بڕوای بە قسەکانم نەکرد بەڵام دوای هەفتەیەك هاتەوەو ئەو هەواڵەی گەیاند کە زنجیرەکە هی خانمێکی تر بووە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەوڵی خۆ کوشتنی داوە، جا ئەگەرچی زنجیرەکە لەو کاتەدا لە ژوورەکەدابوو نەکرابووە ملی ئەو خانمەو هەموو زانیارییەکانی ئەو رووداوە دورەی لە کێڵگەکەی خۆیدا تائێستا پارێزرابوو.

ئەمەش ژنێکی ترە تووشی حەساسیەتێکی زۆرو لیری حەساسیەت بووە، نەمتوانی راستەوخۆ هۆی ئەمە بدۆزمەوە، دانیشتنی یەکەممان لە باسکردنی بارودۆخی گشتیدا بەسەربرد.لە دانیشتنی دووەمدا ژنەکە گوتی هەستی بە هیچ باشبونێك نەکردووە. لەسەر گەڕان بە دوای هۆیەکەدا درێژەمداو تەماشامکرد حەساسیەتەکە لە رووەکەوە هاتووە، ئەوەشم زانی کە نەخۆشیەکە لەو کاتانەدا توند دەبێ کە ژنەکە لەماڵەوە دەبێ،لەکاتێکدا لە هەر شوێنێکی تر بێت وەزعی باشتر دەبێ، داوام لێکرد نەخشەی ماڵەکەم بۆ بکێشێ، تەماشام کرد لە چێشتخانەکەدا شوێنێك هەیە لە نزیك دیوارەکەوە تەرخانکراوە بۆ دانانی رووەکی ماڵی لە ڕێگەی کێڵگەکەوە پشکنیم چۆن گوڵەکان لەگەڵ ئەم خانمە دەجولێنەوەو تەماشام کرد لێی دووردەکەونەوە. هۆی ئەمەش ئەوەیە دایکی ئەم خانمە لە ماوەی سکپڕیدا رووەکی خۆش نەدەویستو پاش لە دایکبوونی ئەم کچە ئەم بەرنامەیە لەویژدانیدا پتەو بووە بێئەوەی هیچی لێبزانێتو، گوڵەکانیش هێرشیان بۆ سەر کێڵگەکەی بردووەو تووشی حەساسیەتبووە.

ئەو حەساسیەتەی بە هۆی رووەكو ماسیو ئاژەڵەوەیە هۆی هەڵچوونە نێگاتیڤەکانی باووباپیرمانە بەرانبەر بەو مادانە.مادە بێگیانەکان هەست بە

هەڵچونو بارئاڵۆزیو رقو کینە دەکەن کە ئاراستەیان بکرێتو دەشێ ئەمەش هۆیەکی تر بێت بۆ تووشبونی حەساسیەت، کاردانەوەکانو هەڵچوونە نێگاتیڤەکان کە باوباپیرانمان یان مرۆڤەکان خۆیان لە ژیانی بەرگپۆشیی رابوردیاندا ئەنجامی دەدەن بەشاردراوەیی لەناو کێڵگەی مرۆڤدا دەمێننەوە تا جارێکی تر لە بارەی هەڵچونەوە دیسان دەیانخەنەوە کار، نمونەش لەسەر کارتێکردنی مادەی بێگیان لەسەر مرۆڤ یەکجار زۆرن. ژنێك لەگەڵ منداڵەکانیدا ناچار بوو کاتێك لە هۆڵی چاوەڕوانی وێستگەی شەمەندەفەر بەهۆی خراپی ئاووهەواوە بەسەر بەرێت.لە کاتێکدا منداڵەکان تەماشای تەلەفزیۆنیان دەکرد ژنەکە خەریکی هەڵدانەوەی لاپەرەی ئەو گۆڤارو رۆژنامانە بوو کەلە سەر مێزەکە دانرابون، بەڵام دەنگی تەلەفزیۆنەکە وەڕستی کردبوو لە ئاستی گرژ بوونی بەرزکردبۆوە.کاتی گەرانەوەی بۆماڵەوە هەستی کرد باری تەندروستی زۆر خراپبووەو، هیچ کام لە پزیشکە پسپۆرەکان نەیانتوانی یارمەتی بدەنو بگەنە زانینی هۆی نەخۆشیەکە،کە بریتیبووە لە رقبوونەوەی بۆ ماوەی دووهەفتە لە تەلەفزیۆنو، هێرشی پێچەوانەی مادەی بێگیان بۆ سەر ئاستەکەی کێڵگەیی.

ئەمەش خانمێکی ترەو لە تەندروستیدا دووچاری چەندان گیروگرفت بووە، شێواویی زۆر توندی لە پێکهاتە کێڵگەییەکاندایەوە.ئەم خانمە بە درێژایی بیست ساڵ کە لە کارخانەیەکدا کاری دەکرد رقو کینەی دژی ئامێرە تەکنیکییەکان کە کاری لەسەر دەکردن هەبوو.

ژنەکە روونی کردەوە:

- بەڵام ئامێرەکان کۆن بونو، بەردەوام لە کاردەکەوتنو بەو هۆیەشەوە هیچ حەزم لە رۆیشتن بۆ کارەکە نەبوو. بەڵام ئاخۆ کێ حیسابی ئەو کینەو حەزنەکردنەی لەگەڵ دەکات؟





ئەم کیژە لاوەش میزاجی زۆر خراپە،جگەرەکەی بە رقو کینە وتوڕەیی لەسەر بۆدیی ئۆتۆمبیلەکەی کوژاندەوە. هیچ بیری لەوەنەکردبۆوە کە ئەم کارەیەتی هۆی سەریەشەکەی. بەرنامەی رق وکینەی دژی مادەیەك خستبووە کارو ئەویش هەروەك ئەو وەڵامی دابۆوەو، هێرشێکی پێچەوانەی بردبووە سەر ئاستی کێڵگەیی.

هەرجۆرە هەڵچونێکی نێگاتیڤ بەرانبەر مادەیەکی بێگیان لەوانەیە ببێتە هۆی شێواندنێك لە پێکهاتە کێڵگەییەکانی مرۆڤدا. یائەو دایکە بێنینەوە یاد کە بەدەستی لە قاچی کورسیەك دەدا کە منداڵەکەی لەسەری کەوتۆتە خوارەوەو دەڵێ: ((مەگری کوڕی خۆم ئەوەتە لە کورسیەکە دەدەم بۆ سزای ئەوەی بووە هۆی کەوتنەکەت)) تەنانەت لە کردارێکی ئاوادا پەیوەندییەی خراپ لەگەڵ جیهان دروست دەبێو گیروگرفتەکانی ئایندەی مرۆڤدەچێندرێ.

پەیوەندیی خراپو لێك تێنەگەیشتن لە نێوان خۆمو کۆمپیوتەرەکەمدا پەیدابوو، لەوکاتەدا ئەم کتێبەی خۆم لەسەر ئەو ئامێرە دەنوسیەوە.ڕۆژێکیان کە هاتم ولە کۆمپیوتەرەکە نزیك بوومەوە بۆ ئەوەی دەست بەکاربکەم، هەستم کرد شتێك لە ئامێرەکەدا رووی داوەو، لەسەر شاشەکە شێواندنو هێمای سەیرو نائاسایی دەرکەوتن.بڕیارمدا کێڵگەکەی راست بکەمەوە، کاتێك راستەوخۆ لەگەڵ کێڵگەی ئامێرەکە چومە پەیوەندییەوە هەستم بە حەسانەوەوپشودانێکی فیزیکی کرد. بەپێی دەستنیشانکردن دۆزرایەوە کە شێواوی لە پێکهاتە کێڵگەییەکانی ناوچەی سنگدا هەیەو، ئەم شێواوییانە تەنیا کاتێك لەلای من دەردەکەون کەبە دەستی ئەنقەست خراپەی بۆ کەسێك پێدەکەمو، زۆریش گرانە خوێنەر تێبگات چی دەڵێم، بەڵام ئەمە راستییەکەیە.جابۆ گێڕانەوەی هەستی فیزیکی خودی لەسەرم پێویستە ئەو کەسە بدۆزمەوە کە لێم بێزاربووە.بەڵێ، ئامێری کۆمپیوتەرەکە بوو هۆی بێزارییەکەشم دیتەوە. ئەو بەرنامەتێکدەرەبوو

کەلە ناو کێڵگەکەمدا بوو. پێش لە دایکبوونی من بە سێ ساڵ باوکم رق وکینەی لە کەسێك بوو کە سوکایەتی پێکردبوو، ئەو بەرنامەیەی لە کێڵگەی باوکمدا پێکهاتبوو گواسترابۆوە بۆ منو تەنیا لەسەر شێوەی نەخۆشیو توشبون دەرنەکەوتبوو، بەڵکو هێرشی بۆ سەر هەر کەسێك بردبوو کە راستەوخۆ پەیوەندیم لەگەڵ کردبوو، لەوانەش منداڵەکانم وژنەکەم.ئامێری کۆمپیوتەرەکە بە توندی هەستیاری ئەم بەرنامەیە بوو بۆیە هێرشێکی پێچەوانەی کردبووە سەر کێڵگەکەم بووبووە هۆی تێکدانی چینی کێڵگەییم. پاش دەرکێشانی بەرنامەکە لە کێڵگەکەم ئامێری کۆمپیوتەرەکە هاتەوە سەرخۆیو هێمن بۆوە بریارمدا کۆمپیوتەرەکە تاقیبکەمەوە کە ئایا بەپێی گۆڕینی ئەو کەسانە ی لەگەڵیدا کاردەکەن ئەویش پەیوەندی خۆی دەگۆڕێت.تەماشامکرد کێڵگەی ئامێرەکەش بە گوێرەی گۆرینی کێڵگەی ئەو کەسەی بە کاری دەهێنێ دێتە گۆڕینو، ئەوەبوو ئامێرەکە بە شێوەیەکی زۆر نێگاتیف لەگەڵ ئەو کەسەی KARMA ی پاك نەبوو، ژمارەیەکی گەورەی بەرنامەی وێرانکاریو خۆدارِمان هەبوو، ئامێرەکە لەگەڵ هیچ کامیان بە شێوەیەکی باش پێکرالکانی نەبوو بەڵکو خۆشەویستی بەرانبەری دەربڕی بەلاَم ئەو کەسە پتر لە کەسانی تر تووشی زیان بوو، تێگەیشتم بۆچی هەندێ کەس بە چەشنێکی خراپ کاردەکەنە سەرئامێرو پێداویستەکان، کەبە ئامادەبوونیان دەست بە خراپبوونو شکاندن دەکەن.

رۆژێکیان خانمێك سکالای لە ئازارێك دەکرد لەناو گورچیلەیداو داوای لێکردم دوای پشکنین هۆیەکەی بۆ بدۆزمەوەو، منیش دەستم کردە لێکۆڵینەوەی پێکهاتەکانی کێڵگەییو، تەماشامکرد هۆکاری سەرپێچی کردنی یاسایەکانی بالاَ ئەوژنە نییە، بەڵکو مادەیەکی بێگیانە لەناو ماڵەکەیدایە.بەپێی نەخشەی ماڵەکەی شوێنی بوونی ئەو مادەیەم دەستنیشانکرد.دەرکەوت کەلەوشوێنەدا پەیکەری وێنەدار هەن کە دوانیان دێرینن‌و، ئەوی تریان لەسەر کاغەزی کارتۆن





دروستکراوەو هەموویان لە کلێسە کردراون.پەیوەندیی پەیکەرە وێنەدارەکانم لەگەڵ ژنە کەیبانووی ماڵەکە پشکنی‌و تەماشام کرد دووانیان پڕاوپڕن لە بەرنامەکانی تورەیی وکینەو دارمان. پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەرکەوت کە ئەو هونەرمەندەی پەیکەری وێنەداری یەکەمی دروست کردووە حەزی نەکردووە کچی بێت، بەڵکو داوای لە ژنەکەی کردووەلەباری بەرێت، جا مرۆڤێك کە ئەم چەشنە بەرنامانەی لە کێڵگەکەیدا هەبێت مافی ئەوەی نییە پەیکەری وێنەدار وێنە بکێشێت، بەلاَم هونەرمەندەکەی تر کە دووەمین پەیکەری وێنەداری کێشاوە لە هەستی خودایی‌و باوکانە بەرانبەر دایك‌و باوکی‌و منداڵەکانی دووربووە بەمەش کێڵگەی پەیکەرە وێنەدارەکەی پڕپڕ کردووە لە نیشانەکانی هەڵچوون‌و دەستبەرداربوونی هەستو نەستی خودایی.ئیتر ژنەکە تێگەیشت کە بۆچی حەزی بە مانەوەیەکی درێژ لەو ژوورەدا نەدەکرد.لە سەردەمی کۆندا هەموو هونەرمەندانن مافی ئەوەیان نەبوو پەیکەرە وێنەدارەکان دروست بکەن بەڵکو بە شێوەیەکی ویژدانی لە خوڕا مرۆڤێك دەستنیشان دەکرا کە خاوەنی KARMA یەکی پاکژ بێت‌و، بەلاَم هەرهێندەش بەس نەبووە، بەڵکو لە بارودۆخێکی ئاوادا پێویست بووە میکانیزمێك بدۆزرێتەوە بۆ پاراستنی KARMA لە کارتێکردنە نێگاتیڤەکان‌و، دەشتوانرێ ئەمە بەرزکردنەوەی ئاستی رەوشتبەرزی ورەفتاری کەسایەتی مسۆگەر بکرێت‌و، بەرووکردنە خوداو، نزای درێژ خایەن لە پێناو دەستبەرداربوونی حەزو ئارەزووی خۆشی ژیان‌و پەیوەندییە زەمینییەکان، تەنیا لە کاتی داگیرسانی پەیکەرە وێنەدارەکاندا دەتوانرا بە رەنگەکانی تێکەڵ بە ئاوی پیرۆز رەسم بکرێت.ئەم جۆرە پەیکەرە وێنەدارانە توانای چارەکردنیان هەیە.بە ئامادەبوونی نەخۆشەکان لە نزیك ئەم چەشنە پەیکەرە وێنەدارانە دەتوانرێ جەستەو دەروون چارەسەر بکرێن.ئەم چەشنە پەیکەرەوێنەدارانە تەنیا پۆزەتیڤانە کاردەکەنە سەر تەبیعەت

وچارەنووسی خاوەنەکانی ماڵەکە.بەڵام ئەو پەیکەرە وێنەدارانە لەلایەن مرۆڤی ئاساییەوە رەسم کراون.تەنانەت ئەگەر لە کلێسەش لە ئاو هەڵکێشرابن دەشێ ببنە ئازارو زیان بۆ خاوەنەکانیان، لە کارتێکردنی ئەو پەیکەرە وێنەدارانە کۆڵیمەوە کە بە ڕێگای فۆتۆگرافی چاپ کرابون، تەماشام کرد ئەوانەش شارەزایانە نەکراون‌و شوێنەواری نێگاتیف دەوروژێنن.لێرەدا رووداوێکم هاتەوەیاد کەبە سەرخۆم هاتووە، جارێکیان ئامێرێکی رادیۆم هێنایە شوێنی کارەکەم‌و سەرنجمدا کارکردن وچەشنی دەنگەکەی زۆر خراپ بووە.وامزانی رادیۆکە لەکارکەوتووەو گێڕامەوە بۆ ماڵەوە بەڵام لە ماڵەوە کەوتە سەرکارکردنی ئاسایی خۆی‌و جارێکی تریش بردمەوە بۆ شوێنی کارەکەم دیسان بەتەواوی لە کارکەوت‌و ئەمجارە بۆ ماوەیەکی درێژ.شتێکی خۆش بوو بزانم ئایا هۆی ئەمە مادی‌و تەکنیکی بوو. تۆژینەوەکان دەریانخست کە مادەیەکی بێگیان هەیە لە شوێنی کارەکە بە شێوەیەکی نێگاتیف کاری کردۆتە سەر ئامێری رادیۆیەکە. ئینجا نەخشەی ئەو خانووەم هێنا کە کاری تێدا دەکەم‌و کەوتمە گەڕان بە دوای ئەو مادەیەداو دیتمەوە کەئەو پەیکەرەوێنەدارانە کەلە دووری مەترێکەوە لە رادیۆکەوە هەیە.داوام لێکرا منداڵێکی وڵاتی بەڵتیك بپشکنم، تەماشام کرد هەندێ شێواوی کێڵگەیی بەهێزو سەرەتای تووشبوونی نەخۆشبونی سەخت هەیەو، هۆی ئەمانەش سەرپێچییەکانی باوکی ئەم منداڵەیە کەپێش دووساڵ لەدایکبوونی منداڵەکە ئەنجامی داوون. لە دایکی منداڵەکەم پرسی ئاخۆ هەندێ رووداوی لە یاد ماوە کە لەگەڵ پەیکەری وێنەدار هاوپەیوەندن لەگەڵ یان پارچەو مادەکانی کلێساکە، هاتەوە یادی کەپێش لە دایکبوونی منداڵەکە بە دووساڵ مێردەکە پەیکەرە وێنەدارەکەی خستۆتە ناو باخەکەو لەوێ هەندێ خواردنەوەو مەی لە نزیکی بون‌و ئەم کارە لەسەر ئاستی وزەیی وادانراکە لە ئەنجامی کینەدا سووکایەتی کردنە بە مادەی بێگیان‌و





کاروبارەکانی یەزدانی. جالەبەرئەوەی ئەم کارە بەستراوەتەوە بە پێکهاتەی وزەیی لای باوکەکە، کوڕەکەش ئەم بەرنامەیەی لە باوکەکەوە بە میرات بۆ دەمێنێتەوەو ئەنجامەکانی فیزیکی لەسەر جەستەی بەدەردەکەون.هەرمادەیەکی بێگیان لەباری کێڵگەییەوە کاردەکاتە سەر مادەیەکی تر بە مرۆڤیشەوە، بەم گریمانە دەتوانرێ هۆی مردنی زووی ئەو کەسانە روونبکرێتەوە کە کارەکەیان لەگەڵ ئەم مادانە هاوپەیوەندە وەك پەیکەر تاشەکان‌و هونەرمەندان‌و وێنەکێشان.

لەلایەکی ترەوە ئێستا پرۆسەیەکی بازرگانی لە کاردایە بۆ فرۆشتنی شتومەکی کلێسە وەك مۆم‌و پەیکەرە وێنەدارەکان‌و هەندێ پارچەی تری ئایینی، نازانم لەبەر چی خزمەتی مەسیحییەت لەبیر دەکەین: ((.... سەید مەسیح چووە ناو ماڵی خوداو گشت فرۆشیارو کڕیارەکانی لێ دەرکردن....)) ئەوەشم تاقیکردەوە کە ئایا بازرگانی لە توانای کلێسەدا چی دەخوڵقێنێ.تەماشام کرد کلێسە لە خانەی خوا پەرستییەوە دەبێتە خانەی بازرگانی‌و، ئەمرۆش قەشەییەکان هەست ناکەن یان لەبەر هۆیەك لە هۆیەکان ناتوانن لە دژی ئەم پرۆسەیە راوەستن‌و بەرهەڵستیی بکەن. بەڵام بازرگانی وزەی پەرستگا دادەڕمێنێ.

شیکردنەوەی بیۆلۆژیی وزەیی ئاماژە بەوەی دەکات کەلە پێناو گێڕانەوەی کێڵگەی پەرستگادا پێویستە کاروباری بازرگانی بۆ دەرەوەی سنوری پەرستگا دوور بخرێتەوە.

رووداوێکی سەیریان لە کرونشتادت بۆ گێرامەوە، لەو شارەدا کلێسەیەکی نیوە رووخاو هەیە، خزمەتچییەکانی ئەم کلێسایە دەڵێن:

حکومەت چەند جارێك هەوڵی رووخاندنی داوەو چەند جار مادەی تەقینەوەی تێدا تەقێندراوەتەوە تەنانەت دیواری ماڵە دراوسێکان قڵیشاون بەڵام

ئەو کلێسایە خۆی ڕاگرتووە.پاش ماوەیەکی کورت سەرکردەی ئەم کردەوانە کە ئەفسەرێکی لاوی قۆزبوو مردووەو، پاش ئەویش ژنەکەی وکوڕەکەی زۆر چەرمەسەرییان بەسەر هاتووە.دوای چەند ساڵێك کوڕەکەی لە تەمەنی سی ساڵاندا لەناکاو بەبێ هیچ هۆیەك یان نەخۆشیەکی زانراو مردووە.بەمەش نەوەی ئەو ئەفسەرە کۆتایی پێهاتووە.سەیر لەوەدایە باوکەکەش کە هەوڵی تەقاندنەوەی کلێسایەکەی دا لە تەمەنی سی ساڵاندا مرد.

کەوتمە شیکردنەوەی ئەوەی چی بەسەر ئەم خێزانە هاتووەو بۆچی وا بە خێرایی لەناو چوون؟ هۆی ئەم زنجیرە ڕووداوە چییە؟ ئەمەی خوارەوەم بۆ دەرکەوت:

ئەو ئەفسەرە کاروباری تەقینەوەکەی سەرکردایەتی کرد وەك جێبەجێ کاری فرمانەکانی باڵا، بەڵام کاتێك کلێسا قایل نەبوو لە ڕووی هێزەکانی تەقاندنەوەدا خۆی ڕاگرت، ئەفسەرەکە هێزەکانی پتر دەکرد بەشێوازێکی هەڵچوون لەگەڵ بابەتەکە ڕەفتاری دەکرد.پێکدانێك لە نێوان ڕق وکینە بەرانبەر کلێساکەو بەرنامەی خۆشەویستیو یەکێتی کە بە بەرنامەی دەستدرێژی قایل نابێو بەربەستی دەکات ڕوویدا، لەبەر ئەوە بەرنامەی کاولکاری بە پێچەوانەوە بۆ ئەفسەرەکە گەڕایەوەو، لەبەر ئەوەی ژنەکەیو کوڕەکەی لەباری کێڵگەییەوە پێکەوە لەگەڵی یەکگرتووبوون هەموویان پێکەوە مردن.

یەکێك لە گەرۆکە ئەمریکییەکانی ئاسمانی دوور دوای سەردانەکەی بۆ مانگ قسەی کردو هەستی خۆی بۆ دەربڕیو گوتی هەموو گەردوون بەزەویشەوە یەکەیەکی یەکگرتووبوون.

لە کاتی سوورانەوەماندا لەناو شاری کرونشتادت بە نزیك خانوویەکی گرنگدا لە شەقامی لیتین تێپەڕبووین.بە تەماشاکردنی ئەم خانووە هەستم کرد





کەوتۆتە بەر داڕمان، ئینجا پشکنیم چۆن کاری تێدەکرێو کاردەکاتە سەرمرۆڤ، ئەنجامەکەش سەر سوڕهێنەربوو. هۆکارەکانی دەروونیو جەستەیی یەکجار نێگاتیف بوون، واتە درزبردنی ڕووکاری خانووەکە شێواندنی دیاریکراو لە پێکهاتە فیزیکییەکانی مرۆڤدا ئەنجام دەدا. ئەمە شایەتێکە کە ئێمە هەستی ویژدانی هارمۆنیامان لە دەست داوەو، لە ڕاستیی دنیا تێنەگەیشتین، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو پێکهاتانە دادەمەزرێنن کە بۆمان دەبنە مایەی زیانو ئازار. تۆژینەوەکانم ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەلە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ دا ئاڵوگۆڕی نێگەتیفی بەهێز لە پێکهاتەکانی زانیاریی وزەیی زەویدا ڕوویانداوەو، یەکێتیو چالاکبوونەوەی بەرنامەکانی داڕمان ڕوویانداوەو، ئێستا هەر بیرۆکەیەك یان هەڵچوونێکی نێگەتیفی سادە بە ڕێگەی بەرنامە نێگەتیفەکانی کێڵگەی زانیاریی لە زەویدا مەزن دەکرێن. مرۆڤەکانیش لەسەر ئاستی کێڵگەیی دابەشبوون بە دووبەشەوە:

بەشی یەکەم کە ئارەزووی لە خۆشەویستیو چاکەکردنەو،

بەشی دووەم دووچاری داڕمانێکی تیژو خێرابووە لە ڕۆحانییەت ومرۆڤایەتییەکەیداو هۆی ئەمەش ئەوەتە پێکهاتەکانی کێڵگەیی بیۆلۆژی پڕبوون لە بەرنامەی نێگاتیف.

# بەشی پێنجەم

## ئەدەب وهونەرو پێکهاتەکانی لای مرۆڤ

مرۆڤ پێکرادەلکێو بە گشت شتەکانی دەوروبەری کاریان تێدەکاو کاری تێدەکرێ: بۆشایی، کەلوپەلو ئامێرەکانی ناومالّ، کتێبەکان، فلیمەکانی سینەمایی، شانۆگەرییەکانو هەموو ئەو شتانەی کێڵگەی زانیارییان هەیەو لەگەلّ پێکهاتە کێڵگەییەکانی لای مرۆڤدا پێکڕادەلکێن.

بەپێی پشکنینو تاقیکردنەوەکان دەتوانین پلەوجۆری ئەم کارتێکردنانە دیاری بکەین، جا ئەگەر کتێبو فلیمەکان رەگەزی دەستدرێژییان تێدا بێ ئەوا دەبنە هۆی روودانی شێواوی لە پێکهاتە کێڵگەییەکانی لای مرۆڤداو ئاسانیشە پێشبینی ئەنجامەکانیان بکرێت.

لە مانگی ئابی سالّی ١٩٤٥ ەوە تا ئێستا مەزنکردنو پتەوکردنی دەستدرێژیی ویژدانی لە پێکهاتە زانیارییەکانی زەویدا بەردەوامن.سەرچاوە ستراتیژییەکانی رۆحانییەت تا ئاستێکی گەورە کەم بوونەتەوەو ئێستا هەرەشەی وشکبونمان لێ دەکەن، بەلاّم ژیان بە شێوەیەکی رۆژانە بەشی نوێ لە دەستدرێژیی ویژدانی پتر دەکەن.

ئاستی دەستدرێژی بە شێوەیەکی دیارو سەرنجدراو لە هونەرە شێوە جۆربەجۆرەکانی رۆژئاوادا بەرزدەبێتەوە، بەتایبەتی کە لە سەر باوەڕەکانی پێشبڕکێو تەرخانکردنی هێزە مادی ومرۆییەکان دامەزراون.کاتێکیش ئەم تەوژمە بێکۆتاییەی فلیمەکانی سینەماو ڤیدیۆ بەبێ هیچ چاودێریو یان دەسەلاّت بەسەردابوونێك هەلّدەرژێنە ناو ولاّتەکەمانەوە، پرۆسەی کارکردنە سەر ویژدانی مرۆڤ لە سنوری دەسەلاّتگیریو چاودێریدا نەماوەتەوە.





تەنانەت بەرنامەکانی منداڵان دەردەکەونو هەر لە یەکەم تەماشاوە بە دیاردەکەون کە زۆر بەیان پڕن لە بەرنامەی تۆقاندنو زۆرداریو دەستدرێژی کردنە سەر ئابرۆ کە ئەمەش لە چەپکە نەرم وشلو وردەکەدا مەترسییەکە چەند هێندە پتر دەکات. ئەو زانیارییانەش کە ئەنجامی هەلّچوونی پۆزەتیڤن بێ گیروگرفت دەچنە ناو ویژدانەوە بۆ کاتێکی درێژ لەناو ناخیدا دەپارێزرێتو، لەبەرئەوەش کە ویژدان بە چەشنێکی سەربەخۆ کاردەکات لە خۆڕا ئەو زانیارییانە بە چەندایەتییەکی بێسنور وەردەگرێت.

بۆ هەلّسەنگاندنی کارتێکردن هەندێ لە فلیمە رۆژئاواییو رووسیەکان لەسەر مرۆڤ هۆکارە بنچینەییەکان بەکاردێنن: ئاستی دەستدرێژیی هەستیاریو ویژدانی، لەمەوبەریش باسمان کرد بەهای هۆکاری دەستدرێژیی ویژدانی لای هەر مرۆڤێك پێویستە پۆزەتیڤ بێت.دەشزانین کە کارە ئەدەبییەکان لای داهێنەران هەمیشە تەزویەکی مرۆڤانەیان تێدایەو ئاستێکی دەستدرێژیی ویژدانی زۆر نزمیان هەیە. هەر ئەمەشە بۆ نمونە لە کارەکانی (پوشکین) دا سەرنجی دەدەین.

بابگەڕێینەوە بۆ هونەر، خۆم فلیمە کارتۆنیە بەناوبانگەکەی ((تۆمو جێری)) م تاقیکردەوەو تەماشامکرد هۆکاری دەستدرێژیی هەستیاری تێدانییە، لە کاتێکدا ڕێژەی هۆکاری دەستدرێژیی ویژدانی دەگاتە پتر لە(٠/٠٨٠). پاشان فلیمی ((بەفری سپیو حەوت دێوەکە)) م تاقیکردەوە دیتم هۆکاری دەستدرێژی هەستیاری دەگاتە(٠/٠٤٠) لە کاتێکدا هۆکاری دەستدرێژیی ویژدانی(٠/٠٦٠) بوو. ئەم فلیمانە بەڕێگەی چاکەیەکی دەرەوە دلّڕەقییەکی ناوخۆیی دەگەیەنێتە ویژدان، پاش بینینی ئەم جۆرە فلیمانە ئاستی دەستدرێژیی ویژدانی لای منداڵ بەرز دەبێتەوەو چەند جارێك زیاد دەکات. بە داخەوە منداڵان لە کاتی ئێستاماندا دەستیان کردووە بە هەلّگرتنی باری گرانی سەرپێچییە یاساییەکان،

ئەمەش مانای وایە ئەم دارِمانە لای منداڵان لە تەمەنی دوو یان سێ ساڵانەوە دەست پێدەکاتو ئەمەش دەبێتە مایەی تێکدانی کەسایەتی منداڵەکەو دواجار توانای ژیانی نامێنێت.

جا ئیتر بۆچی بەم هونەرە تێکدەرە ژیانی منداڵ ئاڵۆزو بارگرانو ماندوبکەین؟

با هەندێ فلیمی تر بپشکنین کەلەم دواییەدا سینەماکانو شاشەی تەلەفزیۆنەکانیان پڕ کردوە، فلیمی ((زلوشکا)) هۆکاری دەستدرێژیی هەستیاری هێندە تێدایە دەگاتە(٠/٠٥٠) هەروا هۆکاری دەستدرێژیی ویژدانی دەکاتە(٠/٠٢٠). بەڵام فلیمی ((کیژە دیلەکەی قەفقاس)) هۆکاری دەستدرێژیی هەستیاری دەکاتە(٠/٠١٦٠)و هۆکاری دەستدرێژیی ویژدانی دەگاتە(٠/٠١٨٠)، لە کاتێکدا فلیمی ((بەڵام.....چاوەڕوانبە)) هۆکاری دەستدرێژیی هەستیاریی دەکاتە (٠/٠٢٠)و، هۆکاری دەستدرێژیی ویژدانی دەکاتە(٠/٠١٢٠)،و فلیمی ((ڕۆژی سپی لە بیاباندا)) هۆکاری دەستدرێژیی هەستیاریی هێندەی فلیمی ((...ڕوبلاوەکان)) کە هۆکاری دەستدرێژیی هەستیاری دەکاتە(٠/٠٢٠) ئەمەیە تێدادەژینو زۆر نمونەی تریشمان لەلایە هەموو ئەمانەش پێی دەڵێن هونەر.

دوای تۆژینەوەی ئاستی دەستدرێژیی ویژدانی لای کۆمەڵە خەڵکی جۆربەجۆر، بەوانەشەوە کەبەرپرسی حکومینو، نوێنەرانی سیاسینو، بەناوبانگی گۆرانیو کارمەندانی هونەری نواندنن.جارێکی تریش ئاسەواری گوێ پێنەدانم بە سیستەمی دیسپلینی خودیی کێڵگەییەوە بینیەوە.ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەو کەسەی لەسەر تەختەی شانۆ رادەوەستێ کارکردنێکی بەهێز دەکاتە سەرویژدانی بینەر یان گوێگر. لەبەر ئەوەیە کارکردنو پێکرالکان لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکی گەورە تەنیا بۆ ئەوانە دەرفەتی دەبێ کە ئاستێکی نەبوو یان هەیە بۆ دەستدرێژیی ویژدانیو هەرلەو کاتەشدا ئاستی خۆشەویستیو





لێبوردنیان مەزنترەو ئەگەر وانەبێ کارەکەیان زیانێکی گەورەی دەبێ بۆ پێکهاتەکانی رۆحییانو، گشت ئەستێرەکانی شانۆو سینەماو تەلەفزیۆن لە وڵاتەکەماندا ئاستێکی نزمی دەستدرێژییان هەیەو لەمەشدا کەسی دەگمەن نییە. تەنانەت بە

تەنیا بەرزبوونەوەیەکی کەمی ئەم ئاستە دەبێتە هۆی ونبوونی تواناو بەهرەداریو، تووشبونی لە ناکاوی نەخۆشیو دەرچوون لەسەر تەختەی شانۆ بە هۆی رووداوێکی دڵتەزێنەوە، یان سەرسامیو پەسەند کردنی هونەرمەندەکە لەلایەن خەڵکەوە کەمدەبێتەوەو دەگاتە نزمترین ئاست.

لەبەر ئەوە شارەزا بوونی بەرز لە دنیای هونەرو گۆرانیدا، پێویستە وێرای کۆمەڵێك خاسییەتی شارەزابوونی چلۆنایەتی، کۆمەڵێکی تریش خاسیەتی مرۆڤپەروەریی لە پاڵدابێت، وەك چاکیو خۆشەویستیو رەوشتی بەرز، هەروا پێویستە بێکۆڵدانو هەمیشە کاربکرێ بۆ پەرە پێدانی ئەو خاسیەتانەو سەنگین کردنیان لە دەروونیدا.لە سەرەتادا وا پێدەچێ ئەم کارە سەیرو نامۆ بێ، بەڵام ئەم میکانیزمە لە زۆر دەمێکەوە لە دنیای سیاسەتدا لە کاردایەو، ئەو سیاسەتمەدارەی ئاستێکی بەرزی دەستدرێژیی ویژدانی هەبێ هیچ پرۆژەیەکی بۆ ئایندە پێ نییەو، لێرەدا قۆزێتیو قسەزانیو بەهێزی کەسایەتی لە پلەی دووەمیندا دێن.

مەترسیترین کاری دەستدرێژیی ویژدانی بۆ سەر لاوان دەبێ بە تایبەتی ئەو ژنانەیان کە دووگیانن،چونکە رۆحی دایکەکە دەبێتە جەستەی کۆرپەلەکە.چەند دەستدرێژییەکە قووڵتر بێت ئەوەندەش مەترسی زۆرتر دەبێ.ئەو ئافرەتەی کە بە هەستیاریی خۆیی لەسەر هێزی زۆر لێکردنو دەستدرێژیی سێکس بڕیاردەدا زیانێکی زۆر کەمی بۆ خۆی دەبێ کەلە ٠/٠٢ پتر نابێ، بەڵام ئەگەر پاش ساڵێك یان دوو ساڵ منداڵێکی بوو شێواوی بارودۆخی دەروونی لەوانەیە بگاتە ٠/٠٨٠

لەبەرئەوەی جەستەی منداڵەکە بیرڕای دایکەکە دادەڕێژێ.

ئەم چەشنە تێگەیشتنانەش لە دێرزەمانەوە لای گەلان هەبووە، لە چاخی لە دایکبوونی سەید مەسیحدا ئافرەتی سکپڕ دەبرانە پێشانگەو ئاهەنگێڕانو دەوروپشتیان بەشتی جوان دەتەنراو، بە مۆسیقاو بە خۆشەویستی پێشوازی دەکرا. لە گوندەکانی رووسیادا وازانرابوو کە دایکی دووگیان چی ببینێو بیر لە چی بکاتەوەو بە باشبزانێ زۆر کاردەکاتە سەر منداڵە هاتووەکەی، لەبەرئەوە هەوڵیاندەدا لە گشت هەڵچونێك بە دووری بگرنو تەنانەت لە تەماشای وەك چاومۆڕ کردنەوەو، بەڵام با ئێستا خانمی دووگیانی ئەم چەرخە بێنینە بەرچاو، کە ناچاردەکرێ بۆ کارکردن بڕواتو چەندان سەعات لە ریزی شت کڕینی ڕۆژانەدا رابوەستێو سەرکەوێتە ناو هۆیەکانی گواستنەوەی قەڵەباڵغو، یان ئەوەی تەماشاکردنی فلیمێکی بیبانی ڕۆژئاوایی پێ خۆشە.....

ئێمە زۆر بە سادەیی دەڕوانینە میکانیزمی KARMA، هەموو کات ناتوانین بە تەواویی پرۆسەی دیسپلینی خۆبەخۆی کێڵگەیی ببینین، چەندێك ئەم پرۆسەیە وردو ئاڵۆزە هێندەش جاروبار لێڵە. پێویستە رەفتارو رەوشتی ئێستای مرۆڤەکان ئەنجامو بەرهەمی تێگەیشتنێکی قووڵی جیهانو یاسایە باڵاکانی بن. بارگرانییەکەش لە پێویستی فێربوونی چۆنیەتی پێك گەیاندنی تێگەیشتنە دژەکانەوە دێت: ئایدیالیزمو ماتریالیزم، ئاینو زانیاری لۆژیكو ناکاو، رۆحانییەتی باڵاو ژیانی بە کردەوە، خۆشەویستی هەمیشەیی جیهانو خەڵكو هەڵچوونەکانی ڕۆژانە.

پێکڕالکانو کارلێککردنی نێوان خەڵکەکان لە کاتی ئێستاماندا گۆڕدراوە بۆ پرۆسەیەکی دوور لە دیسپلینو دەسەڵات بەسەردابوونو هونەریش لەمەدا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە.

هەرلە ناوەندی سەدەی رابوردووەوە کاتێك پەرەسەندنی ئینتیباعی





کارتێکردنو جۆرەها هونەری تر دەستیان بەپەرەسەندن کردو ئاڕاستەکراون بۆ دواندنی ویژدان پاراستنی لە هاتنە ژوورەوەی دەستدرێژکارانە زۆر تر ئاڵۆزبووە. زۆربەی تابلۆیەکان پاراستنیان لە چوونە ژوورەوەی دەستدرێژکارانە زۆرتر ئاڵۆزبووە. زۆربەی تابلۆ هونەرییەکانی هونەرمەندانی رۆژئاوا خاوەنی رۆحانییەتێکی نزمو ئاستێکی بەرزتری دەستدرێژیی ویژدانین. نمونەی ئەم تابلۆیە هونەرییانە پێکهاتەکانی بیۆکێڵگەیی دەشێوێننو دەبنە هۆی زیانو ئازار بۆ خەڵك. هەروا لە هەندێ پێشانگادا تابلۆی وا دەبینرێ کە وزە لە خەڵکی دەمژێ، لەبەر ئەوە خەڵکەکە دەبینی پاش بینینی ئەم پێشانگایانە دەردەچنو شەکەتو ماندون، بێ ئەوەی هۆی ئەو ماندو بونە بزانن.

لە راستیدا دۆزینەوەیەکی چاوەڕواننەکراو بوو کەلە پێشانگای تابلۆکانی ڕێورەسمی نەمساوییدا بۆ م دەرکەوت، لەو پێشانگایەدا کە بەهاری رابوردو رێکخرا. هەندێ لە کارەکانم شیکردەوەو زۆر سەرسام بووم کە هێزی کارتێکردنی پۆزەتیڤم لەسەر بایەخدارتر هۆکاری مرۆڤ دیت: پڕ لە خۆشەویستی بوو لەگەڵ بۆشایی هاوپەیوەندبوو. لە پێش تابلۆیەکدا راوەستام کە هیچ شێوەی مادەیەکی دیاریکراوی لەسەر دەرنەکەوت، تەنیا لە خاڵو هێڵو پەڵەی جۆربەجۆر پێکهاتبوو، بەنزیکبوونەوەم لەم تابلۆیە هەستم کرد پێکڕالکانی هەیەو کارلێدەکاتو کاری تێدەکرێ بە من بۆیە زۆرتر لێی نزیك بوومەوەو گەیشتمە ناو کێڵگەی زانیارییەکەی، هەست کردنم سەیرو سەمەرە بوو: پێوانەکان لە دەورم گۆڕدرانو باروودۆخی نیشانەی جادوگەریو ناراستی دەرکەوتن. هۆکارەکانی تابلۆیەکە لە کاتی تاقیکردنەوەدا زۆر مەزن بەدەرکەوتن: دەروونو رۆح لە ئاستێکی زۆر باڵادانو پڕاوپڕی خۆشەویستینو ئاستی دەستدرێژیی ویژدانیو هەستیاری زۆر نزمن.

ئەم تابلۆیە نابێتە هۆی هیچ پەیوەستێکی هەستیاریو بە وزە مرۆڤەکان

چارەسەر دەکاتو، بە تەواوی وەك بونەوەرێکی زیندوو زانیاریی دەداتیو لەگەڵیدا پێکرالکان ئەنجام دەدا.پاش تەماشاکردنی پێشانگاکە هەوڵمدا بە وێنەکان چارەسەری خەڵك بکەم ولە بەهێزیی کارلێکردنەکەی سەرسام بووم. تابلۆکان بەبوونی پێکهاتەکانی کێڵگەیی چالاك دەتوانن هارمۆنیای رۆحو تەندروستیو چارەنووسو تەنانەت بۆشایی دەوروبەری بکەن.پەیکەری وێنەدار کەلە لایەن مرۆڤێکی رۆحانیەوە نوسراوە دەتوانێ مرۆڤ بەرەو یەزدان ئاراستەبکاتو چارەسەریشی بکاتو بیپارێزێت.دەبێ تابلۆیە نوێیەکان بەتەواوی وەك پەیکەرە وێنەدارەکان رەسم بکرێن.خەمو خەفەتی رۆحی مەزن کە لە رووسیاداو لە دەیان ساڵانی ئازاردانی زۆردارانەدا کەڵەکە بوون ئێستا بە فەرامۆشی دەڕۆن، جا ئەگەر تابلۆیەکان لەسەر نەخشەی وزەیی لەو درەختانە بچن کە خاوەنی رەگو ریشەی گەورەو مەزنبن، کە هەمیشە ئاووخۆراکی دەداتیو، درەختەکە هەرچەند بەرزبێتەوە تابلۆ نوێیەکان ئەمڕۆ ناکرێ لە شتێك بچویندرێن جگە لەو دەوەندە لاوازانە نەبێ کەلە نزیك گۆمو زەلکاوەکانەوە هەڵدەچن.

دەتوانرێ بەداهێنانی هەندێ تابلۆ کە ئاراستەی ویژدان کراونو پڕاوپڕن لە خۆشەویستی هەندێ وێنەی زیندوو پەیدا بکرێن کە دەتوانن بەهێزێك کاربکەنە سەر دنیای رۆح سەدان جار لە هێزی کارتێکردنی مرۆڤ پتر بێتو، دواجار ئەو پێداویستانەی لە داواکاری هونەر چاوەڕوان دەکرێن.ئەمیش دیسان بە سەدان جار پترە لە چاو دنیای ناوخۆییو رەفتارو پەرەسەندنەکەی. هەوڵدانی هەندێ لە هونەرمەندان بۆ پێکهێنانو داڕشتنی رەسمی کەسایەتییەکی شێتانەبوو چونکە ئەوان وا لە کەسایەتی گشتی گەیشتبوون کە تەنیا کەسایەتییەکی فیزیکییە.جەستەمان هاوپەیوەندە بە بارودۆخی رۆحەوە، لەبەر ئەوە دەشێ هەندێ لە تابلۆیەکان کە پڕ بن لە رۆحانیەتو خۆشەویستی





چارەسەری نەخۆشەکان بکەن.

بە شیکردنەوەی ڕێگەکانی پەرەسەندنو گێڕانەوەی رۆح هەندێك تاقیکردنەوەم لە بارەی هەندێ وڵاتەوە کردو ئەمەش لە پێناو دیاریکردنی توانای رۆحانییەتەکەیو، پێکرالکانو کارلێکردنی ئاڵو گۆڕی نێوان هەردوو تێگەیشتنی ئەدەبو شارستانیم تاقیکردنەوە.ئەدەب مانای رێگا دۆزینەوەیە بۆ ئەو کاروبارانەی هەموان یەکدەخەنو، لە ئەنجامی ئاواتو ئاراستەدا بۆ یەکێتی بۆ کاروبارەکانی خودایی وەك هێمایەکی یەکێتی باڵا پەیدا دەبێ. تەنیا دوا یەکێتی دەکرێ ماتریالیزمو یان ئەوەی پێی دەڵێن شارستانی دابەش بێت.هەر ئەدەبە چاکردنەوەو نوێکردنەوەی رۆحانی بەردەوام لای گەلان دیاریدەکات، بەڵام شارستانی بۆ چاکردنەوەو نوێکردنەوەی فیزیکی کاردەکات، هەر ئەدەبیشە شارستانی دروست دەکات، کەلە قۆناغی نەفیکردنو داڕمانی ئەدەبدا دەست پێدەکات. جا بۆ ئەوەی پرۆسەکە بەردەوام بێت دەبێ کەڵەکە بوونی بەهاکانی رۆحی بەردەوام بێتو، پێویستە لە کۆمەڵدا پێکهاتەی ئەوتۆ هەبن کەبەرژەوەندی مادیو فیزیکی بدەنە دواوەو رەفز بکەنو هێزێکی شاردراوەلە پێناو بوژاندنەوەی ئەدەبێکی نوێدا ئامادە بکەن. ئێستاش تەنیا کەمێك ماوە بۆ روودانی چاکردنەوەو نوێکردنەوەی رۆحی.

هۆکارە گرنگەکانی هەردوو تێگەیشتنی ئەدەبو شارستانی لە گۆشە نیگای وزەوە دەبینین، ئەدەب شارەزای هۆکارگەلێکە وەك: دەستدرێژیی هەستیاری بە ڕێژەی – ٠/٠١٠و دەستدرێژیی ویژدانی بە ڕێژەی – ٠/٠٢١٠، بەڵام تێگەیشتنی شارستانی ڕێژەی هۆکاری دەستدرێژیی هەستارییەکەی دەگاتە ٠/٠٥٠. لە کاتێکدا ڕێژەی هۆکاری دەستدرێژیی ویژدانی دەگاتە -٠/٠٥٠٠ ئەمەش مانای وایە ئەدەب بەرەو پێکهێنانو داڕشتنی شارستانی ئاراستەکراوەو رەگەزەکانی داڕمانیشی هەڵگرتووە. هۆکارەکانی هەندێ وڵاتم تاقیکردەوە لە پێناو دیاریکردنی

بوونەکەی لە پەرەسەندنی ئەدەبو شارستانیدا، پرۆسەی هەڵسەنگاندنەکەم تەنیا بەپێی هۆکارەکانی دەستدرێژیی ئەنجامداوەو، تەماشامکرد بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

ئەڵمانیا: هۆکاری دەستدرێژیی هەستیاری ‎-۰/۰۵۰۵‎و هۆکاری دەستدرێژیی ویژدانی ‎۰/۰۵۰‎، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: هەستیاری ‎۰/۰۵۰‎و ویژدانی ‎۰/۰۲۰‎، ژاپۆن: هەستیاری ‎۰/۰٤۰‎و ویژدانی ‎۰/۰۲۰‎، رووسیا: هەستیاری ‎۰/۰۱۸۰‎، ویژدانی ‎۰/۰۱۲۰‎. بەشیکردنەوەی ئەم ژمارانە دەشێ بگوترێ ئەڵمانیا لە ڕیزی پێشەوەی وڵاتاندایە لە باری تێگەیشتنی شارستانییەوەو، بەڵام ئەمریکای خاوەن بەهێزترین شارستانی لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا پێویستی بە کارێکی گەورە هەیە لەپێناو کەمکردنەوەی ئاستی دەستدرێژیی ویژدانیو درێژە پێدانی پەرەسەندن، بەڵام لە ژاپۆن ئەدەب لەگەڵ شارستانیدایەو پێکەوە لە پێناوی ئایندەدا هێزی شاردراوە دەپارێزن، بەڵام لە رووسیادا کە ئێستا شارستانی نییە بەڵام ئەدەبێکی ناوخۆیی هەیە هێزیکی شاردراوەی زۆر لە پێناو پەرەسەندندا هەیە.ئابەم شیکردنەوەیە لای من پێشبینی زۆر لە ئەستێرە گرەوەکان روونبۆوە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە پرۆسەی رزگارکردن لە رووسیاوە دەست پێدەکات.

# بەشی شەشەم

## شەیتانێتی مانای چییە؟

ئەمڕۆ لێتێگەیشتنی راستی لەوەی پێنج هەزارساڵ لەمەوبەر جیاوازە. ئاڵوگۆڕەکانی دنیا بە خێراییەکی جیاواز روودەداتو پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی بەردەوام هەیەو، تێنەگەیشتن لەیاسایەکانی جیهانو سەرپێچی کردنیان دەبنە هۆی شێواندنو دارمان لە پێکهاتەکانی کێڵگەییداو، بەرنامەی نێگاتیڤی بەهێز پێکدەهێنێ کەبە چەشنێکی خودی لە پێکهاتەکانی کێڵگەیی زانیاری لای مرۆڤدا دەژین.

کاتی ئێستاش دەتوانرێ تۆژینەوەی تێگەیشتنی شەیتانێتی کەلە ئاینە جۆربەجۆرەکاندا هەیە بکرێو، لە بارەی وزەییەوەو بە یارمەتی پرۆسەکانی تاقیکردنەوەی هەستو دواوەیهەستی میتافیزیکی شیبکرێتەوە.

ئێمە ئێستاکە دەزانین کە بیروباوەڕی مرۆڤ سیستەمێکی زانیاری پێکدەهێنێو چەندایەتییەکی گەورەی بەرنامە پۆزەتیڤو نێگاتیڤەکانی گرتۆتە خۆ. بەرنامەکانی دارمانو شەڕ لە کێڵگەی زانیارییەکاندا وەك جەستەیەکی سەربەخۆی سەربە یاسای دیاریکراو هەیە.

بەڵام، بەکام شێوە بەرنامەکانی دارمانم ناسیو دەستم بە کارکردن لەگەڵیاندا کرد؟ تۆژینەوەو شیکردنەوەی پێکهاتەکان ئاماژە دەکەن کەلە ناو کێڵگەی زانیاریی مرۆڤدا بەرنامەی بە کۆمەڵی بەهێزو سەربەخۆی خۆ دارمان هەن کە بە درێژایی ساڵانی زۆر لە لایەن مرۆڤەوە داڕێژراون.ئەم بەرنامانە وەك نەخۆشی کار دەکەن وبەهەستیاری مرۆڤ زۆر کاریان لێناکرێتو، دەتوانن خۆ بە خۆ لەکێڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر بگوێزرێنەوەو پشتگیریلەدەستە بەشی





ناوەندیی بەرنامەکانی مرۆڤایەتیەوە وەربگرنو، ئەم بەرنامانەش هەر بە بەستەڵۆکیو بێلایەنی دەمێننەوە تا هەلومەرجی گونجاو بۆ چالاکبوونیان بەدەر دەکەونو، ئەو کاتە مرۆڤ هەڵچوونە نێگاتیڤەکان دەخاتە کار، یان کاتی بەدیارکەوتنی پێویستی بۆ داماڵینی ئەم بەرنامەیە لەکاتی پرۆسەی چارکردندا پرۆسەی چالاککردنەوەی ئەم بەرنامەیە بەخێرایی دەست پێدەکاتو، ئەوجا کارکردن لە پێکهاتەکانی زانیاریی وردا دەست پێدەکات. مرۆڤی ئەندامی وەهای نییە چاودێریی ئەم پرۆسانە بکات، لەبەر ئەمەیە کارکردن بەبێ ئاڵوگۆڕ درێژەی هەیە. دەشتوانرێت ناوی نەخۆشیی یان ڤایرۆسی لێبنرێت.

- بەڵام ڤایرۆسی داڕوخان بەچالاکیو زیندویی دەست بە هاتنە ژوورەوەی خۆی دەکاتو بەرنامەکانی مرۆڤ داگیر دەکات. کاتێکیش جەستە سەرپێچی یاساکانی باڵا دەکاتو، لە ڕێگەی پەرەسەندنی هەڵچوونی لاڕێ دەکەوێ.لەناو پێکهاتەکانی وزەییدا تووشی لەرێ لادان دەبێت. پاراستنی دەستدەکەوێو دەبێتە قوربانییەکی ئاسانی ڤایرۆسێك کە پرۆسەکانی سیستەمی سزادان دەبڕێ. سزادانەکەش بەشێوەی جۆربەجۆر دەردەکەونو، بۆ پرۆسەکانی ژاراوی بوونو ڤایرۆسەکان لە دایکبوون روودەداتو پێکهاتەی تازەیان لێوە دروست دەبن. مرۆڤایەتی دەست بە لەرێ لادانو دوورکەوتنەوە لە ڕێگەی راست دەکات (ڕێگای راست یەکێتی یە لەگەڵ گەردوندا) سزادانەکەشی بە چالاکبوونەوەی بەرنامە نێگاتیڤەکانە، ئەو بەرنامانەی لە پێکهاتە رۆحانییە باڵاکاندا زۆر دەبنو لە دایك دەبنو کاربۆ دارمانیان دەکەن. جالەبەر ئەوەی جەستەو رۆح بریتین لە سیستەمێکی زانیاریی وزەیی، بۆیە تووشبوون یەکەمجار لەسەر ئاستی پێکهاتە رۆحانییەکان دەست پێدەکاتو، رۆحی مرۆڤ دادەڕمێنێو پاشان دەگاتە دارمانی جەستەو، بەرنامەکانی خۆ دارماندن دەتوانن یەکێتیو بونیان هەبێ لەسەر شێوەی پێکهاتەی سەربەخۆ لەگەڵ توانای بەردەوامبوون بۆ دەیان ساڵ لەناو

کێڵگەی هاوبەشی مرۆڤایەتیداو، هەوڵدەدات بچێتە ناو دەروونەوە تا مرۆڤ لە ئاستی رەفتاردا چالاکیان بکاتەوە.ئەم بەرنامانە کاری چلۆنایەتی ڤایرۆس دەکەن کەلە سەرەتادا یەك شانەی جیابووەوە دەبڕیٚو پاشان دەست بە زۆر بوونو لە دایکبوون دەکات تا بتوانیٚ تەواوی جەستە وێران بکات. ڤایرۆسی زانیاری کەلە ئاستی کێڵگەیی رۆحانی مرۆڤایەتیدایە شەیتانە، ئەو شەیتانەی کەلە ئینجیلدا باس کراوە. جا ئەگەر مرۆڤ بەپێی ڕیٚوشوێنی پەرەسەندن نەڕۆیشتو، دەستبەرداری یاساکانی پەرەسەندنی گەردوون بوو، ئەوا بێگومان دەبێتە قوربانیی ئەو ڤایرۆسە، کە هەمیشە چاوەڕوانی هەڵەکانمانە.بەڵام ئایا ئەم ڤایرۆسە بە چ ڕێگەیەك کارتێدەکات؟ پرۆسەی پەرەسەندنەکەی چۆن دەست پێدەکات؟ دەبیٚ دان بەوەدا بنێین کە ئەمە یەکجار مەترسیدارە. چونکە هەڵەکانمان دەیانتوانی بگەڕێنەوەو بکەونە سەرشانی خۆمو ئەو دەستەیەی کارم لە تەکدا کردوون. ئەمەش لە شیکردنەوەی نەخۆشی جۆربەجۆردا کە ئەنجامم داوە بەدەرکەوتوونو، پێکهاتەکانی کێڵگەییم شیکردۆتەوە.سەرنجی ئەوەشم داوە کە لە ساڵی (١٩٨٧) ەوە پرۆسەی چالاکبوونی بەرنامە نێگاتیڤەکان دەستی پێکردووە. جا ئەگەر لە کۆندا سەرپێچی یاساکان بە یەکێك لە شێوەکان لە شێواندنی پێکهاتەکانەوە دیاری دەکران، قەبارەی ئەم شێواندنانە دوای ساڵی (١٩٨٧) پتر بوونو، سزای سەختو دڵرەقانەتر لەسەر هەمان تاوانەکان بە دەرکەوتن.بەڵام ئاخۆ سزای زۆرتر چی دەگەیەنێت؟ ئەگەر مرۆڤ کردارێکی نێگاتیڤی دەرهەق خۆی یان بەرانبەر کەسێکی تر ئەنجامدا ئەم کارە دەسپێکی دارمانی مرۆڤ دەبیٚ. بە چەشنێکی تیژ هێزی کارتێکردنی گشت بیروڕایە نێگاتیڤەکانو، ئەو بیروڕایانەی رووەو شەڕو دەستدرێژی ئاراستەن زیادیان کردووە. لەبەرئەوەش کە بیرۆکە بە یەکێتیەکی زانیاری دادەنریٚ تازە دەبێتەوە ئەگەر چی لە پێکهاتەدا باش یان خراپ بێت، ئینجا لە سیستەمی زانیاریدا بە





دەردەکەوێت. لەم شەش ساڵەی دوایدا پرۆسەی چالاکبوونی پێکهاتەکان کە بۆ دارمانی کێڵگەی زانیاریی مرۆڤ دەستپێکرد. ئەم پێکهاتانە بە شێوازێکی زۆر سەیر بەرێوە دەڕۆن. هەوڵدەدەن پێکهاتەی کێڵگەیی سەرەتایی دارمێنن کە کاردەکەن بۆ ڕێگەگرتن لە دارمانی فیزیکی جەستە. ئەگەر مرۆڤ لە رووی رەفتارەوە هەوڵیدا رۆحانییەتی خۆی بپارێزیٚ کارتێکردنەکە بەرەو دارمانی جەستەی فیزیایی وەردەگەرێت.مرۆڤەکە بەردەوام نەخۆش دەکەوێت، لەبەرئەوە نەخۆشیە تیژەکان بە شێوەی هەمیشەیی بە شەڕو ڕقو کینە دانانرێن چونکە دارمانی پێکهاتە رۆحانییەکان پارێزگاری دەکات. لەلایەکی ترەوە نەخۆشی بە ئەنجامی دارمانی پێکهاتە رۆحییەکان دادەنرێتو، لە پاشدا دارمانی جەستەی فیزیایی بەدوادا دێت. ئەمەش یەکەمین بارودۆخە کە هەستم پێکردو لە مانای بەرنامەی دارمان تێگەیشتم.

دەستم دایە شیکردنەوەی هۆی گۆڕانی لاوێکی باشو نەرم کە بە شێوەیەکی لە ناکاو دەستدرێژییەکی بەهێزی بۆ سەر دۆستەکەی پیشاندا.شیکردنەوەی هۆیەکە دەریخست کە ڕۆڵی گرنگ لەم رەفتارەدا باوکەکە یاریدەکات. بەرنامەی وێرانکاری لە کێڵگەی باوکەکەدا هەیەو باوکەکە ئەم بەرنامەیەی چالاك کردو دایە کوڕەکەی کەلە سەر ئاستی رەفتارجێبەجێی بکات. بە تۆژینەوەی ئەم بارودۆخە کارەکەم بە کۆتا گەیاند. پاش کاتژمێرێك لە کاتێکدا لە شارەکەدا پیاسەم دەکرد هەستم بە هێرشێکی نادیارکرد، هەستم دەکرد کە یەکێك دەستی داوەتە دارێكو دەیجولێنیٚو مێشکم لە سەرمدا تێکەڵ دەکات، هەموو شت لە بەرچاومدا رژاو تووشی لاوازبونێکی بیٚ زەوەربووم. هەستێکی فیزیایی کەمن هەمو لە جل شۆرێکدا بە خێراییەکی سەیر دەسوڕێمەوە. چرکە دوای چرکە بارودۆخم خراپتر بوو. ئینجا هەستم کرد کە توانای رۆیشتنم نەماوە، لە سەر کورسییەکی نزیکی سەر ڕێگاکە دانیشتمو، بۆ ماوەی پانزە خولەك خەو

بردمییەوەو، پاش هەستانم بارودۆخەکە زۆر باشتر نەبوو، هەستم کرد وەك من لە ناو ڕۆندا دەجولێمەوە.زۆر گران بوو بتوانم بڕۆم‌و، هەستم بە هێزی گرژبوونەوە لە پشتمدا کرد هەروەك قورساییەکی گەورە لەسەر پشتم هەڵگرم. ئەم بارودۆخە بە هۆی هێرشی وزەوەبوو کەلە باوکی ئەو لاوەوە کرایە سەرم. کاتێك ناسیمەوە لەگەڵ کێڵگەکەیدا چوومە پەیوەندییەوە دەستی کردە هێرش بردن بۆ سەرم، هەرچەندە بەوەی نەدەزانی بەلام توانای وێرانکاری کەلە ویژدانیدا یە بە چالاکی کەوتە کارو بەرنامەی وێرانکاری کە لە کێڵگەی باوکەکەوە گەیشتە کێڵگەی کوڕەکەی توانی کار لە دژی ئەو کەسە خۆی‌و دژی کەسانی تر بکات، ئەمەش لەسەر ئاستی فیزیکی راستەقینە. تاقە ڕێگەی رزگار بوون لەم بارودۆخە بە کارتێکردنە سەر ئەم پێکهاتە دەستدرێژکارییەبوو. جا لەبەر ئەوەی پێکهاتەی دارمان هەوڵدەدا سەرپێچی یاساکان بکات بەرانبەر مافی خەڵك‌و ببێتە هۆی ئازارو دارمانی خۆشەویستی، گشت ئەو سەر پێچیانەم شیکردەوە کە لەلایەن باوکەکەو. باب‌و باپیرانییەوە کرابوون‌و پاشان شێواندنەکانی کێڵگەیی کە ئەنجامی ئەوەبوون راستم کردنەوەو تەنیا پاش ئەوە هێرشە کە راوەستا. بەتەواوی ئەوەشم بۆ دەرکەوت کە کاتی پەیوەندی کردن لەگەڵ بەرنامە نێگاتیڤەکاندا هێرشێکیدەستدرێژکارانە بۆ سەر کێڵگەی وزەیش ڕوودەدات وێڕای بۆ سەر کێڵگەی زانیاری.

ئەی شەڕ مانای چییە؟

شەڕ ئەو ناتەواوییەیە کە گشتمان دووچاری بووین، تاوان یان گوناهێکە بەڵام لەناو هەلومەرجێکی جیاوازدا کە دەشێ مانای جیاواز لە خۆ بگرێ. ئەی جیاوازییەکە لە کوێوە دێت؟ شەر لە گۆشە نیگای کاری میکانیزمی KARMA وە بریتییە لە وێرانکاری‌و دارمان، بەڵام خێر داهێنان‌و دروستکرنە، بەڵام پەرەسەندنی نوێ هەمیشە لە ڕێگەی هارین‌و دارمانی کۆنەوە ڕوودەدات‌و،





داهێنان هەمیشە لەگەڵ دارمان هاوپەیوەندە، بەڵام دارمان لە داهێناندا پێویستە لە ژێر پرۆسەی چاودێرییەکی وردابێت. بەم شێوەیە شەڕ چاکسازییەکی بێ چاودێرییە. جا ئەگەر لە بنچینەی دارماندا شتێك لە رۆحانیەت هەبێ، ئەوا ئەم پرۆسەی دارمانە دەبێتە بلیمەتی‌و داهێنان، بەڵام کاتێك رۆح بەتەواوی لە بنچینەدا کۆتایی دێت، ئەو کاتە پرۆسەی دارمان لە چوار چێوەی چاودێری دەردەچێ. لەبەرئەوە شارستانییەکان کە رۆحانییەتیان لە دەست دەدەن خۆیان‌و هەموو شتەکانی دەروپشتیان لە دەست دەدەن.

کاتێك تەماشای تەلەفزیۆنم دەکرد گوێم لەم برگەیە بوو:

((شەڕ ڕۆژێك لە رۆژان لە باری سێکسییەوە بەم شێوەیە نەبووە)) ئەم برگەیە بەشێك بوو لە پروپاگەندەی یەکێك لە فلیمە ئەمریکییەکان، بەڵام ئەمە هەمووی مانای چییە؟ زانیارییە

دەستکەوتووەکان ناکەونە بەر هیچ چاودێرییەك‌و دوا دەکەون. جا ئەگەر ئاستی دەستدرێژی گەیشتە ئەم پلەیە ئەوا گەمارۆدانی بە هۆی سیستەمی دیسپلینی خۆییەوە دێتە دی بەڵام لەسەر حیسابی ئەوەی ژنەکە تووشی نەزۆکی دەبێت، یان دەمرێت یان نەخۆشکەوتنی تیژی منداڵەکان، ئەم میکانیزمە بەشێوەی هەمیشەیی لە کاردایە‌و هەندێ جار درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە تووشبوونی چەند نەوەیەك، لەم کاتەی ئێستاشدا خێرایی گشت پرۆسەکانی ژیانی‌و رۆتینی‌و پێکراڵکان تا سنورێك خێرابووە کە خستنە کاری سیستەمی دیسپلینی خۆیی دوادەخات‌و بێ کارتێکردن دەهێڵێتەوە، کەڵەکە بوونی دەستدرێژی لە مرۆڤداو لە پێکهاتەکانی زانیاریی بەمیراتماوە هێشتا هەردرێژەی هەیە.

هۆکارەکانی تاوان‌و ناچارکردن‌و دەستدرێژیی سێکسی لە هونەری جیهاندا بە تایبەتی لە هونەری ئەمریکاییدا روو لە زۆر بوونەو، لەم ساڵانەی دواییدا

هەندێ خولیا سەریان هەڵدا داوا دەکەن تاوانەکانو دەستدرێژی کردنە سەر لەگەڵ سێکس لێك نزیکبنەوە.چی لەگەڵ ئەو مرۆڤەدا روو دەدا کە فلیمێك دەبینێ تاوانکاریو دەستدرێژیی سێکس وێنە دەگرێو پشتگیری دەکات؟ هۆکارەکانی دەستدرێژکارییو ویژدانیان رادەماڵدرێو لە چوارچێوەی دەسەڵاتگیریو کۆنترۆڵ دەردەچێو وای لێدێت مرۆڤ دەکەوێتە ژێر رەحمەتی حەزو ئارەزووەکانییەوە. کاتێکی کەم لەمەوبەر پشکنێکی سەیرم ئەنجامدا.قسە لەسەر دێڵە سەگێك بوو کە دووچاری ئاستێکی بەرزی دەستدرێژی هاتبوو، یەکێك ئامۆژگاری خاوەنی سەگەکەی کردبوو کە مادە بێهۆشکەرەکانی بداتێ، پاش وەرگرتنی جۆرە حەشیشەیەك ئیتر دیاردەی دەستدرێژی لە رەفتاریدا نەماو بۆماوەیەکی درێژ باشو هێمن بوو. پاش چەند مانگێك ئەم دێڵە سەگە چەند توتکێکی بوو.....بەڵام تاوانێکی سەیری ئەنجامدا، هەموو توتکەکانی خۆی خواردو، خاوەنەکەی ناچاربوو بیکوژێت.

ئەم رووداوەم شیکردەوە تەماشام کرد لای ئەم دێڵە سەگەو لە ناوچەی سەریدا ناوەندێکی دەستدرێژیی گەورە هەیەو بە هۆی ئاستی بەرزی دەستدرێژیی هەستیاری خاوەن ماڵەکەوە داڕێژراوە. ئەم ناوەندە دەستدرێژییە پاش خواردنی مادە بێهۆشکەرەکان گواستراوەتەوەبۆ چینە نەرمەکانو بە خێرایی دووهێندەو چەند جاربووە لە کێڵگەکەیدا. زنجیرەی ئەو پتر بوونەی دەستدرێژی پەرەیسەندووەو بەڵام سەرچاوەکە هەروەك خۆی ماوەتەوە.

رۆژێکیان دوای چاری نەخۆشی یەکەمو، دووەمو، سێیەم هەستم کرد بەرنامە نێگاتیڤەکان چالاك دەبنو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی ناوەندێکی دەستدرێژکارانە لە کێڵگەی مرۆڤایەتیدا کەلە سەر سەرپێچییەکانی یاسایەکانی باڵا لەلایەن خەڵکەوە دەژی. بڕیارمدا ئەوە بپشکنم کە ئایا مرۆڤایەتی لەشێکی یەکگرتووی بۆ سەرپێچی یاساکان هەیە، هەر کە هەوڵمدا بچمە ناو ئەم ئاستەوە





کەوتمە بەر هێرشێکی توندوتیژ. دەستم کردە گەڕان بە دوای سەرچاوەی ئەم هێرشەدا، من وا راهاتووم کەبە رێگەی پشکنین لە دوورەوە ئەو کەسە دەدۆزمەوەو، ئەو جالە پێکهاتەکانی کێڵگەیی دەکۆڵمەوەو، هۆیەکان شیدەکەمەوەو، پاشان دەکەومە پرۆسەی راستکردنەوەو، هێرشەکە دادەماڵم. بەڵام لێرەدا تێگەیشتم کەسێکی دیاریکراونییە،بەڵکو بەرنامەیەکی فراوانی دەستدرێژکاری هەیە. کاتێك هەوڵمدا لە گۆشە نیگای مرۆڤایەتییەوە دەست بە پشکنین بکەمو، چۆن بتوانم یارمەتی بدەم بەرگرییەکی توند دەستی پێکردو کەوتمە بەر هێرشێك کە سەرچاوەکەی بەرنامەیەکی دەستدرێژیی ناوەندی بوو. هەر ئەمەشە من ناوم ناوە شەیتان، ئینجا هۆکارەکانیم تاقیکردنەوە:

تەماشامکرد دەستدرێژی هەستیاری دەکاتە -٠/٠٢١٥و دەستدرێژی ویژدانی دەکاتە -٠/٠١٠ ئەمەش مانای وایە ژیری توانای چەسپاندنی ئەم بەرنامەیەی نییەو، سەرنجیش نادرێ بەڵام مەزنێتییەکەی لەسەر ئاستی ویژدانییە. سەرنجیشمدا کاتێکی درێژە بەرگریی نەخۆشییەکە هەیەو، پزیشکەمیللییەکان لە کۆندا باسی نمونەی ئەم حاڵەتەیان کردووە، گوتویانە: ((پێویستە شەڕی رۆح دەربکرێ)) رۆحی شەڕخواز لە گۆشە نیگای وزەوە بەبەرنامەی داڕمان دادەنرێ، مرۆڤەکان کە پێچەوانەی یاساکانی باڵان لە کێڵگەکەیاندا بەرنامەی وێرانکاری لەسەر ئاستی جۆربەجۆر دەخەنە کار، بەوی فیزیکیشەوە، پزیشکی میللی کە زانیاریی ویژدانی لەم بارەیەوە هەیە دەتوانێ پێکهاتەکانی کێڵگەیی لای مرۆڤ راست بکاتەوە، بەڵام بێ ئەوەی میکانیزمی ئەم کارە تێبگات. کاتێك جادوگەران وفریو دەران بە کەسێك دەڵێن بە جۆرێکی ناراست دەجوڵێتەوەو لەبەرئەوە رۆحە شەرخوازەکان چوونەتە دەروونییەوە ئەوانە بەمە تەندروستی مرۆڤ لەگەڵ پێویستی پارێزگاریی یاساکانی رەفتارو رەوشت پێکەوە دەبەستنەوە.

کاتێك لەسەر ئاستە وردەکان کاردەکەمو دەگەمە نەخۆشییەکە دەبینم وەك

بوونەوەرێکی زیندوو دەجوڵێتەوە، بە چالاکی بەرگری دەکاتو پاشان هێرشم بۆ دەهێنێ. منیش خۆم دەپارێزمو، زۆرانێك لە نێوان نەخۆشییەکەو چارەکاردا روودەدات، وادیارە زۆر لە چارەکارەکانی خاوەن ئاستی بەرز هەست بەوە دەکەن. نەخۆشی پارچەیەك پیسایی نییە کە بتوانرێ دەرکێشرێو بۆ دوور فڕێ بدرێ، بەڵکو بونەوەرێکی زیندوی دەستدرێژ کارێکی بە تینە، جا ئەگەر چارەکار هۆی نەخۆشییەکەی نەدۆزێتەوە تا بە شێوەیەکی راست دەست بە چارەسەربکات ئەوا دەکەوێتە بەردەم دووشتەوە: یەکەمیان کە چارەسەری نەخۆشەکە نەکات.دووەمیان نەخۆشییەکە لێوەوەربگرێت.بەرنامەی داڕمانەکەی کە بۆتە هۆی نەخۆشییەکە.وەربگرێت.نەخۆشیی مرۆڤایەتی لە نەخشەی کێڵگەییدا دەست بەکاردەبێت – واتە ئەوەی پێی دەگوترێ شەیتانی – بەشێوەیەکی جەستەدار پتر لەوەی لەسەر ئاستی فیزیکی دەردەکەوێ.

بەرگری بەرنامە نێگاتیڤەکان بەرێگەی جۆربەجۆر دەردەکەوێ، ئەم رووداوەی خوارەوە ئاستی هێزو مەترسیی ئەم رێگایە دەردەخات.لەگەڵ پەیامنێری یەکێك لە گۆڤارەکان لەسەر بابەتی وزەی بیۆلۆژی قسەم دەکرد، قسەکەمان گەیشتە باسی شەیتانو هۆکارەکانی شەیتانی، کلێسا لەو باوەڕەدایە هۆی بەرز بوونەوەی رێژەی تاوان بەم شێوەترسناکە دەگەڕێتەوە بۆ شەیتان لەبەر کردن لە مرۆڤدا، بەوەرگێڕانی ئەم برگەیە بۆ سەر زمانی وزەی بیۆلۆژی بەم شێوەیەی خوارەوەی لێدێت: بەهۆی چالاکبوونی هەمیشەیی بیروڕای تاوانو دەستدرێژی سێکسی لای خەڵك، ئەم بیرو رایانە پێدەگەنو دەگواسترێنەوە بۆ ئاستی جێبەجێ کردن بەپێی بەرنامە نێگاتیڤە کەڵەکە بوەکان لای مرۆڤایەتیو پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێن بۆ تاوانکردن بەبێ هۆیەکان. دەستم بە باسکردنی ئەم میکانیزمە بۆ پەیامنێرە رۆژنامەگەرییەکە کردو هەندێ رستەی تریشم لەسەر زیاد کرد.... مەسەلەکە لەوەدایە کە پێویستە رەفتاری رەوشتبەرزی لە گشت





بوارەکاندا بپارێزری، تەنانەت لەبە کارهێنانی زانیارییەکاندا.کاتی خۆی هەندێ برگەم گوت کە لە توانایاندایە ئازار بۆ هەندێ خوێنەر هەڵگرن کە بۆ ئەوە ئامادەنین، چونکە ئەو برگانە بۆ تێگەیشتن گرانن. کاتێك ئەوەم هەست پێکرد داوام لێکرد ئەوەی لە دوو خولەکی دواییدا لەسەر ئامێرەکە تۆماری کردبوو بیکوژێنێتەوە، ئامێری تۆمارکردنەکەمان بۆ دواوە گێڕایەوەو نزیکەی هەموو شتەکانمان سڕیەوە، جگە لە برگەی سەرەتا. ئینجا پرۆسەی سڕینەوەمان جارێکی تر دووبارەکردەوەو هەرتەنیا ئەو برگەیە مایەوە.تاقیکردنەوەکەمان چەند جارێك دووبارەکردەوە بەڵام بێ ئەنجام بوو، نزیکەی دەخولەکمان لە تۆمارکردنەکە سڕییەوە، بەڵام ئەم برگەیە هەروەك خۆی مایەوە، باری سەرنجەکە زۆر سەیر بوو من یەکەم جار بوو لەگەڵ دیاردەیەکی وا رووبەڕوو ببمەوە. لە کۆتاییدا بڕیارمدا کارتێکردنی وزەیی خۆم بۆ نەهێشتنی ئەو رستەیە بەکاربێنم.

بەشیکردنەوەی ئەو بارودۆخە زانیم کە بەرنامەیەکی وێرانکار لە کێڵگەی بیۆلۆژیمدا هەیە، زۆر بەتوندی بەرگریی پرۆسەی وێرانکاری لەسەر ئاستی فیزیکی کردووە، لە راستیدا ئەمە یەکێکە لە مەسەلە نارۆشنەکان بەڵام لە راستیدا لەگەڵ من روویدا.واتە ئەو مەترسیەی ناویان ناوە شەیتان لە خودی مرۆڤدا هەیە، نەك لەکەسێکی تردا.

لە کێڵگەی هەر مرۆڤێکدا هەرچەندە باشو نمونەییو بە رەفتاربێ بەرنامەیەکی وێرانکاری هەیەو، زۆر زەحمەتە ئەم بەرنامەیە بەرێ وشوێنی ئاسایی بدۆزرێتەوە، پەرەشدەستێنێو، وەك ((ڤایرۆس)) پێکهاتە نەرمەکان داگیر دەکات، تووشی دەروون دەبێو دەیشێوێنێت.بەپێی زانیارییەکان ئێستا دەستم بە پرۆسەی داڕشتنەوەی بەرنامە وێرانکارییەکانی مرۆڤایەتی کرد، ئاستی وزەی رۆحو دەروون لای مرۆڤ لە کاتی ئێستادا زۆر بەرزە. گوناهکردنو خراپەکاری

نابنە کۆسپی بەردەوامبوونی هەستی باشی فیزیکی، بەڵام نەخۆشییەکان پاش چەند ساڵێك دەردەکەون، هەروا دارمانی رۆحی هەرەشە لە منداڵانو نەوەکان دەکات.مرۆڤ هەست بە گوناهێکی گچکە ناکاتو ناشزانێ تا چ رادەیەك مەترسیدارە، بەڵام بەرنامەی وێرانکاری کە لەم مرۆڤەدا هەیە بە چەشنێکی سەربەخۆ پەرە دەستێنێو، دەشێ ئەو هەلومەرجەش بێتە پێشەوە کە لە خۆڕا بیخاتە کار.

ویژدانمان لە کاتی ئێستادا خاوەن سروشتێکی دەستدرێژکارانەیە، من درەنگ لە ڕێگەی بەراوردەوە لەگەڵ رابوردودا لەمە تێگەیشتمو کەوتمە گەڕان بە دوای هۆیەکەیدا. بۆم دەرکەوت کە دەستدرێژکاری ئەگەر لە رابوردودا هەوڵی دابێ لە ڕێگەی دڵرەقییەوە لە ئاستی تاواندا خۆی دەربخات، ئەوا ئێستا یەکەمجار وەك سەرنج نەدراو دێتە بەرچاو، شتەکانی ژیانی ڕۆژانەمان وەك ماڵی خۆشو، فلیمەکانی ((تۆمو جێری)) کە دەستدرێژکاریی ویژدانییان بەرزەو لە شێوەی مرۆڤدا بەرجەستە دەبێ، ئەمرۆ بەهێزترو چالاکترەو هەرخۆیەتی کە بۆ داڕشتنی بەرنامەی خۆ وێرانکاری لای مرۆڤ کاردەکات.

خاسیەتەکانی پیشەیی وەك ژیریو تواناکان لای مرۆڤ گرنگترین نینو، خواستی شارەزابوونی شارەزایی پیشەیی بە تەنیا بەبێ هەوڵدانی پەرەسەندنی رۆحی، دەشێببێتە داڕمانی چارەنووس، هەوڵدان بۆ فێربونی تواناکان بەبێ تێگەیشتنی یاساکانی باڵاو، یاساکانی پەرەسەندنی رەفتاربە جۆرێکی تایبەتی لە خۆکوژی دادەنرێ لە وزەی بیۆلۆژیدا. ئەم چەشنە خولیایانەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆڵەکانمان ببنە خاوەن توانای وزەیی گەورەتر، بەڵام هێزەکانیان بەس نییە بۆ بەرکارهێنانی ئەم توانایە بە شێوەیەکی راست.هێزەکە دەردەچێتە دەرەوەی قەوارەی دەسەڵاتگیری بە بڕیارێکی سادە: ((سبەینێ دەبمە پزیشکێکو پیاو چاکێك لە سبەینێدا)) لاوێکیشم ناسی کە چارەنووس ناچاری کردبوو ئەوە





تێبگاتو هەست پێبکات کە هێز بەبێ رەفتار مانای چییە؟

لەگەڵ کۆمەڵێك شارەزایان بووم لە بواری هەستو دواوەی هەستی میتافیزکی کەوتبووینە پرۆسەی دەستنیشانکردن لە دوورەوە بۆ ئەو دەریاوانانەی لە پانتایی دەریادا بوون لە سەر روبەری کەشتیەکە، لە کاتی ماوەی حەسانەوەدا پیاوێك هاتەلامو داوای لێکردم یارمەتی کوڕە کەی بدەم، منیش بریارمدا.

لاوێکی گچکە کە هێشتا بیستو دووساڵی تێپەڕ نەکردبوو، رەنگی زەرد هەڵگەڕابوو سەرنجیشی وشك هەڵگەڕابوو. ئەم لاوە پێش ئەمە چەند جارێك بە ڕێگەی لێدانی ئۆنسلین چارەسەری کرابوو بەڵام حاڵەتەکەی بێ گۆڕدران مابۆوە، هۆیەکەشی لای پزیشکەکان نەزانرابوو. لە منداڵەکەم پرسی کە باسی خۆی بکات، گوتی:

- لە منداڵیدا سەرنجمدا کە توانام هەیە پێشبینی هەندێ رووداو بکەمو هەوڵمدامەشقو کاربکەم بۆ پەرەپێدانی ئەم توانایە. پاشان لە ماوەی بونم بە سەربازدا ئەم توانایەم زۆر پەرەیان سەند، وام لێهات بیروڕای خەڵکی بخوێنمەوە وکاربکەمە سەر خواستیان. جارێکیان لە کاتێکدا لە نۆرەی پاسەوانیمدا لەسەر تەختی پاسەوانی راوەستابووم هەندێك کەسم دی هەوڵیاندەدا بەسەر شورایەکەدا هەڵگەڕێنو دابەزنە شوێنێکی قەدەغەکراو، ئەوەم بەبیردا هات کەلە رووی هۆشەوە فەرمانی کەوتنیان پێبدەم، یەکەمین پیاویان لە شورایەکەوە کەوتە خوارەوە. یان لە بیرم دێ چۆن پیاوێك بەبەردەممدا دەڕۆیشتو قاپو قاچاغی هەڵگرتبوو، لەرووی هۆشەوە فەرمانم پێکرد بکەوێت، لە دڵی خۆمدا گوتم:

((بکەوە)) لەو چرکەیەدا کابرا کەوتو قاپو قاچاغەکان کە هەڵی گرتبوون شکان. هەروا سەرنجمدا ئەو کەسانەی لەگەڵمدا دەدوان هێشتا پرسیارەکەیان

تەواو نەکردبوو من وەڵامم دەدانەوە. تەنانەت توانیم تەماشای هەور بکەم کەچی پەرتوبڵاوبوو ڕەوایەوە. هۆکارەکانی دەستدرێژیی لای ئەم لاوەم پشکنیو تەماشام کرد مەزنە. سەیرم کرد تەواوی ئامۆژگارییەکانی وزەیی بە کردەوە بەرەو وێرانیو تێکدەری ئاراستەکراون.

لاوەکە لەسەر قسەکانی دەڕواتو دەڵێ:

- سەرنجم دا تواناکانم هەمیشە ئاراستەن بۆ ئازاردانو وێرانی. ئامۆژگارییان کردم سەردانی کڵێسە بکەم بە ئامانجی لە ئاو هەڵکێشان (تعميد). هەستم بە خەمۆکیو ئازارێکی زۆر کرد، ئەم حاڵەتە دژوارەم بۆ چەند ڕۆژێك درێژەی دا پاشان گەڕامەوە بۆ لای ئەو قەشەیەی تەعمیدی کردمو پێمگوت من زۆر ئازار دەکێشم. هەروەك بمرم وایە. قەشە ئامۆژگاریی کردم کەلە کاتی نوستندا ئینجیل بخەمە ژێر سەرم. بەڵام بۆ سبەینێ حاڵەتم خراپتر بوو، هەروەك سەرم لە نێوان هەردوولای مەنگەنەیەکدا بێت، کاتێکیش لەسەر ئامۆژگاریی قەشەکە دەستم بە خوێندنەوەی نزاو ڕووکردنە خودا کرد پەنجەرەو دەرگاکانی ماڵەکەم خستە سەر پشتو باران لە شەقامەکە دەستی بە بارین کردو، پاش چەند مانگێك لە ئازار چەشتن سەرئەنجامم گەیشتە نەخۆشخانەی نەخۆشییە دەروونیەکان ئایا دەتوانرێ یارمەتی کوڕەکەم بدرێ؟

- باوکی گەنجەکە پرسیاری کرد. باوکەکەم لەگەڵ خۆم بردە ژوورەکەی تەنیشتو لەوێ بۆم ڕوونکردەوە کە هۆی نەخۆشیی کوڕەکەی وا لە سەرەتایەکەدا، لێمپرسی:

- ئایا هاوسەرەکەت دەتوانێ ئامادەبێت؟

- بێگومان، دوای دوو ڕۆژ لێرە دەبێت.

ئەوەتە ئێستا لەگەڵ خانمێکی ماندوئازار چەشتوو قسەو باس دەکەم. خانمەکە دایکی ئەو لاوەیە.





- گیروگرفتو مەسەلەکانی منداڵەکە تائاستێکی زۆر بە ڕێبازە هەڵەکانتو بە شێواندنە باوەڕییەکانت دیاری دەکرێن. دەکرێ منداڵەکەت ناوبنرێ جادوگەریی ڕەش، لە هێڵەکانی باوکی توانای وزەیی گەورەی دەستکەوتووەو لە خۆشتەوە حەسوودیو ڕقو کینەی لە خەڵك دەستکەوتووە. بەڵام، بۆچی لە کاتی سکپڕیتدا زۆر ڕقت لە مێردەکەت دەبووەوە؟

- چونکە مرۆڤێکی دڵڕەقە، هەمیشە هەوڵی دەدا دڵگیرو توڕەم بکات.هەروا توانای گەورەی خەولێخستنی هەیە ناسراویشە کەلە رابوردودا باپیری جادوگەربووە.

- هەر زانیارییەك لەسەر ئاستی کێڵگەیی پێویستە لە ژێر چاودێریی ڕەفتاردا بێتو ئەگەر ئەوەش ڕووی نەدا ئەوە پێگەیشتنی تواناکانی ئاراستەکانی مرۆڤ هەڵدەوەشێنێتەوە، هەر ئەمەش بەسەر باوکت هاتووە. ئۆتۆمبیل خێراییەکەی پتر دەبێو، شۆفێرەکەش بەرەبەرە خەوتن دوای دەخات، جا چ ئەنجامێك دەکرێ لەم گەشتە چاوەڕوان بکرێ، جگە لە کارەسات؟ توانایەکانی ناوخۆیی کە لە باوکەکەوە دەستکەوتوون هەستکردنی تۆی بە سوکایەتیو بێزاری قوڵترو پتەوتر کردووە، لای باوکەکەش بە شێوەی ئاسایی سەرلەنوێ تەشغیر کردنەوەی کێڵگەکە ڕوویداوەو بەڵام وەرگەڕاوە بە دەزگایەکی وێرانکار. جا ئەگەر لە کۆندا سزادان دوا دەخراو، دوور نییە بۆ ژیانی ئایندە، چونکە تەنیا بۆ چەند ساڵێك کورت دەکرایەوە.چەند ساڵێك لەمەوبەر کاتێك بە بەکارهێنانی دەستەکانم چارم دەکرد وبەبێ تەماشای هۆیەکانی نەخۆشییەکە هەوڵمدا منداڵێکی بەو مەمکانە چاربکەم کە تەمەنی لە سێ مانگ تێپەڕی نەکردبوو، دەمویست چاری لەو توشبوونە بکەم کە هیچ ئەنتی بیوتیکێك کاری تێنەکرد. چووم لە کڵێسا لە پێناوی تەندروستی ئەودا مۆمێکم داگیرساند، پاش چەند خولەکێك لە دانانی ئەم مۆمە (وەکو لە دواییدا ئاگاداریان کردم)

منداڵەکە لە هۆشی خۆی چووبوو، بەو هۆیەوە بردبوویان بۆ خەستەخانەی فریاکەوتنی بە پەلەو سەرپەرشتیی چالاکانە. ئەمەش یەکێك بوو لە حاڵەتەکانی شفرەدارکردنی نێگاتیڤانەی وزەی منداڵەکە، دایکەکەشی سەرنجی دابوو کە ئەم منداڵە ئەگەرلە کەسێك بێزاربێ ئەوە بە زۆری دەبێتە هۆی مردنی ئەو کەسە.

- پێداگرتن لەسەر کینەو بێزاری بۆتە هۆی سەرلە نوێ شفرەدارکردنەوەی کێڵگەی منداڵەکەو، کاتێکیش میکانیزمی کوشتن لەگەڵ توانای کلێسەدا پێکدادران هێندەی نەمابوو منداڵەکە ژیانی خۆی لە دەست بدات.هەر ئەو حاڵەتەش لەگەڵ کوڕەکەی تۆ روویداوە – ئەوەم بۆ خانمی دایکی منداڵەکە روونکردەوە. لەسەرت پێویستە بەشیکردنەوەیەکی گشت باروودۆخێکی خراپەو ڕقو کینەکە تووشی بوویت باس بکەیت، بە تایبەتی لە کاتی سکپڕبووندا.لە رووی بیریشەوە لە یەزدان نزیك بیتەوەو داوای لێبوردنی لێبکەیت، پاشان دەبێ لە هەموو ئەوانە خۆش بیت کە خراپەیان بەرانبەر کردویت، هەروا داوای لێبوردن لە هەموو ئەوانە بکە کە لە ژیانتدا خراپەت بەرانبەر کردوون. هەروا پێویستە هاوسەرەکەشت هەمان شت بکات.

پاش دوو ڕۆژ دایكو باوکی منداڵەکە باسی ئەو باشبوونەیان بۆ کردم کەلە سەر میزاجی ئەو منداڵە دەرکەوتو هیوایان بە چاکبونەوەی کەوتە روو.

جارێکی تریش ئەوەم لادووپات بۆوە کە پێویستە ئاستی رۆحانییەت هەمیشە باڵاتر بێت لە ئاستی توانایەکانی مرۆڤ.

مرۆڤ لە کاتی ئێستاماندا ناتوانی بە چەشنێکی راستەقینە ناوەرۆکی ویژدان ببینێ، بەڵام پرۆسەی رۆچوون پێیدا لەم بوارە ئاڵۆزو مەترسیدارەدا، بە دوور لە ئاستی رەفتاری رەوشتانە روودەدا، بەڵکو بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایی لە سەر ئاستی بەرنامەکانی پسپۆران لە بواری هەستو دواوەی هەستی





میتافیزیکیدا لەوانەی خاوەن ریز بەندییەکی جیهانین. ویژدان بوارێکی گرنگو یەکجارمەترسیدارە، بواری رەفتارێکی رەوشتبەرزانەیەو ئێمە، لەسەر ئاستی کێڵگەیی یەکگرتووینو، هەر سەرپێچییەك بە شێوەیەکی میکانیزم بەرەو رووی سەرپێچیکەر ئاوەژوو دەبێتەوە. مەترسیی گوێ نەدان بە مەسەلەکانی رەفتارو مەسەلە رەوشتییەکانی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە خەڵکی لە کاتی ئێستادا زۆر بە هێز خوازیاری مەسەلەکانی هەستیارینو، دەیانبینی بەو هۆیەوە بوونەتە قووربانیی بەرنامەکانی خۆ وێرانکردن.

دەستم کرد بە تاقیکردنەوەی کارتێکردنی جادوگەرانو فریو بازان. ئەوانە چۆن کاردەکەن؟ وا دەرکەوت کە ئەگەر جادوگەر بیەوێت زیانو ئازار بە قوربانییەکەی بگەیەنێت پێویستە یەکەمجار پاراستنی لێدەرکێشێت. باشترین پاراستنی مرۆڤیش یەکێتییەکەیەتی لەگەڵ گەردوون، کاتێك لە گەردون دەبین سەنگەرمان بەهێز دەبێت.دەتوانرێ بەبڕینی ئەم پەیوەندییە پاراستنەکە دەرکێشرێت، ئەمەش کاتێك دەبێ کە سەرپێچییە یاساییەکانی مرۆڤ بەکاربهێندرێ. بەڵام ئاخۆ ئەمە چۆن روودەدات؟ با وادابنێین کەسەر پێچییەکانم هەیە KARMA: جائەگەر باوکمو دایکم ڕقو کینەیان لە یەکێك بوو یان خراپەیان بەرانبەرکرد، ئەمە مانای وایە دەستبەرداری خۆشەویستیو گەردون بوون. ئەم سەرپێچییانە لە پێکهاتەکانی کێڵگەیی زانیاریمدا هێزدار دەبنو، مەزنو پتەو دەبنو، جائەگەر لە کۆندا بە کردەوە کاریان لە کردارەکانم نەکردبێ ئەوا ئێستا بە دەستکەوتنی ئەم هێزە بە چالاکی کار بۆ دیاریکردنی رەفتارم دەکەن. دەست بە سەر پێچیی یاساکان دەکەمو، پرۆسەی زۆر لێکردن دەستدرێژیی زەوتکاری روودەدات، توندی پەیوەندی لەگەڵ بۆشایی کەم دەبێتەوە – ئەوەتا من باسی چارکردنی داهاتووم دەکەم. بەرنامەکانی کاولکاری زۆر بە بلیمەتیو زیرەکی دەجوڵێنەوەو دەبنە مایەی چالاکیەکی گەورەی ئەو

بەرنامە نێگاتیڤانەی لە کێڵگەی مرۆڤدان کاتێك مرۆڤ هەوڵدەدا بێتە پاڵ یەکێتیو خۆشەویستیو پاراستنی یاسا باڵاکان پێگەیشتنێکی رۆحانی خێرای لەلا دەست پێدەکاتو، هارمۆنیای پێکهاتەکانی کێڵگەیی روودەدات. هەرئەمەش پاراستنو بەرگریو تەندروستییەتیو دوارۆژی بەختیاری رۆڵەکانو نەوەکانێتی. بەڵام ئەگەر مرۆڤ دەستدرێژکارو. منمنیو کینە لە دڵ بێ بەوە دەبێتە خاوەنی بەرنامەیەك بۆ روخاندنو پێشەکی لە شوێنێکی ناو کێڵگەیدا نیشتەجێ دەبێو ئەمەش دەبێتە هۆی روودانی سەرپێچی زۆر لە خاسیتە رۆحانییەکانیداو سەرلە نوێ لە دایکبوونەوەی. هەروەك کلێسا دەڵێ ئەگەر مرۆڤ پەنا نەباتە بەریەزدان دەڕوا بۆلای شەیتان. لەبەر ئەوەی هەرکارێك یان کردەوەیەك لە کردەوەکانمان لە ئاستی زانیاریدا، کاردەکاتە سەر رەفتاری رەوشتیمانو چارەنووسمان لە گەردووونداو وروژاندنی پرۆسەی پەرەسەندنو گەورەبوونی بەرنامەی وێرانی. لەبەر ئەوە هەرکردارێك دەشێ کاربکاتە سەر چارەنووسمان. هەربیرۆکەیەکی رەفتاری رەوشتیی لە قەدەغەکردنی کەڵەکە بوونی نێگاتیڤدا KARMA چڕ دەبێتەوە، کە بە گەیشتنە سنورێکی دیاریکراو لە چرکەیەکدا، گورج دەبێتەوەو دەست بە دارمانی خۆمانو رۆڵەکانمان دەکات.

دایكو باوکی منداڵێك کە تەمەنی لە ساڵ ونیوێك تێپەڕی نەکردبوو هاتنەلام، حاڵی منداڵەکە ئاڵۆزبوو، پرۆسەی پەرەسەندنی راوەستابوو، هۆیەکەم پشکنی لە کوشتنی خۆشەویستیدا دیتمەوە. دایكو باوکەکە پێش چەند ساڵێك لە هاتنە دنیای منداڵەکە خۆشەویستیان لە یەکتریدا کوشتبوو، ئەمانەش سەرپێچیکردنی پێکهاتەکانی کێڵگەینو، بەوردی ئاڕاستە کراون بۆ داڕشتنەوەی بەرنامەیەك کە بە شێوەیەکی میکانیزم گواستراوەتەوە بۆ کیڵگەی منداڵەکە. ئیتر پێکهاتەکانی کێڵگەیی تا ئاستی دارمان شێواون. جەستەش بەرگریی ئەمە بە نەخۆشیی زۆر سەخت دەکات.جا ئەگەر پزیشکی فێری چاری جەستە بوو،





پرکێشیی ئەوەی کرد لەسەر ئاستی فیزیکی نەخۆشییەکە داماڵێ. ئەوا دەکرێ چاوەڕوانی ژیاندنەوەی تەواوی مرۆڤایەتی بکرێت، چونکە ژمارەی کەسە زیندووەکان کە بۆ داروخانی کەسانی تر هەن زۆر بەرز بۆتەوە.مەسەلەکەش لە پێویستی دەستبەرداربوونی چارکردندا نییە، ئەگەر وابوایە لە ئایندەدا پێشبینییەکانی ((ئیستراداموس)) دەهاتنە دی:

((لە کۆتایی هەزارەی دووەمدا کەسانی شەیتان بەدەردەکەون، ئامانجی ژیانیان داڕماندنی کەسانی ترە)) ژمارەی ئەو کەسانەی دووچاری نەخۆشی دەروونیو دەماری مێشك بوون لەم ساڵانەی دواییدا لە شاری ((پیتر سبورگ))دا زۆر زیادی کردووە، واتە سیستەمی بەربەستی ئێستاکە لە رێگەی خراپبونی باری دەرونیو داڕمانی جەستەی فیزیکییەوە کەوتۆتەکار. بەڵام پزیشکی بەبێ تێگەیشتن لە هۆیەکانی نەخۆشییەکان، لەو باوەڕەدام کە لە گیروگرفتەکانی فیزیکی رزگاری دەبێ بەبێ بیرکردنەوەی لە هێزە شەڕ خوازەکان کەلەوەوە پەیدا دەبنو کارلە ئازادیو خواستی مرۆڤ دەکەن.

هەڵسوڕان لەگەڵ منداڵێکی ئاوهادا لەسەر ئاستی کێڵگەیی دەشێ مەترسیداربێ، بەڵام وێڕایی ئەوەش دەستبەکاربووموو، لەلایەن ئەو منداڵە گچکەیەوە کەلە باوەشی دایکیدا هەڵگیرابوو کەوتمە بەر هێرشێکی وزەیی بە ویژدانی خۆی پەلاماری دام. تەماشام کرد پێکهاتە شێواوە خوارەکانی روو لە کێڵگەکەم دەکەن. بەرنامەی وێرانکاری بە شێوەیەکی تیژو چالاك چەند هێندەی لێهات.لە سەرەتادا هەستم بە لاواز بوونێکی فیزیکی کرد، پاشان ئەم لاوازییە نەما بەڵام لێك هەڵوەشانو وێرانبوونی پێکهاتە رۆحانییەو ردەکان دەستی پێکرد. هەوڵمدا منداڵەکە چار بکەم بەڵام بەرنامە کاولکارییەکەیم وەرگرت، کە دەستی بە کاولکردنی پێکهاتە کێڵگەییەکەی کردبوو. دواجار دەکرێ بگوترێ: شارەزایانی بواری هەستو دواوەی هەستی میتافیزیکی دەکەونە

چارەسەرکردن بۆ ئەوەی ببینن چۆنو چی چارەسەر دەکەن، شارەزاییان لە پرۆسەی دەستنیشانکردنی پێکهاتەکانی کێڵگەیی دا نییە، دواجار دەشێ بەرنامەکانی وێرانکاری وەربگرنو، لە کۆتاییدا ئەگەر ئەوانە رۆحانییەتێکی پیا چوونەوەو خواستو درێژەیەکی رۆحانی بەردەوامیان نەبێ، دەشێ هێرشیان بکرێتە سەرو تووشی داڕوخانو داڕمان ببن. بە داخەوە لە کاتی ئێستاماندا ئەم پرۆسەیە زۆر دیارو بەرچاوە.

ڤایرۆسی داڕمانی رۆح مرۆڤ ناچاری پەرەسەندنی فیزیکی دەکات، ئەمەش بەڕێگەی جێبەجێ کردنی رۆڵی بنکەیەکی چارەسەرکردن، بەمەش ئەو جەستەیەی توانای ژیانی هەیە دادەروخێنێ. کاتێك دارمانێکی تەواوی رۆح بەدی دەکەم لەگەڵ ئاستێکی بەرزی دەستدرێژی لە پێکهاتەکانی کێڵگەیی منداڵەکاندا، ئەو کاتە ڕۆلی لە ئاو هەڵکێشان – تعمید – لە گۆشە نیگای وزەوە تێدەگەم. پرۆسەی لە ئاو هەڵکێشان بە شێوەیەکی هەمیشەیی کاری کردۆتە سەر پێکهاتە کێڵگەییەکانی مرۆڤ، تەنانەت وزەی کڵێسا بەرەو گرنگترین هۆکارەکان ئاراستەیە، کەئەویش رۆحانییەتە.بەمجۆرە ئەوان کاتێك منداڵێك بۆ کڵێسا دێننو ئەو منداڵە دووچاری شفرەداربونێکی نێگاتیڤی کێڵگەکەی هاتووەو، شێواوی گەورە لە پێکهاتەیدایە، ئەوکاتە کارکردنەسەر رۆحانیەتی بۆتە مایەی ئاڵوگۆڕو باشکردنی پێکهاتە وردەکانی. هەندێ جار ئەمەش لەسەر حیسابی داڕمانی حاڵەتی فیزیکی روودەدات، رەنگە منداڵەکە دوای لە ئاو هەڵکێشان (تعمید) تووشی چەند نەخۆشییەکی تیژ بێت، بەڵام لە کۆتاییدا چارکردنی پێکهاتە کێڵگەییەکانیو چارەنووسو ئایندەودواڕۆژی خۆیو منداڵەکانی دەستکەوت.

# بەشی حەوتەم

## کۆتاییەکان

لەمێـژە وا زانـراوە کـەژیانی رۆحـانی مـرۆڤ لەسـەر پـشتی سـێ حـووت هەڵگیراوە،حووتی یەکەم بریتییە لەسێ ئامۆژگارییەکەی ئینجیل، بـەڵام حـووتی دووەم بریتی یە لە حەوت تاوانی مردن،سێهەمیش بریتییە لە سێ کاری چاکە.

جا ئەگەرچـی هەنـدێك بۆچـون لەسـەر حـەوتی یەکـەم دەزانیـت، زۆرمـان ناتوانێ راستەوخۆ ئەو حەوت تاوانی مردنە ناونوس بکات کەلە ئنجیلدا باسیان هـاتووە.یەکـەمیان بـەپێی ئـەم ریزبەندییـەی خـوارەوە: رقوکینـە، بـەخیلی، داوێنپیـسیوجندەیی، زۆرخـواردن تـارادەی ورگ پڕبـوون، بـەفیزی، خـەمۆکی، بێزاریو توورەبوون.

حاڵەتی وزەی خراپەکاری لەکاتی ئێستاماندا شیکراوەتەوەو ئـەم زنجیرەیـەی لای خوارەوەیە: بەفیزی، زۆرخۆری، بێزاریو تورەبوون، بەخیلی، خەمۆکی، کینە لەدڵی، داوێن پیسیو جندەیی.

بەڵام دنیا لەماوەی ئەم دوهەزار ساڵەدا زۆر گۆڕدراوەو، مرۆڤایـەتی لـەکاتی ئێـستادا لیـستی گوناهـەکانی بـەرین کـردووەو هەنـدێکیان ئێـستا زۆر سـەختو دڵرەقانـەترن لەوانـەی لـەبالادا باسـکراون.باگرنگترینیـان بخەینـە بـەر بـاسو لێکۆڵینـەوە، واتـە ئەوانـەیان کـە گـەورەترین هێـزی وێرانکارییـان هەیـەو، زۆر لەوانـەش زیـاترن کـە باوباپیرانی دێرینمـان زانیویـانن.گـەورەترین تاوانێـك کـە ئێستا دەکرێت لە باربردنی کۆرپەلەیە لە مانگی پێنجی سکپڕیدا.لەسـەروبەندی پرۆسەی پەرەسەندنی نـاوخۆیی کۆرپەڵەکە بە چەند قۆنـاغێکی جۆربـەجۆری دووگیانیدا تێپەڕ دەبێ بە ڕێگای پەرەسـەندنی گەردونـداو لەگەڵ بوونـەوەرانی





جۆربـەجۆری هاوپەیوەنـدە: لەگـەڵ دنیاکانی تـردا، لەگـەڵ کاروبـاری یەزدانیـدا، پرۆسەی جەستەیی لـە مـانگی پێنجەمـدا تـەواو دەبـێ. حاڵەتی ژنەکـە لـەماوەی سکپڕیدا زۆر شت لـە چارەنووسو ئاینـدەی کۆرپەڵەکـەی دیاری دەکات. لەبـەر ئەمـە رەفتـاری دایکەکـە پێویـستە لـە پلـەی یەکەمـدا دووی بایەخـداریو پێداویستەکانی کۆرپەڵە بکەوێت، ئەمەش زنجیرەیـەك پێداویـست دەسـەپێنن کـە ئەمانەن:

- داڕشـتنی رۆح، پرۆسـەی رۆحانیـەتی کۆرپەڵـە تامـانگی شـەش درێـژە دەکێشێ، لەبەرئەمە پێویستە دایکەکە لەم قۆناغەدا پڕ بێ لە هەستی خوداییو پڕاوپڕبێ لە خۆشەویستیو باشیو بێوەیی، بەڵام خۆراکەکەی پێویـستە رووەکـی بێـتو لـە شـیرو شـیرەمەنییەکانی، ئـەم خۆراکـە رێگـری پرۆسـەی پەرەسـەندنی رۆحی کۆرپەڵە نابێت. پاش شەشەمین مـانگی سکپڕی دەتـوانرێ گۆشـتو ماسـی بخورێت. بەڵام شیرینی نابێ تا دوای حەوتەمین مانگ بخورێت.

- مەترسـیدارترینو بەرپرسـترین مـانگ بریتییـە لـە مـانگی پێنجـەم، لـەو کاتەدا منداڵەکە لەگەڵ دنیای رۆحانیدا یەکدەگرێت.

- دەبـێ ژن لـەماوەی دووگیانیـدا هێمنو بـەئارام بێـتو نابـێ بکەوێتـە بـەر سوکایەتیو خراپەکاریی یان هەر هەڵچوونێکی نێگـاتیڤی تـر، لەسـەری پێویـستە لەگەڵ ئامادەبوواندا بە هێمنی بجولێیتەوەو داخی رابوردوو نەخواتو بە ئـارامو ئۆقرەوە تەماشای ئاینده بکات. زۆرتـرین شـتێك کـە کۆسـپی رێگـەی ئافرەتـە لـە کـاتی سـکپڕیدا ئەوەیـە کـە بەرهـەمی بیرکردنـەوەو بـاوەڕی هەڵەیـە. شـێوای گەورەی وزەیی لـەو کاتـەدا پەیـدا دەبـێ کـە یـەکێك لـە خزمـەکان دەستبەرداری منـداڵی هـاتوو دەبێـتو، لەگـەڵ دایکەکەشـدا پەیوەنـدیی نێگـاتیڤی دەبـێو بـەو چەشـنە دەجولێتـەوە. ئەمانـە گـرنگترین پێداویـستە سـەرەکییەکانن. چـاودێری نەکردنو نەپاراستنیان دەبێتە هۆی زیانێکی گەورە لە تەندروستیو چارەنوسی

مندالەکەدا.

٢/ گـەورەترین شـێواندن بـە هـۆی بیرکردنـەوە یـان کوشـتنی هەسـتە خوداییەکانەوە لە دەرونـدا یـان لـە دەروونـی مرۆڤێکـی تـردا پەیـدا دەبـێ. یـان ئاراستەیە بۆ ناپاکی لەگەڵ خۆشەویستی لە پێناو بەرژەوەندیی مادیدا.

٣/ لەپلەی سێیەمدا لۆمە کردنو، داخو خەفەتو دڵگیری بۆ رابوردوو یان بۆ ئێستاو یان بۆ ئاینده دێت، داخ خواردن رووداوەکان خێرا یان هێواش دەکاتەوە، واتە هەموو سەرپێچیەکان لە دژی کات ئاراستە دەبن.

٤/ لەم کتێبەدا زۆرمان قسەکرد لەسەر سەرپێچییەکان کە لەگەڵ هەستکردن بە توڕەییو سوکایەتی پێکردنو کینە هاوپەیوەندنو بەستراونەوە بە جولانەوەی سەخت لەگەڵ مرۆڤایەتی، ئەم سەر پێچییانەش لە پلەی چوارەمدا دێن.

ڕۆژێکیان ناچار بووم پەیوەندی لەگەڵ بەلچیکا بکەمو داوای کودە دەولیەکەم کرد.هەرکەلە داوای ژمارەکە بوومەوە گوێم لە دەنگێکی تیژ بوو لە تەلەفۆنەکەدا دەیگوت: ئەمرۆ پەیوەندیی لەگەڵ بەلچیکادا نییە، ئینجا گوێم لە دەنگی پچڕانی پەیوەندییەکە بوو بەبێ هیچ روونکردنەوەو لێکدانەوەیەکی پرۆسەکە. جارێکی تر داوای ژمارەی وێستگەی تەلەفۆنەکانم کرد، بەڵام ئەمجارە دەنگە زۆرتر ناسك بوو، بۆی روونکردمەوە کە ئەمرۆ ناتوانرێ پەیوەندی لەگەڵ بەلچیکا بکرێ، بەڵام سبەینێ لە کاتژمێری پێنجی بەیانیدا توانای پەیوەندی هەیە.منیش سوپاسی ئافرەتە کرێکارەکەی وێستگەکەم کردو دەستم کردە پشکنینی کێڵگەی ئافرەتە کرێکاری یەکەم، تەماشامکرد زۆر شێواوە، دەشێ لە کاتێکی نزیکدا کارەساتی جۆربەجۆرو نەخۆشیی توندی تووش بێت، جالەبەر ئەوەی کێڵگەی بیۆلۆژییم هاوسەنگ بوو سوکایەتییەکەی بۆ خۆی گەڕایەوەو پێکهاتە کێڵگەییەکەی ئەوی تێکدا.ئەم چەشنە سەرپێچییانە چەند زۆرن کە





ڕۆژانە دەیانکەین.

٥/ شێواندنی کێڵگەیی بەهێز ئەوکاتە پەیدا دەبن کە رقو کینەو توڕەیی ئاڕاستەی بوونەوەری زیندوو مادە جۆربەجۆرە بێگیانەکان دەکرێن. ڕێ وشوێنی بنچینەیی رۆحانیەتو بوونی پێکهاتەکانی کێڵگەیی بە شێوەیەکی ئاسایی لە مرۆڤدا بریتیە لە هەستکردن بە خۆشەویستی کە بەدیارخستنی یەکێتی هارمۆنیای جیهانە. لێکدانەوەی حووتی سێیەم دەمێنێتەوە. ئەمانەش سێ کاری چاکەن وەك: ئیمانداریو هیواداریو خۆشەویستی، خۆشەویستی بەهێزترینیانە. ئەو هەڵانەی لە باڵاوە خراونەتە روو هاوبەشن، بەڵام دەستەیەکی جیاواز هەن بە ئاگادراکردنەوەو وریا کردنەوەیەکی گرنگ دادەنرێن بۆ ئەوانەی حەزیان لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی KARMA بەکردەوە هەیە. جارێکی تر هەموو ئەوانەی زوو هەڵدەچن وریادەکەمەوە، ڕێگەکە ئاڵۆزو زۆر مەترسیدارەو ئەم مەترسیەش لە نزمی ئاستی رۆحانییەتەوە دێت.مەسەلەکە پێویستی بە شیکردنەوەیەکی بەردەوامی رووداوەکانەوەیە.دەشێ وریاییش ببێتە هۆی رووداني ئەنجامی چاوەڕوان نەکراو ڕێگەکەش نەك تەنیا بۆ شارەزایەتی چارەسەرکاری لاواز ئامادەکراو مەترسیدارە، بەڵام هەروا زۆرتریش بۆ نەخۆشەکە مەترسیدارە. جائەگەر زنجیرەی خاسیەتو مەرجەکان پەیڕەونەکرێن ئەوا دوور نییە ئەمە ببێتە هۆی ئازارو زیان گەیاندن بە مرۆڤ. کارتێکردنی وزەیی نێگاتیڤو ناراست لە سەر سروشتی زیندو مەترسیەکە بە هۆی کاردانەوەو وەڵامدانەوەی خێراوە، ئەم وەڵامدانەوانە لە پێچەوانەبوونەوەیاندا لەسەر ئاژەڵ لەسەرخۆترن، دەشێ سەرنجیش نەدرێن، بەڵام لە رووی ئەنجامەوە زۆر وێرانکارن، بۆ نمونە بیرەوەریی یەکێك لە گەنجەکان دەخەمە روو کە ئەم ڕێگەیەی ناسیو پەیڕەوکردنی بڕیارداو گوتی:

- منیش هەروا ئەوەم دەوێت: ئینجا لەسەری دەڕواتو دەڵێ:

- دەستم کردە پشکنینی نەخۆشەکانو دەستنیشانکردنیان لەسەر شێوازی ڕێو شوێنی ((لازاریڤ)) هەموو شتێك ئاسانو خۆش دەردەکەوتن، کارەکانی بە چاکی بەڕێوە چوون، دەستم کردە ڕاستکردنەوەی ئەو خراپانەی لە KARMA دا هەبوونو لە خراپەکاری ڕزگارم بوو، زۆریش بەوە سەرسام بووم. هەستم لە ئاست زۆر لە مەسەلەو گرفتەکان گۆڕدرا. هێزێك بەرەو پێشەوە پاڵی پێوە دەنام، دەستم بە چالاکی کرد بڕیارم دا بە کردەوە گشت گوناهەکان دا بخەمو کلۆم بکەمو، دەستم کردە بە دوادا چوونی هەموو باووباپیرانم، لە هەموو گوناهەکانیانیم کۆڵییەوە کە کاردەکەنە سەرمو، دەچنە چوارچێوەی KARMAوە، ئەمە شتێکی پێدام، بەڵام لە ناکاوێکدا ژنەکەمو منداڵەکانم دەرکەوتنو زۆر بایەخیان بەم پرۆسەیە دەداو سەرنجیانی ڕاکێشابوو، کاتێکیش بەهۆی هەڵەکانمەوە کەوتمە بەرتووشبوونی جۆربەجۆر هەموو کەسێکی ناوخێزانەکەم ناچاری دووچاربوونو قورسایی هەڵگرتن بوون، لە هەمووشیان زیاتر منداڵە بچوکەکەم دووچاری بوو کەلە هەموو کەسێکیش زیاترم خۆشدەویست. نەمتوانی لەوە تێبگەم چ هۆیەکە خێزانەکەم ناچاری ئەم سزا تووشبونە بکات بە هۆی گوناهەکانمەوە هەر لە سەرەتای ئەنجامدانیانەوە. هەرچی لە توانامدا بوو کردم، کارما م پاکژ کردەوە دیسان دەستنیشانم کردەوەو جارێکی تر پاکم کردەوە. لە چەرمەسەریی منداڵەکە ترسام بەڵام چەرمەسەری گەیشتە ژنەکەم. ئەم مەسەلەیە بۆ من شتێکی تازە بوو. بەڕێز ((لازاریڤ)) لەم چرکەیە دا وریای کردمەوە کە ڕەنگە کارتێکردنی ئەو ڕێو شوێنە بە چەشنێکی شێتانە بێ ئەگەر لە دەستێکی زیرەکدا نەبێ. ئەنجامەکە زۆر سەر سوڕهێنەربوو، گەڕایەوە بۆ نیوەی کێڵگەکەو بە پێی کەرتی پێشەوەی ڕووی نیوەکەی لای چەپی شاردرایەوە. هەستکردنەکە خۆش نەبوو هەروا گواستراشەوە بۆ منداڵە بچوکەکە. زۆر ترسامو تۆقیم، بۆ هاوسەرو منداڵەکەم کوتمە





دڵەڕاوکێ. هەروا بۆ خۆشم، ئیتر تێگەیشتم کە دوور نییە لە کەسو کارو خزمو کەسانی نزیکمەوە کۆتایی زۆر نزیك بێت.((لازاریڤ)) لەو حاڵەی ڕزگارکردم، لێرەدا ڕاوەستام، بەڵام خۆشەویستی هەرشەتەکێدابووم، کەوتمە کارکردن لەگەڵ مادە بێگیانەکانداو هەوڵمدا لەناو تابلۆ ئەلەکترۆنییە پەککەوتەکاندا پەککەوتنەکان بپشکنمو، لە ئۆتۆمبیلەکەو ئامێرەکانی تردا پەککەوتنەکان بدۆزمەوە. هەموو جارێك سەرنجی داڕمانێکم لە کێڵگەکەدا دەداو ئیتر زانیم کە بەردەوامبوونی کارەکە بەم شێوەیەو بۆ سێ مانگ یان چوار مانگی تر دەبێتە هۆی ئەوەی دڵیەشەیەکی مرێنەر یان نەخۆشییەکی تیژم تووشبێت.هەر کارم دەکردو ڕۆژانە کارم دەکرد بەڵام سەرپێچییەکانی یاسایەزدانییەکان لەلایەن باووباپیرانمەوە بەهێز هاتنە بەرچاوم کە توانای لا ڕزگاربوونیان نییە. بەڵام من هەر ویستم بەرەو پێش هەنگاو بنێم، پاشان بە شێوەیەکی لە ناکاو پەککەوتن لە پرۆسەی دەستنیشانکردنی نەخۆشیدا دەستی بەدەرکەوتن کردو، لە بواری هەستە فیزیکیەکان پەکی کەوتو سەریەشەو ئازاری توند لە ناوچەی هەردوو لاجانگدا دەستی پێکردو ئازاری توند لە گشت شوێنەکاندا، هەستێك کە ناکرێ بە هیچ شێوەیەك و لەگەڵ هیچ شتێکدا بەراورد بکرێت. لەهەموو ئەوەش مەترسیدارتر بینینی ئەوەبوو کە منداڵەکانمو ژنەکەم دووچاری هاتبوون، خۆشم لەوەدا هۆیەکە بووم، ئەوەش دەبێ بزانرێ کە هیچ یارمەتیەکی پزیشکی هاریکار نەبوو. کەوتمە بارودۆخێکەوە کەس حەسودیم پێ نەبات. ئاواتەخواز نیم کەس بەو چەشنە بژی، بالە باسی بیرەوەرییەکاندا لەم سنورەدا ڕاوەستین، ڕاستی ڕێگەکە لە چارەسەری تەکنەلۆژیدا نییە بەڵکو لە پەرەپێدانی باوەڕو ڕەفتاری ڕەوشتدایەو، مەترسیدارترین شتێك لە پرۆسەکەدا ئەوەیە لە لایەنی بەکاربردنو وەبەرهەم هێنانەوە تەماشای بکرێت.نابێ سەرپێچی لە هارمۆنیای گەردوون بکرێت. هەرمرۆڤێك خوازیاری پەیوەندی بێت لەگەڵ یەزدان پڕ لە

تواناکانی بالاّ دەبێت، بەلاّم بە گەڕانەوەی بۆ زەوی دەشێ ئەم توانایە لە پێناو بەرژەوەندیی مادی خۆیدا بەکاربهێنێت، کاتێك هەوڵدەدەم ڕێو شوێنەکەم فێری یەکێك بکەم ئاماژەدەکەم بۆ پێویستی فێرکردنم لە پلەی یەکەمدا بۆ ئەوەی هەندێ ڕێوشوێنی مامەڵە کردن فێربم. بە داخەوە ئەوانەی دەتوانن ئەم ڕێوشوێنە بە چاکی فێر بن زۆر کەمن بە پەنجە دەژمێردرێن.

تەنیا نمونەیەك باس دەکەم لەسەر ئەو بارگرانییەی کە دەشێ لەهەر چرکەیەکدا دەرکەوێت، دەستنیشانی ژنێکم کرد تەماشام کرد سەرپێچی کردنی سەرەکی وا لە ژیانی بەرگپۆشی رابوردویدا ئینجا. باسی سروشتی سەرپێچییەکەیم کردو لە ناکاو هەستم کرد کە ناتوانم زانیاریی ورد وەربگرم. بە دەستنیشانکردنی حاڵەتەکە بینیم پلەی چاری زانیارییەکان لای من نزم بۆوە بۆ سفر. واتە لە KARMA دا سەرپێچی وەك ئەوی دی روویداوەو ویژدانم کار بۆ شێواندنی زانیارییەکان دەکات. دیارە پێویستە پێش بەدوادا چوونی دەستنیشانکردنەکە کێڵگەکە راست بکرێتەوە.منیش هەمیشە چاودێریی ئەو زانیارییانە دەکەم کە دەست کەوتوون. زۆریش لە چارەکاران هیچ بایەخێك بەم پرۆسەیە نادەن، پسپۆرێکی لاو لە بواری هەستو دواوەی هەستی میتافیزیکی گوتی:

- من هەمیشە دەپرسم: ئایا دەتوانم کاربکەم یان نا؟
- کێ وەلاّمت دەداتەوە؟
- لەوانەیە لە دڵچەسپانی خودایی، لاوەکە لەم وەلاّمەیدا دوو دڵ بوو.
- دەتوانی جەخت لەسەر ئەوە بکەیتەوە؟

لاوەکە بێدەنگ بوو ورتەی لە دەم نەهات.

- ئایا پێدەزانیت کە زانیاریی پاك وەردەگریت یان کە زانیاریی شێواو وەردەگریت؟





لەسەر قسەکانم رۆیشتم بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەلاّم بکەمو گوتم:

- زۆر کەس هەوڵدەدەن لە ئاستی کێڵگە کاربکەن بێ ئەوەی بیر لە هیچ شتێك بکەنەوە کەبەرەو ئەوە بڕوات.میکانیزمە کە زۆر سادەیە، بۆ دەستکەوتنی زانیاریی پاکو خاوێن پێویستە مرۆڤەکە روون بێتو لە گشت لێلیو سەر لا تێکچونێك دووربێت. پێویستە پاکژ یش بێت، بەلاّم چارکردن لە توانادا نابێ مەگەر KARMA داخراو بێت.

بەلاّم ئەوە چییە؟

ئەوە میکانیزمی داڕشتنو هەڵسەنگاندنی کاروبارەکانی سەر زەوییە، لەبەر ئەوە داخستنی بە دوورکەوتنەوە دەبێ لە پێداویستەکانی دەروونو جەستەو لە حەزو ئارەزووەکان. بەلاّم چارەکاران دەبێ زۆر چاك شارەزای سروشتی برسێتیو رۆژووی درێژ خایەن بنو هەموو هاوپەیوەندییەك لەگەڵ بەرژەوندە مادییەکاندا نەهێڵن.چارەکارانی راستەقینە هەردەم پێغەمبەرانو قەشەکان بوون.KARMA ی ئێستای مرۆڤایەتی تا رادەیەك پیسو گلاّوەو داخستنی زۆر گرانە، وەك چۆن لە رابوردودا ئاسان بوو.

لە فەلسەفەی چینی دا خوێندمەوە کە پێویستە هەر مرۆڤێك رزگارکەری جیهان بێت دەبێتو دەشبێ ئەوە هەست پێ بکات.

ئەمرۆش دەتوانم، لە ڕێگەی بینینی کارتێکردنی کێڵگەیی وزەوە، جەخت لەسەرئەوە بکەمەوە کە هەموو مرۆڤێك هەوڵبدا پەیوەندی لەگەڵ جیهانی یەزدانیو رۆحانی بکات دەتوانی بە چالاکی کاربکات لەپێناو رزگارکردنی جیهاندا بە رزگارکاریشی دادەنرێت. باسمان کرد کە: ئەو پرۆسانەی لە گەردووندا روو دەدەن تیغی دوولایەن، خوازیاری چەند جارەو هەوڵدەرن بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ جیهانی یەزدانیو لەگەڵ خاڵی بنچینەییدا، کە گەردوونی لێوە پەیدا بوو، پێویستە بە ڕێگەی پتەوکردنو بەهێزکردنی

ڕۆحانیدا تێهەڵچینو یەکێتی لەسەر ئاستی کێڵگەیی بڵند کەینەوە، بەڵام ئەم پرۆسەیە بەبێ پتەوکردنو بەهێز کردنی جیاکردنەوەو جیاوازیی ماتێریالیزم لە توانادا نییە.

پەیوەندییەکانی پەرەسەندنی دنیای مادی بریتیە لە پارچەو بۆشاییو زەمان. دواجار پەرەسەندنی ئەم زەمانە دەبێ لە زیادبوونو هەڵئاوسانی پارچەو بۆشاییو زیادبوونی زەماندا دەرکەوێت. جالەبەرئەوەی زەمان بەستراوەبە بەستنەوەو بەردەوامبونەوە، ئەواپرۆسە بنچینەییەکان لە گەردوون دا پێویستە شایەتی بدەن لەسەر فراوانبونی گەردون لەسەر ئاستی فیزیکی، ئەمەش وەك چۆن ئێستاکە ڕوودەدات.

دواجار مەرجە پێویستەکان لە پێناو پەرەسەندنداو پاراستنی هەر پرۆسەیەك یان هەر مادەیەك کە پێویستە لەباری فیزیکیەوە جیابووبێتەوە لەگەڵ بەرزبونەوەیەکی بەردەوام لە یەکێتی کێڵگەییدا. ئەگەر ئەم بڕوایە لە حاڵەتی تایبەتیدا وای لێکردین بگەڕێین بە دوای ڕێو شوێنی میکانیزمی چارەسەرکردن لە ئاستی نوێدا، ئەوا تواناکانی کارتێکردنی ڕۆحانی دەبێ یەکبگرن لەگەڵ هەموو ئەوەدا کە پزیشك لە ڕۆژانی ئەمڕۆدا پێی گەیشتووە.، دەبێ لە یادمان بێ کە پزیشکیی تازە لەسەر زەمینەی واقیع نەدەبوو ئەگەر لە بنکەیەکدا بەهەزاران پرۆسەی تۆژینەوە لەبواری ڕۆحو کارتێکردنی ڕۆحیدا لەسەر مرۆڤ نەبوایە. واتە ئەوەی پزیشکی پێی گەیشتووە شتێك نییە جگە لە داڕشتنی ئەم پرۆسانە. پزیشکی لەم دە ساڵەی دواییدا گەیشتە ئاستێك خەمو دڵگیریی ڕۆحی تا پلەیەك کۆمەڵە بوو کە پێشبینی داهاتوو پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوەی سەرەکی.

لە کاتی ئێستادا پێویستە قسە بەڕێوەبچێ نەك لەسەر کارتێکردنی ڕۆحانی پێچەوانەو دژبەیەکو نەك لەسەر پزیشکیی ئاسایی، بەڵکو لەسەر چۆنییەتی





یەکخستنیان لەگەڵ یەکتر لەگەڵ پاراستنی ئەوەی پزیشکیو کارتێکردنی ڕۆحی گەیشتونیەتێ، نەخۆشیش بە ئامرازێك دادەنرێ بۆ پەرەسەندنی ڕۆح، بەڵام دواکەوتنمان مۆڵەتمان نادا تا کۆتایی ڕۆح بناسین، دواجار کارکردنە سەر نەخۆشییەکە تەنیا بە ڕێگای ڕۆحانی وبەس، هەوڵدانی پزیشکی بۆ گەیشتنە دەستنیشانکردنێکی زووبە زوو لەگەڵ پێشکەش کردنی چارەسەر کردنی خۆپارێزانە، هەنگاوێکی یەکەمینە بە ڕەوتی ڕۆحانیدا، چونکە تەنیا لەسەر ئاستی زانیاری زۆربەی نەخۆشیەکان دەست پێدەکەن. کەڵەکە بوونی هۆکارەکان لە جیهاندا بەرەبەرەزۆرتر دەبێ، دەشگاتە ئاستێك کە کارتێکردنی ڕۆحی بەهێزترو ریشەیی بێت لە کارتێکردنی پزیشکی.

مرۆڤایەتی لەسەر خۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام بێ لەڕێ لادان، بۆ لای باوکی ئەسلا، بۆ ڕۆحو دەروونو، بۆ ئەدەب..... تەنیا ئەمەشە یەکەمین بەختی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی.

# پێرست


له وه‌رگێڕه‌وه ........................................................................................ ٥
به‌شی یه‌كه‌م:
هه‌ستكردن به سیسته‌می دیسپلینی خۆیی كێڵگه‌یی‌و مێژووی په‌ره‌سه‌ندن......... ١١
به‌شی دووه‌م:
پێكهاته‌ی زانیارییه‌كان به‌ناوی مرۆڤه‌وه سه‌قامگیرن.................................... ٧٧
به‌شی سێیه‌م:
تاقیكردنه‌وه‌كانی هه‌ست‌و پشته‌وه‌ی هه‌ستی میتافیزیكی............................. ٨٧
به‌شی چواره‌م:
ده‌ستنیشانكردن به ته‌كنه‌لۆژی ........................................................... ٢٠٥
به‌شی پێنجه‌م:
ئه‌ده‌ب‌و هونه‌رو پێكهاته‌كان لای مرۆڤ................................................. ٢٢٧
به‌شی شه‌شه‌م:
شه‌یتانێتی مانای چییه ..................................................................... ٢٣٧
به‌شی حه‌وته‌م:
كۆتاییه‌كان..................................................................................... ٢٥٧

## فەرهەنگۆك

KARMA کارما، کێڵگە، بوار: حقل، مجال

کێڵگە، کێڵگەیی: حقل، حقلیة

تۆژینەوە: دراسة، تحلیل

پێکڕاڵکان: تفاعل

وزە: طاقة

خەم وخەفەتی رۆحی: الکمون الروحي

خووەکانی شیری: عادات فطریة

گەردوون: الکون

شەڕی نوکلیار: الحرب النوویة

خودی باڵا: الذات العلیا

دانا: حکیم

جینەکان: الجینات

میکانیزم: آلیة

ئۆدیمای سییەکان: الأودیما الرئویة

نێگاتیف: سلبي

پۆزێتیف: ایجابي

کۆرپەڵە: جنین

ئاشکرا، بێگومان، بەڵگەنەویست : بدیهیة، علنیة

زگماکی، خۆڕسکی، سروشتکرد: فطرة

خوپێوەگرتن، راهاتن، شێواز: طبع

لەریشە دەرکێشان، فەوتانو وێرانکردن: اِجتیاع

ژاراوی بوون: سمیة

فەرامۆش، گوێ پێنەدان، دووری: جفاء

پڕبوو: طفح، اِمتلاء

هارمۆنیا: اِیقاعات

پەیکەری وێنەدار: الأیقونة

هەڵاوسانی ڕیشاڵی: الورم اللیفي Fibroma

ئیشارەت پێدان: اِیحاء

دەستدرێژی: عدوان

دووگیان، سکپڕ: حامل

بەکاربردن: اِستهلاك

بەکارهێنان: اِستعمال

هەڵچوون: اِنفعال

بۆشایی: فضاء

شیکردنەوە: تحلیل

پێکهاتەکانی کێڵگەیی: الأبنیة الحقلیة

ویژدان: ضمیر

هەستیاری: اِدراك

جادوگەر: ساحر

فریوبازان: مشعوذین

دەستدرێژیی زەوتکاری: الأغتصاب

منمنی: أناني

-

بەهێماکراو، پەرلە: شفرة

لەرینەوە، پەندۆڵ: نواس

لیری حەساسیەت: الطفح التحسسي

فریوبازی، تەڵەکەبازی، جامبازی: الشعوذة

پاشملە باسکردن، بوختان بۆکردن: اِغتیاب، شتم

ناسك، نەرمو نۆڵ: رقیق، رقیقة

ئاژاوەگێڕ، خوی خراپبوو: المشاغب العربید

شارەدانی،ئاوەدانی: المدنیة

دانیشتنو ژیانی شار، شارستانی: الحضارة، المدینة

کەسایەتی: الشخصیة

سی ئاوسان، سووتانەوەی سیی: اِلتهاب قصبات

هەوکردن، ئاوسان، سووتانەوە: اِلتهاب

تەنگی، شڵۆقی، مۆڵەقە: حرج

ناچارکردن، تەنگەبار: اِحراج

خەستی: کثافة

یەکە: وحدة

کۆمەڵەی ڕۆژ: المجموعة الشمسیة

پەتی ناوك، ڕیخۆڵەی ناوك: حبل السرة

کوێرەلوو: الصماء

سێبەنگە، سێ بەندە: القطنیة

وابەستە: ملتزم

لەناکاو، کوتوپڕ: بداهة، مفاجئة

# ئەم كتێبە

دەگمەنە، چەندان بابەتی نوێ بە خوێنەرانی کوردزمان پێشکەش دەکاتو ڕۆشنایی دەخاتە سەر توانای یەکجار زۆری مرۆڤ کەلەگەڵ پێشکەوتنی زانستو زانیارییەکاندا هەندێك لە نهێنییەکانی دۆزراونەتەوە.

ئەو کتێبەیە کە یاسایەکانی زانیاریی رۆحی دەخاتە بەرچاو، ئەو زانیارییەی دنیای مادی هەڵدەسوڕێنێ....کێڵگەی وزەی بیۆلۆژی....کێڵگەی زانیاری.... وێڕای کێڵگەی فیزیکی.

ئەم سیانە سەر سوڕهێنەرەن ماهییەتی مرۆڤ پێکدەهێننو دیاری دەکەنو بڕیاری دەدەن، ئەمەش بە ڕێگەی هاوپەیوەندیی نێوانیانو کارلێککردنو پێچەوانە بوونەوەیان لەسەر مرۆڤ. کتێبێکە مرۆڤ وەك رستەیەکی زانیاریی لەسەر نەخشەی بەرینی گەردون دەخوێنێتەوە. کارما KARMA کتێبێکە شایانی خوێندنەوەیە.